الأمم المتحدة – العراق
United Nations Iraq

# FOR IRAQ

# لە پێناو عیراق

## نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق لە ٢٠١٨ دا

نوسینگەی راگەیاندنی یونامی

گۆڤاری ”لە پێناو عیراق“ لە لایەن نوسینگەی ڕاگەیاندنی یونامییەوە لە عیراق دەردەچێت و ناوەڕۆکەکەی مەرج نییە ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی فەرمی نەتەوە یەکگرتووەکان بێت و دەشکرێ بە ئاماژەکردن بۆ گۆڤاری ”لە پێناو عیراق“ جارێکی تر بەکار بهێنرێتەوە.



بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی یونامی:
سەمیر غەتاس

سەرنوسەر: ئیڤان دجۆردجێڤیك

دەستەی نوسین: خالید دەهەب، لەیلا شەمجی، تیمی وڵاتیی نەتەوە یەکگرتووەکان

دیزاین : سالار بریفکانی

وەرگێڕدراوە بۆ کوردی لە لایەن: کۆمپانیای گلیتەر

پێداچوونەوە: ڕەشوان گەڵاڵی، ئیحسان بەرزنجی، نافیع عەزیز خۆشناو

مافی وێنە: نوسینگەی ڕاگەیاندنی یونامی، ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە، دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یەکسانی جێندەری و بەتواناکردنی ئافرەتان، بەرنامەی جێنیشینکردنی مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆمیساری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری، ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریەکانی مین، سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان، نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزارییەکانی پرۆژەکان،  بەرنامەی خۆراکی جیهانی، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، نووسینگەنووسینگەی نەتەوە یەگرتووەکان بۆ تاوان و مادە هۆشبەرەکان، نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی، ڕێکخراوی جیهانیی کۆچ، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی، ڕێکخراوی کاری جیهانی، وێنەی نەتەوەیەکگرتووەکان

کاری هونەری : بەشی ڕاگەیاندنی یونامی

بۆ هەماهەنگی، بۆ تێبینی و سەرنجەکان تکایە پەیوەندی بکەن بە

unami-information@un.org

ماڵپەڕی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق

http://www.uniraq.org

کەناڵەکانی یونامی بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:

http://www.flickr.com/photos/uniraq/
https://www.facebook.com/UnitedNationsIraq
https://twitter.com/UNiraq



ل ٤

پێشکەش کراوە لەلایەن، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق خاتوو جینین هێنیس- پلاسخارت



ل ٥

پەیامی ماڵئاوایی نوێنەری تایبەتی پێشووی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بەڕێز یان کۆبیش



ل ٦

چەند ڕاستییەکی خێرا سەبارەت بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدا



ل ٨

چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئالیس وۆلپۆل جێگری نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بۆ کاروباری سیاسی و هاریکاری هەڵبژاردنەکان



ل ١٠

چاوپێکەوتن لەگەڵ مارتا ڕویداس جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق/ و ڕێکخەری کاروباری مرۆیی/ ڕێکخەری نیشتەجێ

# لەم ژمارەیەدا



ل ١٢
چاوپێکەوتن لەگەڵ مانۆج ماثیۆ بەڕێوەبەری نووسینگەی کاروباری سیاسی لە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق


ل ١٤
چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەمیر ئەراین گەورە ڕاوێژکاری بواری هەڵبژاردن و سەرۆکی تیمی تەواوی هاریکاری بواری هەڵبژاردن


ل ١٨
پرسیار و وەڵام لە نوسینگەی مافەکانی مرۆڤی نێو نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق


ل ٢٢
دووباره دارشتنەوەی هەیکەلی نوسینگەی هەماهەنگیی گەشەپێدان لە عێراق لە ساڵی ٢٠١٨، لەپێناو پاڵپشتیکردنێکی باشتر و جەختکردنەوە لەسەر بووژانەوە و گەشەپێدان


ل ٢٤
تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد)


ل ٤٣
چاوپێکەوتن لەگەڵ پیتەر هۆکنز نوێنەری ڕێکخراوی یونیسێف لە عێراق کە لە ئێستادا ماوەی ئەرک و بەرپرسیارییەتەکەی بە کۆتا هاتووە


ل ٤٧
بەڕێز پێر لودهامر بەڕێوەبەری پێشکەوتوی پرۆگرام لە فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مین


ل ٦٤
سەرۆکی نێردەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە عێراقدا جیرارد وایت


ل ٢٦
ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خۆراك و کشتوکاڵ


ل ٣٢
بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە


ل ٣٦
ڕێکخراوی هابیتات (بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نشینگە مرۆییەکان)


ل ٤٢
ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵ (یونیسیف)


ل ٤٦
فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری تایبەت بە مین


ل ٥٠
نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاری پرۆژەکان


ل ٥٦
ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی


ل ٦٢
نوسینگەی هەماهەنگیی کاروباری مرۆیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان


ل ٦٨
ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی


ل ٢٨
بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپیدان


ل ٣٤
ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان


ل ٣٨
کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران



ل ٤٤
ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری


ل ٤٨
سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان


ل ٥٢
بەرنامەی خۆراکی جیهانی


ل ٦٠
نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان


ل ٦٤
ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ


ل ٧٠
ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار



### پێشکەش کراوە لەلایەن

## نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق

# خاتوو جینین هێنیس- پلاسخارت

لەگەڵ پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی ئێستادا، دوای یەکەمین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران کە لەگەڵ شکست خواردنی داعشەوە بەڕێوە دەچێت، عێراق دوای چەندان ساڵ تێکچوون و شڵەژان و توندوتیژیی، لاپەڕەیەکی نوێ دەکاتەوە و بناغەی ئاشتەوایی و دووبارە ئاوەدانکردنەوەی دادەنێتەوە.

لەسەر حکومەتی نوێ پێویستە لەسەر ئەو پاڵنەرە بەهێزەوە بنیاد بنێ کە پێکهاتەی هەمەڕەنگ و هەمەجۆری کۆمەڵگەی عێراقی نوێنەرایەتیی دەکەن و لە ژن و پیاو و کوڕ و کچی سەر بە پاشخانی نەژادی و ئایینیی هەمە جۆر پێکهاتوون و لەو شوێنانەی ئەو وڵاتەدا دەژین کە لە ڕووی ڕۆشنبیری و جوگرافییەوە جیاوازن.

کردەی ئاشتەواییەکی سەرانسەری بەسەرکردایەتیەکی عێراقییانە کلیلی زاڵبوونە بەسەر هێڵەکانی دارمانی جڤاکی کە بەشداری لە هەڵکشان و بەهێزبوونی داعش کرد و بەردەوامیی بەخشیە هەڕەشەکانی ئەو ڕێکخراوە لە هەنبەر تێکدانی ئاسایشی عێراق. لەبەرئەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پتەوکردنی هەستکردنێکی بەکۆمەڵی شوناس و بیرۆکەی ئایندەیەکی هاوبەش، بازنەی گەیشتنی بە ڕێبەرە ئایینی و سیاسی و سەرۆك هۆزەکان و لاوان و ژنان فراوانتر کرد.

هەروەها هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان کە نیاز وایە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩دا بەڕێوەبچن، ئەم دونیابینیە دەخاتە ژێر ئەزموون و تاقیکردنەوەوە. وەك باویشە ئێمە بۆ پێشکەشکردنی یارمەتیی هونەری و تەکنیکی و شارەزایی بە حکومەت بۆ پاڵپشتیکردن و پتەوکردنی کردەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی ئازادانە و خاوێن و سەرانسەری و شەفاف لەوپەڕی ئامادەباشیداین.

لەگەڵ ئەمەیشدا، بۆ ئەوەی بەڕاستی دیموکراسی بچەسپێ، زۆر گرنگە دان بەوەدا بنرێ کە مافەکانی مرۆڤ و سەروەربوونی یاسا و دیموکراسی زۆر بە توندی وابەستەی یەکترن و یەکتری پتەو دەکەن. هەروەها خانەوادەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ حکومەت و دەسەڵاتە دادوەرییەکاندا لەپێناو پتەوکردنی پابەندی بە پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕێکارەکانی دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە کار و کۆششی هاوبەش بەڕێوە دەبەن. جگە لەمانەش، ئەو ستراتیژانە پتەوتر دەکەین کە حکومەتی عێراقی بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی زۆر بۆ دەستە و کەمینە پەراوێزخراوەکان گرتوویەتییە بەر، بەتایبەت لە ڕێگەی پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی پاراستنێکی زۆرتری مافە مەدەنی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانیان.

سوود وەرگرتن لە توانایە فراوەژۆیەکانی جڤاکی عێراق پاڵپشتیی حکومەت دەبێت بۆئەوەی بتوانێ پێشبینی و تەمایەکانی ئەو هاووڵاتییانە وەدی بهێنێ کە داوای چاکترکردنێکی هەستپێکراوی ژیانی ڕۆژانەیان و ڕەخساندن و دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی وەك: ئاوی پاکی خواردنەوە دەکەن کە بتوانن بەبێ ترس بیخۆنەوە و نەبێتە هۆی نەخۆشخستنیان ، هەروەها داوای دەستەبەرکردنی کارەبایەکی متمانەپێکراو دەکەن بەشێوەیەك ناچار نەبن پشت بە موەلیدەکان ببەستن کە بێگومان پارەیەکی زۆری تێدەچێت و ژینگەش پیس دەکات، هەروەها داوای وەدیهێنانی سیستمێکی کارای خۆ دەربازکردن لە زبڵ و خاشاك دەکەن بۆ ئەوەی کۆڵان و شەقامەکانیان پاك بێت و هیچ جۆرە زبڵ و خاشاکێکی تیادا نەبێت. هەروەها داوای وەدیهێنانی ئابوورییەکی پێشکەوتوو دەکەن ڕێگە بۆ گەنجان خۆش بکات بە دوای کار و پیشەدا بگەڕێن.

بەمشێوەیە نەتەوە یەکگرتووەکان لەپێناو پتەوکردنی ڕیفۆرمە مانادارەکان کار بۆ بۆ پتەوکردنی بەڕێوەبردنێکی کارا و چاکترکردنی ئاستی بژێوی و گوزەران دەکات.

لە ناوچە ئازادکراوەکانیشدا بەشێوەیەکی گشتی، پێداویستیەکانی خەڵك زۆرن. چونکە دوای ئەوەی ئەو ناوچانە دووچاری وێرانکردنێکی بێ وێنە بوونەوە، هێشتاکە ژێرخانی زیندوویان زیانلیکەوتوو و بیمارە. هەروەها پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە سەرەکییەکانیش، بە ئاو و کارەبا و چاودێریی تەندروستی و ئاوەڕۆ و پەروەردە و فێرکردن، پێویستیەکی زۆریان بە چاکترکردنەوە هەیە. لەبەرئەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دووبارە بنیادنانەوە وشیاندنەوەی ئەو ناوچانە و وەدیهێنانی پێداویستییەکانی ١،٧٥ ملیۆن عێراقیی بێدەرەتان و هەژار و ئاوارە، پاڵپشتیی لە هەوڵەکانی حکومەت دەکات. یەکێك لەو یارمەتییانەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشکەشی دەکات، هەڵگرتنەوەی مین و پاشماوەکانی دیکەی تەقەمەنی و دابەشکردنی ئامرازی پزیشکی و بەدیجیتاڵیکردنی سیستمی دابەشکردنی خۆراکە و مەشقکردنە بە مامۆستایان.

سووربوون و گیانی هاوکاری بۆ هەنگاوهەڵێنان بەرەو ئایندەیەکی ئاشتییانەتر و سەقامگیرتر و خۆشگوزەرانیی گەلی عێراق زۆر پێویستن، من شانازی دەکەم بەدوای ئەو چالاکییە گرنگانەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەچم کە خزمەتی ئەو ئامانجە دەکەن.



## پەیامی ماڵئاوایی

## نوێنەری تایبەتی پێشووی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق

# بەڕێــز یــان کۆبیــش

بەغدا – ١٢ ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٨

هاوڕێیان و هاوکارانی خۆشەویست،

هەمیشە کاتێك بۆ بەخێرهێنان و کاتێکیش بۆ ماڵئاوایی کردن هەیە. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بە هەمووتان بڵێم ماڵئاوا، جا ئەگەر لەنێو خانەوادەی نەتەوە یەکگرتووەکان بێت، یانیش لە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق، یانیش لەنێو تیمی هەرێمیدا. هەروەها لێرە بە هاوڕێیانی نێو عێراق دەڵێم ماڵئاوا، بە گەلی عێراقی و نوێنەران و سیاسییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و سەرۆکهۆزەکان و کۆی ئەوانەی لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا لە عێراق کارم لەگەڵیاندا کردووە، دەڵێم ماڵئاوا. ئەمە شەرەف و ئیمتیازێك بوو سکرتێری گشتی ئەو دەرفەتم بۆ بڕەخسێنێ نەك هەر خزمەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەتەنیا، بەڵکو خزمەتی عێراق و گەلەکەی بکەم.

کاتێك یادەوەرییەکانی ماوەی ئەو چوار ساڵەی ڕابردوو وەبیری خۆم دەهێنمەوە- دەزانم ئاسانترین نەبووە، نە بۆمن و نە بۆ ژیانی وڵاتەکەش. چونکە کاتێك گەیشتمە عێراق، وڵاتەکە دابەش کرابوو، سێیەکی ڕووبەرەکەی لەژێر کۆنترۆلی ڕێکخراوی تیرۆرستی و دڕەندەی داعشدا بوو، خەڵکیش نەیدەزانی ئایندە چی بۆ هەڵگرتوون. هەروەها نزیکەی شەش ملیۆن ئاوارە و پەناهەندە بە ناچاری و بەچەند ڕێگەیەکی جۆراوجۆر ماڵوحاڵی خۆیان جێهێشت، ململانێ بەردەوام بوو، خەڵکی نێو سەرانسەری عێراق - بەتایبەت پارێزگاکانی باشوور- ئامادەکران وڵاتەکەیان بپارێزن و ڕزگاری بکەن.

هەروەها قەیرانە داراییەکەش زۆر قووڵ بوو، چونکە نرخی نەوت کاریگەرییەکی خراپی لەسەر باری ئابووری و ژیانی خەڵکیش کرد. وڵاتەکەش- جا ئەگەر دانی پێدا بنێین یان نا- بەدەست جۆرە گۆشەگیرییەکەوە دەیناڵاند. چونکە هەرچەندە پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ چەندان وڵاتدا هەبوو، بەڵام سەبارەت بە ناوچەکەپەیوەندییەکانی بەهێز نەبوون، چونکە ئەوکاتی پەیوەندی زۆرێك لە دەوڵەتانی ناوچەکە لەگەڵ حکومەت باش نەبوو. بەڵام ئەگەر ئێستا بەخێرایی چاوێك بە بارودۆخی ئەمڕۆدا بگێڕینەوە، دەبینین دۆخەکە بەتەواوی گۆڕاوە.

وڵاتەکە بە قوربانییەکی گەورەی گەلەکەی ، بەسەر تیرۆرستەکانی ڕێکخراوی داعش و چەتەکانیدا سەرکەوتنی وەدەستهێنا، هەرچەندە هەندێك مەترسیی ئەمنی هێشتاکە بەردەوامە، بەڵام حکومەتیش تا ئێستە بەردەوامە. ئێمە دەزانین مەسەلەکە هەر تەنیا پەیوەندی بە ئایدۆلۆژیاوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە گەڕانەوەی ئاوارەکان و دادپەروەری و ئاشتەوایی و لێپرسینەوە و ئایندەیەکی سەربەرزانە و هەموو ئەو شتانەوە هەیە کە دەبێ وڵاتەکە هەیبێت و گەل پێویستییەتی، چونکە عێراق و گەلەکەی شایستەی ئەوەن.

ئاوارەکان وردە وردە گەڕانەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان و زۆربەشیان گەڕاونەتەوە، بەڵام هێشتاکە ژمارەیەکی زۆریان پێویستیان بە یارمەتی و پاڵپشتی و خانوو و ئەو شارانە هەیە کە دەتوانن بۆی بچن، لەبەرئەوە، زۆر پێویستە ئەو شارانە ئاودان بکرێنەوە و دووبارە بنیادبنرێنەوە کە لەکاتی شەڕوشۆڕدا وێران کراون. هەموو خەڵك یەکسانن و هەمان پێداویستی و بەرتەمایی و خۆزگەیان هەیە، لەبەرئەوە لەسەر حکومەت پێویستە کار بۆ وەدیهێنانی ئەو پێداویستییانە بکات کە بەهۆی شتە زۆر پێویست و هەرە لەپێشینە ئەمنییەکانی قۆناغی جەنگی دژ بە داعش، وەلاوە نرابوون.

ئێستە بۆ وەدیهێنانی ئەو پێداویستییانە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و دەستەبەرکردنی کار و پیشە و ئاوی پاکی خواردنەوە و خزمەتگوزاریە تەندروستییەکان و ئایندەیەکی سەربەرزانە بۆ گشت ئەو هاووڵاتییانە کاتێکی گونجاوە و دەبێ گشت ماف و دەرفەت و بەرپرسیاریەتیی یەکسانیان بۆ دەستەبەر بکرێ.

ئێستا وڵاتەکە یەکگرتووە، من بەوپەڕی توانامەوە هاندەری ئەوەم کە دەبینم چۆن هێزە سیاسییەکان بەیەکەوە کار دەکەن و پەند و وانە وەردەگرن. هەروەها پێویستی بەوە هەیە مۆرکێکی کۆمەڵایەتی بەو وانانە ببەخشرێن کە لە ڕابردوو وەرگیراون، لە هەمان کاتیشدا لەپێناو بەرژەوەندیی وڵات بەیەکەوە کار بکەن نەك تەنیا لەپێناو وەدیهێنانی بەرژەوەندیە تایبەتەکانیان. هەروەها شادمانم بە بینیی نوێنەرایەتیکردنێکی بەهێزی هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان. چونکە نوێنەرانی ئەو هێز و لایەنانە گەڕانەوە بەغدا و لەگەڵ نوێنەرانی ناوچەکانی دیکەی وڵاتدا لەپێناو خزمەتکردنی بەرژەوەندیی وڵات و بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان و بەرژەوەندیی کوردەکان لە گشت شوێنێکدا، بەیەکەوە کار دەکەن.

من ئایندەیەکی گەش دەبینم، چونکە کاتێك گەیشتمە عێراق، وڵاتەکە لە دۆخی ململانێ و هەڵوەشانەوە دابوو، بەڵام ئەوەی ئێستا دەیبینین، وڵاتێکی خاوەن ئایندە و دەرفەتە بۆ هەمووان. ئێستا لە ناوچەکەدا گەڕاوەتەوە سەر دۆخە دروستەکەی خۆی وپەیوەندیی پتەو و قووڵی نەك هەر تەنیا لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە، بەڵکو لەگەڵ گشت وڵاتێکدا پێشخستووە، وەك هاوبەشێکی بەهێزی نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش هاتووەتەوە شوێنە دروستەکەی خۆی.

جارێکی دیکە، سوپاسگوزاریی خۆم بۆ هەمووتان دەردەبڕم- بەتایبەتیش هاوکارانم لە نەتەوە یەکگرتووەکان و گەلی عێراق و گشت هێزەکانی عێراق- چونکە یارمەتییان دام و پاڵپشتییان لێکردم. زۆر سوپاس.

# نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق

## چەند ڕاستییەکی خێرا سەبارەت بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدا



### ئەرك و بەرپرسیاریەتی و کارەکانی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق (یونامی) چییە؟

ئەرك و بەرپرسیاریەتی و کارەکانی نێردەکە بریتین لە:

١) پێشکەشکردنی ڕاوێژ و پاڵپشتیکردنی عێراق، بە حکومەت و گەلەوە سەبارەت بە پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی گفتوگۆیەکی سەرانسەریی سیاسی بۆ هەمووان و بەرقەرارکردنی ئاشتەواییەکی نیشتمانی و پێشخستنی ڕێکارەکانی هەڵبژاردن و ڕاپرسییەکان و پاڵپشتیکردنی ئەحکام و هەموارکردنە دەستوورییەکان و مەیسەرکردنی گفتوگۆیەکی هەرێمی و بەڕێوەبردنی ئاماری دانیشتووان و جێبەجێکردنی چەند بەرنامەیەك کە ئامانجیان دووبارە ئاوێتەکردنەوەی جەنگاوەرانی پێشووە.

٢) کارکردن بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراق بۆ پتەوکردن و پاڵپشتیکردن و مەیسەرکردنی یارمەتییە مرۆییەکان و جێبەجێکردنی دەستپێشخەریی پەیمانی نێودەوڵەتی لەگەڵ عێراق و بەرزکردنەوەی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و بەڕێوەبردنی چاکسازییە ئابوورییەکان و گەشەپێدانێکی بەردەوام و دوورمەودا.

٣) پاڵپشتیکردن و پتەوکردنی مافەکانی مرۆڤ و چاکسازی دادوەریی و یاسایی لەپێناو پتەوکردن و بەرقەرارکردنی سەروەربوونی یاسا لە عێراقدا.

### جێبەجێکردنی ئەرك و کار و بەرپرسیارییەکان

نێردەکە لەپێناو پێشکەشکردنی ڕاوێژ و یارمەتی و پاڵپشتی سەبارەت بە چەندان مەسەلەی وەك بنیادنانی دەستگە و دامەزراوەکان و چاکسازی بواری یاسادانان -کە بێگومان ئەمە کەرتی ئاسایشیش دەگرێتەوە- بەشێوەیەکی تەواو لەگەڵ حکومەتی عێراقی هاوکار دەبێت و لەگەڵ سەرکردایەتیی سیاسیی عێراقیش تەقلی هاوبەشییەکی پتەو دەبێت.

هەروەها نێردەکە بە هەماهەنگییەکی پتەو لەگەڵ دەستگە عێراقییەکان بە ڕاگەیاندن وجڤاکی مەدەنی و نێوەندە ئەکادیمییەکانیشەوە، کار بۆ پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی بەهایەکانی ئاشتەوایی نیشتمانی و لێبوردەیی و پێکەوەژیان دەکات، ئەمەیش لە چوارچێوەی کردەیەك دەبێت کە ئامانجی ئافراندنی کەشوهەوایەکی گونجاوی ئاشتەواییە. هەروەها نێردەکە جەخت لەسەر دەستەبەرکردن و پاراستنی خاوەنداریەتیی وڵاتەکە دەکات لەهەنبەر گرتنەدەستی جڵەوی مەسەلەکان و بەشداریکردنی پێکهاتەکانی جڤاکی عێراقی، بە ئاستی سیاسی و ئاستی جڤاکە خۆجێیی و هەرێمییەکانیشەوە.

نێردەکە لە سەرەتای دەستەبەکاربوونی لە ساڵی ٢٠٠٣ دا لە نووسینەوەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ و پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ بەڕێوەچوونی ٩ کردەی هەڵبژاردن، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لە پێشکەشکردنی پاڵپشتی و یارمەتیدان هەبوو. بەشێوەیەکی تەواو و بێ کەموکورتیش یارمەتیی بواری هەڵبژاردن پێشکەشی دەستگە عێراقییەکان دەکات، هەروەها چەند پرۆژەیەکی یارمەتیدانی بواری هەڵبژاردنیشی هەیە کە بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان (UNDP) و نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پرۆژەکان (UNOPS) و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ (IOM) جێبەجێیان دەکەن. هەروەها بەشی یارمەتیدانی بواری هەڵبژاردن لە نێردەکەدا پاڵپشتیی بواری یاسادانان پێشکەشی لیژنە جۆراوجۆرە پسپۆڕەکانی نێو ئەنجومەنی نوێنەران دەکات.

هەروەها نێردەکە کۆمەڵێك چالاکی ئامانجدار ڕادەپەڕێنێ کە ئامانجیان ڕێزگرتن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤە لە عێراق. ئەمەیش چاودێریکردن و پێڕاگەیاندن و داواکاری و پێشکەشکردنی ڕاوێژ و یارمەتیدانی دەسەڵاتەکانە سەبارەت بە جێبەجێکردنی پابەندییەکانی عێراق بە مافەکانی مرۆڤ و بنیادنانی تواناکانی حکومەت و جڤاکی مەدەنی لە کاروبارەکانی مافی مرۆڤدا. هەروەها چالاکییەکان ئامانجیان پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی ڕێزگرتنە لە مافەکانی مرۆڤی گەلی عێراق و بەشداریکردنی تەواو و یەکسانانە لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی و دانانی سنوورێك بۆ پێشێلکارییەکان و سزادانی کەسانی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەربوون لەگەڵ قوربانییەکان و تواناداركردنی عێراقییەکان بۆ

داواکردنی مافە مرۆییەکانیان و پاراستن و ڕێزگرتنی ئەو مافانە.

نێردەکە بەپێی کار و پرۆژە و بەرپرسیاریەتەکانی لەهەنبەر پەیوەندییەکانی هاوسێییەوە، لە بەشداریکردن بۆ هێنانەکایەی هاوکارییەکی تەواو لەنێوان عێراق و کوێتدا بەردەوام بووە، ئەمەیش بووەتە هۆی ئەوەی عێراق بەپێی بەشی حەوتەمی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٧ بەتەواوی لە پابەندییەکانی بێتە دەرەوە. هەروەها بەپێی یاسای ژمارە ٨٣٣ی ساڵی ١٩٩٣ ی ئەنجومەنی ئاسایش بەشداری لە جێبەجێکردن و تەواوکردنی پرۆژەی چاککردنەوەی سنووری عێراقی- کوێتی کردووە. یارمەتیشی پێشکەش بە هەردوو لایەن کردووە بۆ ئەوەی بەدوای کەسە بێسەروشوێنەکاندا بگەڕێن، لە پرسە هەستیارەکانی تایبەت بە موڵك و شتە ونبووەکانی کوێتیشدا یارمەتی و هاوکارییەکانی خۆی پێشکەش کردوون.

نێردەکە لەگەڵ حکومەت وهاوبەشانی بواری گەشەپێدان و مرۆیی و لەگەڵ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵی مەدەنی بۆ مەیسەرکردن و پاڵپشتیکردنی ستراتیژی تایبەت بە کاروبارە مرۆییەکان و چاکبوونەوە و گەشەپێدان و پلاندانان و هەماهەنگی کاری کردووە، بۆ پتەوکردنی هەماهەنگی و ڕێکوپێکی و بەدواداچوونی نێوان کاری مرۆیی و ئاشتی و وەرچەرخان بەرەو گەشەپێدانێکی بەردەوام، زەمینەی بۆ سیستەم و پێکهاتەی نەتەوە یەکگرتووەکان خۆشکردووە.

نێردەکە لەمیانی تۆڕێکی بەرفراوانی مەیدانییەوە ئاسانکاریی بۆ ئەو کۆمپانیا و کۆڕبەندانە کردووە کە خاوەن بەرژەوەندییە هەمەجۆرەکان لەخۆ دەگرێ و دەکرێ پاڵپشتی لە هەوڵ و کۆششەکانی سیستەم و هەیکەلی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات کە لەمیانی گوزەرکردن لە قۆناغی دوای داعش بەرەو چەند قۆناغێکی دیکەی وەك گەڕانەوەی دانیشتووانە ئاوارەکان و هێنانەکایەی سەقامگیری لەو ناوچانەی تازە ئازادکراون و یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەز و یەکییەتی و پتەوی و سەرتاپایی کۆمەڵایەتی و چاکسازییە هەیکەلییەکان و ئاشتەواییی جڤاکی، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لە جێبەجێکردنی ئەرك و کار و بەرپرسیاریەتەکانی نێردەکەدا هەیە.

**نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدا چۆن پرۆژەکانیان جێبەجێ دەکەن؟**

تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق لە ساڵی ٢٠١٠ لەگەڵ حکومەتی عێراقی لەسەر چوارچێوەی کاری گەشەپێدەری یەکەمی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDAF) لەگەڵ حکومەتی عێراقی ڕێککەوت کە ماوەی نێوان ٢٠١١ تا ساڵی ٢٠١٤ گرتەوە. دواتریش لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠١٤ واژۆ لەسەر چوارچێوەی دووەمی (UNDAF) کرا بۆ ئەوەی ماوەی نێوان ٢٠١٥ تا ساڵی ٢٠١٩ بگرێتەوە. چوارچێوەی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان بەهاوبەشی لەگەڵ حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و نێوەندە ئەکادیمییەکان و کەرتی تایبەت و کۆمەڵەی بەخشەرانی نێودەوڵەتی، بە بەرنامەی کار پابەند دەبێت.

چوارچێوەی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی گەشەپێدەر (UNDAF) جەخت لەسەر دوو سەرلیستی سەرەکی دەکاتەوە کە هاوکات بەشێوەیەکی هاوتەریب لەگەڵ پلانی گەشەپێدانی نیشتمانی و ئامانجە گەشەپێدەرەکانی هەزارە ڕێ دەکەن، یەکەمیان: پتەوکردنی تواناکانی دەستگەی دەوڵەت بۆ کاردانەوەیەکی کارایانە لەهەنبەر پێداویستییەکانی عێراق، سەرلیست و کاری لەپێشینەی دووەمیش: ئاوێتەبوون و تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی و یەکسانی، بەتایبەتیش بۆ چین و توێژە لاواز و بێدەرەتانەکان، بەو کەسانەشەوە کە بەهۆی جەنگ و کارەساتە سرووشتییەکانەوە ئاوارە بوون.

بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان (UNDP) لە ساڵی ٢٠١٦ دا ڕێبازێکی کرداریی زۆر کاریگەری لە بەرقەرارکردنی سەقامگیری گرتەبەر کە دەتوانێ پەیوەندیی نێوان هاووڵاتیان و حکومەتی عێراقی پتەو بکات و متمانەی گەل بە حکومەت نوێ بکاتەوە. قەبارەی گوژمە تەرخانکردن و پارە بەخشینی بواری دووبارە گەڕاندنەوەی سەقامگیری (FFS) چوار هێندەی جاران زیادی کرد، چونکە لە پرۆژەیەکی نێو چەند شارێکی دیاریکراوەوە بووە بەرنامەیەکی گەورە کە لەچەندان شوێنی جیاوازدا سەرگەرمی کار بوو، بەو شارانەشەوە کە زەبری زۆر گەورەیان بەرکەوتبوو وەك ڕەمادی و فەلووجەی پارێزگەی ئەنبار. بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان لە ساڵی ٢٠١٦ و پێش دەستپێکردنی کردە سەربازییەکانی ڕزگارکردنی موسڵ، بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتەکان بۆ دەستنیشانکردنی یەکەمین سەرلیست و کارە لەپێشینەکانی و پەلەکردن لە ئامادەکردنی ٤٣ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بۆ ئامێر و ئامرازە سەرەکییەکان لەپێناو پێشکەشکردنێکی دەستبەجێی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و بەتایبەتیش خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و کارەبا و ئاو، خۆی بۆ کردەی ڕزگارکردنەکە ئامادە کرد . بەشێوەیەکی گشتیش، تەرخانکردنی پارە و بودجە بۆ دووبارە سەقامگیرکردن کە سەر بە بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ گەشەپێدان بەشداری لە پتەوکردن و دانانی بنەمایەکانی گەڕانەوەی زیاتر لە ١,٣٩ ملیۆن پەنابەری ژن و پیاو و منداڵ کرد کە لە سەرەتای ململانێیەکە ئاوارە بوون.

**نەتەوە یەکگرتووەکان لە کوێی عێراق کار دەکات؟**

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق (یونامی) و تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وڵاتدا لە هەر هەژدە پارێزگەی عێراق کار دەکەن و لەسەر ئاستی جڤاکە خۆجێیی و پارێزگەکان و هەرێم و ئاستی نیشتمانیش چالاکن. هەروەها کارمەندە عێراقی و نێونەتەوەییەکانیان لە سەرانسەری وڵاتدا بڵاوبوونەتەوە و بەهاوبەشی لەگەڵ هاوپیشە و هاوشانەکانیان لەسەر ئاستی خۆجێیی و پارێزگە و هەرێم و نیشتمانی کار دەکەن.

**ڕێکخراوە دەستبەکارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدا چین؟**

تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ٢٠ ئەندام لەخۆی دەگرێ کە بریتین لە ١٥ ئاژانسی نیشتەجێ و ٣ ئاژانسی نانیشتەجێ. تیمەکە ئەو قەوارانە لەخۆی دەگرێ: ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خۆراك و کشتوکاڵ، ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، نوسینگەی هەماهەنگیی کاروباری مرۆیی، کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ، ڕێکخراوی یونیسێف ، کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بازرگانی و گەشەپێدان (ئونکتاد)، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ژنان، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان، لیژنەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی خۆرئاوای ئاسیا ( ئەسکوا)، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری (یونسکۆ)، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە، کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نشینگە مرۆییەکان (هابیتات)، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی ( یونیدۆ)، سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان، نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پرۆژەکان، بەرنامەی خۆراکی جیهانی، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ. (ئەسکوا و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە و ئونکتاد بە ئاژانسی نانیشتەجێ دادەندرێن). جگە لەمانەش، تیمی هەرێمیی نەتەوە یەکگرتووەکان بانکی نێودەولەتیش لەخۆی دەگرێ.

**جیاوازیی نێوان نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق و قەوارەکانی دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکان چییە کە لە عێراقدا کار دەکەن؟**

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق نێردەیەکی سیاسییە و لە ساڵی ٢٠٠٣ دا لەسەر داوای حکومەتی عێراقی و بەپێی یاسای ژمارە ١٥٠٠ی ئەنجومەنی ئاسایش دامەزراوە. لەگەڵ دەرچوونی بڕیاری ١٧٧٠ دا ڕۆڵیشی بەشێوەیەکی زۆر مەزن و کارا لە ساڵی ٢٠٠٧ دا زۆر گەورەتر و فراوانتر بووە.

ئامادەیی و بوونی ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق لەسەر بنەمای ڕێککەوتنە دووقۆڵییەکان لەگەڵ حکومەتی عێراق دیاری دەکرێ.

**لە کەیەوە و بۆچی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدا کار دەکات؟**

هەندێك لە ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٥٥ وە لە عێراقدا کار دەکەن، بەڵام ڕێکخراوەکانی دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەرەتایەکانی نەوەدەکان و دوای ساڵی ٢٠٠٣ نووسینگەکانی خۆیان لە عێراق دامەزراندووە. نەتەوە یەکگرتووەکان لەپێناو دەستەبەرکردن و کاردانەوە لەهەنبەر پێداویستییەکانی گەلی عێراق و پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی بۆ وەدیهێنانی ئایندەیەکی پڕ لە ئاشتی و گەشەسەندن ئێستەیش لە عێراقدا بوونی هەیە.

**ئایا نەتەوە یەکگرتووەکان لایەنگری کۆمەڵە و چەند چین و توێژ و تائیفەیەکی دیاریکراو دەکات؟**

نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدا دەستە و دامەزراوەیەکی بێلایەنە و بەپێی داواکارییەکانی حکومەتی عێراق و هاوبەشیکردن لەگەڵیدا کار دەکات. هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان لایەنگریی هیچ کۆمەڵە و دەستە و تاقمێکی سیاسی و تائیفی و نەژادی ناکات. هەروەها لە پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی یەکسانیی هەنبەر وەدەستهێنانی دەرفەتەکان بۆ گشت تاکەکانی گەلی عێراقی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی تواناداری لەپێناو وەدیهێنانی ئایندەیەکی سەرکەوتوو و سەربەرزانە و بەردەوام و دوورمەودا بۆ گەلی عێراق، بەرزترین پێوەر دەپارێزێ.

**نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق چۆن بەڕێوەدەبرێ؟**

نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدا بە یارمەتیی دوو جێگر بەڕێوەی دەبەن، کە یەکێکیان سەرپەرشتی کاروباری سیاسی و هەڵبژاردنەکان دەکات، ئەوی دیکەش سەرپەرشتیی هەوڵ و کۆششە مرۆیی و گەشەپێدەرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەرکەکانی ڕێکخەری گشتی و ڕێکخەری کاروباری مرۆیی لە عێراق و سەرۆکایەتیی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق (یونامی) دەکەن.

ئەنجومەنی ئاسایش بەپێی بڕیاری ٢٤٢١ی ١٤ ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٨ ماوەی ئەرك و کار و چالاکییەکانی نێردەکەی تا ٣١ی ئایاری ٢٠١٩ درێژ کردووەتەوە. ژمارەی ئەندامانی نێردەکە ٨٥٢ کەسن (٣٣١ کەسیان نێودەوڵەتین و٥٢١ کەسیشیان نیشتمانین) بودجەی نێردەکە بۆ ساڵی ٢٠١٨ بریتیی بوو لە ١٠٨.٦ ملیۆن دۆلار.

# چاوپێکەوتنێك لەگەڵ

## جێگری نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بۆ کاروباری سیاسی و هاریکاری هەڵبژاردنەکان

## ئالیـــس وۆڵپـۆڵ




**ڕۆڵی خۆت وەك جێگری تایبەتی کاروباری سیاسی و هەڵبژاردن چۆن دەبینیت و ئەو ڕۆڵە لەساڵی ٢٠١٨دا چۆن پێشکەوت؟**

هەموو ساڵێك بیر لەوە دەکەمەوە ڕۆڵەکەم چۆن دەبێت و جەخت لەسەر چی دەکەمەوە، بەڵام ژیان شتەکان بە ڕەوتێکی دیکەدا دەبات و دەبینم چالاکییەکانم بەهۆی ڕووداوەکانەوە (کە زۆربەی جار چاوەڕواننەکراون) دووبارە پێکدێنەوە و دەستکاری دەکرێنەوە. ساڵی ٢٠١٨ ساڵی هەڵبژاردنەکان بوو، هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان لە مانگی ئایاردا بەڕێوەچوون، دواتریش بەشێوەیەکی هەندەکیی دەنگدان و جیاکردنەوەی دەنگەکان دووبارە کرانەوە، پاشانیش هەلبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لە مانگی ئەیلول بەڕێوە چوو. بۆ ئێمەیش وەك نێردەیەکی سیاسی جەختکردنەوە و بیرکۆیی و (کارمان) لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ڕابردوودا شتێکی پێشبینیکراو بوو. بێگومان نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵێکی گرنگی لە هاندان و پاڵپشتیکردنی پێکهێنانی حکومەتی نوێدا هەبوو.

**ئەو شتە چییە کە لە ساڵی ٢٠١٨ لە هەنبەریدا هەست بە شانازی دەکەیت، بەرجەستەترین دەستکەوت و کارەکانی تۆ و نێردەکە لە بواری سیاسیدا چی بوون؟**

لەهەنبەر ئەو پاڵپشتی و یارمەتییەی پێشکەشی کردەی هەڵبژاردنمان کرد، هەست بە شانازی دەکەم. ڕۆڵێکی سەرەکیمان لە پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا گێڕا، بۆ ئەوەی خۆی بۆ هەڵبژاردنەکان ئامادە بکات، هەروەها من شانازیم بە هەوڵەکانی تیمەکەم کرد لە بەدواداچوون و چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان و بەتایبەتیش لە پرسی چاودێریکردن و دووبارە جیاکردنەوەی دەنگەکاندا. پێم وایە ئێمە لە پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا ڕۆڵێکی بەسوودیشمان گێڕاوە بۆ ئەوەی لەپێناو هەڵبژاردنەکاندا خۆی ئامادە بکات.

بەدرێژایی ساڵەکە لەگەڵ حکومەتی عێراقی بەشێوەیەکی بەرفراوان کارمان کردووە، سەبارەت بە بنیادنانی ئاشتەواییی نیشتمانی و یەکڕیزی و یەکگرتنی کۆمەڵایەتی ڕاوێژمان پێشکەش کردووە. هەروەها لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٨ ڕاوێژمان پێشکەشی حکومەتەکەی "حەیدەر عیبادی سەرۆکوەزیران" کردووە، لە کۆتاییی هەمان ساڵیشدا ڕاوێژمان پێشکەشی حکومەتەکەی "عادل عەبدولمەهدی" کردووە. لەگەڵ هەردوو ئیدارە گفتو گۆیەکی باش و بونیاتنەرمان هەبوو سەبارەت بە چەند پرسێکی وەك پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا -کە لە نیوەی یەکەمی ساڵەکەدا نزیکبوونەوەیەکی گەورەی بەخۆیەوە بینی.

هەروەها من شانازی بە کاردانەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەم لەهەنبەر داواکارییەکانی قائیمقامی تووزخورماتوو بۆ یارمەتیدانیان لە نزیککردنەوەی جڤاکە عەرەبی و تورکمانی و کوردییەکان. پێم وایە ئێمە توانیمانە لەنێوان پێکهاتە جۆراجۆرەکاندا گفتوگۆیەکی بنیادنەرانە پێکبهێنین.

هەروەها لە ساڵی ڕابردوودا سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ کەمینەکاندا پێداگری و جەختکردنەوەیەکی ڕوون هەبوو، بۆ نموونە: سەردانی گوندی کۆجۆی باشووری شەنگالمان کرد، چونکە پێکهاتەکە داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد بۆ یادەوەریی قوربانیانی ئێزدیی سەردەمی هێرش و داگیرکارییەکانی داعش پەیکەرێك دروست بکات. هەروەها داوایان لێمان کرد لە هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ئەوێدا یارمەتییان بدەین. خۆشحاڵم هەڵدانەوەی یەکەم گۆڕی بەکۆمەڵ لە لایەن هاوکارانی نێو تیمی لێکۆڵینەوەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاڵپشتیکردنی لێپرسینەوە لە تاوانەکانی داعش ( یونیتاد) بوو لە کۆجۆدا.

**دوای شکستهێنانی داعش، یەکێك لە کارە لەپێشینە و سەرلیستەکانی نێردەکە کردەی ئاشتەوایی بوو. پێت وایە چۆن ئەو کردەیە لە ساڵی ٢٠١٨ دا پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیبێت؟**

خاتوو وۆڵپۆڵ: یونامی لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠١٨ دا پاڵپشتی و یارمەتیی لەپێناو

زنجیرەیەك ۆرکشۆپی نیشتمانی و هەرێمیی تایبەت بە ئاشتەوایی پێشکەش کرد کە یارمەتیی جڤاکەکانی دا بەشێوەیەکی دوورمەودا وێنایەی چەند چارەسەرێکی ئاشتییانەی ناکۆکییەکانیان بکەن . لە کاتێکی هەمان ساڵیشدا، چالاکییەکانمان جەختیان لەسەر ئاستی خۆجێیی کردەوە، ئەویش بە گفتوگۆکردن لەگەڵ هەر جڤاکێك بەجودا سەبارەت بە بەرتەمایی و دونیابینی و گۆشەنیگایان لەهەنبەر ئاشتەوایی و یەکگرتنی کۆمەڵایەتیی سەر زەمینەی واقیع. من سەرم سوڕما کاتێك بینیم جڤاکەکان خۆیان بنیاد دەنێنەوە، بۆنموونە: شەرەفی ئەوەم پێبڕا لەگەڵ سەرۆکی دیوانی وەقفی سوونی بەشداری لە دانانی بەردی بناغەی مزگەوتی نوێی نوری بکەم لە نەینەوا.

پێشتریش باسی پەیوەندییەکانی خۆمان و جڤاکە هەمەچەشنەکانی عێراق کرد. چاوم بە سائیبەی مەندائی و شەبەك و بەهاییەکان و کاکەییەکان و کوردانی فەیلی و کەمینە مەسیحییەکان کەوت بە کلدانی و سریانییەکانیشەوە، هەروەها چاوم بە ئێزدییەکانیش کەوت. سەردانی پەرستگەی سەرسوڕهێنەری "لالش"م کرد. بەشداریم لە فیستیڤاڵی جەژنی برۆنایای سائیبە مەندایییەکان کرد و بەسەر ئەو ڕێگەیە کەوتم کە دەچووە سەر دێری شکۆداری مارمەتیی سەر بە بەرزاییەکانی دەشتی نەینەوا. بۆمن شەرەفێکی گەورە بوو بچمە نێو ئەو جڤاکانەوە- هیواداریشم توانیبێتم باوەڕیان پێ بهێنم کە نەتەوە یەکگرتووەکان گرنگیی بە ئالنگاری و کۆسپوتەگەرەکانی بەردەم جڤاکانە دەدات و بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی و پاڵپشتیش ئامادەیە.

هەروەها دەرفەتم بۆ ڕەخسا لەگەڵ ئەو ئاوارانەش بدوێم کە بەهۆی داعش یانیش بەهۆی جەنگی شکستپێهێنان بە داعش ئاوارە بوون و لە خێوەتگەکانی ئاوارەکانی نێو دهۆك و کەرکووك نیشتەجێ بوون. نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاتی کردەی هەڵبژاردنیشدا لەپێناو دەستەبەرکردنی توانادارِیی ئاوارەکان بۆ گەیشتنی دەنگیان لە کردەی هەڵبژاردنی حکومەتی داهاتووی عێراق بەشێوەیەکی مکوڕانە کار و هەوڵەکانی خۆی خستە گەڕ. سەردانی شنگالم کرد و چاوم بەو ئاوارانە کەوت کە گەڕابوونەوە شنگال، هەروەها لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە ئەمنییانەش دوام کە دەیانپارێزن و سەبارەت بە تواناداركردنی ئاوارەکانی دیکەش زۆر شت فێربووم.

یەکێك لە شتە پڕشنگدارەکانی ساڵی ٢٠١٨ بۆ من ئەوەبوو بەرەو گشت ناوچەکانی عێراق سەفەرم کرد و لەسەر ئاستی خۆجێیدا لە پێداویستیی جڤاکەکان تێگەیشتم. جا ئەگەر بە گفتوگۆکردن بێت لەگەڵ جووتیارە کاکەییەکانی نێو داقووق؛ یانیش گوێگرتن لە ئەندامانی ئەنجوومەنەکانی بەعقوبە و دیالە؛ یان سەردانی مەرجەعییاتە ئایینییەکانی نەجەف و کەربەلا و سامەڕا، گشت ئەو ڕا و بۆچوونانەش تێگەیشتنی منیان لەهەنبەر عێراقدا دەوڵەمەندترکرد.

**لە زۆر بۆنەدا، هەروەها لەنێو پرۆسەی هەڵبژاردنیشدا، بە ئاشکرا وتت دەبێ ژنان نوێنەرایەتیی گشت ئاستەکانی دروستکردنی بڕیاری عێراقی بکەن. سەبارەت بە دۆخی ژن لە عێراقدا ڕات چییە؟**

هەست بە بێهواییەکی قووڵ دەکەم، چونکە سەرکردایەتیی سیاسی هیچ ژنێکی بەهرەدار و خاوەن شارەزایی لە پۆستە باڵایەکانی سیاسیدا دانەناوە. ئەمە بە دەرفەتێکی لەدەستدراو دێتە ژماردن. لەگەڵ کۆتایی هاتنی ساڵی ٢٠١٨ دا، لەنێو حکومەتی عێراقیدا تەنانەت یەك ژنی وەزیر بوونی نەبوو، هەرچەندە ژنانی کارا و زۆر تایبەتمەندی ئەندام پارڵەمان هەبوون.

دەبێ حکومەت دەستەبەری گەیشتنی ژنانی کارامە بکات بگەنە چەند پۆستێکی باڵا- پۆستی وەکیلی وەزیر، سەرۆك لیژنەکانی پارڵەمان، باڵیۆزخانەکان، پۆستە باڵایەکانی ئەکادیمی و پۆستەکانی دادوەری. ژن ئەو ڕۆڵەی نییە کە دەکرێ لەو وڵاتەدا بیگێڕێ، پێشم وانییە عێراق- لەو کاتەی خۆی بنیاد دەنێتەوە- بتوانێ ئەو ڕۆڵ و خزمەتانە پشتگوێ بخات کە ئافرەتان پێشکەشیان دەکەن.

**هێشتاکە پەیوەندییەکان سەبارەت بە کەسانی بێسەروشوێن و موڵك و ماڵی کوێت بەردەوامە و لە ئەرکی نێردەکەدا بە دۆسێیە گرنگەکان دادەندرێ. لە ئێستەدا پەیوەندییەکانی نێوان کوێت و عێراق چۆن دەبینیت؟**

وەك باوە ئەم پرسە دوولایەنەی نێوان عێراق و کوەیت لەلایەن لیژنەی نێودەوڵەتیی خاچی سوورەوە بەڕێوەدەبرێ. هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵی چاودێری دەگێڕێ- هەرچەندە ئێمە سوورین لەسەر زیادکردنی هەر بەهایەك و گێڕانی ڕۆڵی خۆمان بەباشترین شێوە. لە ساڵی ٢٠١٨ دا لە کردەی گەڕان و لێکۆڵینەوە لە بێسەروشوێنە کوێتییەکان و دڵنیابوونەوە لە ئەگەری بەکارهێنانی ئامێر و کەرەستەکانی گەڕان بەدوای کانزایەکان و ڕادەرەکانی بەرچاوخستنی ناوەوەی زەوی، بەوردی و گرنگی پێدانەوە بەدوای ئەگەری پێشکەشکردنی باشترین شارەزاییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا گەڕاین. دوای لێکۆڵینەوە و گەڕانمان، گەیشتینە ئەو بڕیارەی ئامێرەکانی دۆزینەوەی کانزایەکان لەمبارەیەوە سوودبەخش نین، بەڵام دەکرێ ڕادارەکان لە بژاردەکاندا بن، ئێستەیش ئێمە پێمان وایە نەتەوە یەکگرتووەکان لە شوێنی گۆڕە بە کۆمەڵەکان و لە کردەکانی پێشووی گەڕاندا بەشێوەیەکی باش بەکاریان هێناوە.

سەبارەت بەگەڕاندنەوەی موڵك و ماڵەکانی کوێت، پێم خۆشە دوای ماوەیەکی زۆر لە نەهاوێشتنی هیچ هەنگاوێك و نەکردنی هیچ شتێك، لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٨ دا بەشێك لە ئەرشیفی ڕاگەیاندنی نیشتمانیی کوێتی و هەندێك کەرەستەی بەنرخی مێژوویی بدەینەوە کوێت. هیوادارم ئەمە لە ساڵی ٢٠١٩ دا ببێتە هۆی گەڕاندنەوەی زۆرێك لە موڵك و سامانەکانی کوێت.

بەشێوەیەکی گشتی، بەپێی ئەزموونی خۆم پێم وایە پەیوەندییەکانی عێراقی- کوێتی لە ساڵی ٢٠١٨ دا لە هەردوو لا زۆر بنیادنەرانە بوو، بەبینینی وەزیری دەرەوەی عێراقیش شادمانم کە هەموو بیرکۆیی و گرنگیدانی خۆی لەسەر ئەو دۆسیەیەدا چڕ دەکاتەوە. هەروەها بەستنی کۆنگرەی نێودەوڵەتیی کوێت کە لە شوباتی ساڵی ٢٠١٨ دا بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی عێراق لە شاری کوێتدا بەڕێوەچوو، ئاماژەیەکی زۆر گرنگە بۆ بەردەوامبوونی پاڵپشتی و یارمەتیدانی عێراق لەلایەن کوێتەوە، ئێمەش لەمبارەیەوە سوپاسی دەوڵەتی کوێت دەکەین.

**ئایا هیچ شتێکی نایاب و تایبەتمەند هەیە لە ساڵی ٢٠١٨دا کردبێتت یان بەشداریت تیادا کردبێ؟**

بێگومان کۆی ئەو شتانەی بەشداریم تیایاندا کردووە یان لە ساڵی ٢٠١٨ وەدیم هێناون، بەهۆی تیمە زۆرباش و هاوکار و کارایەکەی نێردەکە بووە. بەرجەستەترین خاڵی بەرچاو ئەوەبوو سەردانی سەرانسەری عێراقم کردووە و لە دهۆك تا دەگاتە بەسرە و شنگال و حلە و کووت و هەڵەبجە لەگەڵ خەڵك ئاخاوتووم و بە وردی گوێم لێ ڕاگرتوون. زۆر چێژم وەرگرت و ئەو یادەوەرییە لە یادگەمدا دەمێنێتەوە، جا ئەگەر گفتوگۆیە وروژێنەرەکان بێت لەگەڵ شارەزایە سیاسییەکان و دروستکەرانی بڕیار لە "مەڵبەندی ڕافیدەین بۆ گفتوگۆ و ئاڵوێرکردنی ئەزموونەکان" یانیش لەگەڵ ژنانی ئەکادیمیی زانکۆی کەرکوك و دۆزینەوەی تەنگەبەرەی ئاشوورییەکان بووبێت لە قەڵای هەولێر، لەگەڵ تیمی کۆڵین و پشکنیندا.

**ئەدی ئەو خاڵانە چی بوون کە لە ساڵی ڕابردوودا نیگەرانیان کردوویت؟**

هێشتا بەردەوامبوونی توندوتیژییەکان و هێرشە تیرۆرستییەکان سەرچاوەی نیگەرانییەکی قووڵن. دۆخی ئەمنی لە ساڵی ٢٠١٨ لە عێراق بەشێوەیەکی زۆر باش بەرەو قۆناغێکی باشتر چووە، بەڵام هێشتا چەند هۆیەك هەن بۆ بەردەوامبوونی نیگەرانییەکی قووڵ.

لەهەنبەر پێکنەهێنانی حکومەت هەست بە بێهیوایی دەکەم. دەرنەکردنی دوا بڕیار سەبارەت بە پۆستە سەرەکییەکان کاریگەرییەکی نەرێیی لەسەر گشت لایەنەکانی کاری پارڵەمانیدا دروست دەکات. هەروەها نەمانبینی پارڵەمان ئەو بەڵێنانە بگەیەنێتە سەر کە بە دەنگدەرانی دابوون. هەروەها نائامادەییی ژنان لە هەر پۆستێکی باڵای سیاسیدا، واتای ئەوەیە ٥٠٪ دانیشتووان بەشێوەیەکی خۆکارانە لە کردەی بڕیاردان دوورخراونەتەوە، ئەمەیش شتێکی بێهیواکارە.

**کارە لەپێشینە و سەرلیستەکانی پێکهاتەی سیاسیی نێردەکە لە ساڵی ٢٠١٩دا چییە؟ ئایا پێشبینیی ڕێگەیەکی دژوار دەکەیت؟**

خاتوو وۆڵپۆڵ: پێم وایە ساڵی ٢٠١٩ ساڵی یارمەتیدانی حکومەتی نوێ دەبێت لە پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی دەستکەوتەکانی ساڵی ڕابردوو و گەیاندنە سەری پابەندییەکانی- بنیادنانی دەستگە بەردەوام و پایەدارەکانی دەوڵەت کە خزمەتگوزاریی گشتیی وەك؛ بەرپەرچدانەوەی گەندەڵی پێشکەش دەکەن، چونکە گەندەڵی ئابووری و ژیانی گشتی دەخنکێنێ. هەروەها ساڵی هەڵێنانی چەند هەنگاوێکی پێویست دەبێت بۆ بەخشینی مۆرکێکی یاسایی بە بنیاد و پەیکەرە ئەمنییەکان، بەو کۆمەڵە چەکدارانەشەوە کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەتدان.

سەبارەت بە خشتەی بەرفراوانی کاری هەنبەر ئەو پرسانەی کە شیمانە دەکرێ ببنە سەرلیست و کاری لەپێشینەی حکومەت- وەك پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر، داهاتەکانی نەوت و پرسەکانی ئاو و سنووریی دەریایی و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر- نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتی و شارەزایی پێویست پێشکەش دەکات.

# چاوپێکەوتن لەگەڵ

## جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق/ و ڕێکخەری کاروباری مرۆیی/ ڕێکخەری نیشتەجێ

## مارتا ڕۆیداس



**وەك جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و ڕێکخەری کاروباری مرۆیی و ڕێکخەری نیشتەجێی هەماهەنگیکار لەسەر هەوڵ و کۆششە مرۆییەکان و گەشەپێدەرەکان لە عێراقدا، ڕۆڵی خۆت چۆن دەبینیت ؟**

پێم وایە لە ژینگەیەکی وەك عێراقدا (واتە لە دۆخی دوای ململانێ) ئەرکێکی سەرەکییە ، هێشتاکە وڵاتەکە پێویستی بەوەیە زۆر بەچڕی جەخت لەسەر کاری مرۆیی بکرێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پێویستی بە زۆرێك لە هەوڵ و کۆشش هەیە بۆ ئەوەی وڵاتەکە بخرێتەوە سەر ڕەوتی سرووشتیانەی گەشەپێدانەوە.

ئەوەی لێرەدا گرنگە: ئەو لایەنە مرۆیی و گەشەپێدەرانەی لەنێو سیستمی ڕێکخەری نیشتەجێ دەستەبەکارن، هەماهەنگی لەنێوان خۆیاندا وەدی بێنن. زۆر گرنگە ئەو دوو ئەرکە لە نزیك یەکتری دابندرێن، ئەمەیش پێویستی بە کار و هەوڵێکی زۆر هەیە.

**لە چ بوارێکی هەرە گرنگ و سەرلیستدا، پرۆژە مرۆیی و گەشەپێدەرەکانی ساڵی ٢٠١٨دا جێبەجێ کراون؟**

سەبارەت بەوانەی لە بواری مرۆییدا کار دەکەن، هێشتاکە سەرنج و گرنگیدانیان لەسەر ئاوارەکاندا چڕکردووەتەوە. هێشتاکە ئەو لایەنە کارە هەرە گرنگ و لەپێشینەکەیە. نزیکەی ١.٩ ملیۆن پەنابەر پێویستیان بە کۆمەك و پاڵپشتیی ئێمە هەیە. ئەمەش مانای ئەوەیە زۆرێك لە تیمەکانی هەرێمیی گەشەپێدەری نەتەوە یەکگرتووەکان خەریکی دووبارە بنیادنانەوەی ژێرخانن بە هەردوو جۆرە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەیەوە. بەرنامەی وەدیهێنانی سەقامگیری کار بۆ دووبارە نۆژەنکردنەوەی ژێرخانی ئابووری دەکات، بەڵام تیمی هەرێمیی کار لەسەر بنیادی کۆمەڵایەتی و سیستم و میکانیزمەکان و هتد دەکات.

**لە ساڵی ٢٠١٨ دا، قەیرانێکی بەردەوامی مرۆیی تایبەت بە ئاوارەکانمان بینی. نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق (یۆنامی) و تیمی وڵاتی عێراقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراقییە بێ دەرەتانەکان چ شتێکی کرد؟**

ئەمە بە قەیرانێکی بەردەوام و دوورودرێژ ناو دەبەم، بەڵام وەك جاران قەیرانێکی قووڵ نییە، بەڵکو دوورودرێژە، ئەوەی لەسەرمانە یەکەمجار بیکەین کەمکردنەوەی ژمارەی کەسانی لێقەوماو و بێدەرەتانە. دەبێ ئەو ئاوارانە بگەڕێنینەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان، خۆ ئەگەر ئەمەیش ئەستەم بوو، دەبێ لە شوێنێکی دیکەدا دووبارە نیشتەجێ بکرێنەوە. لە هەردوو دۆخدا، دەبێ یارمەتییان بدرێت و پاڵپشتییان لێ بکرێ، بۆ ئەوەی وەك هاوڵاتیانی ئاسایی عێراقی بگەڕێنەوە نێو ژیانێکی ئاسایی. ئەمە یەکەمین شتە.

ئەو کەسە ئاوارانە لە دۆخی ئاوارەیی خۆیاندا دەبێ زۆر پاڵپشتیان بکرێ و یارمەتی بدرێن بۆ ئەوەی بتوانن بگەڕێنەوە نێو ژیانی ئاسایی خۆیان. لەبەرئەوە هەر یەکە لە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق (یۆنامی) و تیمی نەتەوە یەکگرتووەکانی وڵاتی عێراق خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و پەروەردەیی و بەڕێوەبردنی خێوەتگەکان و خۆراك و چەندان جۆری دیکەی پاڵپشتی و کۆمەکیان پێشکەش دەکات.

**لەگەڵ هەبوونی تەنگوچەڵەمەیەکی زۆردا، داعش شکستی پێ هێنرا، هەروەها خانەوادەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە پێشکەشکردنی کۆمەك و پاڵپشتیی بۆ زیانلێکەوتووانی ناوچە تازە ئازادکراوەکان بەردەوام بوو، ئایا ئێوە لەو کار و**

**پرۆژانە ڕازین کە تا ئێستا جێبەجێ کراون؟**

هیچ کەسێك نییە هەست بە ڕەزامەندییەکی تەواو بکات. پێم وایە تیمی نەتەوە یەکگرتووەکانی وڵاتی عێراق کار و پرۆژەیەکی زۆری جێبەجێ کردووە، هەروەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش پاڵپشتی و یارمەتییەکی گەورەی پێشکەش کردووە. توانیومانە کارە پێویستەکان ڕاپەڕێنین، بەڵام ئێستا پێویستمان بەوە هەیە لەمە زیاتر بڕۆین و وەك پێشتر گوتم دۆخی نەبوونی و بێدەرەتانیی کەسانی لێقەوماو کەمتر بکەینەوە.

**بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان و ئاژانس و بەرنامە و سندووقەکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەوڵ و کۆششەکانی دووبارە بنیادنانەوەی ناوچە تازە ئازادکراوەکاندا بەشدارن. دەتوانی سەبارەت بەو کار و چالاکییانە زانیاریی زیاترمان پێ بدەیت؟**

پێشتر گوتم تیمی هەرێمیی بەشداری لە دەستەبەرکردنی ژێرخانی ماددی و کۆمەڵایەتی یان یارمەتیدانی حکومەت دەکات بۆ دەستەبەرکردنی ئەو بنیادە بەرەو ئاستی پێویستی دۆخی دوای ململانێ. بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ (جگە لە تیمی هەرێمی و چەند ڕێکخراوێکی دیکە) بەشێوەیەکی زۆر گەورە بەشداری لە پرۆژەکانی وەدیهێنانی ئەو سەقامگیرییە دەکات کە بووەتە هۆی دەستەبەرکردنی ژێرخانی ئابووری، بۆنموونە: سەبارەت بە سیستم و سێکتەری تەندروستی و ژێرخانەوە، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و یۆنیسێف و سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان لەو بوارەدا کاران و چالاکییان هەیە. سەبارەت بە بنیادی پەروەردە و فێرکردنیش یۆنیسێف و یونسکۆمان هەن.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچبەران بۆ هێنانەکایەی ئەم ئامانجە، دەرفەتێکی زۆری کار و بەڕێوەبردنی خێوەتگەکان و سیستمەکان دەڕەخسێنن. ئێمە لەمیانی کۆمەڵێك کەرت و سێکتەری جۆراوجۆرەوە هەوڵی دووبارە سیستماتیککردنەوە و نۆژەنکردنەوەی ژێرخانی ئابووری دەدەین. هەروەها کار بۆ پتەوبوون و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و چەند بوارێکی دیکەش دەکەین.

**یۆنامی و نەتەوە یەکگرتووەکان بەگشتی لە ساڵی ٢٠١٨ لەهەندێك بۆنەی دیاریکراودا چەند بانگەوازێکیان کرد بۆ ئەوەی پارەیان دەستکەوێ تاکو بتوانن یارمەتیی زیانلێکەوتووانی ڕووداوەکانی نێو عێراق بدەن. وەڵام و بەهاناوەهاتنی بەخشەران چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

پێم وایە لە ڕووی مرۆییەوە پاڵپشتی و کۆمەکێکی زۆریان پێشکەش کرد. چونکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە سەرانسەری جیهاندا لەپێناو بەرنامەی یارمەتی مرۆیی گەورەترین و زۆرترین ڕێژەی پارەوپوولیان پێشکەشکرد. پێم وایە دەبێ لەهەنبەر ئەو پاڵپشتیکردنەیان بۆ لایەنی مرۆڤایەتی، سوپاسیان بکەین.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە هەوڵ و کۆششەکانی دووبارە بنیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی دوورمەودا و وەدیهێنانی سەقامگیری، لە پێشکەشکردنی کۆمەك و پاڵپشتییەکانی خۆی بەردەوام بوو، بەڵام هێشتاکە کەموکورتی و بۆشاییەکی گۆژمەیی لە گۆڕێدایە و پێویستمان بە پاڵپشتییەکی زیاتر هەیە. ئێمە لە وەرگرتنی بەخشینەکان بەردەوامین، ئەمەیش پێشکەوتنێکی زۆر ئەرێنییە. بەڵام سەبارەت بە بوارەکانی دیکەی دووبارە بنیادنانەوە، پێم وایە هێشتاکە پێویستمان بە کاردانەوەیەکی گەورەتری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەیە.

پێم وایە بۆچوونەکانی دەرەوە لەو باوەڕە دابن کە عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە. ئەمەیش ڕاستییەکە، بەڵام عێراق قەرزێکی زۆری لەسەر کەڵەکە بووە و دەبێ مشووریان لێ بخوات. جا لەبەرئەوەی عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە، ئەوا پاڵپشتیی گەشەپێدەرانەی زۆر کەمە. پێشم وانییە پرسی دووبارە ئاوەدانکردنەوە و قەرزەکانی ڕەچاو کرابن.

**لە ساڵی ٢٠١٨ ، کۆنگرەی کوەیت بەڕێوەچوو، ڕێژەی بەشداریی نەتەوە یەکگرتووەکان چی بوو؟**

نەتەوە یەکگرتووەکان بەشێوەیەکی زۆر گەورە بەشداری لە زەمینەسازی و ڕێکخستنی کۆنگرەی کوەیت و دواتریش چاودێریکردن و بەدواداچوونیدا هەبوو. بەڵام لە کۆنگرەی کوەیتدا ژمارەیەکی زۆری پابەندیی بۆ کەرتی تایبەت و ئەو قەرزانە تەرخان کرابوون کە نەتەوە یەکگرتووەکان بەشدارییان تیادا ناکات. بەڵام سەبارەت بە بەخشینەکانی بواری گەشەپێدان هەوڵ دەدەین چاودێرییان بکەین و بەدوایاندا بچین.

**ساڵی ٢٠١٨ ساڵێکی دەوڵەمەند و تێروپڕ بوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بۆ عێراق و خانەوادەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو وڵاتەدا پڕ لە ئالنگاری بوو. لە ساڵی ٢٠١٨دا چی جێگای شانازیتان بوو؟**

زۆر دەستکەوت هەبوون. من پێشتر باسمکرد کە توانیمان ئاستی بەرزی پاڵپشتیی مرۆییانە بپارێزین. بێگومان ئەمەیش بە بەشداریی بەخشەران بوو، بەڵام بەدواداچوونی وەرگرتنەکە لە مەیدانی واقیعدا لەلایەن تیمی هەرێمیی مرۆییەوە بوو. هەروەها لەلایەن وەدیهێنانی سەقامگیریشەوە، خێرایی و جۆری ڕادەستکردنەکەمان پاراست. پێم وایە دەبێ تەواو لەو جێبەجێکردنە ڕازی بین.

هەروەها توانیشمان لەهەنبەر دۆخە دیاریکراوەکانی وەك لافاوەکان کاردانەوەمان هەبێت. یونسکۆ کۆنگرەیەکی باڵای بۆ بنیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ بەڕێوەبرد، هەروەها بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نشینگە مرۆییەکان (هابیتات) و یونسکۆش پلانێکی ڕوون و وردیان بۆ دووبارە بنیادنانەوەی شارەکە دانا. هەروەها چەندان چالاکیی ئاستبەرز ڕێکخران، ڕا و بۆچوونەکانیش بەشێوەیەکی گشتی وەها بوون کە دەبێ لە خێرایی و جۆری ئەو ڕادەستکردنەوەیە ڕازی بین کە ڕامانپەڕاند.

**کارە هەرە لە پێش و سەرلیستەکانی یۆنامی لە بواری مرۆیی و گەشەپێدەرانەی ساڵی ٢٠١٩ دا چین و گەورەترین کۆسپ و ئالنگارییەکانیش چین؟**

وەك پێشتریش ئاماژەم بۆی کرد، یەکێك لە گرنگترین کاری لەپێشینە و سەرلیست کەمکردنەوەی ژمارەی کەسانی بێدەرەتانە. ئەمە واتای چییە؟ هیوامان وایە زۆرترین ژمارەی ئاوارەکان بگەڕێنەوە سەر ماڵو حاڵی خۆیان. بەڵام هەندێکیان ناگەڕێنەوە و دەمانەوێ یان لەگەڵ شوێنی ئێستەی نیشتەجێبوونیان یانیش لە شوێنی دیکەدا ئاوێتە و جێنشینیان بکەین. بەڵام زۆر گرنگە وەك هەر هاووڵاتییەکی دیکەی عێراق بیانگەڕێنینەوە نێو ژیانی ئاسایی، جا بیانەوێ لە هەر شوێنێکدا بژین.

ئەمەش پێویستی بە ئاستێکی بەرزی هەماهەنگیکردن هەیە لەگەڵ دەسەڵاتەکان و کۆمەڵگە خۆجێیەکان، جا ئەگەر ناوچە و واری خۆیان بێت یانیش لە شوێنی دیکەدا بێت.

بەڵام ئالنگارییە گەورەکە ئەوەیە مامەڵە لەگەڵ ئەو ئاوارانە بکەیت کە نایانەوێ بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی جارانی خۆیان، چونکە ئەمە پێویستی بە زۆرێك لە کار و کۆشش و هەوڵی بنیادنانەوەی ژێرخانی مادی و کۆمەڵایەتی و زۆرێك لە هەماهەنگی هەیە. هەروەها پێویستی بەوە هەیە ئەو خەڵکە دەرفەتەکانی ژیان و گوزەرانیان بۆ بڕەخسێندرێ و ئاوێتەی سیستمەکانی پەروەردە و فێرکردن و نیشتەجێکردن بکرێن.

بەهەمان ئەندازەش، زۆر خانەوادەی ئاوارە هەن وەها وەسف کراون سەر بە ڕێکخراوی داعشن. هەندێك لەو کەسانە، وەك خۆشمان پێمان وایە، دەبێ لەو وەسفکردنە بهێندرێنە دەرەوە، چونکە لەوانەیە منداڵانی ئەندامەکانی داعش یان خزمێکی دووری ئەندامانی داعش بن، یان برا و خوشکانی ئەندامەکانی داعش بن، بەڵام بەشێوەیەکی کەسی لەو ڕێکخراوە نەگلاون و ئەندامیان نین. گرفت و ئاڵۆزییەکی زۆر هەیە لەگەڵ دەسەڵاتە خۆجێیەکاندا لە چارەسەرکردنی ئەم پرسەدا بۆیە ئەمە یەکێکە لە ئالنگارییە گەورەکانی دادێ.

بەهەمانشێوە و لەسەر ئاستی گەشەپێدانیشەوە، پێویستمان بەوەیە لەگەڵ دەسەڵاتە عێراقییەکاندا کاری هاوبەش بکەین، بۆ ئەوەی میکانیزمێکی کاریگەرتر و باشتر بۆ خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی وەك پەروەردە و فێرکردن و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان دەستەبەر بکەین. زۆر زەحمەتە حکومەتی عێراق بتوانێ خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی کۆمەڵایەتی پێ دەستەبەر بکرێ، چونکە سیستم و میکانیزمەکان وەك پێویست کار ناکەن، جا ئێمە لەم خاڵەوە کاری هاوبەشیان لەگەڵدا دەکەین. دامەزراندن یەکێکە لە ئالنگارییە گەورەکانی ئایندە. پێداویستییەکی زۆر بێ چەندوچۆنی وەزیفەکان هەن کە لایەنی ئابووری ناتوانێ دەستەبەریان بکات، چونکە ئابوورییەکی نیشتمانی نییە بە شێوەیەکی باش کار بکات. لەبەرئەوە لەسەرمان پێویستە وەها لە حکومەتی عێراقی بکەین درك بەم مەسەلەیە بکات و چەند سیاسەتێك دابنێ کە بتوانێ کار بۆ پێشخستنی کەرتی تایبەتی نیشتمانی بکات. ئەمانە چەند ئالنگارییەکی سەرەکیی ئایندەن.

تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق لە ساڵی ٢٠١٩ دا ستراتیژێکی سەرانسەری دادەنێ کە بریتییە لە چوارچێوەی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی گەشەپێدەرانە (**UNDAF**) کە بڕیار وایە لە یەکەم ڕۆژی ساڵی ٢٠٢٠ جێبەجێ بکرێ. ئەمەیش مانای ئەوەیە دەبێ دایبڕێژینەوە و لە ساڵی ٢٠١٩ ڕەزامەندی بۆ وەربگرین. مەبەستیشم لە ڕەزامەندی، وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی حکومەتی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکانە، ئەمەیش بە ئەرکێکی جێبەجێکارانەی گەورە دادەندرێ.

تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ، چوارچێوەی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی گەشەپێدەرانە دادەنێ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ یۆنامی زۆر پێویستە چوارچێوەی ستراتیژە تەواوەکەی پێشخستبێ بەشێوەیەك سەرلیستەکانی گەشەپێدانێکی سەرانسەریی ستراتیژیی بۆ هەموو نەتەوە یەکگرتووەکان پێشخستبێ، بە یۆنامی و تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و تیمی مرۆییەشەوە. ئەمە دەبێتە بەشێك لە پێشخستنی ستراتیژیی جێبەجێکارانەی ساڵی ٢٠١٩.



# نووسینگەی کاروباری سیاسی

## چاوپێکەوتن لەگەڵ

### بەڕێوەبەری نووسینگەی کاروباری سیاسی لە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق

## مانـۆج ماثیـۆ

**نووسینگەکە بەپێی داواکارییەکانی حکوومەتی عێراقی و بە ڕێنمایی سەرکردایەتیی نێردەکە، لەمیانی جەختکردنەوە لەسەر پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی بنەماکانی دەوڵەتێکی یەکگرتووی فیدراڵی، لە جێبەجێکردنی بەرنامەی حکوومی بەردەوام دەبێت**

**گەورەترین کار و پرۆژە جێبەجێکراوەکانی نووسینگەکە لە ساڵی ٢٠١٨ دا چی بوو؟**

ساڵی ٢٠١٨ لە عێراقدا ساڵی وەرچەرخان و گۆڕانی سیاسی بوو. چوونکە لە ڕێکەوتی ١٢ی ئایاردا لە وڵاتەکە چوارەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەپێی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بەڕێوەچوو، ئەو هەڵبژاردنانە یەکەمین هەڵبژاردنی دوای شکستخواردنی داعش بوون، هەروەها دوای کۆتایی هاتنی کردە سەربازییەکان ئەوە لەسەر حکوومەتی عێراقی بووە ئەرك لە هەلومەرجی دژواردا کردەیەکی پاك و بێگەرد و سەرانسەریی هەڵبژاردنی نیشتمانی بەڕێوەببات کە بتوانێ ببێتە هۆی پێکهێنانی ئەو حکوومەتەی نوێنەرایەتیی هەموو چین و توێژەکانی گەل بکات.

جا وەك پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی حکوومەتی عێراقی، لە گشت قۆناغەکانی کردەی هەڵبژاردنەکان لەگەڵ پارتە سیاسییەکان و ڕێبەرانی سیاسی و پاڵێوراوان، نووسینگەکە ، لەپێناو پتەوکردن و پاڵپشتێکردنی پابەندبوونەکانیان بۆ پتەوکردنی کردەیەکی شەفاف و ئازاد و پاکی دیموکراسی و گەشەپێدانی هەستی یەکبوونی نیشتمانی بەشدارییەکی بێ وێنەی هەبوو کە بەهۆی سەرکەوتنە سەربازییەکەوە وەدیهاتبوو. جگە لەمانەش، نووسینگەکە ڕۆڵێکی کارای گێڕا بۆ داواکردنی پەیاننامەی شەرەفی هەڵبژاردن و ئاسانکارکردنی دارشتنەکەی کە بۆ بەڕێوەبردنی بانگەشە و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن چەند بنەما و

کردەیەکی زۆر چاکی لەپێناو وەدیهێنانی ئەخلاقیاتی دەستبەرکردنی دەستپاکی و بێگەردی لە هەڵبژاردنەکان و پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی بەرژەوەندیی نیشتمانی و خۆ دوورگرتن لە هەر ئاماژەیەکی تائیفی و ڕەتکردنەوەی گوتاری ڕقوکینە و توندوتیژیی ڕەگەزیی نێو هەڵبژاردن، خستبەڕوو. زۆرینەی پارتە سیاسییەکان لە بەغدا و هەولێر ئەو پەیماننامەیان واژۆ کرد و ئەم کۆڕ بەندە بەشداری لە دروستکردنی متمانەی نێوان پارتە سیاسییەکاندا کرد، بەهۆی ئەمەوە و بەپێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی پێشوو، لەجیات پەیوەستبوونە تائیفییەکان -بە پشتبەستن بە سیاسەت و گۆشەنیگا هاوبەشەکان- چەندان هاوپەیمانیی سیاسی پێکهاتن ، هەروەها هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنیش بەشێوەیەکی زۆر مەزن جەختی لەسەر شوناسی یەکبوونی تائیفە کردەوە و بەشداریشی لە کەمکردنەوەی توندیی دابەشبوونە تائیفییەکان کردەوە نەك قوولکردنەوەیان .

هەروەها نووسینگەکە بۆ خامۆشکردنی ئاگری گرژیی و ناتابەییەکانی نێو پارێزگەی کەرکووك، هەوڵ و کۆششەکانی خۆی لەسەر پاڵپشتیکردنی حکوومەت و دەسەڵاتە خۆجێیەکان و لایەنە سیاسییە سەرەکییان چڕ کردەوە. دوای ململانێیەکی دوورمەودا و درێژخایەنی نێوان هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی بەڕێوەبردنی پارێزگەکە، نووسینگەکە توانی چاودێری و سەرپەرشتیی ڕێککەوتنی نێوان پارتە سیاسییەکان بکات کە لەمیانییەوە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگە بڕیاری لەسەر درا. جا نووسینگەکە لە سۆنگەی ئەم سەرکەوتنەوە، داوای لێ کرا بۆ یارمەتیدان و زەمینەسازکردن لەپێناو دەستەبەرکردنی ئەو هۆکار و ئامرازانەی دەبنە هۆی گەیشتن بە ڕێککەوتن و سازان لە ڕاوبۆچوونەکانی هەنبەر ژمارەیەکی زۆری ئەو پرسانەی ناکۆکیيان لەسەرە، هەوڵ و کۆششە باشەکانی بەگەڕبخات. هەروەها نووسینگە لە پارێزگەی کەرکووك و سەرانسەری وڵاتدا لەمیانی نووسینگە ڕێکخەر و هەماهەنگکارەکانی خۆی لە پارێزگەکاندا سوورە لەسەر کارکردن لەگەڵ دروستکەرانی بڕیاری نێو پارێزگەکان.

**نێردەکە بە هاوبەشی لەگەڵ حکوومەتی عێراقی و ڕێکخراوەکانی دیکەی کۆمەڵی مەدەنی کار دەکات، ئەم هاوکارییە لە ساڵی ڕابردوودا چۆن بەرەو پێش چوو؟**

نووسینگەکە لە ساڵی ٢٠١٨ دا بۆ گەیشتن بە ڕێبەرانی ئایینی و سەرۆك هۆزەکان و سەرکردە سیاسییەکان و گەنجان و ژنان هەوڵەکانی خۆی چڕکردەوە، ئەم هەوڵانەشی بۆ پتەوکردنی هەستی کۆمەڵایەتییانە بە شوناس و پاڵپشتیکردنی حکوومەت بوو تاکوو بتوانێ سەرکەوتنە سەربازییەکانی بۆ جۆرە سەقامگیرییەکی بەردەوامی سیاسی وەرچەرخێنێ. هەروەها نووسینگەکە بەبەردەوامی داوای کردەیەکی سەرانسەریی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و جڤاکی نێوان هاووڵاتیان کردووە تاکوو عێراقییەکان بەڕێوەی ببەن و بۆ ئەوەی ببێتە باشترین وەڵامدانەوەی ئەو تاوانانەی ڕێکخراوەکانی داعش کردوونی، ئەمەش تاکە ڕێگەی هەنگاوهەڵێنان و پێشکەوتنە ئەگەر عێراقییەکان بیانەوێ چەند دامودەزگایەکی سەنگین و کارا بنیاد بنێن کە لە دەوڵەتێکی یەکگرتوو و پتەودا پاڵپشتیی لە ئاشتی و گەشەپێدانێکی بەردەوامدا دەکەن. بۆ ئەم مەبەستە، نووسینگەکە لەگەڵ لایەنە سەرەکییەکانی پێوەندیدار وەك نێوەندگری و هەڵسووڕێنەرێکی متمانەپێکراو لە چوارچێوەی پتەوکردنی بەرژەوەندیی جڤاکی و سەقامگیریی سیاسیدا کاری کردووە بۆ ئەوەی بۆچوونە ناکۆك و جیاوازەکان کۆبکاتەوە، بۆنموونە: نووسینگەکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندڕۆیی لەگەڵ گەورە ڕێبەرانی ئایینی کاری کردووە و لە هەمان کاتیشدا زنجیرەیەك کۆڕبەندی ڕێکخستووە کە لەمیانی گفتوگۆی نێو پێکهاتەکان و نێوان خۆیاندا بووەتە زەمینە خۆشکەری گفتوگۆی نێوان کەمینەکان. هەروەها نووسینگەکە بەرگری لە کەمینەکان کردووە و بۆ بەشدارییەکی کارایان لە حکوومەتە خۆجێیی و فیدراڵییەکاندا یارمەتیی داون و لەمیانی کۆنگرەکانی ڕاگەیاندن و کۆڕبەند و گفتوگۆیەکانی جۆری مێزگردیدا زۆرێك لە زانیاری پێشکەش کردوون.

هەروەها نووسینگە سەبارەت بەو هاوبەشییەی کە نووسینگە و حکوومەتی عێراقی بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، پێشنیازی دەرکردنی دەستپێشخەرییەکی کرد کە ئامانجی کەمکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان پارتە سیاسییەکان و یارمەتیدانی حکوومەتە بۆ داڕشتنی بەرنامەیەکی حکوومی بەئامانجی زاڵبوون بەسەر ناکۆکییە تائیفییەکان. هەروەها دەستپێشخەرییەکە سەبارەت بەو ڕێگە و میکانیزمانە شرۆڤەیەکی زۆر تێروتەسەلی پێشکەش کرد کە دەتوانێ کاری سەرکردە سیاسییەکان و لایەنە پێوەندیدارەکان و داڕشتنی بەرنامەی حکوومی ئاسان بکات و بەپێی گۆشەنیگای بنیادنانی ئایندەیەکی گەشەدار و بەردەوام لە چوار ساڵدا سیاسەت و کارە لەپێشینە سەرەکییەکان دەستنیشان بکات. هەروەها نووسینگەکە وەك هەنگاوی یەکەم، پاڵپشتی و یارمەتیی پێشکەش بە سەرکردایەتیی نێردەکە کرد، بۆ ئەوەی چەند گفتوگۆ و چاوپێکەوتنێکی دوولایەنە لەگەڵ نوێنەرانی قەوارە سیاسییەکان بەڕێوەببەن، ئەمەیش بۆ هەڵسەنگاندنی بۆچوون و دونیابینی و کار و مەبەستە لەپێشینە و چالاکییە بڕیار لەسەردراوە بەرنامەییەکانیان بوو لەپێناو خولقاندن و هێنانەکایەی کۆڕایی و پشتگیریکردنی تەواوی ماوەی بەرنامەکە.

**کارە لەپێشینە و سەرلیستەکانی نووسینگەکە لە ساڵی ٢٠١٩ دا چییە؟**

دوای پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت کار و ئامانجە لەپێشینە و سەرلیستەکان لە سیاسەتەوە دەبنە جێبەجێکردنی بەرنامەی حکوومی کە ماوەی چوار ساڵ دەخایەنێ و ئامانجی پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی سیستمی دیموکراسیی عێراق و پتەوکردنی پەیکەرە ئەمنییەکان و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بەهێزکردنی سەروەریی یاسا و باشترکردنی کردەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانە، بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی ئاو و وزەی کارەباشەوە.

جا نووسینگەکە بەپێی داواکارییەکانی حکوومەتی عێراقی و بە ڕێنمایی سەرکردایەتیی نێردەکە، لەمیانی جەختکردنەوە لەسەر پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی بنەماکانی دەوڵەتێکی یەکگرتووی فیدراڵی، لە جێبەجێکردنی بەرنامەی حکوومی بەردەوام دەبێت. هەروەها نووسینگەکە بۆ هێنانە کایەی پابەندبوونێکی سیاسی و پاڵپشتییەکی بەردەوام لە قەوارە سیاسییەکان لەسەر ئاستی هونەری و کارکردن بە ئاراستەی وەدیهێنانی هاوسەنگی و هەماهەنگییەکی کاراتر لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن، بەشێوەیەکی بەرجەستە یارمەتیی حکوومەت دەدات. هەروەها ئەنجوومەنی نوێنەران کە – ماوەیەکە هەڵبژێردراوە- بۆ هەنگاونانێکی دوور لە بەرژەوەندییە حزبییەکان و لەمیانی پێکهێنانی ڕۆشنبیریی سیاسی بۆ گفتوگۆ و چارەسازییەکی نیشتمانی کە لەسەر بناغەی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان داڕێژرابێت، دەرفەتێکی ڕاستی دەرەخسێنێت. لەبەرئەوە، بەهاوکارییەکی پتەو لەگەڵ ئەنجوومەن و لیژنە جۆراوجۆرەکانیەوە کار بۆ جێبەجێکردنی بڕگە دەستوورییەکان دەکات و بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە کردەی یاسادانان، یارمەتیی پێشکەش بە ئەنجوومەنەکە دەکات.

لە سۆنگەی پێکهێنانی تێگەیشتن و ڕێککەوتنەکانی تائیفە بڕەوە ، هەموو هاوبەشە سەرەکییەکان لەسەر پێداویستیی و زەرووڕەتی نوێکردنەوە و دووپاتکردنەوەی پابەندی بە چارەسەرکردنی شێواز و ڕێگە سەرەکییەکانی چارەسەرکردنی ململانێیەکان و کارکردن بەرەو دەستەبەرکردنی سەقامگیرییەکی بەردەوامی سیاسی لە وڵاتدا کۆك و هاوڕان. نووسینگەکە لە ماوە و قۆناغی ئەرك و بەرپرسیاریەتییەکانی نێردەکەشدا بۆ کارکردن لەگەڵ سەرکردە سیاسییەکانی عێراق پاڵپشتیی لە سەرکردایەتیی نێردەکە دەکات، ئەم پاڵپشتییەش بۆ چارەسەرکردنی پرسە هەڵپەسێردراوەکانی وەك حوکمە دەستوورییەکان و پێوەندیی نێوان هەولێر و بەغدا و پرسی ئەو ناوچانەیە کە ناکۆکێیان لەسەرە، هەروەها لەپێناو دانانی یاسایەکان و نوێنەرایەتیکردنی دیموکراسییانەشە. نووسینگەکە بۆ هەموو نوێنەرانی پێکهاتەکان- بە ژنانی سەرکردە و سەرکردە گەنجەکان و سەرکردەی کەمینەکان و ڕێبەرە ئایینییەکانیشەوە- هەوڵی ڕەخساندنی دەرفەت دەدات بۆ ئەوەی لە کردەی دروستکردنی بڕیاردا ڕۆڵی گرنگ و جدی بگرنە ئەستۆ، هەروەها نووسینگەکە وەك بەشدارییەکی ئەرێنی لە ئایندەی عێراقدا کار بۆ پتەوکردن و زیاترکردنی بەشدارییەکانیان دەکات لە جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومیدا.

# نوسینگەی هاریکاری هەڵبژاردن

**"چالاکیەکانی هاریکاری هەڵبژاردن کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدا پێشکەشی دەکات، برتییە لە پاڵپشتیکردنی هەوڵە عێراقییەکان بۆ بنیادنانی دەزگا بەهێز و متمانەپێکراو و بەردەوامەکانی هەڵبژاردن"**

## چاوپێکەوتن لەگەڵ

### گەورە ڕاوێژکاری بواری هەڵبژاردن و سەرۆکی تیمی تەواوی هاریکاری بواری هەڵبژاردن

## ئەمیـــــــر ئەراین



**گرنگترین کار و پرۆژە و دەستکەوتەکانی نوسینگەی هاریکاری هەڵبژاردنی سەر بە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق لە ساڵی ٢٠١٨دا چی بوو؟**

عێراق لە ساڵی ٢٠١٨ دا تژێ و جەنجاڵ بوو بە هەڵبژاردنەکان. ئەو ساڵە دوو پرۆسەی سەرەکیی هەڵبژاردنی بەخۆیەوە بینی: هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر ئاستی فیدراڵی کە لە ١٢ ی ئایاردا بەڕێوەچوو، هەروەها هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان کە لە ٣٠ ئەیلوولی هەمان ساڵدا بەڕێوەچوو. ئەو دوو ئەزموونەی هەڵبژاردن توانا کردەیی و هونەرییەکانی دەزگاکانی هەڵبژاردنەکانی عێراقیان پیشان دا کە بەدرێژایی چەندان ساڵە بە پاڵپشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و لەپێناو ڕێکخستنی هەڵبژاردنەکاندا بنیادنرابوون. لە هەمان کاتیشدا، هەڵبژاردنەکان پەردەیان لە سەر ڕووی چەند ئالنگارییەکی بەردەوامدا هەڵماڵی کە دەبێ چارە سەر بکرێن ئەگەر عێراق بیەوێ لە بنیادنانی دەزگاکان و کردەیەکی بەهێز و تواناداری هەڵبژاردندا لە پێشکەوتن بەردەوام بێت کە بێگومان بۆ سەرکەوتنی دیموکراسییە گەشەسەندووەکەی ئەو وڵاتە مەسەلەیەکی یەکلاکەرەوەیە.

جا لەمیانی چڕکردنەوەی یارمەتیی هونەری سەبارەت بە سیاسەتەکان کە لەلایەن نێردەی (یۆنامی)یەوە پێشکەش کرا، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان توانی ئاستی ئامادەکارییەکانی بواری هەڵبژاردن بۆ قۆناغەکانی پێش هەڵبژاردن و ڕۆژی هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردنیش بەرزتر بکاتەوە. هەروەها ڕاوێژکارەکانی بواری هەڵبژاردن لە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە پێداچوونەوە وپاککردنەوەی کردەکان و سیستمەکانی هەڵبژاردنەوە، پاڵپشتی و یارمەتییان پێشکەش بە هاوشان و هاوپیشەکانیان لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان کرد، ئەمەیش وایکرد کۆمسیۆنەکە بۆ دەنگدانی ئاوارەکان چەند مەرج و میکانیزمێکی سادە و سانا بگرێتە بەر. نێردەکە

بە هاوبەشی لەگەڵ نوسینگەی هەماهەنگیی کاروباری مرۆیی (OCHA) و کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە کاروباری پەنابەران (UNHCR) و ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی بۆ کۆچ (IOM)، کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانیان هان دا لە خێوەتگەکاندا چەند سیاسەت و ڕێنماییەك بگرێتە بەر کە ئامانجیان ئاسانکردنی کردەی دەنگدانی ئاوارەکان بوو.

جا بەپێی ئەو ئامۆژگارییانەی نێردەکە پێشکەشی کردن، کۆمسیۆنەکە گرنگییەکی زۆری بە بنیادنانی متمانە و قبوڵکردن دا لەلای لایەنەپەیوەندیدارەکانەوە بۆ ئەوەی گرنگی بەو تەکنیکە نوێیانە بدەن کە دواتر لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ دا بەکارهێنران، هەر بەهەمان ئاراستەش هەوڵ و کارەکانی خۆی خستەگەڕ. (یۆنامی) باوەڕی بە کۆمسیۆن هێنا بە یارمەتیی نێردەکە چەندان تاقیکردنەوەی پێوەریی بۆ کردەکانی ڕۆژی هەڵبژاردنەکان بکات، ئەو ئەزموونانەش متمانەی لایەنەپەیوەندیدارەکانی لەهەنبەر تەکنیکە نوێیەکاندا دروست کرد.

نێردەکە بە هەمانگی لەگەڵ تیمی تەواوی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە ڕەچاوکردنی ڕوانگەی کۆمەڵایەتی لە هەڵبژاردنەکاندا، لەگەڵ تیمی تایبەت بە کاروباری جۆری کۆمەڵایەتی لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، چەند ڕێوشوێنێکیان گرتەبەر کە دەبنە هۆی پاڵپشتیکردنێکی زیاتری سیاسەتەکانی دامەزراندن و ڕاهێنانی کارمەندان کە ڕەچاوی یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەز بکات و سەبارەت بە کاروبار و لایەنەکانی بەشداریکردنی هەردوو ڕەگەز لە هەڵبژاردنەکاندا زانیاریی ورد و دووروودرێژ دەستەبەر بکات.

نێردەکە لە ڕۆژی هەڵبژاردنەکاندا بە هاوبەشی لەگەڵ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە مەبەستی بەدواداچوون و چاودێریکردن و بەخشینی زانیاری نوێکراوە سەبارەت بە ڕۆژی هەڵبژاردنەکان بە نەتەوە یەکگرتووەکان، چەند تیمێکی بەسەر بنکە و شوێنە سەرەکییەکاندا دابەش کرد. بڵاوکردنەوە و دابەشکردنی تیمەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شوێن و پێگە گرنگەکانی هەڵبژاردنەکان دەرفەتی ئەوەی بۆ نێردەکە ڕەخساند پێشهاتی نوێ بە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان و لایەنەپەیوەندیدارەکان ڕابگەیەنێ. بەهەمان شێوەش، نێردەکە لەمیانی کردەی ئەژماردنەوەی نێو هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ و بە تەواوکاری لەگەڵ شارەزایانی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان (UNDP)، یارمەتی و پاڵپشتیی ڕاوێژکارییانەی پێشکەشی لیژنەی دادوەری کرد و بەردەوام لە بنکەکانی ئەژماردنەوەی دەنگەکاندا بوو. پاڵپشتی و یارمەتییەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەکاتی ئەژمارکردنەوەی دەنگەکاندا یارمەتیدەری دووبارە دروستکردنەوەی متمانە بوو، لە کاتی گونجاویشدا ڕاپەڕاندن و کۆتاییهاتنی کردەکانی ئەژماردنەوەی دەستەبەر کرد کە بە هەستیارییەکی سیاسی دەناسرایەوە.

هەروەها (یۆنامی) لە سەر داوای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە کاروبارە یەکلاکەرەوەکانی ڕێکخستنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا کە لە ٣٠ ئەیلوولدا بەڕێوەچوو پاڵپشتی و یارمەتی پێشکەشی کۆمسیۆن کرد. ئەمە یەکەمین بۆنە بوو کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستاندا وەك دەستەیەکی بەڕێوەبەری هەڵبژاردنەکان لە هەرێم ، هەڵبژاردنی لەمجۆرە ڕێکبخات. هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان لە بوارەکانی مەشق و هەماهەنگیی مەیدانی و ناردن و جیاکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردندا یارمەتیی هونەرییانەی پێشکەشی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان کرد بۆ ئەوەی ئاستی توانایەکانیان بەرزتر ببێتەوە. هەروەها سەبارەت بە سیاسەت و بەڕێوەبردن ڕاوێژێکی ئاست بەرزیان پێشکەشی ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان کرد، ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی کۆمسیۆن چەند سیاسەت و ڕێنماییەك بگرێتەبەر کە دەبنە هۆی پتەوکردنی تایبەتمەندییەکانی دەنگدەر و ڕەخساندنی دەرفەتی بەشداریکردنی و بەشداریکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕاوێژکردنی لایەنەپەیوەندیدارەکان، بەتایبەتیش سەبارەت بە کردە هەستیارەکانی وەك بەرنامەکانی پۆلینکردنی ئەنجامەکان.

هەروەها نێردەکە چەند تیمێکی نارد بۆ ئەوەی لە شارە گرنگەکانی وەك هەولێر و دهۆك و سلێمانی و هەڵەبجەدا چاودێریی دوا پێشهاتەکانی ڕۆژی هەڵبژاردن بکەن، ئەو تیمانەش لەسەر زەویی واقیعدا وەك چاو و گوێچکەی نێردەکە بوون و سەبارەت بە پێشهاتەکانی ڕۆژی هەڵبژاردن و کردەی چاودێریی مەیدانی، ڕاپۆرتەکانی خۆیانیان نارد. بەڕێز (یان کۆبیچ)ی نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و ، خاتوو (ئەلیس وولبۆلی)ی جێگری نوێنەری تایبەت، سەردانی چەند بنکەیەکی هەڵبژاردنیان کرد و قسەیان بۆ ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکان کرد و هانی خەڵکیان دا زیاتر بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن.

کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیش لە هەرێمی کوردستاندا لە دوای هەڵبژاردنەکاندا سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ۆرکشۆپی پێداچوونەوە ، داوای ڕاوێژی لە نێردەکە کرد، نێردەکەش ڕاوێژی پێویستی پێشکەش کرد، بە دیاریکردنی چەمك و ڕێبازی کار و خشتەی کارەکانیشەوە. هەروەها نێردەکە سەبارەت بە شێواز و کاروبار و ڕەوت و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانەوە ڕێنمایی کۆمسیۆنی کرد بۆ ئەوەی ڕاوێژ بە لایەنەکانی دیکەی‌پەیوەندیدار بە هەڵبژاردنەکانیش بکەن و ڕا و بۆچوونیان وەربگرن، وەك: پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەو لایەنانەی بەرگری لە مافەکانی ژنان دەکەن. ڕاوێژکارانی بواری هەڵبژاردنی سەر بە نێردەکە بەشێوەیەکی زۆر کارا بەشدارییان لەو ۆرکشۆپانەدا کرد کە لە زۆربەی زۆری پارێزگاکاندا بەڕێوەچوون. ئەم پاڵپشتی و یارمەتیدانەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان لە هەردوو ساڵی ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ بەردەوام دەبێت هەر وەك چۆن سەرکردایەتی نێردەکە ، بە ڕاوێژ لەگەڵ بارەگەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەی پێداوە و ڕەزامەندی لەسەر کردوە .

**بەڕای ئێوە گەورەترین ئەو ئالنگاری و کۆسپانە چی بوون کە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا ڕووبەڕووی بوونەوە؟**

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە ساڵی ٢٠١٨دا لە ڕێکخستنی هەڵبژاردنەکاندا ڕووبەڕووی چەندان ئالنگاری بوویەوە، یەکێك لەو ئالنگارییانە ئەوە بوو ژمارەیەکی زۆری خەڵك لە دوای جەنگی کۆتایی دژ بە داعش ئاوارە بوون، ئەمەیش وای لە کۆمسیۆنەکە کرد بە کردنەوەی زیاتر لە ٣٠٠٠ بنکەی هەڵبژاردن بۆ ئاوارەکان و بەکارهێنانی جۆرەها میکانیزمی تایبەت بەو کەسانە، چەند ڕێوشوێنێك بگرێتە بەر، بەڵام ئەوەی لە کردنەوەی بنکەی زیاتری دەنگدان بۆ ئاوارەکان بووە گەورەترین ئالنگاری و کۆسپ، کردەکانی ئەژماردن وئەژماردنەوە بوو، چونکە لە ڕووی ڕێکارەکان و توانای کارمەندان بۆ بەڕێوەبردنی کردەی دەنگدانی ئاوارەکان، چەند ئالنگارییەکی دروست کرد. ئەمەیش بووە هۆی دوورخستنەوەی ژمارەیەکی زۆری بنکەکانی دەنگدانی تایبەت بە ئاوارەکان، هەروەها مافی دەنگدانی گشت ئاوارە دەنگدەرەکانی دەستەبەر نەکردبوو، مەسەلەکە سەبارەت بە دەنگدەرانی دەرەوەی عێراقیش وەها بوو، چونکە نەك هەر زەمینەی دەنگدانیان بۆ نەڕەخسا، بەڵکو گرفت و ئالنگاری کەوتە بەردەم کردەی ژماردنی دەنگەکان و دواتریش داخیل کردنی ئەو دەنگانە بۆنێو ئەنجامەکانی هەڵبژاردن.

لەوانەیە ڕوونترین ئالنگاریش بەکارهێنانی تەکنیکی تایبەت بە ژماردنی دەنگەکان و ناردن و جیاکردنەوەی ئەنجامەکان بووبێت. ڕەنگە ئاستێکی باڵاتری شەفافیەت و تاقیکردنەوەیەکی سەربەخۆ و سەنگینتری بەرنامەکان بیتوانیبایە چارەسەری ئەو تێبینیە نەرێییانەی هەنبەر ئەو بەرنامەسازییانە بکات. پێشتریش کۆمسیۆن ڕایگەیاندبوو نیازی وایە ئەو تەکنیکانە لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا بەکاربێنێ. جا بۆ خۆ دوورگرتن لە چەند مەسەلە و پڕوپاگەندەیەك کە لەگەڵ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی دواییدا هاتنە پێش، زۆر پێویستە چەند ڕێکارێکی تایبەتی جدی بگیرێتەبەر کە بتوانێ متمانەی لایەنەپەیوەندیدارەکان لەهەنبەر ئەو تەکنیکانە دروست بکەن. هەروەها ئەو متمانەیە لەمیانی ئەو ئامۆژگارییانەوە دێنەدی کە نێردەکە بۆ پتەوکردن و تۆکمەترکردنی دەستپاکی و شەفافیەت و ڕەزامەندیی لایەنەپەیوەندیدارەکان لەهەنبەر تەکنیك و سیستمەکانی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی گشتی، تیشکی خستە سەریان و پێشکەشی هەڵبژاردنەکانی کرد. لەو سۆنگەیەوە، ئێستە لەنێوان نوسینگەی هاریکاری بواری هەڵبژاردنی نێو نێردەکە و کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان گفتوگۆی بەردەوام بەڕێوە دەچێ، تاکوو پێش ئەوەی وادەی هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگاکان بێت، لەهەنبەر بەرنامە و ئامێرەکانی ژماردنی دەنگەکان و سیستمی پەخشکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، زوو دەست بە کردەی پشکنین و وردبینیەکی سەربەخۆیانە بکرێ.

لە بانگەشە هەنووکەییەکانی هەڵبژاردنیشدا، دیسانەوە تیشك خرایەوە سەر بارودۆخی ناهەمواری ژن، جا ئەگەر خۆی بۆ هەڵبژاردنەکان کاندیدا کردبێ، یانیش دەنگدەر و فەرمانبەری نێو کردەی هەڵبژاردن بێت، هەروەها تیشك خرایە سەر دۆخی بڵاوکردنەوەی زانیاریی خراپ لەسەر کاندیدە ژنەکان. مەسەلەیەکیش هەبوو کە لەلایەن بەرگریکارانی مافەکانی ژن سەبارەت بە شێوازی بەکارهێنانی سیستمی





پشك له عێراقدا وروژێندرا. جا لەبەرئەمە، نێردەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵەی ڕاوێژکاریی ژنانە و تیمی تایبەت بە جۆر و ڕەگەزی کۆمەڵایەتی لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردندا، چەند چالاکییەکی دیاریکراویان بەڕێوەبرد کە گرنگیی بەشداریکردنی بنیادنەرانەی ژنیان -چ وەك فەرمانبەری کردەی هەڵبژاردن یانیش وەك کاندیدا و دەنگدەر- خستە ڕوو. هەروەها چەند پێشنیازێك بۆ گرتنەبەری چەند ڕێکارێکی یاسایی و ڕێکخستن هەن ئامانجیان کەمکردنەوەی ئەو ڕووداوە ڕەگەزییە توندوتیژانەیە کەپەیوەندییان بە هەڵبژاردنەکانەوە هەیە.

بەچاوگێڕانەوە بەو باسەی سەرەوە، ئالنگارییەکی دیکەشمان دەکەوێتە بەرچاو، ئەویش بریتییە لە بەشدارییەکی کەمی دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکاندا، چونکە ڕێژەی سەدیی بەشداریکردن گەیشتە نێوەڕاستی چل لە سەدا، ئەم ڕێژەیەش بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پێشوو، کەمترە. لەوانەشە ئەمە بەهەمان ئەندازەپەیوەندیی بە بیروبۆچوونە نەرێیییەکانی هەنبەر حکومەت و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و ڕاستگۆیی ئاست دابەزیوی دەزگا و کردەکانی هەڵبژاردنەکانەوە هەبێت.

سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانیی هەرێمی کوردستانیش کە لە ٣٠ ئەیلوولدا بەڕێوەچوون، لە یەکەم ڕۆژدا کردەی دەنگدان بێ گرێ و گۆڵ چووە پێشێ، بەڵام چەند ئالنگارییەکیش هەبوون کە لە قۆناغەکانی دوای دەنگدان و لە قۆناغی مامەڵەکردن لەگەڵ تانە و ڕەخنەکانی نێو هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی ئەنجامەکاندا خۆیان زەق کردەوە. شایانی تێبینیکردنە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم بەڕاستی دوای هەڵبژاردنەکان چاوی بە چەند مەسەلەیەکدا گێڕابوویەوە ، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی وردتر لەو ئالنگارییانە ورد بێتەوە و ڕێگەی چارەکردن و نەهێشتنیان بدۆزێتەوە. ڕوونە کە ئەمە پێویستی بە پاڵپشتی و هاوکاری هەیە، بۆیێ داوای یارمەتیی بواری هەڵبژاردنیان لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، هەروەها ڕاشیانگەیاند بڕیاریان وایە لەسەر ئاشتی نیشتمانیدا هاوبەشیی نێوان خۆیان و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کارا بکەن.

**بە نواڕین لە ئایندە، خشتەی کاروبارەکانی بواری هەڵبژاردن بۆ هەردوو ساڵی ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ چی تیادایە؟**

وەك هەموومان دەزانین دەبوایە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ساڵی ٢٠١٧ بکرابوونایە، بەڵام دواخران، چونکە لە سەرەتادا بیرۆکەکە وەها بوو هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران بەڕێوە بچێ. بەڵام ئەوە نەکرا، ئێستە کۆمسیۆن ڕاسپاردەیەکی پێشکەش کردووە بەوەی کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ڕێکەوتی ١٦ تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٩ بەڕێوە بچێ. بەڵام ئەم ڕێکەوتە بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان هێشتا لە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیراندا بڕیاری لەسەر نەدراوە. لەبەرئەوە ئەم مەسەلەیە لە مانگەکانی داهاتوودا جێگەی گرنگیپێدانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان دەبێت، بۆ ئەوەی بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەران دوا جێ پەنجە لەسەر هەمووارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکان دابندرێ، هەروەها لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیراندا مەسەلەکە بخرێتە ڕوو، بۆ ئەوەی سەرچاوە و داهاتی پێویستی بۆ تەرخان بکرێ و جۆرەها دەزگای حکوومییپەیوەندیدار خۆیانی بۆ ئامادە بکەن و هەماهەنگی لەبارەوە بکەن. نێردەکە لە پاڵپشتیکردنی شارەزاییەکانی بوارە هونەرییە دیاریکراوەکاندا بەردەوام دەبێت، هەروەها سەبارەت بە سیاسەت و بەڕێوەبردنیش ڕاوێژێکی زۆر باڵا پێشکەشی کۆمسیۆن دەکات.

لەو کاتیدا، ئەوەش بۆ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان زۆر گرنگە بۆ پەند و سوود وەرگرتن لە کردەی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٨، لەلایەن ( یۆنامی) و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانی دیکە یارمەتی بدرێ، ئەمەیش لەمیانی بەخۆداچوونەوە و چاوگێڕانەوەیەکی خودیی دوای هەڵبژاردنەکان دێتەدی کە بێگومان لەپێناو دیاریکردنی ڕەوت و ڕێگەکانی ئایندەیە بۆ ئەوەی بەهۆیانەوە ڕووبەڕووی پرس و ئالنگارییەکانی سەر ڕێگە ببنەوە. کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژارنەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەڕاستی کردەی چاوگێڕانەوەی دوای هەڵبژاردنی بەڕێوەبردووە، لەبەرئەوە خۆی بۆ جێبەجێکردنی هەندێك خاڵی دەسنیشانکراوی کردەیی و پێڕەوکاری ئامادە دەکات، ئەمەیش هاوکات لەگەڵ داواکاریی دەزگای ناوبراو بوو بۆ ئەوەی پاڵپشتییەکی نێودەوڵەتییانەی لێ بکرێ.

لەم سۆنگەیەوە، نێردەکە لەگەڵ بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشە پێدان و بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان کار بۆ پاککردنەوە و نوێکردنەوەی " پڕۆژەی پاڵپشتیکردنی هەڵبژاردن" دەکات، بۆ ئەوەی بخرێتە بەردەمی کۆمەك بەخشان و چاوی پێدا بگێڕنەوە و لە ڕووی داراییەوە پاڵپشتیی لێ بکەن. هەروەها کۆمسیۆنەکە باوەشی بۆ بیرۆکەی دۆزینەوەی ئەگەرەکانی بەشداریکردن بۆ پارەبەخشین کردووەتەوە. پڕۆژەکەش دەرفەتی سوود وەرگرتن لە شارەزاییەکان دەڕەخسێنێت و چەند چالاکییەك بەڕێوەدەبات کە ئامانجیان زیاتر پاڵپشتیکردنی توانایە بەردەستەکانە، هەروەها چەند چالاکییەکی دیکەشی دەستپێکردووە کە پاڵپشتییی هەوڵە کردەیی و کۆششە بەردەستەکانی چاکسازی و کاروبارە یاساییەکانی هەڵبژاردن و تۆماری دەنگدەران دەکات.

چاکسازی لە کاروباری یاسایی هەڵبژاردندا مەسەلەیەکە و بە لەبەرچاوگرتنی چەندان پێشنیازی پێشوو دەستی پێ کراوە، کە لە هەردوو ماوەی دەستبەکاربوونی پێشوو و هەنووکەییی ئەنجومەنی نوێنەران پێشکەش کراون، بۆ ئەوەی چاوێك بە یاسای هەنووکەیی کۆمسیۆن و یاساکانی هەڵبژاردن و یاسای پارتە سیاسییەکان و چەندان یاسای دیکەی پێوەنیدار و ڕێنماییەکانی تایبەت بەو یاسایانە بگێڕدرێتەوە و هەموار بکرێنەوە. جا نێردەکە ، لەمیانی ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەران و کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانەوە بەڕێوەچوون، ئامادەییی خۆی بۆ پێشکەشکردنی ڕاوێژ و یارمەتیدانی ئەو دەزگایانە دەربڕی کە سەبارەت بە هەوڵەکانی چاکسازی ئاماژەمان پێیان دا.

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا، بۆ یەکەمین جار لەسەر ئاستی هەرێمدا بە تاقیکردنەوە و ئەزموونێکی گەورەی هەڵبژاردنی پارلەمانی تێپەڕی کە لە ٣٠ ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٨ بەڕێوەچوو. گەرچی کۆمسیۆن بە یارمەتیی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق، لە هەردوو قۆناغی ئامادەکاریی و دەنگداندا توانا هونەری و لۆجستییەکانی باش ببوو و هەروەك دواتر ۆرکشۆپەکانی دوای هەڵبژاردنەکانی تایبەت بە چاوگێڕانەوە بە کردەی هەڵبژاردن دەریانخست، بەڵام هێشتاکە پێویستی بە چاکترکردنی توانایەکانی هەیە، بۆ ئەوەی چاو بەو سکاڵایانەدا بگێڕێتەوە کە تایبەتن بە ڕۆژی هەڵبژاردن و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە کاتی گونجاودا. ئەو یارمەتییەی نێردەکە لە هەردوو ساڵی ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ پێشکەشی دەکات، ئامانجی چاکترکردنی ئەو لایەنانەیە. هەروەها یارمەتییە پێشکەشکراوەکەی نێردەکە ئامانجی چاکترکردنێکی بەرفراوانتری سیستمەکانی تۆماری دەنگدەرانی تایبەت بە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانە. بەڕاستیش کۆمسیۆنەکە داواکارییەکی پێشکەشکردووە بۆ ئەوەی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەو ئامانجە یارمەتیی بدرێت کە لە ڕێکخستنی هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا توانا و شارەزاییەکانی زۆر باشتر ببێت.





نێردەکە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا زۆر بەچڕی لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ پتەوکردنی میکانیزمەکانی هەماهەنگی و پاڵپشتیکردنی ئەو هەوڵانە کار دەکات کە ئامانجیان بنیادنانی توانایە دامودەزگاییەکانە. هەروەها نێردەکە لەسەر داوای کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان یارمەتی و پاڵپشتییەکی دیاریکراوی تەکنیکی پێشکەش دەکات، ئەمەیش بە ئامانجی پتەوترکردن و تۆکمەترکردنی توانایەکانیەتی لەهەنبەر ڕێکخستنی هەڵبژاردنەکان لەسەر ئاستی هەرێمدا. ئەو یارمەتی و پاڵپشتییەی پێشکەشی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان دەکرێ، دەبێتە هۆی پێشخستنی کردەی هەڵبژاردنی عێراق.

**ئەدی ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو کردەیەدا چییە؟**

نەتەوە یەکگرتووەکان لەمیانی تیمی پاڵپشتیکردنی هەڵبژاردنەوە، بەدرێژایی کردەی هەڵبژاردن، یارمەتیی بواری هەڵبژاردن پێشکەشی کۆمسیۆن دەکات. ئێستاکەش گەورە ڕاوێژکاری هەڵبژاردنی نێو نێردەکە سەبارەت بە بەڕێوەبردن و سیاسەتەکانەوە ڕاوێژی ستراتیژی پێشکەشی ئەنجومەنی کۆمسیاران و گەورە بەرپرسانی نێو کۆمسیۆن دەکات، هەروەها لە کۆبوونەوەی کۆمسیارانیشدا بەشدار دەبێت و سەبارەت بە سیاسەت و بەڕێوەبردنی ئەو پرسانەی کاریگەرییان بەسەر کۆمسیۆن و چۆنییەتی خۆئامادەکردنی بۆ هەڵبژاردنەکان دەبێت، بەشێوەیەکی ڕێکوپێك گفتوگۆ لەگەڵ گەورە بەرپرسانی کۆمسیۆن دەکات. لە هەمان کاتیشدا، شارەزایانی بواری هەڵبژاردن لە نێردەکەدا سەبارەت بە چەند بوارێکی دیاریکراوی بابەتی، ڕاوێژی تەکنیکی پێشکەش بە هاوشان و هاوپیشەکانی نێو کۆمسیۆن دەکەن، هەر وەك چۆن لەلایەن کۆمسیۆن و نێردەکەدا دیاریکراوە.

هەروەها نێردەکە و دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژن، لەگەڵ تیمی جۆری کۆمەڵایەتیی نێو کۆمسیۆن کار دەکەن بە ئامانجی ئەوەی کۆمسیۆن سیاسەتە تایبەتە ستراتیژەکانی لە هەنبەر جۆری کۆمەڵایەتیدا بگرێتەبەر و چەند چالاکییەك بەرپا بکات کە بتوانن پاڵپشتییەکی زیاتر لە بەشداریی ژن بکەن جا چ وەك کادیری هەڵبژاردن بێت، یانیش وەك دەنگدەر و پاڵێوراو بێت.

نوسینگەی هاریکاری هەڵبژاردن لەسەر ئاستی نێوخۆییشدا بەشێوەیەکی ڕێژەیی، تیمێکی سادەی بواری هەڵبژاردنی هەیە ئەرك و بەرپرسیاریەتێکی گەورەی لەسەر شانە کە دەبێ بیگەیەنێتە سەر، خۆشبەختانەش تیمەکە ئاستێکی بەرزی شارەزایی هەیە، ئەمەیش وادەکات بتوانین لە ماوەیەکی زۆر کورتدا کاردانەوەمان لەهەنبەر جۆرەها داواکاری هەبێت. هەروەها توانیمان پشتیگیریی و پاڵپشتیی شارەزاییەکان وەدەستبێنین لە میانی بەشی هاریکاری هەڵبژاردنەکان لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان و نوسینگەی هەرێمی و نیشتمانی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان و لەتەك وەدەستهێنانی وزە و توانا پاڵپشتیکردنە بەردەستەکانی نێردەکە.

**بۆچی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە عێراقدا گرنگە؟**

هەڵبژاردنەکانی ئایندەی ئەنجومەنی پارێزگاکان سەر لەنوێ دەرفەت بۆ عێراقییەکان دەڕەخسێنێتەوە بۆ ئەوەی نوێنەرە خۆجێیەکانی خۆیان هەڵبژێرن کە لەپێناو فەراهەمکردنی زۆرتری خزمەتگوزاریە سەرەکی‌یەکان لە کاتی گونجاودا، ئەرکی بەرپرسیایەتیی وەدەستهێنانی پێداویستییە گشتییەکانیان لەسەر شانە، ئەوەی هیچ گومانێکیشی تیادا نییە، هەڵبژاردنی کەسەکان تەنیا بە یەك هەنگاوی نێو چەندان هەنگاوی دیکە دادەندرێ کە دەبێ بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە هەڵبهێندرێن کە لەسەر ئاستی خۆجێی و پارێزگاکانداپەیوەندییان بە حکومڕانی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانەوە هەیە.

لە هەمان کاتیشدا، هەوڵەکانی دووبارە گەڕاندنەوەی سەقامگیری و گەشەپێدانی ئەو ناوچانەی بەمدووایيانە ململانێ تیایاندا سەری هەڵداوە، ئەوە دەکاتە پێویستی دەزگا و دامەزراوەکانی حوکمڕانی پاڵپشتیی بواری هەڵبژاردنی نوێ پێشکەش بکەن، بۆ ئەوەی ببێتە نوێنەری حەز و ویست و بەرژەوەندییەکانی ئەو دانیشتووانەی حوکمیان دەکات.

**لە کۆتاییدا، ئەو پێشکەوتنە چییە کە هیواخوازیت کۆمسیۆن لە چەند ساڵێکی داهاتوودا بیهێنێتەدی؟**

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکانیش هیواخوازن کۆمسیۆن بتوانێ بەشێوەیەکی زۆر پیشەییانە و شارەزایانە هەڵبژاردنەکانی عێراق بەڕێوەببات. زۆریش گرنگە کۆمسیۆن وەك دەزگایەك ئاستێکی ئەوتۆی ڕاستگۆیی و دەستپاکی وەدەستبێنێت کە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی دوور لە گوشاری سیاسی و بەشێوەیەکی شەفاف و شایانی لێپرسینەوە- توانا و هۆکاری تەواوی لەبەردەستە. هەروەها نێردەکەش لەمیانی هەماهەنگیکردن لەگەڵ ئاژانسی ئەمریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی و لەگەڵ کۆمسیۆندا سەبارەت بە دەستپێکردن بە کردەی پلانی ستراتیژی هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ، ئەمەیش لەپێناو دیاریکردنی ئامانج و ئاراستەگرییە ستراتیژییەکانی دەزگاکە و چارەسەرکردنی پرسە هەرە گرنگەکانە، بە چاککردن و هەموارکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و پێشخستنێکی زۆرتری سیستمی بەڕێوەبردنی ئەنجامەکان و گرتنەبەری چەند ڕێکارێك بۆ پاڵپشتیکردنێکی زیاتری کردەیەکی هەڵبژاردن کە هەموو لایەك بگرێتەوە و گشت لایەك تیایدا بەشداربن.

هەروەها چەندان پرس و مەسەلەی زۆروزەوەند هەن پشت بە چۆنییەتیی بەرەوپێشبردنی هەوڵە هەنووکەییەکانی چاکسازیەکانی بواری هەڵبژاردن و یاسایی و دامودەزگایی دەبەستن، لەوانە زەرورەتی پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی کردەی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنەکە، ئەمەیش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ترس و نیگەرانییەکانی تایبەت بە دەستوەردانی سیاسی و وێنایە نەرێییەکەی هەنبەر سەربەخۆیی چەند کۆمسیارێکی دیاریکراو. هەروەها لەسەر کۆمسیۆنەکە پێویستە پرسی بەشداریکردنی گشتی و هەڵبژاردنی ژمارەیەکی پێویستی ژنان و نوێنەرانی قەوارەکان وەك ئەنجومەنی کۆمسیاران و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و سەرۆك بەشەکان و کارمەندانی کۆمسیۆنەکە چارەسەر بکات.

هەروەها چەند مەسەلەیەکی وەك مەشق و بنیادنانی تواناکان و پاراستن و هێشتنەوەی کادیرە بەتوانا و لێهاتووەکان، ڕۆڵێکی گرنگیان لە بەردەوامیدان و درێژەدانی دەزگایی کۆمسیۆنەکە دەبێت. نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا ڕۆڵێکی پاڵپشتیکاری سەرەکی هەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی ئەزموونی کۆمسیۆنەکە لە گەشەکردن بەردەوامە، ئەوا هەردەبێ لە کۆتاییدا ئەو پاڵپشتیکردنە کەم بێتەوە و لە هەمان کاتیشدا ئەو ڕۆڵە گەورەتر بێت کە لایەنە خۆجێیەکانی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان خۆیان دەیانگێڕن، بەمشێوەیە، ئێمە بەشێوەیەکی هۆشیارانە کار لەسەر ستراتیژی جوونە دەروە لە هاریکاری هەڵبژاردن دەکەین و بۆ ئەوەی تەواو ئامادە بێت، کاتێك ئەو وادەیە دێت کە دەزگای نیشتمانی بتوانێ بەتەواوی پشت بە خۆی ببەستێ.




# نووسینگەی مافەکانی مرۆڤ

## پرسیار و وەڵام لە نوسینگەی مافەکانی مرۆڤی نێو نێردەی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق

> نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە نێردەکەدا پێشوازییەکی گەرم لەو هەنگاوانەی حکومەتی عێراقی دەکات کە لەپێناو پێڕەوکردنی پابەندییە نێودەوڵەتی و خۆجییەکان لە بواری مافەکانی مرۆڤدا هاوێشتوویەتی. عێراق لە ساڵی ٢٠١٨ دا بەردەوام ڕووبەڕووی چەند پرسێکی ئاڵۆزی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ بوویەوە

**بارودۆخي ساڵی ٢٠١٨ی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

نوسینگەی مافەکانی مرۆڤی یونامی لە ساڵی ٢٠١٨ دا لە پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی عێراق بۆ پابەندبوون بە مافەکانی مرۆڤ – بۆ گشت عێراقییەکان- بەردەوام بوو بە تاکەکەسە زۆر بێدەرەتان و بێدەستهەڵات و پەراوێزخراوەکانیشەوە.

نوسینگەی نەتەوە یەککگرتووەکان لە ساڵی ٢٠١٨ پێشوازییەکی گەرمی لەو هەنگاوانەی حکومەت کرد کە لەپێناو پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی مافەکانی مرۆڤدا هاوێشتوونی. هەروەها حکومەتیش لە پێڕەوکردن و جێبەجێکردنی پلانی نیشتمانی بۆ مافەکانی مرۆڤ بەردەوام بووە، ئەمەیش بە مەبەستی تاوتوێکردن و چارەسەرکردنی ئەو ڕاسپاردانە بوو کە لە دوای دەرخستەی سەرتاڵپاگیری ساڵی ٢٠١٥ دا بەڕێوەبراوە، ئێستەیش بەپێی میکانیزمی نمایشی سەرتاپاگیری وەرزی کە لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٩ دا دەکرێ، وەك خۆئامادەکردنێك بۆ دەرخستە و نمایشی داهاتوو بۆ عێراق، خەریکی دارشتنی ڕاپۆرتە هەرێمییەکەیەتی.

لیژنەی زاڵبوون و نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە ساڵی ٢٠١٨ دا نمایش و دەرخستەیەکی بۆ عێراق بەڕێوەبرد، لە ئێستەشدا حکومەت بە شێوەیەکی چالاك و بە ڕاوێژ لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و نوێنەرانی کەمینەکان، کار بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی لیژنەکە دەکات.

نوسینگەی ماڤەکانی مرۆڤ لە نێردەکەدا پێشوازییەکی گەرم لەو هەنگاوانەی حکومەتی عێراقی دەکات کە لەپێناو پێڕەوکردنی پابەندییە نێودەوڵەتی و خۆجییەکان لە بواری مافەکانی مرۆڤدا هاوێشتوویەتی. عێراق لە ساڵی ٢٠١٨ دا بەردەوام ڕووبەڕووی چەند پرسێکی ئاڵۆزی تایبەت بە ماڤەکانی مرۆڤ بوویەوە. خەڵکانی سڤیل بەدرێژاییی ساڵی ٢٠١٨ بەدەست کاریگەری و شوێنەوارەکانی ململانێی چەکداری و کارە تیرۆرستییەکانی نێو عێراقەوە دەیاننالاند، تاوانکاری سەرەکیی بەقوربانیکردنی خەڵکی مەدەنی لەنێو ئەو ململانێیەشدا ڕێکخراوی داعشە. لەگەڵ ئەمەیشدا و هەر لەگەڵ کۆتایی هاتنی ساڵی ٢٠١٧ دا کاتێك سەرۆکوەزیران سەرکەوتنی سەربازیی بەسەر داعش ڕاگەیاند، ئەوا ئاستی زیانە مەدەنییەکان زۆر دابەزین، هەروەك لە نوسینگەی مافەکانی مرۆڤی نێو نێردەکەدا تۆمارکراوە، لەگەڵ تێبینیکردنی ئەوەی توانای نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ بۆ لێکۆڵینەوە و دڵنیابوونەوە بەشێوەیەکی کارا لەهەنبەر زیانە مەدەنییەکانی هەندێك ناوچەدا بەهۆی کۆتوبەندی ئەمنی و هتد هێشتاکە سنووربەندکراوە. نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ لەنێوان ١ ی کانوونی دووەم و ٣١ ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٨، (٢٣٩١) قوربانیی




مەدەنیی تۆمارکردووە کە ( ٩٠٢ کوژراو و ١٤٩٨ بریندار بوون)، بەڵام ئەگەر ئەم ژمارە قوربانییە بە قوربانییەکانی ساڵی ٢٠١٧ بەراورد بکرێ، دەبینین بەشێوەیەکی تێکڕایی و بەڕێژەی ٥٤٪ دابەزیوە.

بیرکۆیی و جەختکردنەوەی نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠١٨ دا لە تۆمارکردن و بە دیکۆمێنتکردنی ئەو کارە قێزەونانەی داعش کردوونی، چووە سەر کاری دەسەڵاتە عێراقییەکان و جڤاکە خۆجێیەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵی مەدەنی لە بواری پەتوکردن و پاڵپشتێکردنی مافەکانی مرۆڤ، بێگومان ئەمەیش وەك بەشێك لە هەوڵەکانی نێردەکە بوو بۆ پاڵپشتیکردنی ئاشتەواییەکی بەرفراوانتری یەکبوون و یەکییەتیی کۆمەڵایەتی.

بە نوارین لە ئایندەش، ئەوا کارەکانی نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە نێردەکەدا لە ئیدارەدان و بەڕێوەبردنی دادپەروەری و لێپرسینەوە و مافەکانی ژن و کەمینەکان و پاراستنی منداڵ، ئامانجی ڕێگەگرتنە لە توندڕەویی توندوتیژ وەك هۆشدارییەکی پێشوەختە و بەشداریکردن لە پاراستنی ئاشتی.

**نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ بۆ وەدەستهێنان و دەستەبەرکردنی کردەی لێپرسینەوە لەهەنبەر ئەو تاوانانەی داعش لە عێراقدا کردوویەتی بەچ شێوەیەك دەتوانێ بە ڕووبەڕێکی فراوانتر پاڵپشتی حکومەت و هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بێت؟**

دەستەبەرکردنی لێپرسینەوەکی تەواو لەهەنبەر تاوانکارەکانی نێو ڕێکخراوی داعش لە چارەسەرکردنی ئەو زیانە گەورەیەی بە جڤاکی عێراق کەوتووە، بە هۆکارێکی سەرەکی دادەندرێ.

لەمبارەیەوە، نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە نێردەکەدا بە چاودێریکردنی دانیشتەکانی گوێگرتن لەو کەسانەی تۆمەتی داعشبوونیان خراوەتە پاڵ، بەردەوام پاڵپشتیی حکومەت و دەسەڵاتەکانی دادوەری کردووە تاکو پابەندی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکارە پێویستەکان و دادگەییکردنێکی دادپەروەرانە بن.

هەوڵ و کۆششەکانی نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە پەتوکردنی مەسەلەی لێپرسینەوە – بەو تاوانانەش کە ڕێکخراوی داعش کردوونی- پەیوەندییەکی پتەویان بەو پاڵپشتییە ڕاوێژکاری و هونەرییە هەیە کە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق (یونامی) پێشکەشی تیمی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش ( یونیتاد)ی دەکات. ئامانج لە ئەرك و بەرپرسیاریەتەکانیشی بریتییە لە پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی ئەو هەوڵە نیشتمانییانەی بەمەبەستی لێپرسینەوە لە داعش- لە هەنبەر ئەو تاوانانەی دەچێتە ئاستی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و جینۆساید- خراونەتە گەڕ.

**لە ساڵی ٢٠١٨ دا چ شتێك بۆ بەرپەرچدانەوە و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی سێکسی و توندوتیژیی ڕەگەزی کراوە؟**

پاڵپشتیکردن و هاوکاریکردنی حکومەت بۆ دەستەبەرکردنی کردەی لێپرسینەوە سەبارەت بەو کەسانەی بەهۆی توندوتیژیی ڕەگەزییەوە بوونەتە قوربانی، بەکاری لەپێشینە و سەرلیست دادەندرێ. نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ لەنێو نێردەکەدا ئەو هەوڵ و پاڵپشتییانە ڕێکدەخات کە لەپێناو دەرکردنی یاسای قەدەغەکردنی توندوتیژیی خێزانی پێشکەشی حکومەت کراون بەشێوەیەك لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکاندا بگونجێ.

حکومەتیش لە ساڵی ٢٠١٨ دا سەبارەت بە قەدەغەکردن و بەرپەرچدانەوە و بنبرکردنی توندوتیژیی سێکسیی نێو ململانێیەکان، خەریکی جێبەجێکردنی پلانێك بوو. هەروەها حکومەت بە ڕاوێژ لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ئاژانسە پەیوەندیدارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئامانجی پەتوکردن و پاڵپشتیکردنی کردەی پاراستنی ژن و کچان و پیاوان و منداڵان لە توندوتیژیی سێکسی و دەستەبەرکردنی پاراستن و خزمەتگوزاری بۆ کەسە ڕزگاربووەکان، پلانەکەی دانا.

**بۆ پاڵپشتیکردن و پاراستنی مافی کەمینەکان چ شتێك بەڕێوە دەچێ؟**

نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ بۆ بنیادنانی یەکبوون و یەکییەتیی کۆمەڵایەتی لەمیانی بانگەشەکردن بۆ پاراستنی مافی کەمینە ئایینی و نەژادییەکانەوە پاڵپشتیی لەو هەوڵانەی نێردەکە دەکات کە خەریکی جێبەجێکردنیانە وەك: نەهێشتنی هەڵاواردن؛ گوزارشتی گشتی و گفتوگۆی بنیاد نەرانە؛ پەتوکردن و تۆمارکردنی بۆچوون و سەربردە هاوبەشەکان.

نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە نێردەکەدا وەك هاوتەریبی و هاو ڕەوتی لەگەڵ هەوڵە بەردەوامەکانمان بۆ پاڵپشتیکردنی حکومەت تاکوو بتوانێ بەپێی ڕێککەوتننامەی ڕیشەکێشکردنی هەڵاواردنی ڕەگەزی پابەندییەکانی جێبەجێ بکات، زەمینەی هەندێك کۆبوونەوەی مێزگردییانەی لەنێوان حکومەت و نوێنەرانی جڤاکی کەمینەکان فەراهەم کرد، ئەمە بۆ ڕەخساندنی کۆڕبەندێکی ڕێکوپێك بوو لەپێناو پاڵپشتیکردن و لایەنگریی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی لیژنەی لەنێوبردنی هەڵاواردنی ڕەگەزی بوو کە لە دوای دەرخستەی سەرانسەریی وەرزییانە بۆ عێراق لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٨ دەرچوو.

**گرنگترین کار و پرۆژە جێبەجێکراوەکانی نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق لە ساڵی ٢٠١٨ -٢٠١٩ چی بووە؟**

نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە نێردەکەدا لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٨ و سەرەتایەکانی ساڵی ٢٠١٩، وەك بەشێك لە هەڵمەتەکانی پشتگیریکردن و هۆشیارکردنەوە کە جەخت لەسەر پرسی مافەکانی مرۆڤ و مافی کەمینەکان دەکەنەوە، لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی سینەمایی ٣×٣ شەش فیلمی بەرهەمهێنا، ئێستە ئەو فیلمانە لە سەرانسەری ئەو وڵاتەدا پیشان دەدرێن. پرۆژەکە پاڵپشتیی لە بەرگریکارانی مافی مرۆڤ و بەرهەمهێنەرە خۆجێیەکانی فیلم دەکات، بە ژنان و لاوانیشەوە، بۆ ئەوەی گوزارشت لەو مافانەی مرۆڤ بکرێ کەوا کاریگەرییان بەسەر کەمینە ئایینی و نەژادییەکانەوە هەیە. فیلمەکان ئەو ئالنگاری و کۆسپ وتەگەرانەیان دەخستە ڕوو کە دێنە پێش جێبەجێکردن و مومارەسەکردنی مافەکانی مرۆڤ و وەدەستهێنانی ئەو مافانە، هەروەها لەگەڵ جەختکردنەوەیەکی تایبەت لەسەر کەمینەکان، چەند چارەسەرێکیش پێشنیاز دەکات.

ئەو بابەتانەی خرانە ڕوو بریتین لە سەرکوتکردن و ژێرپێخستنی مافە ڕۆشنبیرییەکان لەلایەن ڕێکخراوی داعشەوە کە بەشێوەیەکی پڕ لە هەڵاواردن دژ بە کەمینەکان بەڕێوەی برد، کاریگەریی ململانێی چەکداری لەسەر وەدەستهێنانی مافەکانی مرۆڤ، ئەو سزایانەی ڕووبەڕووی ئەو ژن و منداڵانە دەکرێنەوە کە گوایە سەر بە ڕێکخراوی داعشن، توندوتیژیی خێزانی، مێردکردن و ژنهێنانی ناکامەکان ، وەدەستهێنانی دەرفەتی پەروەردە و فێرکردن و ئەو کۆتوبەندانەی لەهەنبەر وەدەستهێنان و مومارەسەکردنی مافەکانی ژن سەپێندراون، چەند تەوەرێکی دیکەی جێگەی بایەخپێدان بوون. جگە لەو فیستڤاڵەی لە ٣-٥ ی ئادار بەڕێوەچوو، چالاکییەکی گشتیی گەورەش هەبوو کە بەهاوکاریی لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای عێراقی بۆ مافەکانی مرۆڤ بەڕێوەچوو، ئەو فیلمانە وەك بەشێك لە ستراتیژی پاڵپشتیکردن و پاراستنی مافی کەمینەکان و مافی مرۆڤ لە عێراق و هاندانی گفتوگۆ و دنەدان لەپێناو ئەوەی حکومەت و کۆمەڵە و تاکەکان لە جڤاکی عێراقیدا چەند ڕێکارێکی پاڵپشتیکردن و پشتگیریکردن لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بگرنەبەر، لەسەر ئاستی وڵاتدا بە جەماوەرێکی هەمەچەشن پیشان دران.

نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ هاتنی نیسانی ٢٠١٩ لە ١٠ پارێزگا فیلمەکانی پیشان دا و زیاتر لە ٤٠٠٠ ڕێبەرو سەرکردەی جڤاکەکان و بەرپرسانی حکوومی و خوێندکاران و پارێزەرانی مافەکانی مرۆڤ و ... هتد بینیان.

هەروەها نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە نێردەی نەتەوە یەککگرتووەکان و کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەککگرتووەکان لە ١ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٨ دا ڕاپۆرتێکیان سەبارەت بەو گۆڕە بە کۆمەڵانە بڵاوکردەوە کە دەکەونە ئەو ناوچانەی پێشتر داعش داگیری کردبوون، لایەنێکی دیکەی ڕاپۆرتەکە بریتی بوو لە باسکردنی ئەو کاریگەرییانەی بەهۆی لێپرسینەوە لەو تاوانە گەورانە دێنە کایەوە. هەروەها ڕاپۆرتەکە چەند ڕاسپاردە و ڕێنماییەکی دیاریکراوی گرتبووە خۆ بەوەی کە حکومەتی عێراقی تۆمارێکی گشتیی مەرکەزی بۆ بێسەروشوێنەکان بکاتەوە و نووسینگەیەکی فیدراڵیش بۆ کەسانی بێسەروشوێن بکاتەوە و بەرپرسێکی گەورە سەرۆکایەتیی بکات و ئەرکی دیاریکردنی دۆخی گشت کەسە بێسەروشوێنەکانی نێو عێراقی بخرێتە سەرشان.

نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە نێردەی نەتەوە یەککگرتووکاندا لە ساڵی ٢٠١٨ دا چاودێری و لێکۆڵینەوەی لەهەنبەر ئەو ڕووداوە توندوتیژانە کرد کە دژ بە ژنان هاتوونەتەپێشێ، بەتایبەت ئەو ڕووداوانەی بە کوشتن لەپێناو " شەرەف" ناو دەبرێن و چەندان جۆری دیکەی توندوتیژی وەك بەشوودانی بەزۆر هەڵوستەیان لەسەر کرا. جا بەهۆی ئەو ڕووداوە تۆمارکراوانەی کە دژ بە ژنان هاتبوونە پێشێ، نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ لیژنە پەیوەندیدارەکانی پارڵەمانەوە داوای ئامادەکردن و کاراکردنی دەقی پڕۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خانەوادەیی کرد.

لەهەمان کاتیشدا نووسینگەکە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا سەبارەت بە هەموارکردنەوە پێشنیازکراوەکانی هەنبەر یاسای " بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خانەوادەیی لە هەرێمی کوردستان" بۆ ساڵی ٢٠١١، ڕاوێژی یاسایی پێشکەش کرد و لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا، دەستی بە جێبەجێکردنی پڕۆژەی سەردانیکردنی پەناگەکانی ژنان کرد.

هەروەها نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە نێردەی نەتەوە یەککگرتووەکاندا چاودێریی خۆپیشاندانەکانی پارێزگەی بەسرەی کرد کە لە مانگی تەمموزەوە تا تشرینی دووەم بەڕێوەچوون و تیایاندا داوای دەستەبەرکردن و چاکترکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی وەك ئاوی پاك و کارەبا و دەرفەتەکانی کار و کۆتاییهێنان بە گەندەڵی دەکرا، لە ئەنجامی ئەم خۆپیشاندانەشدا ٢١ کەسی سڤیل کوژران. نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە نێردەی نەتەوە یەککگرتووەکاندا لەگەڵ نوسینگەی هەرێمیی کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، بەشداری لە چاودێریکردن و ڕاگەیاندنی ئازادیی ڕادەربڕین و گردبوونەوەی ئاشتییانە و مافی ڕزگاربوون لە دەستگیرکردن و دەستەبەسەرداگرتنی نادادپەروەرانە کرد.

هەروەها نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە نێردەکەدا بە درێژایی ساڵی ٢٠١٨ لە هەرێمی کوردستاندا چەند خولێکی مەشقی سەبارەت بە ئازادیی ڕادەربڕین و ڕاگەیاندن و مافی گردبوونەوەی ئاشتییانە و پێکهێنانی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و کارمەندانی بواری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و بەرپرسانی حکوومی بەڕێوەبرد. لەم خولانەدا ڕۆڵی گرنگی ڕۆژنامەوانی لە پتەوکردن وهێنانەکایەی ئاشتەوایی و مافەکانی مرۆڤ لە عێراقی دوای داعش تاوتوێ کرا. نووسینگەکە هەر لە ساڵی ٢٠١٨ دا سەبارەت بە هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦ ی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر چەند ڕاسپاردەیەکی بۆ هەموارکردنەوەی یاسایەکە دانا، تاکو بەشێوەیەك کارا بکرێتەوە لەگەڵ پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکانی عێراق لەبواری مافەکانی مرۆڤدا بگونجێ.

هەروەها نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە نێردەکەدا زۆر بە چڕی و بەشێوەیەکی چالاك لەگەڵ تۆڕی نیشتمانی کاری کرد، ئەو تۆڕە کۆمەڵێك ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە کە پشتگیری لە مافی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان دەکەن، لەو بەشدارییەشدا یارمەتیی هونەرییانەی پێشکەش کرد بۆ ئەوەی تۆڕەکە بتوانێ سەبارەت بە ڕێککەوتنامەی مافی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت ڕاپۆرت بۆ لیژنەی نەتەوە یەککگرتووەکان



ئامادە بکات. ئەو لیژنەیە لە ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٨ و تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا سەبارەت بە عێراق چەند دانیشتنێکی گوێگرتنی ڕێکخست ، هەروەها " لیستی پرسەکان"ی بڵاوکردەوە بۆ ئەوەی سەبارەت بەو ڕاپۆرتەی عێراق زانیاریی زیاتر وەدەستبێنێ کە پێشکەشی لیژنەکە کرابوو.

هەروەها نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە نێردەکەدا لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە پاڵپشتیکردن و پتەوترکردنی پاراستنی مافی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بەردەوام بوو، بۆ ئەوەی لەپێناو کۆبوونەوەی تیمی تایبەت بە مافەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان ئامادەسازی بکات. ئامانجیش لە تیمەکە دەستەبەرکردنی گونجان و هەماهەنگیی یاسایە نیشتمانییەکانی تایبەت بە مافی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەتە لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤدا بەشێوەیەی لە ڕێککەوتنامەی مافی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەتدا هاتووە.

نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە نێردەکەدا لەگەڵ دەستگە سەربەخۆیە نیشتمانی وهەرێمییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ لە عێراق وبەتایبەتیش لەگەڵ کۆمسیۆنی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق و ئەنجومەنی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، لەپێناو بەهێزکردن و پاڵپشتیکردنی توانای چاودێرییان و توانای لێکۆڵینەوە و تۆمارکردن و دەستەوەردان و ڕاگەیاندنی تایبەت بە پێشێلکاری و خراپ سوود وەرگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، لەسەر بنەمایەکانی پاریس کار بکات. جگە لەمانەیش، نوسینگەی ناوبراو لە سەرانسەری عێراقدا بۆ پاراستنی ئەو پانتاییە کاری کردووە کە دراوەتە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئازاد وسەربەخۆ کار بکەن، بۆنموونە: نووسینگەکە لە



پارێزگەکانی کەرکووك و سەلاحەدین و دیالی دەستی لە بەرنامەی چالاکییەکانی کۆتایی ساڵی ٢٠١٨ دا هەبوو کە تایبەت بوون بە گەیاندنی زانیارییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ بۆ لایەنە کارایەکانی کۆمەڵی مەدەنی بۆ ئەوەی بتوانن بەشداری لە کردەکانی دروستکردنی بڕیارە گشتییەکاندا بکەن.

هەروەها نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە پێشکەشکردنی یارمەتی و ڕاوێژی هونەری بە حکومەتی عێراقی بەردەوام بووە بۆ ئەوەی بتوانێ بەپێی ڕێککەوتنامەی نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزپەرستی بەڵێنەکانی خۆی بگەیەنێتە سەر. هەروەها نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠١٩ وەك بەدواداچوون و پەیگیری سەبارەت بە دوا تێبینییەکانی لیژنەی تایبەت بە نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزپەرستی کە لە ١ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٩ دا دەرچووە، ئەوا لە ١١ی ئاداری ساڵی ٢٠١٩ لە بەغدا بۆ گفتوگۆکردن چەند گفتوگۆیەکی جۆری (مێزگردی) بەڕێوەبرد. لەو گفتوگۆیانەدا نوێنەرانی لیژنەی ئاشتەوایی نیشتمانی لە نوسینگەی سەرۆك وەزیران و فەرمانگەی مافەکانی مرۆڤ لە وەزارەتی داد و کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق و جڤاکی کەمینەکانیش بەشداربوون. بەشدارانی نێو گفتوگۆیەکان بۆ پێڕەوکردنی دوا تێبینییەکان چەند ڕاسپاردەیەکیان دانا، هەروەها لەسەر پێکهێنانی تیمێکی کار ڕێککەوتن کە تایبەتە بە مافی کەمینەکان، ئەمەیش بۆ پاڵپشتیکردن و پتەوکردنی گفتوگۆی تایبەت بە ڕاسپاردەکان و بەخشینی (سەرلیستییە) بە دانانی یاساییەك کە هەڵاواردنی ڕەگەزپەرستانە بە تاوان دابنێت، هەروەها پارێزگەری لە زمانی کەمینەکان بکات و ئەو بەڵگەنامە مەدەنییانەش ڕەت بکرێنەوە کە هەڵاواردن لە خۆ دەگرن. نووسینگەکە وەك بەدواداچوون و پەیگیریکردنی مەسەلەکە دەستی بە ئامادەکردنی یەکەمین تیمی کاری تایبەت بە کەمینەکان کرد کە گرنگیی بە جێبەجێکردنی دوا تێبینییەکانی لیژنەی نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزی دەدات.

نوسینگەی مافی مرۆڤی نێو نێردەکە لە ساڵی ٢٠١٨ و سەرەتای ساڵی ٢٠١٩ بۆ پاڵپشتیکردن و هاندانی بەشداریکردنی حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەگەڵ میکانیزمەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ، لە هەوڵ و کۆششەکانی خۆی بەردەوام بوو، بە پێداچوونەوەی وەرزییانەی گشتگیر و میکانیزمی دەستەی پەیماننامەکانیشەوە. لەمبارەیەوە، نووسینگەکە لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و دەستگە نیشتمانییەکانی مافی مرۆڤ و نێوەندە ئەکادیمییەکانی نێو پارێزگەکان و چەندان شوێنی دیکەی سەرانسەری عێراق (بە شاری بەغدا و نەینەوا و هەولێر و بەسرە و کەرکووکیشەوە)، چەند خولێکی ڕاهێنان و و کۆبوونەوەی ڕاوێژکارییانەی بەڕێوەبرد. کۆی ئەو هەوڵ و چالاکییانەش لەپێناو هۆشیارکردنەوە بوو لەهەنبەر پێداچوونەوەی وەرزییانەی گشتگیر و پاڵپشتیکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە ئامادەکردنی " ڕاپۆرتەکانی سێبەر" پێش ئەوەی دانیشتنی پێداچوونەوەی وەرزییانەی گشتگیر بەڕێوە بچێت. نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە نێردەکەدا بەهاوبەشی لەگەڵ حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە ساڵی ٢٠١٩ دا لەپێناو دەستەبەرکردنی ئەو دۆخە کار دەکات کە گشت لایەنە پەیوەندارەکان بەیەکەوە بۆ دەستنیشانکردنی خاڵی بەهێز و بێ هێزی پاراستنی ڕێکخراوە و سیستمی مافەکانی مرۆڤ و دیاریکردنی چارەسەرەکانی تایبەت بە چۆنییەتیی زاڵبوون بەسەر ئەو ئالنگارییانە کار بکەن کە هێشتاکە لەسەر ڕێگەی هەوڵ و ئامانجەکاندا وەك کۆسپ ماونەتەوە.

**کارە لەپێشینە و سەرلیستەکانی نوسینگەی مافەکانی مرۆڤی نێو نێردەکە لە ساڵی ٢٠١٩ دا چییە؟**

چاکتربوونی بارودۆخی ئەمنیی دوای نەهێشتنی داعش و دەرپەڕاندنیان لە پێگە و شوێنەکانیاندا، دەرفەت بە نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ دەبەخشێ پاڵپشتێکی هەیکەلییانە و چڕ پێشکەش بەو هەولانەی حکومەت بکات کە لەپێناو پتەوکردن و هێنانەکەیە و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ هەنگاوی بۆ هەڵێناوە.

کارەکانی نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠١٩ دا پێنج ئامانجی سەرەکیی زۆر لە پێش و سەرلیست بە بنەما دەگرێ:

- بەرەنگاربوونەوەی کردەی خۆ دزینەوە لە سزا و پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی کردەی لێپرسینەوە و سەرەوەربوونی یاسا، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندیی بە ڕێکارە زۆر پێویستەکانی دادوەریی تایبەت بە تیرۆرەوە هەیە.
- پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی پاراستنی منداڵ، بەتایبەت ئەوانەی ململانێیەکە کاری لێکردوون.
- پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی یەکسانی و بەرەنگاربوونەوەی هەڵاواردنی تایبەت بە ژنان و کەمینە نەژادی و ئاینییەکان.
- دەستەبەرکردنی کردەی لێپرسینەوە لەهەنبەر ئەو توندوتیژییە سێکسییەی پەیوەندییی بە ململانێیەکانەوە هەیە.
- فراوانکردنی پانتایی و ڕووبەری دیموکراسی و جەختکردنەوە لەسەر ئازادیی ڕادەربڕین و گردبوونەوەی ئاشتییانە و پێکهێنانی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان.
- هۆشداریی پێشوەختە و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە دۆخەکانی ململانێ و نەمانی ئاسایش و سەقامگیریدا.

هەروەها نووسینگەکە لە ساڵی ٢٠١٩ دا پاڵپشتی لە حکومەت دەکات بۆ ئەوەی ئەوپەڕی گرنگیدانی خۆی لەسەر دەرکردنی یاسایەك چڕبکاتەوە کە توندوتیژیی خێزانی بخاتە چوارچێوەی تاوان، هەروەها کار لەگەڵ دەسەڵاتە عێراقییەکان دەکات کردەی ئەشکەنجەدان قەدەغە بکرێ و بەشێوەیەکی تایبەتیش جەخت لەسەر ڕەفتارکردن لەگەڵ کەسانی دەستگیرکراو بکاتەوە، لەگەڵ هاوبەشە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکانی خۆیشیدا کار بۆ پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی وەدیهێنان و دەستەبەرکردنی پارێزگەری دەکات بۆ ئەندامی خانەوادەی ئەو کەسانەی گوایە سەر بە ڕێکخراوی داعشن و ئێستە لە خێوەتگەی ئاوارەکاندا دەژیەن و زۆربەیان لە تاوانەکانی توندوتیژیی سێکسی دەرباز بوون.

بەپێی بڕیاری ژمارە ٢٤٢١ ی ساڵی ٢٠١٨ ی نەتەوە یەکگرتووەکان، نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ ڕاسپێردراوە ڕاوێژی هونەری پێشکەشی ڕاوێژکاری تایبەت و سەرۆکی تیمی پێکهاتووی لێکۆڵینەوە بکات، ئەمەیش بە پێی بڕیاری ژمارە ٢٣٧٩ ی ساڵی ٢٠١٧ ی ئەنجومەنی ئاسایشە بۆ پاڵپشتیکردنی هەوڵە خۆجێییەکانی لێپرسینەوە لە ڕێکخراوی داعش لەهەنبەر ئەو تاوانکارییانەی لە ئاستی تاوانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و جینۆساید دان.

# نوسینگەی هەماهەنگیی گەشەپێدان

## دووبارە داڕشتنەوەی هەیکەلی نوسینگەی هەماهەنگیی گەشەپێدان لە عێراق لە ساڵی ٢٠١٨، لەپێناو پاڵپشتیکردنێکی باشتر و جەختکردنەوە لەسەر بووژانەوە و گەشەپێدان



> یەکێك لە گرنگترین دەرئەنجامە نەخشە بۆکێشراوەکانی نوسینگەی جێگری نوێنەری تایبەت/ ڕێکخەری نیشتەجێ/ و ڕێکخەری کاروباری مرۆیی و نوسینگەی هەماهەنگیی گەشەپێدان بۆ ساڵی ٢٠١٨ هاتووەتە دی ئەویش بریتییە لە" پێشکەوتن بەرەو پتەوکردنی گەشەپێدانێکی دوورمەودا و بەردەوام و یارمەتیی مرۆیی

بە پێڕەوکردنی ئەرکی پێسپێردراوی (ماندەیت) نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق (یۆنامی) کە لە بڕیاری ٢٤٢١ی ساڵی ( ٢٠١٨) ی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە، هەروەها بە هەڵسەنگاندنی دەرەکیی سەربەخۆیانەی ساڵی ٢٠١٧، دووبارە هەیکەلی نوسینگەی هەماهەنگیی گەشەپێدان داڕێژرایەوە کە پێشتر و لە ساڵی ٢٠١٨ بە نوسینگەی هەماهەنگیی تەواوی گەشەپێدان و کاروباری مرۆیی ناسرابوو، ئەمەیش لەپێناو پاڵپشتیکردنێکی باشتری عێراق و جەختکردنەوە لەسەر بووژاندنەوە و گەشەپێدان بوو. نوسینگەی هەماهەنگیی گەشەپێدان بەرپرسی پاڵپشتیکردنی جێگری نوێنەری تایبەت/ و ڕێکخەری نیشتەجێ/ و ڕێکخەری کاروباری مرۆیی لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ڕێکخەری نیشتەجێ و ئاوێتەکردنی ئەو ئەرکانە لەگەڵ ئەو ئەرکەکانی سەرشانی نێردەکە بوو. ئەم ئاوێتەکردنەش لە ڕەوتی کارە لەپێشینە و سەرلیستەکانی سەرپشککردنی نێردەکەیە کە لە بڕیاری ژمارە ٢٤٢١ی ساڵی (٢٠١٨) (ج ((ii) (iv iii)) و (i) تایبەت بە ئەرکەکانی جێگری نوێنەری تایبەت/ و ڕێکخەری نیشتەجێ/ و ڕێکخەری کاروباری مرۆیی هاتووە.

یەکێك لە گرنگترین دەرئەنجامە نەخشە بۆکێشراوەکانی نوسینگەی جێگری نوێنەری تایبەت/ ڕێکخەری نیشتەجێ/ و ڕێکخەری کاروباری مرۆیی و نوسینگەی هەماهەنگیی گەشەپێدان بۆ ساڵی ٢٠١٨ هاتووەتە دی ئەویش بریتییە لە" پێشکەوتن بەرەو پتەوکردنی گەشەپێدانێکی دوورمەودا و بەردەوام و یارمەتیی مرۆیی". هەروەها لە بەڕێوەبردنی زیاتر لە ١١٠ کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنە پەیوەندارە عێراقییەکان بەدیارکەوتووە و بۆ گفتوگۆکردن بووە لەسەر سەقامگیری و دووبارە ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان و وەدیهێنانی سەقامگیری لەو ناوچانەی بە ململانێیەکە کاریگەربوون، ئەمەیش بەهۆی جێبەجێکردنی زیاتر لە ١١٦٣ پڕۆژە لە ٣١ شار و شارۆچکەی ئازادکراوی عێراق هاتووەتەدی، بە ناوچە سەرەکییەکانی وەك پارێزگاکانی ئەنبار و نەینەوا و سەلاحەدین و دیالی و کەرکووکیشەوە. جگە لەمانەیش، هەوڵە هەمەلایەنەکانی گەشەپێدان و سەقامگیری و هەوڵە مرۆییەکان لە ساڵی ٢٠١٨ دا بوونە هۆی گەڕانەوەی زیاتر ١،٤ ملیۆن کەس، هەر لەو کاتەوەی کارە دوژمنکارییەکانی داعش کۆتاییان هاتووە تێکڕای ژمارەی گەڕاوەکان لە ٣٥ شارۆچکە و ٧ پارێزگای عێراق گەیشتە ٤،٢ ملیۆن ئاوارە کە گەڕاونەتەوە بۆ زیاتر لە ١٤٠٠ ناوچە. هەروەها گەڕانەوەی ئاوارەکان بە هەنگاوێکی گرنگی چارەسەرە بەردەوامەکانی دوای ململانێیەکە دادەندرێ.

لە ساڵی ٢٠١٨دا نوسینگەی جێگری نوێنەری



تایبەت/ ڕێکخەری نیشتەجێ/ و ڕێکخەری کاروباری مرۆیی و نوسینگەی هەماهەنگیی گەشەپێدان پاڵپشتی لە ئامادەکردنی بەرنامەی چاککردنەوە و بونیادنانی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان کردووە -بۆ ماوەی دووساڵ - کە لەلایەن (ئەنتۆنیۆ گۆتیریش)ی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شوباتی ساڵی ٢٠١٨دا لە کۆنگرەی نێودەوڵەتیی کوێت بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی عێراق خرایە ڕوو.

بەرنامەی چاکبوونەوە و بنیادنانی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان چوارچێوەی کارێکە کە وەرچەرخانی قۆناغی هەوڵە مرۆییەکان و هەوڵەکانی سەقامگیری قۆناغیی جەختکردنەوە لەسەر ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان ڕوون دەکاتەوە. ئامانجی بەرنامەکە خێرا شوێن پێهەڵگرتنی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی دووبارە ئاوەدانکردنەوەیە بەچەند چالاکییەکی نەخشە بۆکێشراو، ئەمە بۆ یارمەتیدانی خەڵکە بۆ ئەوەی لەجیاتی چاوەڕوانی پڕۆژەکانی ژێرخان و ڕیفۆرمە بەرفراوانەکانی هەیکەلی بکەن، لە قۆناغی زۆر زووی کردەی دووبارە ئاوەدانکردنەوەدا چاکتربوونێکی هەستپێکراوی نێو ژیانی خۆیان ببینن. بەرنامەی سارێژبوونەوە و بنیادنانی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان و بەردەوامبوونی هەماهەنگیی هەوڵەکان لەگەڵ هاوبەشە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان، بەشداری لەپتەوترکردن و یەکخستنی ئەو هەوڵانە کردووە کە ئامانجیان چاکترکردنی توانای عێراقە بۆ دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریە سەرەکییەکانی کۆمەڵایەتی بۆ هاووڵاتییان وبەردەوامبوونی هەماهەنگییەکی کارا لەگەڵ پارەبەخشەکان بۆ دەستەبەرکردنی گونجان و پاڵپشتیی نێودەوڵەتی بۆ یارمەتیدانی ئەو بەرنامانەی لەگەڵ کارە لەپێشینە و سەرلیستەکانی حکومەتی عێراق دەگونجێن، لە هەمان کاتیشدا وەك هەوڵێکی حکومەتە بۆ بەرژەوەندیی گەلی عێراق.

هەروەها نوسینگەکە لە هەوڵی خۆی لەپێناو سازاندنی چوارچێوەی یارمەتیە ئایندەییەکانی مرۆیی، پاڵپشتیی لە سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە (چوارچێوەی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی گەشەپێدەرانە (٢٠٢٠- ٢٠٢٤) لەگەڵ کارە لەپێشینە و سەرلیستە جدییەکانی حکومەت بەو شێوەیەی لە چوارچێوەی کاری حکومەت لە دووبارە ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی (٢٠١٨-٢٠٢٧) و چوارچێوەی پلانی نوێی گەشەپێدانی نیشتمانی (٢٠١٨-٢٠٢٢) و ستراتیژی دانانی ئاستێك بۆ هەژاری ( ٢٠١٨- ٢٠٢٢) هاتووە. هەروەها بەدواداچوون و پەیگیری پلانی گەشەپێدانی بەردەوام بۆ ساڵی ٢٠٣٠ و ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام بەشێکی دانەبڕاوی ئەو هەوڵ و کۆششانەیە. لەمبارەیەوە، نوسینگەکە پاڵپشتیی لە هەڵسەنگاندنێکی هاوبەشی هەرێمییانە و بەڕێوەبردنی زنجیرەیەك ۆرکشۆپدا کردووە کە جەخت لەسەر چوارچێوەی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی گەشەپێدان و هەڵسەنگاندنی هاوبەشی هەرێمییانە و پلانی گەشەپێدانی بەردەوامی ساڵی ٢٠٣٠ دەکەنەوە.

**دووبارە هەیکەلی نوسینگەی هەماهەنگیی گەشەپێدان داڕێژرایەوە کە پێشتر و لە ساڵی 2018 بە نوسینگەی هەماهەنگیی تەواوی گەشەپێدان و کاروباری مرۆیی ناسرابوو، ئەمەیش لەپێناو پاڵپشتیکردنێکی باشتری عێراق و جەختکردنەوە لەسەر بووژاندنەوە و گەشەپێدان بوو**






# تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد)



## دامەزراندن:

تیمی لیکۆڵینەوەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی لێپرسینەوە لە تاوانەکانی ڕێکخراوی داعش (UNITAD) بەپێی بڕیاری ژمارە ٢٣٧٩ی ساڵی ٢٠١٧ی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا.

تیمی لێکۆڵینەوەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاڵپشتیکردنی لێپرسینەوە لە ئەندامەکانی داعش لە هەنبەر تاوانەکانیان، تیمێکی سەربەخۆ و بێلایەنی ڕاسپێردراون بە پێشکەشکردنی پاڵپشتی و یارمەتی بە حکومەتە نیشتمانییەکان لەپێناو هەوڵەکانی ئەو حکومەتانە بۆ لێپرسینەوە لە ئەندامانی سەر بە ڕێکخراوی داعش.

تیمی یونیتاد (UNITAD)- کە بارەگەکەی لە بەغدایە- کاردانەوەیەکی بەکۆمەڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێکدەهێنێت بۆ ئەو داواکارییەی حکومەتی کۆماری عێراق پێشکەشی کردووە.

## ئەرکی پێسپێردراو

بەڕێز (کەریم ئەسعەد ئەحمەدخان)ی ڕاوێژکاری شاژن، وەک ئەمینداری گشتیی یارمەتیدەری نەتەوە یەکگرتووەکان دیاریکراوە بۆ ئەوەی وەک ڕاوێژکارێکی تایبەت

و سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاڵپشتیکردنی لێپرسینەوە لە تاوانەکانی داعش دەستبەکار بێت.

بەڕێز خان پارێزەرێکی بریتانییە بە پلەی (ڕاوێژکاری شاژن) و زیاتر لە ٢٥ ساڵ وەک پارێزەرێك شارەزایی لە مەسەلەکانی یاسای تاوانکاریی نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤدا هەیە.

ئەو ڕاوێژکارە تایبەتە ڕاسپێرداوە بۆ ئەوەی لە پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی سزادانی ڕێکخراوی "داعش" لە عێراق، سەرۆکایەتیی (یونیتاد) بکات. ئەو هەوڵ و کۆششانەی تیمەکەش لەپێناو سزادانی ئەو ڕێکخراوە تیرۆرستییەیە بەهۆی کۆکردنەوە و پاراستنی بەڵگەی ئەو تاوانانەی لەوانەیە بگەنە ئاستی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و جینۆساید .

جگە لەمانەیش، ڕاوێژکاری تایبەت بە پاڵپشتیکردنی لێپرسینەوەی تایبەت تاوانکارییانە ڕاسپێردراوە کە دەگەنە ئاستی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جینۆساید، کە ڕێکخراوی تیرۆرستیی داعش لە سەرانسەری جیهاندا کردوونی.

هەروەها تیمی (یونیتاد) لەگەڵ کەسانی ڕزگاربوو و خانەوادەی قوربانییەکان بەشێوەیەك کار دەکات لەگەڵ ئەو یاسایە عێراقییانە بگونجێ کە لەکاتی لێپرسینەوە لە ڕێکخراوی داعش پەیوەندییان بە دەستەبەرکردنی دادپێدانانێکی تەواو بە بەرژەوەندییەکانیان هەیە.

## گەیشتن بە عێراق

ڕاوێژکاری تایبەت و تیمەکەی بۆ یەکەمجار لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٨ گەیشتنە عێراق، چونکە تیمی لێکۆڵینەوە لەو قۆناغە زووەدا لەنێو بارەگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرك دانیشتبوون. تیمی (یونیتاد) دوای دوومانگ و لە ٢٩ تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٨ بەشێوەیەکی ڕەسمی ڕەوانەی بەغدا کران و لەنێو ناوچەی سەوزی بەغدا بارەگایان بۆ تەرخان کرا.

## کارکردن لەگەڵ عێراق لە گشت ئاستەکاندا:

تیمی (یونیتاد) بە سوود وەرگرتن لەو شوێنەی لێی نیشتەجێ بوو، لەمیانی چاوپێکەوتنێکی ڕەسمی لەگەڵ چین و توێژێکی بەرفراوانی پێکهاتە هەمە چەشنەکانی ئەو وڵاتە، دەستی بە چالاکییەکانی نێو عێراق کرد، ئەمەیش وەك هەوڵی جێبەجێکردنی ئەرك و بەرپرسیارێتییەکانی بوو بەشێوەیەکی زۆر شەفاف و ڕوون. یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی وەدیهێنانی لێپرسینەوە لەپێناو قوربانییەکانی تاوانکاری ڕێکخراوی داعش و ئەو کەسانەی لەو تاوانانە ڕزگار بوون، دەستبەرکردنی گەیاندنی دەنگ و داواکارییەکانیانە لەمیانی ئەو کردەیە و ڕێزگرتن لە حەز و ویستەکانە بۆ ئەوەی ببینن بڕیار لەسەر ئاستی ئەو تاوانانە بدرێ کە دەرهەقی خۆیان و خۆشەویستانیان کراون.

لە ماوەی نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠١٨ و سەرەتای ساڵی ٢٠١٩ دا ڕاوێژکاری تایبەت و تیمەکەی لەلایەن سەرکردایەتیی سیاسیی نێو حکومەتی عێراقەوە بە هەرسێ سەرۆکایەتییەکە (سەرۆك و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ئەمینداری گشتیی ئەنجومەنی وەزیران) و سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری و وەزیری داد و وەزیری دەرەوە پێشوازییان لێ کرا، کۆی ئەو دەسەڵات و کەسایەتییانەش پاڵپشتیی خۆیان بۆ ئەرك و بەرپرسیارێتەکانی تیمەکە وکردەکانی لێکۆڵینەوە دەربڕی کە تیمە جێبەجێ دەکەن. هەروەها تیمی (یونیتاد) چاوی بە نوێنەرە گرنگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق کەوت، وەك جێگری سەرۆکی وەزیران و وەزیری ناوخۆ.

هەروەها ڕێبەرانی زۆرێك لە پێکهاتە ئایینی و نەژادییەکانی سەرانسەری عێراق، بە شیعە و سوننە و مەسیحی و ئێزیدی و کاکەیی و شەبەك و تورکمانەکەنەوە، پێشوازییەکی گەرمیان لە تیمەکە کرد.

تیمی لێکۆڵینەوە لە پاییزی ساڵی ٢٠١٨دا لە سەرانسەری عێراق چەند سەردانێکی مەیدانی ڕێکخست، بۆئەوەی هەڵسەنگاندنێکی سەرەتایی بۆ ئەو تاوانانە بکات کە لێی ئاگادارکراونەتەوە و ڕێکخراوی داعش کردوونی. سەردانەکان گوندەکانی شارۆچکەی شنگالی سەر بە پارێزگەی نەینەوا و شوێنی کۆلیژی هێزی ئاسمانی لە تکریت ( کە بە سەربازگەی سپایکەریش ناسراوە) و ناوچەی دەوروبەری ئەو سەربازگەیە و شاری موسڵیشی گرتەوە.

تیمی (یونیتاد) بە وەرگرتنی کاتێکی پێویست بۆ چوونە نێو چالاکییەکان لەگەڵ چین و توێژە هەمەچەشنەکانی عێراق، توانی جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە ناکرێ زنجیرەیەکی قووچەکی بۆ قوربانییەکان هەبێت کاتێك مەسەلەکە بەندە لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لەپێناو قوربانییەکانی نێو تاوانکارییەکانی داعش و ئەوانەش کە لەو تاوانکارییانە ڕزگاریان بووە.

## دەستکەوتە سەرەتاییەکان

تیمی یونیتاد لە ماوەی نێوان دەستبەکاربوونی لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٨ و کۆتایی ساڵی دواتردا ئەم کار و چالاکییانەی جێبەجێ کردووە:

- گەیشتن بە بەغدا- عێراق لە ٢٩ تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٨.
- بەردەوامی و دروستکردنی پەیوەندیی پتەو لەگەڵ دەسەڵاتە عێراقییەکان و دەستە و دامەزراوە ئایینییەکان و ئەو کۆمەڵانەی نوێنەرایەتیی قوربانییەکان دەکەن.
- بنەمایەکانی چوارچێوەی کارە یاسایی و کردە و هەوڵەکانی.
- دەستبەرکاربوون لە بەرنامەی شیکردنەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان.
- کردەکانی هەڵسەنگاندن و پێشکەشکردنی ڕاسپاردە و ڕێنماییەکان بۆ چاکترکردنی کاری سێکتەرەکان و ڕێکارەکانی کاری لایەنە عێراقییە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە کردەکانی دەرهێنانی ئێسکوپرووسك و شیکردنەوەی تاوانکاری جێبەجێکردووە، ئەمەیش وەك ئامادەسازییەك بووە بۆ کارە سەرەتاییەکانی لێکۆڵینەوە.
- هەروەها مەشقی بەو لایەنە عێراقییانە کردووە کە ڕاستەوخۆ تایبەتمەندن بە چالاکییە ئەزموونییەکانی دەرهێنانی ئێسکوپرووسکەکانەوە.
- سەبارەت بە چالاکییەکانیش ڕاپۆرتی یەکەمی پێشکەشی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە.

## هیواخوازی و بەرتەمایی بۆ ساڵی ٢٠١٩

ڕاوێژکاری تایبەت، لەوکاتەی بە هیواخوازییەوە بەرەو ساڵی ٢٠١٩ دەچوو، ئەم کارە لەپێشینە و سەرلیستانەی دیاری کردووە:

١. کۆکردنەوە و شیکردنەوەی بەڵگە دیکۆمێنتییەکان و دیجیتاڵییە بەردەستەکان، بە کارکردن لە میانی دانانی نەخشەیەکی سەرتاپاگیر بۆ ئەو ماددانەی لە سەرچاوە گشتییەکانەوە وەرگیراون.

٢. پێکهێنانی توانایە تەواوە کردەییەکان بۆ یەکەکانی لێکۆڵینەوەی مەیدانی، لەگەڵ هەبوونی توانای کۆکردنەوەی شایەتی و بەڵگە مادییە پێویستە تاوانکارییەکان، بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی و کەموکورتییە دەستنیشانکراوەکانی بواری سەلماندن.

٣. تەواوکردنی بەرنامەی شیکردنەوەی سەرەتایی بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان و پتەوکردن و چەسپاندنی کردە و ڕێکارە کرداری و کردەییەکان بەشێوەیەك لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان هاوتەریب بێت و بگونجێ، دروستکردنی متمانەیەکی زۆرتر لەگەڵ پێکهاتە زیانلێکەوتووەکان.

٤. پاڵپشتیکردن و پشتگیریکردنی هەوڵە خۆجێیەکان لە چوارچێوەی دادگە عێراقییەکاندا بۆ سزادانی ئەو کەسانەی سەر بە داعشن لە چەند دادگەیکردنێکدا کە لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکاندا بگونجێ.

٥. هەروەها تیمی لێکۆڵینەوە بە پاڵپشتیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و خۆجێیی و هاوبەشانی لەنێو حکومەتەکانی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان و هاوکارانی لە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە جێبەجێکردنی ئەرك و بەرپرسیارێتییە گرنگەکانیدا بەوپەڕی ورە و لێبڕان و لەخۆبردووییەوە بەردەوام دەبێت.





# ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ

عێراق بە وڵاتێکی دەوڵەمەند بە نەوت دادەندرێ و لە ڕیز و چینی ئەو وڵاتە باڵایانەدایە کە دەرامەتی تاك تیایاندا مامناوەندییە و ژمارەی دانیشتووانەکەی دەگاتە ٣٦،٤ ملیۆن کەس و سێیەکی ئەو ژمارەیەش لە ناوچە گوندییەکاندا دەژین. هەروەها کەرتی کشتوکاڵ دوای کەرتی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و بازرگانی دێت و نوێنەرایەتیی پێکهاتەیەکی بچووك بەڵام زیندووی بواری ئابووری دەکات کە بریتییە لە ٨،٦٪ی تێکڕای داهات و بەرهەمی خۆجێیی. کشتوکاڵیش تیایدا بە سێیەمین دابینکاری هێزی کار و کرێکاری و گەورەترین سەرچاوەی دەرفەتی کاری دانیشتووانی گوند دادەندرێ. ڕێژەی بێکاریش لە عێراقدا ١١٪ لەسەر ئاستی نیشتمانی ( واتا حەوت لە سەدی نێر و سێزدە لە سەدی مێینە). هەروەها نەبوونی ئاسایشی خۆراکییش لە ناوچە گوندییەکاندا ( ٥،١٪ ) دیاری کراوە و لە ناوچە شارنشینەکانیشدا ڕێژەکەی دەگاتە (١،٧٪)، بەمەیش بۆمان ڕوون دەبێتەوە ڕێژەی نەبوونی ئاسایشی خۆراکیی لە ناوچە گوندییەکاندا زۆرترە. لە ساڵی ٢٠١٢ تێکڕای هەژاری لە گوندەکاندا بە ڕێژەی ٣١٪ دیاری کرابوو، لە بەشە گەورەکانی ئەو وڵاتەشدا بەهۆی هاتنی ئاوارەکانی سەردەمی قەیرانەکە، ڕێژەکە زۆر بەرزتر بووەتەوە.

## ئالنگارییە سەرەکییەکان

زۆرێك لە جووتیاران بەهۆی ململانێ و دزی و وێرانبوونی ماڵ و خانووەکانیانەوە موڵك و ماڵی خۆیان لەدەستداوە ( چونکە زۆربەی جووتیاران بەرووبوومەکانی خۆیانیان لە ماڵەکانیان یانیش نزیك ماڵەکانیان عەنبار کرد بوو). جگە لەمانەیش،نەخۆشی و ئافاتە کشتوکاڵییەکان بەهۆی نەبوون یان کەمیی مادە لەنێوبەرەکانی مێرووە زیانبەخشەکانەوە زۆر بە سانایی و بەخێرایی بەنێو کشتوکاڵی جووتیاراندا بڵاو دەبنەوە. هەروەها زۆربەی شوێنەکانی داکردنی ئاژەڵان و ماڵاتەکان زیانیان بەرکەوتووە یانیش لەکاتی شەڕوشۆڕدا وێران بوون، ئەمەیش بەزۆری دوای ئاوارەبوون و نەمانی جووتیاران لە گوندەکانیان ڕووی داوە. دوای ماوەیەکی زۆر لە ئاوارەییش زۆرێك لەو جووتیارانەی گەڕاونەتەوە سەر ماڵوحاڵ و کۆمەڵگەکانیانەوە، بینیویانە ئاژەڵ و ماڵاتەکانیان بزربوون و شوێنی داکردنیشیان وێران بووە.

لەنێو ڕێژەی ٨،٣ ملیۆن کەس لەوانەی لە سەرانسەری عێراقدا پێویستیان بە یارمەتیی مرۆیی هەیە ، وەها مەزەندە دەکرێ ٢ ملیۆن کەس بەدەست نەبوونی ئاسایشی خۆراکییەوە بناڵێنن، چونکە زۆرینەیان ( ٧٧٪) ژن و منداڵ و کەسانی پیرن، بەو خانەوادانەشەوە کە ژنان بژێوییان بۆ پەیدا دەکەن. هەروەها تێبینیش کراوە زۆرینەی ئەو ئاوارانەی گەڕاونەتەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان بەڕاستی بەدەست نەبوونی ئاسایشی خۆراکییەوە دەناڵێنن یانیش کەوتوونەتە بەر مەترسیی ئەوەی لە ئایندەدا و لەگەڵ بەردەوامبوونی کاریگەریی نەرێییانەی ململانێ و بەهۆی نەمانی یەدەگە خۆراکییەکانیان و جۆرەها بنەما/ سەرچاوەی بەرهەم و بەهۆی بەتاڵانچوون و / زیان بەرکەوتن لەکاتی ئاوارەبوونیاندا، ڕووبەڕووی نەمانی ئاسایشی خۆراکیی ببنەوە. لەو شوێنانەش کە تازە ئازادکراون خەڵك بەردەوام پشت بە یارمەتییە مرۆییەکان دەبەستن، بەڵام بازاڕەکان جارێکی دیکە بوونەتەوە سەرچاوەی سەرەکیی خۆراك. هەروەها ژیان و جوولە کەوتووەتە نێو بازاڕەکانی ئەو ناوچانەی بە ئاسانی دەتواندرێ پێیان بگەن، نرخەکان دابەزیون و هەندێك نرخی دیکەش چەسپاون. لەگەڵ ئەمەیشدا، توانای دانیشتووان بۆ کڕینی کاڵا و مادەکان دیاریکراوە و چەند توێژینەوەیەکی پەیگیرییانە ڕوونیان کردووەتەوە میکانیزمە نەرێییەکانی گونجانیش هێشتا بەردەوامە، بە فرۆشتنی بنەمایە بەرهەمهێنەرەکان و کڕینی خۆراك بە قەرز.



## ڕۆژی جیهانیی خۆراك 2018

وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق و ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (فاو) و بەرنامەی خۆراکی جیهانی،بە یەکەوە و لەژێر چاودێریی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ لە بەغدا و بە دروشمی " کارەکانمان ئایندەمانە: دەتوانین لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠٣٠دا جیهانێکی دوور لەبرسێتی وەدی بهێنین" یادی ڕۆژی جیهانی خۆراکیان کردەوە .

(فازڵ زوغبی)ی نوێنەری ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ لە عێراقدا ڕایگەیاند و گوتی" ئەمڕۆ، ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی خۆراکەوە ئاهەنگ دەگێڕێ، بۆ ئەوەی سەبارەت بە برسێتی پەیامێکی ڕوون بە جیهان بگەیەنێ و بڵێ: خراپترین جۆرەکانی بەدخۆراکییە کە ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی دەبێتەوە، بەڵام ئامانجی دووەمی نێو لیستی ئامانجەکانی گەشەپێدانێکی بەردەوام بنبڕکردنی برسێتییە، هەر تەنیا جەنگێکی دژ بە برسێتی نییە، بەڵکو هەموو جۆرەکانی بەدخۆراکی و گەشەپێدانێکی بەردەوامی کشتوکاڵیش دەگرێتەوە". دواتریش گوتی" داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین لەپێناو سوود وەرگرتن لە توانا و میکانیزمە بەردەستەکان بەیەکەوە کار بکەین، چونکە ئەگەری بنبڕکردنی برسێتی هەیە ئەگەر هاتوو هەوڵی نێو گشت وڵات و کیشوەرەکان و کەرتەکان و شارەکان لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمی داهاتوو و تا دەگاتە ساڵی ٢٠٣٠ یەکبخرێت.

## بەرنامەی چاکبوونەوە و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان- زیندووکردنەوەی کشتوکاڵ و تۆڕەکانی ئاو

لایەنی زیندووکردنەوەی کشتوکاڵ و تۆڕەکانی ئاو و ئاودێری و بەرنامەکانی چاکبوونەوە و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان و ستراتیژی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ ساڵەکانی ٢٠١٥- ٢٠٢٥ و ستراتیژی سەرچاوەکانی ئاو و زەوییەکان لە عێراق (٢٠١٤) و ستراتیژی نیشتمانی بۆ پاراستنی ژینگەی عێراق و پیلانی کاری جێبەجێکارانە بۆ ٢٠١٢- ٢٠١٧ زۆر بەجوانی و هاوکات بەشێوەیەکی هاوتەریب لەگەڵ یەکتری ڕێ دەکەن. لەژێر سەرکردایەتیی ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵیشەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتی و یارمەتیی بەردەوام و پێویست بۆ چاکترکردنی کەرتی کشتوکاڵ دەستەبەر دەکات، ئەم کردەیەش لەمیانی زیندووکردنەوەی سیستمەکانی کشتوکاڵ و زیاتر گەشەکردنی کشتوکاڵ و هەمەجۆرکردن و دۆزینەوەی دەرفەتی کار بۆ دانانی ئاستێك بۆ هەژاری و چاکترکردنی ئاسایشی خۆراکی بەشێوەیەکی گشتی دێتەدی. هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان یارمەتیی حکومەتی عێراق دەدات، بۆ ئەوەی حکومەتیش لەلایەن خۆیەوە لە پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ نۆژەنکردنەوە و گۆڕینی ژێرخان و ئامێرەکانی ناوچە گوندییەکان و دووبارە نۆژەنکردنەوە و شیاندنەوەی تۆڕەکانی ئاوی خواردنەوە و ئاودانی گیانداران و سیستمی ئاودانی کشتوکاڵی بۆ بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و سەوزە و میوە بەردەوام بێت.



## مەسەلەی ئاو

دابەزینی ڕێژە و جۆری سەرچاوە ئاوییەکان چەندان کۆتوبەند و تەگەرەی مەترسیدار دەخاتە بەردەم تێکڕای گەشەکردنی دانیشتووان و فراوانبوونی چالاکی و کردە کشتوکاڵییەکان و بەکارهێنانە لۆکاڵییەکانی دیکەی ئاوی خواردنەوە. جا لەبەر ئەوەی عێراق وڵاتێکی ڕێژگەییە و دەکەوێتە خوار حەوزی ڕووبارییەوە، ئەوا بەرژەوەندیی ستراتیژیی عێراق تایبەت  بە سەرچاوە ئاوییەکان بەندە بە کردە و ڕەفتارەکانی ئەو دەوڵەتانەی سەرچاوەی ئەو ڕووبارانەن. جگە لەمانەیش، هەر لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٤ وە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) وەك هەڕەشەیەکی گەورە بەسەر ئاسایشی حەوزی ئاوی دیجلە و فورات خۆی نواند، بەتایبەت کاتێك هەژموون و دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەو ناوچانەدا سەپاند کە بەدرێژایی هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات هەڵکەوتوون، ئەمەیش بووە هەڕەشەیەکی گەورە و ڕاستی بەسەر ڕەوت و ڕێژگە ئاوییەکانی نێوەڕاست و باشووری عێراق. هەروەها وێرانکردنی ڕووبار و کەناڵ و بەنداو و پاڵاوتنی ئاو وێستگەکانی ئاوەڕۆی تەندروست لەلایەن داعشەوە بووە هۆی کەمبوونەوەیەکی زۆر مەترسیداری ئاو، جا لەبەر گرنگییە ستراتیژییەکەی، ئەوا کەمبوونەوەی ئاو دەبێتە هۆی دروستکردنی هەڕەشەیەکی گەورە بەسەر هەلومەرجی ژیان و گوزەران و ڕێگەکانی بژێوی مرۆڤەکان.

ڕێکخراوەکە پاڵپشتیی لە حکومەتی عێراقی دەکات بۆ ئەوەی بتوانێ لەمیانی نۆژەنکردنەوە و گۆڕینی ژێرخان و ئامێرەکانی ناوچە گوندییەکان و دووبارە شیاندنەوە و نۆژەنکردنەوەی تۆڕەکانی ئاوی پاکی خواردنەوە و ئاودانی ئاژەڵ و سیستەمەکانی ئاودێری بۆ بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و سەوزە و میوەدا، یارمەتی خەڵك بدات.

ئەمەش ئەمانە دەگرێتەوە: دووبارە شیاندنەوەی ژێرخانی زیانلێکەوتووی ئاودێری وەك کەناڵ و بەنداو و دەرگەکانی گۆڕین و پردەکان و گۆڕینی ئامێرە دزراوەکانی وەك ترومپای ئاو و موەلیدە و سیستەمەکانی ڕشاندن و دڵۆپاندن و بەشە زیندووەکانی دیکەی تۆڕەکانی ئاو لە ناوچە ئازادکراوەکان و کاراکردنەوەی سەرچاوە ئاوییەکان و ئیدارەدانی چۆنییەتیی بەکارهێنانی، بە دانوستانەکانی تایبەت بە دابەشکردنی ئاوە سنوورییەکانیشەوە.

هەروەها ئەو یارمەتییانەی ڕێکخراوەکە لە بواری پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی پێشکەشیان دەکات بەشێوەیەکی تایبەت جەخت لەسەر ناوچە ئاودێرییە سەرەکییەکان دەکات بەدرێژایی ڕووبارەکان و پاڵپشتیکردنی بەکارهێنانێکی کارای ئاوە بەردەستەکان و زیاترکردنی هۆکار و دامەزراوەکانی گڵدانەوەی ئاو وەك بەشێکی دانەبڕاوی دووبارە دەستبەکاربوونەوە لەو کردە کشتوکاڵییانەی توانای مانەوەیان هەیە و یارمەتیی عێراق دەدەن لە بواری ئاسایشی خۆراکەوە بەرەو زۆرێك لە خۆژییێنی خودی هەنگاو هەڵێنێ.



# بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان

ساڵی ٢٠١٨، ساڵی یەکەمی سەر ڕەوتی ئەو بووژانەوەیە بوو کە بەدوای سەرکەوتنی سەربازییانە بەسەر ڕێکخراوی داعش هاتەدی، سەرکەوتنەکەش بەشێوەیەکی ڕەسمی لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٧ ڕاگەیەندرا. بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشە پێدان لە کاردانەوەی هەنبەر پێداویستییەکانی دووبارە گەڕاندنەوەی سەقامگیری و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان لە ناوچە ئازادکراوەکان و کۆمەڵگە خانەخوێیەکانی ئاوارە و پەناهەندەکاندا، لە پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی حکومەتی عێراقی بەردەوام بوو. هەروەها بەرنامەکە لەمیانی یارمەتیدانی حکومەتی عێراقی بۆ چاکسازیی دامودەستگەیی و چارەکردن و نەهێشتنی ئالنگارییەکانی بەردەم گەشەپێدانێکی دوورمەودای وابەستە بە گەشەکردنێکی سەرانسەری و دەسەڵاتێکی پێگەیشتوو و لە چوارچێوەی ئامانجەکانی گەشەپێدانێکی بەردەوام و ئەجینداى ساڵی ٢٠٣٠ دا بەردەوام پاڵپشتی دووبارە بنیادنانەوەی متمانەی گشتی و پتەوکردنی بەڕێوەبەرایەتیی مەوجوداتەکانی نیشتمانی کردووە. هەروەها بەرنامەکە لە گونجاندنی ڕەوتە ستراتیژییەکەی خۆی و بەرنامەکانیدا بەردەوام دەبێت، بۆ ئەوەی بەتەواوی لەگەڵ مەسەلە لەپێشینە و زۆر گرنگەکانی نیشتمانیدا بگونجێ، چونکە ئێستاْ ئەو وڵاتە لە قۆناغی قەیرانەوە، بەرەو قۆناغی بووژانەوە و گەشەپێدانێکی بەردەوامی دوورمەودا هەنگاوی هەڵگرتووە.

بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان لە پاڵپشتیکردن و زەمینەسازی بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان بەرەو ئەو پێنج پارێزگەیە بەردەوامە کە لە دەستی داعش ڕزگارکراون، هەروەها پاڵپشتیی گەڕانەوەی پەنابەرانی سوری و جڤاکە خانەخۆییەکانی ئەو پەنابەرانەش دەکات. بەرنامەکە لە کۆتاییی ساڵی ٢٠١٨ دا ١،٦٧٢ پڕۆژەی دووبارە شیاندنەوەی ژێرخانی ئابووری و هۆکارەکانی ژیانی نێو دۆخە کتوپڕەکانی لەو ئەو ناوچانە جێبەجێکردووە کە لە ساڵی ٢٠١٥ وە ئازاد کراون. لە ئەنجامی ئەمەدا، ٥٠٢٠٠٠ لاو لە هەردوو ڕەگەزدا دەرفەتی باشتری خوێندنیان بۆ ڕەخساوە، هەروەها ژمارەی ئەو کەسانەی دەرفەتی باشتری وەدەستهێنانی خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی تەندروستییان بۆ ڕەخساوە ٧٨٠٠٠٠ کەس دەبن. ژمارەی ئەو کەسانەی دەرفەتێکی باشتری وەدەستهێنانی ئاوی پاکیان بۆ ڕەخساوە ١.٢ ملیۆن کەسن، ئەوانەش کە دەرفەتی باشتری دابینکردنی وزەی کارەبایان بۆ ڕەخساوە ١،٦ ملیۆن کەسن. نزیکەی ٢٦٠٠٠ هاووڵاتیی عێراقیش لە دۆخە کتوپڕەکاندا سوودیان لە پڕۆژەکانی ڕێگەکانی ژیان و گوزەران وەرگرتووە، هەروەها ژمارەی ئەو هاووڵاتییانەی خانوو و ماڵیان چاك کراوەتەوە، دەگەنە زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ کەس.

ئەو پڕۆژانەی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٨ دا تەواوکران بەسەر چەند کەرت و سێکتەرێکی زۆر گرنگدا دابەش بوون: (٦٠١) پڕۆژە بۆ پەروەردە وفێرکردن، (١٢٣) پڕۆژە بۆ کارەبا و (٢٣٥) پڕۆژە بۆ تەندروستی و (٢٥٧) پڕۆژە بۆ شارەوانییەکان و (١٧) پڕۆژە بۆ ڕێگەوبان و پردەکان و (٩٠) پڕۆژە بۆ ئاوەڕۆ و (١٠٤) پڕۆژە بۆ ئاو جێبەجێ کران. تەنیا لە ساڵی ٢٠١٨ شدا ١٢٠٠٠ یەکەی نیشتەجێکردن لە ڕەمادی و فەللوجە نۆژەنکرانەوە. جگە لەمانەیش لە خۆرئاوای موسڵدا دەست بە پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی ١٥٠٠٠ یەکەی نیشتەجێبوون کراوە. هەروەها ٤٨٥٨ خانەوادە کە ژنان بەڕێوەیان دەبەن و تیایدا سەرۆکی خێزانن، پارەی کاشیان پێ بەخشراوە بۆ ئەوەی بتوانن پێداویستییە سەرەکییەکانی خانەوادەکانیان دەستەبەر بکەن.

لە هەرێمی کوردستانی عێراقیشدا، (٢٤) یەکەی ژێرخانی ئابووری نۆژەنکراوەنەتەوە، ئەمەیش بووە هۆی چاکترکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بۆ یەك ملیۆن کەس و وەدیهێنانی ئەوپەڕی پێداویستییەکانی چالاککردنەوەی ئابووریی خۆجیی، ١٢١٦ دەرفەتی وەدەستهێنانی پارەپوول و دەرامەتی مادی لە بەرانبەر کارکردن ڕەخسێندراوە و(٤٨٧) کەسیش خزمەتگوزارییەکانی پاڵپشتیکردنی کارەکانیان پێشکەش کراوە و (١٩٥) کەسیش لە کەسانی گەڕاوە (ئەو ئاوارانەی گەڕاونەتەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان) لە بەرنامەکانی ڕەخساندنی دەرفەتی کار سوودمەند بوون و (٢٢٢) مەشقی تایبەت بە کاریان بۆ ڕێکخراوە.




جا وەك لایەنێکی سەرەکیی هەوڵ و کۆششەکانی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان تایبەت بە بنیادنانی هێز و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان لە عێراقدا،چالاکییەکانی یەکخستن و یەکییەتیی کۆمەڵایەتی لە عێراق لە دارشتنی یەکەمین ڕێباز و پرۆگرامی نیشتمانی جۆریدا سەرکەوتنی وەدەستهێنا، چالاکییەکەش بریتی بوو لە "بەرنامەی وەدەستهێنانی بڕوانامەی دبلۆم لە توێژینەوەکانی تایبەت بە ئاشتی و ململانێ" کە لەڕووی تایبەتمەندبوون و بێ هاوتایی لە بواری زاراوەکانی تایبەت بە ئاشتی پلەی یەکەمینی وەدەستهێنا، ئەمەیش بە پاڵپشتیی حکومەتی عێراقی و کۆمەڵگەی مەدەنی جێبەجێ کرا. بەرنامەکە پاڵپشتیی لە پێکهێنانی ٢٥ لیژنەی ئاشتیی خۆجێیی کرد کە وەك لایەنگران و پاڵپشتانی بنیادنانی ئاشتی لەنێو جڤاکە خۆجێیەکاندا خەریکی کار و چالاکین، هەروەها لەنێوان جڤاکەکاندا دەرفەتی گفتوگۆ دەڕەخسێنێ و لەپێناو دایەلۆگی نێوان جڤاکەکان و حکومەتیش زەمینەسازی دەکات. بە هاوکاری وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتیش لە ناوچە ئازادکراوەکاندا پێنج کۆمەڵەی ژنان بۆ ئاشتی پێکهێنران، مەشقی بە ٢٠٠ ژن کرد کە توێژەری کۆمەڵایەتیی بوون، ئەم مەشقەش لەپێناو پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی قوربانیانی توندوتیژیی ڕەگەزی بوو. هەروەها بەرنامەکە هەوڵ و کۆششەکانی ٥٠٠ لاوی کوڕ و کچی ڕێکخست کرد کە خۆیان نەخشەیان بۆ هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی دیجیتاڵییانەی نیشتمانی دارشتبوو و هەر خۆشیان هەڵمەتەکەیان بەڕێوەبرد، هەڵمەتەکەش بۆ هێنانەکایەی ئاشتی بوو کە گەیشتە زیاتر لە ١٢٠٠٠ کەس لەوانەی بینەر و بەکارهێنەری ئامرازەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بوون، هەروەها گەیشتە زیاتر لە ملیۆنێك بینەری کەناڵە ئاسمانییەکانی عێراق.



لە ڕووی دامودەستگەییشەوە، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان بە ئامانجی پتەوکردنی کارکردی گشتیی حکومەت، چەندان چالاکیی دامودەستگەیی جێبەجێ کرد، چالاکییەکانیش سەبارەت بە دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بوون. لەمبارەیەوە، بەرنامەی سیستمی بەڕێوەبردنی کارکردی دامودەستگەیی لە چوارچێوەی حکومەت لە هەر سێ کەرتی گشتیی وەك: وەزارەتی لاوان و وەرزش، وەزارەتی کارەبا و وەزارەتی بازرگانی بەڕێوەبرد و جێبەجێی کرد، نیازیش وایە وردە وردە فراوان بکرێ بۆ ئەوەی گشت دامودەستگەکانی دیکەی حکومەت بگرێتەوە.

هەروەها بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان لەپێناو ڕەخساندنی کەشێکی باشتر بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان، چاودێرییەکی مەرجەعی بۆ پڕۆژە ژێرخانییە کۆمەڵایەتی- ئابوورییەکانی حکومەت دەستەبەر دەکات، گوژمەکەشی وەك قەرزی یارمەتیدانی گەشەپێدەرانەی یابانی جێبەجێ دەکرێت و وەزارەتی کارەبا و هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕووی تەکنیکییەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یارمەتیی دەدەن، ئەمەیش بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی ژێرخانە بە بەهای ١٤٧





ملیۆن دۆلاری ئەمریکی، گوژمەکەشی لە لایەن ئاژانسی هاوکاریی یابانی بۆ چاکترکردنی کردەی گەیاندنی کارەبا تەرخان کراوە. بەرنامەکە لە ڕووی سیاسەتەکانیشەوە لە جێبەجێکردنی ستراتیژی پێخشستنی کەرتی تایبەت (٢٠١٤-٢٠٣٠) بۆ پاڵپشتیکردن و پتەوکردنی کەرتی تایبەتی ئابووری بەردەوام بووە، فراوانیش بووە و لە پارێزگەی کەربەلادا ستراتیژی پێشخستنی کەرتی تایبەتیی خۆجێیی گرتووەتەوە.

بەرنامەکە لەسەر ئاستی خۆجێیشدا پاڵپشتیی لە دامەزراندنی یەکەی سیستمی زانیارییە جوگرافییەکان کردووە کە لەگەڵ هەیکەلی بەڕێوبەرایەتیی پارێزگەکەدا یەکخراوە. جگە









لەمانەیش، تیمی سیستمی زانیارییە جوگرافییەکان لە کەربەلادا، بە یارمەتیی سیستمی زانیاریی جوگرافیی تایبەت بە نەخشەدانانی کەرتییانە و بەڕێوەبردنی سێکتەرەکان و نەخشەی سوود وەرگرتن لە زەوی و زارەکانەوە و بۆ دروستکردنی بڕیار، ئامادەکاریی بۆ سیستمی پاڵپشتیی تەواو کردووە .

هەروەها بۆ قووڵکردنەوە و پتەوکردنی هاوبەشی لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەمەبەستی توانادارکردنی پارلەمان بۆ بەڕێوەبردنی لێپرسراوی کاروبارەکانی بواری یاسادانان و چاودێریکردنێکی نوێنەرایەتییانەی باشتر، لە ساڵی ٢٠١٨ دا یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتن واژۆ کرا. هەر ڕاستەوخۆش دوای واژۆکردنەکە، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان بۆ بنیادنانی تواناکان چەند بەرنامەیەکی دەرکرد کە گشت ئەندام پارلەمانەکانی بە ئامانج گرتبوو و بۆ ئەوەی سەبارەت بە بنیادنانی ئاشتی و دادپەروەری و کردە دامودەستگەییەکان و کردەکانی یاسادانان و چاودێریکردنی مافەکانی مرۆڤ و یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەز و ئامانجەکانی گەشەپێدانێکی بەردەوام و پەیوەندییەکانی ڕاگەیاندن، زانیاریی پێویستییان پێ ببەخشێ. هەروەها بەهەمان ئاستی گرنگ، لەپێناو پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی ڕۆڵی چاودێرییانە و ئاوێتەکردن و تێوەئاخنینی مافەکانی مرۆڤ و یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەز و ئامانجەکانی گەشەپێدانێکی بەردەوامی کردەی یاسادانان، چەند هەوڵێکی وەگەڕخست.

حکومەتی عێراقی و بە پاڵپشتیی هونەری و تەکنیکییانەی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان و وەك بەشێك لە هەوڵە نوێیەکانی بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە کەرتی گشتیدا، چەند ڕاوێژێکی نیشتمانیی تایبەت بە دارشتنی ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی (٢٠٢٠-٢٠٢٤) بەپێی چەند پێوەرێکی نێودەوڵەتی بەڕێوەبرد، هەروەها جگە لە ئاماژە و سیگنەڵی نیشتمانیی بۆ گەندەڵی کە یەکێکە لەو سیاسەتە داهێنراوانەی لە کۆریا وەرگیراون و بە ئامانجی هاندانی ئەو دەستپێشخەرییانەیە کە بەشێوەیەکی خودی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و لە ڕەگەوە دەرکێشانی کردەکانی گەندەڵی لە کەرتی گشتیدا پێشخراون، ئەمەیش لەمیانی بەخشینی مۆرکێکی دامودەستگەییە بە میکانیزمی ساڵانە بۆ فێربوون و پێڕاگەیاندنی خودی کە لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا مورکێکی بەرنامەداری هەیە.

هەروەها بەرنامەکە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانی حکومەتی عێراقیی تایبەت بە کەرتی ئاسایش، ڕاوێژ و یارمەتیی هونەری پێشکەش کردووە، یارمەتی و ڕاوێژەکەش لەمیانی هاوبەشییەکی بەردەوام و بێ پچڕان بووە لەگەڵ نوسینگەی ئاسایشی نیشتمانی و هەماهەنگی کردنی گشتی لەلایەن هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەوەی پاڵپشتی لە هەوڵەکانی چاککردنی کەرتی ئاسایش بکرێ کەوا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە خراوەتەگەڕ. پێشکەشکردنی پاڵپشتی و هاوکاریی تەرخانکراوی بواری دادپەروەریی و بواری تاوانکاری و جێبەجێکردنی یاسای پێشکەشکردنی ڕاوێژ و پاڵپشتیی وەزارەتی ناوخۆ و بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری پۆلیس و ئەنجومەنی دادوەریش گرتەوە، ئەمەیش لەپێناو ئامادەکردن و جێبەجێکردنی نەخشە ڕێگەی ئۆرگانی پۆلیسی خۆجێیی و ڕێکارە نموونی و یەکگرتووەکانی کاری لێکۆڵینەوەی تاوانکاری و ڕێکخستنی ١٣ خولی مەشقی و ئاراستەکاری تایبەت بە پۆلیس بوو، هەروەها پاڵپشتیی ٩ ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیی نێو ناوچە ئازادکراوەکان و چەندان ڕێکخراوی دیکەی نێو ناوچەکانی دیکەش لایەنێکی دیکەی ئەو یارمەتییە بوو کە بۆ پتەوکردنی سەلامەتیی کۆمەڵگە پێشکەش کراوە. هەروەها ئەو پاڵپشتی وهاوکارییەی بۆ چاودێری ولێپرسینەوەی دیموکراسییانە تەرخان کرا، بووە هۆی دارشتن و نوسینی پێڕەوی نێوخۆی لیژنەی نوێنەرایەتیی ئاسایش و بەرگری، دواتریش لە شوباتی ساڵی ٢٠١٨ دا بڕیاری لەسەر درا و پەسند کرا. بەرنامەکە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژ بە ژنان لە هەرێمی کوردستان لە کار و هەوڵەکانی خۆی بەردەوام بوو، بۆ ئەوەی کارامەیی و شارەزایی فەرمانبەر و کارمەندەکانیان زیاتر ببێت کە ژمارەیان ٢١١ کەسە لە بواری پاڵپشتیکردنی ئەو ژنانەی لەدەست توندوتیژیی ڕەگەزی جۆری کۆمەڵایەتی و توندوتیژی سێکسیی نێو ململانێیەکان ڕزگار بوون، ژمارەی ژنانی سوودمەند لەو خزمەتگوزارییانە ٩٤٣ ی ژنی ئاوارە بوون.

بەرنامەکە لە نیوەی ساڵی ٢٠١٨ دا گەورەترین و بەرجەستەترین بەرنامەی جێبەجێکرد کە لە لایەن یەکییەتیی ئەوروپاوە گوژمەی بۆ تەرخانکراوە و بۆ گەشەپێدانی ناوچە خۆجێیەکانە، جێبەجێکردنی بەرنامەکەش دوای سێ ساڵ و نیو








لە هەوڵی پتەوکردنی حوکمێکی باش لە عێراقدا چووبووە واری کردارییەوە. بەرنامەکە لەمیانی چاکترکردنی نەخشەدانانی کەرتییانە بۆ کردەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی- ئابووری خۆجێیی و کردەکانی جێبەجێکردنی لە سەرانسەری عێراقیدا، لە پاڵپشتیکردن و هاوکاریکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و وەدیهێنانی توانای جێبەجێکردنی هاوسەنگیکردن بەشداربوو. بۆ پێشکەشکردنی ڕێنمایی سەبارەت بە نەخشەدانان نزیکەی ٤٠ پلان و ستراتیژ و ڕێباز و بەڵگەنامە ئامادەکران، زیاتر لە ٧ میکانیزمی بەشدارییە داهێنراوەکانی کۆمەڵگە خۆجێیەکانیش تاقی کرانەوە، بەتایبەتیش بەرنامەی چاککردنەوە و گەشەپێدانی شارستانییانەی ستراتیژیی تایبەت بە شاری ڕەمادی وەك یەکێك لە هەشت سەرلیستەکە دەستەبەرکرا کە وەك بەشێك لە پلانی گەشەپێدانی نیشتمانیی عێراقی ٢٠١٨ – ٢٠٢٠ جێبەجێ دەکرێ، هەروەها ستراتیژییە شارستانییەکانی پارێزگەکانیش بەو پلانە بەسترانەوە و هاوپێچ کران. لەسەر ئاستی لۆکاڵیشدا، هەزاران ژن و کچ و کوڕی لاو سوودیان لە چالاکییەکانی تواناداركردن و بنیادنانی توانایە خۆجێیەکان وەرگرت.

سەبارەت بە گشتاندنی ڕەچاوکردنی ڕوانگەی ڕەگەزییانە، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان لەمیانی چەند دەستپێشخەرییەکی تایبەت بە چەند پرس و ڕووداوێکی دیاریکراو، چەند هەنگاوێکی پێشکەوتووانەی هەڵێنا بۆ ئەوەی ڕوانگەی ڕەگەزییانە بخاتە نێو کاروانی گەشەپێدانی عێراق. یەکێك لە گرنگترین لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە سەربردە و چیرۆکی ئەو ژنانە بەڕێوەبرد کە لە تاوانەکانی توندوتیژیی ڕەگەزی ڕزگاریان بووە، بەو سیفەتەی یەکێکە لەو سەرچاوە واقیعییانەی پێویستی بە پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی چاودێریی کۆمەڵایەتی و سیاسەتە ڕاگوزەرەکانی دادپەروەرییەوە هەیە.

بەرنامەکە پاڵپشتی لە دامەزراندنی "سەکۆی ژنان لەپێناو عێراقێکی سەقامگیر و سەوز"دا کرد، بۆئەوەی لەهەنبەر کارەساتە سرووشتییەکان و ئالنگارییە ژینگەییەکان، ئایندەیەکی دوور لە مەترسی بۆ گشت هاووڵاتییان دەستەبەربکرێ، ئەو سەکۆیەش ببێتە ئەڵقەی بەیەکتری بەستنەوەی تیمەکانی تایبەت بە کاروباری ڕەگەزی و جیهان.

بەرنامەکە بۆ پاڵپشتیکردنی کردەی بەجێهێنان و جێبەجێکردنی ئامانجە بەردەوام و دوورمەودایەکانی گەشەپێدان، پاڵپشتیی حکومەتی کرد بۆ ئەوەی نەخشەڕێگەی جێبەجێکردنی خشتەی کارەکانی




ساڵی ٢٠٣٠ دابڕێژێت، هەروەها لەپێناو گشتاندنی ئامانجەکانی گەشەپێدانێکی بەردەوام و دوورمەودای نێو چوارچێوەی پیلانی نیشتمانی، یارمەتیی و پاڵپشتیی خۆیشی پێشکەش کرد، لەوانە پلانی گەشەپێدانی نیشتمانی (٢٠١٨-٢٠٢٢). کردەی سازاندن و نزیککردنەوە دەریخست ڕێژەی ٧١٪ ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام و دوورمەودا ( تەنیا ئامانجەکانی هۆکارەکانی جێبەجێکردن نەبێت) هاوشێوەی ئامانجەکانی گەشەپێدانی نیشتمانیی ساڵی (٢٠١٨-٢٠٢٢) ە. بەهەمانشێوەش دەبینین ئەو ئامانجانەی لە ساڵی ٢٠٢٠ لە بۆچوون دونیابینیی هەرێمی کوردستاندا ڕەچاوکراون، بەڕێژەی ٧١٪ هاوشێوەی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوامن. ئەم وێچکوون وهاوشێوەییەش لە قۆناغێکی یەکلاکەرەوە دێت کە تیایدا عێراق بۆ جاری یەکەم لە کۆڕبەندێکی باڵای سیاسیی ساڵی ٢٠١٩ دا تاوتوێکاری و لێوردبوونەوە خۆبەخشییە نیشتمانییەکانی پێشکەش دەکات.

بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان لەپێناو ڕەخساندنی کەشێکی گونجاو بۆ ئەو پڕۆژە بازرگانییانەی لاوان بەڕێوەیان دەبەن، هەر لە ساڵی ٢٠١٥ دا بۆ چاکترکردنی ژینگەیەکی سرووشتیی ڕێکخستنی پڕۆژەکان لە عێراق، بەرنامە پڕ لە تەما و داهێنراوەکانی فراوان کردووە و تیایدا جەختی لەسەر بنیادنانی توانای لاوانی سەرانسەری ئەو وڵاتەدا کردووەتەوە و پەیوەندیی نێوان ئەو گەنجانە و لایەنە پەیوەندیدارەکانی نێو سیستمە ژینگەییەکەی فەراهەم کردووە (مەبەست دامودەستگە حکوومی و نا حکومییەکانە). بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٨ لەچوارچێوەی بەرنامەی سەرکردایەتیی گەنجان ( داهێنان بەمەبەستی ئامانجەکانی گەشەپێدانێکی بەردەوام)، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان لە کۆکردنەوەی سێ ڕێکخراوی لاوان و یەکییەتیی بانکە ئەهلییەکاندا سەرکەوتنی وەدەستهێناوە، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی بەردەوامیان لەنێوانیاندا دروست بکات و مەشقی زیاتر لە ٣٦٠ کەسی مەشقپێکراو ( ٤٠٪ کچانی لاون) بەڕێوەببات، ئەمەیش بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بەو یارمەتییە مادییانە دەبەست کە کەرتی تایبەتی پێشکەشی دەکردن.



**بەشێکی گرنگی کار و پرۆژەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە ژینگەی عێراق لە ساڵی ٢٠١٨ دا بریتی بوو لە یارمەتیدانی عێراق و هاوبەشان بۆ چارەسەرکردنی ئەو وێرانییە مەترسیدارەی کە بەهۆی ململانێ لەگەڵ داعش دروستببوو**

# بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە

## چەند زانیارییەکی سەرەکی

باکوور و خۆرئاوای عێراق بەهۆی وێرانکردنێکی سیستماتیك و بەرنامە بۆدارێژراو و بەرفراوان و تاڵانکردن لەسەر دەستی داعشەوە، هەروەها بەهۆی هێرشە ئاسمانییەکان و کردە سەربازییەکانی ڕزگارکردنی ئەو ناوچانەوە، دووچاری وێرانبوونێکی بەرفراوانی ژێرخانی مەدەنی و پیشەسازی بوونەوە. ڕێژەی داروپەردووی ئەو ململانێیە لە مووسڵ بە ١١ ملیۆن تەن خەملێندراوە- ئەمەیش بریتییە لە سێ هەندەی هەرەمی گەورەی جیزە یان چوار هێندەی تاوەری ئیڤل.

هەروەها بەرنامە و سیاسەتی زەویی سووتاو کە لەلایەن داعشەوە جێبەجێ دەکرا و بەشێوەیەکی تایبەت پیشەسازیی نەوتی بە ئامانج گرتبوو، بە تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوەی کردە و هێرشە تیرۆرستییەکانی داعش دادەندرا. ئەو هەژدە بیرە نەوتەی لە گەیارە داعش ئاگری تێ بەردان و ماوەی ٩ مانگ درێژەی کێشا، دووکەڵێکی ڕەشی چڕی دروستکردبوو کە ماوەی چەندان مانگ بەری خۆری گرتبوو و خەڵکی ناوچەکە ناویان لێنابوو " زستانی داعش". نەوت وەك لافاو بە شەقامەکانی شارەکەدا دەهات و ژوورەوەی ماڵەکانی بە چینێکی ڕەش داپۆشتبوو.

ئەو ڕێکخراوە تیرۆرستییە لە بەنداو و سیستمەکانی ڕووباردا تەقەمەنی و بۆمبی چێندراوی لە بەرزاییەکانی فورات و خۆرئاوای  عێراق دانابوویەوە بۆ ئەوەی ناوچەکان نوقمی ژێر ئاو بکات و  و ڕێگری لە جوولە و هاتووچووی هێزە حکوومییەکان بکات و ئاو ببڕێت و زیان و زەبری کوشندە بە ژیانی جووتیاران و زۆنگاوەکانی نێوان دوو ڕووبار و ناوچەی ڕێژگە بگەیەنێ.

جا بەپێی نێردە و شاندەکانی بەدواداچوونی ڕاستییەکان لەو ناوچانەی ململانێیەکە کاریگەریی لێکردبوون، هەروەها بە ڕاوێژکردن لەگەڵ هاوبەشەکان، هەوڵ و کۆششەکانی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە لە عێراق ئامانجی پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی عێراق بوو بۆ چارەسەرکردنی دوو بواری زۆر لە پێشینە و سەرلیست: ١) هەڵسەنگاندنی ئەو شوێنانەی بە نەوت پیسبوون و دواتریش پاککردنەوەیان. ٢) مامەڵەکردن لەگەڵ داروپەردووەکان و دووبارە بەکارهێنانەوەیان.

## ئەو شوێنانەی بە نەوت پیس بوون

بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە، بۆ بەهێزکردنی توانای شارەزایانی هەردوو وەزارەتی ژینگە و نەوت زنجیرەیەك وێرکشۆپی مەشقییانەی بەڕێوەبرد، ئەمەیش بۆ جێبەجێکردنی کردەکانی هەڵسەنگاندنی شوێنە پیسبووەکان بوو. سندووقێکیش ڕادەست کرا کە ئامێرێکی دەستییانەی تیادا بوو بۆ شیکردنەوەی مادە هایدرۆکاربۆنییەکان بەکار دەهات، هەروەها بۆ پاڵپشتیکردنی هەڵمەتی ڕووپێوی ئەو شوێنانەی بە نەوت پیس ببوون، چەند ئامرازێکی وەرگرتنی نموونە و ئامێرەکانی خۆپارێزیی کەسی درانە وەزارەتی ژینگە. جگە لەمانەیش، پێداویستییەکانی توانا دەستگەیی و دامەزراوییەکان بۆ زانینی ئاستی توانای وەزارەتی ژینگە بۆ سەرپەرشتیکردنی کارکردنی ژینگەیی لە کەرتەکانی نەوت و غاز دا هەڵسەنگێندران.

تیمێکی هاوبەش لە شارەزایانی هەردوو وەزارەتی ژینگە و نەوت بە ڕاوێژی هونەریی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە، لەو پارێزگەیانەی پێشتر ڕێکخراوی داعش داگیری کردبوون- بە شاری نەینەوا و سەڵاحەدین و کەرکووك و دیالەشەوە- بۆ ڕووپێوکردنی ئەو ناوچانەی بە نەوت پیس ببوون، هەڵمەتێکی مەیدانییان دەستپێکرد. نزیکەی ٢٠ شوێنی زۆر پیسیان دەستنیشان کرد. هەروەها لەپێناو بەڕێوەبردنی کردەی شیکردنەوەیەکی دوورودرێژ و پوخت بۆ ئەو ناوچانەی سەرلیست و لەپێشینەن، هەروەها بۆ دانانی پلانەکانی پاککردنەوە، چاو بە ئەنجامەکانی ڕووپێوەکەشدا دەگێڕدرێتەوە. ئەم کارە بە هاوبەشی لەنێوان بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە و بەرنامەی نەرویژی لەپێناو گەشەپێدان بە ئامانجی بەهێزکردنی توانا نیشتمانییەکانی حکوومەت لە بواری ئیدارەدانی ژینگە لە کەرتی نەوت و غازدا ڕاپەڕێندرا.

## مامەڵەکردن لەگەڵ داروپەردوو و دووبارە بەکارهێنانەوەیان

لە شاری مووسڵدا توێژینەوەیەك سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی داروپەردوو و پاشماوەی داڕووخاو بەڕێوەچوو، سیناریۆیە بەگەڕخەرەکانی ئیدارەدانی داروپەردووش بۆ یارمەتیدان لە وەرگرتن و دەرکردنی بڕیار لایەنێکی دیکەی ئەو کارە گەورەیە بوو. ئەم هەڵسەنگاندنەش بەهاوکاریی لەگەڵ شارەوانیی




مووسڵ و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نشینگە مرۆییەکان و ڕێکخراوی مامەڵەکردن لەگەڵ داروپەردو و پاشماوەی کارەساتەکان- کە ڕێخکراوێکی تایبەت بە ێ مامەڵەکردن لەگەڵ داروپەردووە- بەڕێوەچوو. دوای ئەمەیش لە زانکۆی موسڵدا چەند وێرکشۆپێکی ڕاوێژکارییانە ڕێکخران، بوونە یانەیەکی کۆکەرەوەی کەرتێکی زۆر و چەندان لایەنی تایبەتمەندی پسپۆڕ بۆ ئەوەی بۆ یەکەمین جار سەبارەت بە گفتوگۆکردن لەسەر ئالنگاری و دەرفەتەکانی ئیدارەدانی داروپەردوو لەگەڵ یەکتریدا کۆببنەوە. لە کۆتاییدا وێرکشۆپەکە بە بڕیارێکی شارەوانیی مووسڵ سەبارەت بە پێکهێنانی لیژنەی بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی داروپەردوو کۆتایی بەکارەکانی هێنا بۆ ئەوەی پلانی چاککردنەوە و خۆدەربازکردن لە داروپەردووەکان لەسەر ئاستی شارەکەدا دابندرێ.

هەروەها لە زانکۆی ئەنباریش بە هاوکاری لەگەڵ پارێزگەی ئەنبار و وەزارەتی ژینگە وێرکشۆپێکی هەرێمی بۆ ئیدارەدانی داروپەردوو ڕێکخرا و شارەوانییەکانی ٥ لەو شارانەی گرتەوە کە لە خۆرئاوای عێراقدا زیان و زەبری گەورەیان بەرکەوتبوو. دوای وێرکشۆپەکەش دەسەڵاتە خۆجێیەکان لە ڕومادی چەند شوێنێکیان دەستنیشان کرد کە دەکرێ بۆ تاقیکردنەوەی دامەزراندنی مەڵبەندی دووبارە بەکارهێنانەوەی داروپەردووەکان سوودیان لێ وەربگیرێ.

بەرنامەی وەدیهێنانی سەقامگیریی سەربە بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشە پێدان و ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ، چەند دەستپێشخەرییەکی زۆر پێشەنگانەیان بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەی داروپەردووەکان لە موسڵدا کردووە، ڕاوێژی هونەریشیان لە بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە وەرگرتووە. جگە لەمانەیش، چەند بنەمایەکی ئاراستەکارانەی هونەری بۆ ئیدارەدانی ژینگە لە مەڵبەندەکانی دووبارە بەکارهێنانەوەی داروپەردووەکان لەگەڵ وەزارەتی ژینگە و شارەوانیی مووسڵدا دانراون. جا لەژێر تیشکی گرنگیدانی زیاتر بە فراوانکردنی چوارچێوەی دووبارە بەکارهێنانەوەی داروپەردووەکان لەشارە وێرانکراوەکانی دیکەدا کە بەهۆی ململانێی هەنبەر داعش وێران بوون، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە سوود لە ئەزموونی مووسڵ وەردەگرێ و لە پاڵپشتکردنی دەسەڵاتە خۆجێیەکانی هەردوو پارێزگەی ئەنبار و کەرکووك بۆ دیاریکردنی بژاردە سوودبەخشەکان- لە ڕووی تێچوو و خەرجی بۆ بەڕێوەبردن و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئالنگارییانەی لە بواری داروپەردووەکاندا ڕووبەڕووی دەبنەوە- هەمان ئەزموونی مووسڵ دووبارە دەکاتەوە.

## پتەوکردنی هاوکاریی سنووربڕ سەبارەت بە زۆنگاوەکانی نێوان دوو ڕووبار

نێردە و شاندێکی ڕاوێژکاری بۆ ڕێککەوتنی ڕامسار نێردران کە تایبەت بوون بە زەوییە تەڕەکان، لەو ڕێککەوتنەدا نوێنەرانی ئیران و عێراق لەپێناو تاوتوێکردنی چەند پرسێکی تایبەت بۆ زۆنگاوە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو وڵات لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٧ کۆبوونەوە، لە دانیشتنەکەدا دەرفەتەکانی هاوکاری بۆ پاراستن و ئیدارەدانێکی بەردەوام تاوتوێ کران. بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە بە هاوکاریی لەگەڵ ئەمانەتی ڕێککەوتنی ڕامسار و یارمەتیدەری فەراهەمکردنی نێردە سنووربڕەکە بوو کە بریتی بوو لە چەند سەردان و وێرکشۆپێك بۆ هەر یەکە لە عێراق و ئیران. هەروەها وەك هەنگاوی یەکەمی پتەوترکردنی هاوکارییە سنووربڕەکە، شارەزایانی هەردوو وڵات لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٨دا دەستیان بە ژماردنی باڵندە ئاوییەکانی نێو زۆنگاوەکانی حوێزە- ئەلعەزیم کرد. هەروەها بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە بە هۆی مانگە دەستکردەکانەوە لەنێوان مانگی حوزەیران و ئابی ساڵی ٢٠١٨دا چاودێریی هەڵگیرسانی ئاگرێکی گەورەی نێو زۆنگاوەکانی حەوێزەی کرد کە دەکەوێتە سەر سنووری کۆماری ئیسلامیی ئێران ، ئەمەیش وای لە حکوومەتی عێراق کرد داوای بەردانەوەی ئاوی زیاتر لەو وڵاتانە بکات کە بە سەرچاوەی هەڵقوڵانی ئاوەکانی عێراق دادەندرێن، تاکو لەلای سەرچاوەکانەوە ئاوێکی زیاتر بەردەنەوە بۆ ئەوەی لە کوژاندنەوەی ئاگرەکەدا یارمەتیدەر بێت.

## یارمەتیدانی عێراق بۆ کاردانەوە لەهەنبەر ڕووداوی مرداربوونەوەی بە کۆمەڵی ماسییەکان

لە دوای ڕووداوی مرداربوونەوەی بەکۆمەڵی ڕێژەیەکی زۆری ماسییەکان لە ڕووباری فورات و لەنێو پارێزگەی بابل- ٧٠ کیلۆمەتر لە باشووری بەغدا- لە تشرینی یەکەم- تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٨ ڕووی دا و تیایدا زیانێکی گەورە بەو کەرتە گەیشت، وەزارەتی تەندروستی و ژینگە داوای یارمەتییەکی بەپەلەیان لە بەرنامەی ژینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد بۆ دیاریکردنی هۆکاری ئەو مردنە بەکۆمەڵە. بەرنامەکەش لە چەند تاقیگەیەکی دانپێدانراوی سویسریدا- کە بەشێوەیەکی نێودەوڵەتی ددانیان پێدا نراوە- زۆر بەخێرایی تاقیکردنەوەیەکی تاقیگەیی سەرانسەری بۆ ماسییەکان و نیشتەنییەکان و ئاوەکان و ئالیکی ماسییەکان کرد، بۆ ئەوەی بگاتە چەند هۆ و سیگنەڵێکی میکرۆبی و کیمیایی. ئەنجامی شیکارییەکانیش هۆی سەرەکیی مردنی بەکۆمەڵی ماسییەکانیان دەستنیشان کرد.

# رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان

# مەدینە

## لە پەنابەرێکەوە بۆ سەرچاوەی ئیلهامی خەڵکانی دیکە

**دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان ، بۆ تواناداركردنی ژنانی پەنابەر و يارمەتیدانیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئالنگارییەکان بەرنامەی "دەستگیرۆیی" بەڕێوەدەبات**



کاتێك مەدینە مووسا لە ساڵی ٢٠١٨ دا لە باکووری خۆرئاوای سووریا لە ئان و ساتی تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ بوو ، کۆی ئەو شتانەی خەونی پێیانەوە دەبینی پەیداکردنی کارێکی باش و یارمەتیدانی خانەوادەکەی بوو لە ڕێگەی وەدەستهێنانی بژێوییەوە.

بەڵام خەونەکانی مەدینە بەهۆی تێکچوونی باروودۆخی ئەمنیی ناوچەکەیەوە وردوخاش بوو، وەك خۆی دەڵێ: دوای چەند هەفتەیەك لە دەرچوون و تەواوکردنی خوێندن لە زانکۆی دیمەشق دۆخی ئەمنی ناوچەکەی بەهۆی بۆمبابارانی فڕۆکەی جەنگیی سەر بە هێزی ئاسمانیی سوورییەوە دژوارتر بووە

بۆیە خۆی و خانەوادەکەی ناچار دەبن لە شارۆچکەکەیان -قامیشلی- هەڵبێن کە دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای سووریا، بۆ ئەوەی شوێنێکی بێ مەترسی بدۆزنەوە. ئیدی بڕیار دەدەن لە سنووری عێراق بپەڕنەوە. مەدینە خەونی ئایندەیەکی گەشی لێ بووە دێوەزمە و تاکە خەونی لە خێوەتگەی باسرمەی باکووری خۆرئاوای عێراقدا گەڕان بوو بەدوای ئاسایش و وەدیهێنانی پێداویستیە سەرەکییەکانی ڕۆژانە، هەروەک دۆخی زۆربەی ئەو پەنابەرە بێدەرەتانانەی هیچ چارە و ڕێگەیەکیان لەبەردەمدا نەماوەتەوە.

مەدینە، خۆشبەختانە توانی لە ڕێکخراوی توانادارکردنی ژنان لە هەولێر کارێکی دەستکەوێ، دواتریش بووە هاوبەشی دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان و لە بەرنامەی " دەستگیرۆیی" دەستبەکاربوو کە لەلایەن یەکییەتیی ئەورووپاوە پاڵپشتیی لێ دەکرێت و جەخت لەسەر " پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ژنان و کچانی سوری و کۆمەڵگە خانەخوێیەکانی نێو عێراق و ئوردن و تورکیا دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان".

سندووقی " دەستگیرۆیی" هەر لە کاتی دامەزراندنی لە ساڵی ٢٠١٤دا توانیویەتی ١،٥ ملیۆن یۆرۆ وەدەستبێنێ، ئەمەیش بریتییە لە هاوبەشی و بەشدارییەکانی ٢٢ دەوڵەتی ئەندام لە یەکییەتیی ئەورووپا و تورکیا بۆ پاڵپشتیکردنی زیاتر لە دوو ملیۆن پەنابەری سووری و کۆمەڵگە لۆکاڵییەکانی تورکیا و لوبنان و ئوردن و عێراق و خۆرئاوای بەلقان و ئەرمینیا. سندووقی یەکییەتیی ئەورووپی " دەستگیرۆیی" یارمەتیی پەنابەرانی سووری و کۆمەڵگە لۆکاڵییەکان دەدات بۆئەوەی بەشێوەیەکی باشتر دەرفەتی پەروەردە و فێرکردن و کار و چاودێریی تەندروستی و ئاو و خزمەتگوزارییەکانی پاراستنیان بۆ فەراهەم بکرێ. هەروەها سندووقی "دەستگیرۆیی" لە خولقاندنی کۆمەڵگەیەکی بەهێزتر و پتەوتر بەشدارە، بەشێوەیەکی تایبەتیش جەخت لەسەر منداڵان و گەنجان و ژنان دەکاتەوە.

مەدینەش یەکێکە لەو کەسانەی سوودیان لە بەرنامە و خزمەتگوزارییەکانی " دەستگیرۆیی" وەرگرتووە کە بریتییە لە دەرفەتەکانی پەیداکردنی بژێوی و تواناداربوونی ئابووری و پاڵپشتیکردنی یاسایی و دەروونی- کۆمەڵایەتی.

بەشداریکردنی مەدینە لە " دەستگیرۆیی" دا نەک هەر تەنیا هیوای پێ بەخشی بارودۆخە ناهەموار و دژوارەکەی چاک بکات، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساند یارمەتیی ژنان و منداڵان و خانەوادە پەنابەرەکانیش بدات. ئەو سەرکەوتنی لەوەدا وەدەستهێنا ئاڵنگاری و کۆسپەکانی بەردەمی بکاتە دەرفەتێک کە بۆ خەڵکی دیکە بووە سەرچاوەی ئیلهام.

" من لەو کەسانە نیم کە بە ئاسانی چۆک دادەدەن و تەسلیم دەبن. کاتێک دەبینم دایکم و ئەندامانی دیکەی خانەوادەکەم بەدەست دۆخی ناهەموارەوە دەناڵێنن، دەمەوێ بەهەر هۆکارێکی بەردەست یارمەتییان بدەم"، ئەمە ئەو قسەیەی مەدینە بوو کە بەوپەڕی متمانە بەخۆبوونەوە لە نوسینگەی توانادارکردنی ژنان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا کردی کە وەك زۆرێك لە ناوچەکانی دیکە باوەشی بۆ ژمارەیەکی زۆری ئاوارەی عێراقی و ئەو پەناهەندە سوورییانە کردووەتەوە کە لەدەست خوێنڕێژی و کارە توندوتیژەکانی ناوچەکانی خۆیان هەڵاتوون.

عێراق نزیکەی ٢٥٠٠٠٠ پەناهەندەی سوری لە باوەش گرتووە و ئێستا تیایدا دەژین.

جا وەك بارودۆخی زۆربەی پەنابەران و بەتایبەتیش ژنان، وەدەستهێنانی کار و پیشەیەك یەکێك بووە لە گەورەترین و دژوارترین کۆسپ و ئاڵنگارییەکانی بەردەم مەدینە.

مەدینە گوتی" من نەمتوانی بڕوانامەی دەرچوونم لە زانکۆ وەدەستبێنم، چونکە ڕووداوەکان ڕاستەوخۆ دوای دەرچوونم لە زانکۆ زۆر بەخێرایی هاتنە پێشێ. من بۆ وەدەستهێنانی ئەم پیشەیە کارتی ناساندنی زانکۆییم بەکارهێنا ". دواتریش گوتی کە " توانیویەتی بەمە بەسەر یەکەمین کۆسپی سەرەکیدا زاڵبێت. لەگەڵ ٢٠ کەسی دیکە هەڵبژێردرا- کە ١٠ ژن و ١٠ پیاو بوون- بۆ ئەوەی لە خێوەتگەکەدا کار بکەن. دەستی بە مەشق کرد و دواتریش وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی کاری کردووە و پاشانیش لە ڕێکخراوی یونیسێفدا وەك وانەبێژی بواری توانادارکردنی ژن کاری کردووە.

دواتریش لەگەڵ دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان لە چەند پرۆژەیەکدا کاری کردووە کە بریتین لە توانادارکردنی ژنان و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی ڕەگەزی و مەشقکردن بە ڕاهێنەرانی دیکەی نێو خێوەتگەی پەنابەران لە باسرمە و کەورگۆسکی هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

هەروەها ڕێکخراوەکە بە یارمەتیی سندووقی " دەستگیرۆیی" کە دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان بەڕێوەی دەبات، توانیویەتی توانا بە ژنان ببەخشێ چەند پرۆژەیەك بەڕێوەببات کە بریتین لە خولەکانی بەرگ دروی ژنان لە هەردوو خێوەتگەدا و چەند وانەیەکیش دەڵێتەوە و چەندان چالاکیی دیکەش بەڕێوە دەبات کە ئامانجیان بانگەشەکردنە بۆ بەرەنگاربوونەوەی شووکردنی کچانی ناکام و زوو شووکردن و توندوتیژیی ڕەگەزی.

ڕێکخراوەکە لەگەڵ سێ ڕێکخراوی دیکەی هاوبەشی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان، خۆیان بۆ پرۆژەی تایبەت بە " پتەوکردنی توانای ژنانی پەناهەندەی سوری و کۆمەڵگە خانەخوێیەکانی عێراق بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ قەیرانەکان" بەڕێوە دەبەن، ئەمەیش بە ئامانجی دەستەبەرکردنی توانای ژنان و کچان و کۆمەڵگە لۆکاڵییەکانیانە بۆ ئەوەی بتوانن ڕووبەڕووی ململانێ و ئاوارەیی و قەیرانەکانی دیکە ببنەوە. ئەم پرۆژەیە لە سێ شوێنی پارێزگای هەولێردا جێبەجێ دەکرێ و ئامانجی سوود گەیاندنە بە ژن و کچە پەناهەندەکانی سوریا و کۆمەڵگە خانەخوێیەکانیان لە باسرمە و کەورگۆسك و شاری هەولێر (ئەو شارەی مەدینە کاری تیا دەکات).

بەپێی قسەکانی مەدینە، مەشقکردن لەسەر بەرگدرویی و دروستکردنی جلوبەرگ کە لەلایەن سندووقی "دەستگیرۆیی" جێبەجێ دەکرێ، توانای بە ژنانی پەناهەندە بەخشیوە تاکوو بۆ باشترکردنی گوزەرانی خانەوادەکانیان کاریان دەستکەوێ، ئەمەیش وای لە هەندێك پیاوی پەناهەندە کردووە بۆ خزموکەسە ژنەکانیان داوای خولی زیاتری لەمجۆرە بکەن ، بەتایبەتیش زۆرێك لە پیاوانی پەناهەندە ناتوانن کاریان دەستکەوێ تا بەهۆیەوە بژێوی بۆ خانەوادەکانیان دەستەبەر بکەن.

مەدینە خۆی چاودێری و خزمەتی دایکە نەخۆشەکەی و برایەکەی دەکات کە خاوەنی ژن و پێنج منداڵە.

وەدەستهێنانی دەرفەتی مەشق و کار یارمەتی زۆرێك لە ژنانی پەناهەندە دەدات ڕووبەڕووی زۆرێك لەو گرفت و ئاڵنگارییانە ببنەوە کە لە شوێنەکانی پەناهەندەییدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، هەروەها یارمەتیشیان دەدات لەنێو خانەوادە و کۆمەڵگە لۆکاڵییەکەیان بەشێوەیەکی گشتی، بارودۆخی خۆیان باشتر بکەن.

مەدینە هیوای خواست کۆتایی قەیرانە هەنووکەییەکە بە چاوی خۆی ببینێ و گوتی:" ئەو شارەزایی و کارامەییەی ژنان وەدەستیان هێناوە بەهۆی دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژن و سندووقی " دەستگیرۆیی" موە بووە، کاتێکیش دەگەڕێنەوە وڵات و ماڵوحاڵی خۆیان لە سووریا، دەبێتە یارمەتیدەرێکی باش.

**مەدینە یەکێکە لەو کەسانەی سوودیان لە بەرنامە و خزمەتگوزارییەکانی "دەستگیرۆیی" وەرگرتووە کە بریتییە لە دەرفەتەکانی پەیداکردنی بژێوی و تواناداربوونی ئابووری و پاڵپشتیکردنی یاسایی و دەروونی- کۆمەڵایەتی**

# ڕێکخراوی هابیتات (بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نشینگە مرۆییەکان)



## چالاکییە سەرەکییەکان

ڕێکخراوی هابیتات لە عێراق لە ساڵی ١٩٩٦ەوە و زیاتر لە بیست ساڵ لە عێراقدا خەریکی کار و چالاکییە. دوای ساڵی ٢٠١٣، ڕێکخراوی هابیتات تا ئاستێکی زۆر بەرز لە هەوڵە زووەکانی چاککردنەوەدا و بەتایبەتیش لەو هەوڵانە بەشدار بووە کە لەمیانی دەستەبەرکردنی پەناگە و چارەسەرەکانی دووبارە ئاوەدانکردنەوەدا پاڵپشتیی لە ئاوارەکان دەکەن. جا لەو کاتەوە، پاکێجی کاری ڕێکخراوی هابیتات لە عێراق فراوانتر بووە و لە دۆخی کاردانەوە لەهەنبەر دۆخە کتوپڕەکانەوە، چووەتە قۆناغی بەرنامەی کارە مرۆییەکان و بەرنامەکانی چاککردنەوە، وەك دابینکردنی پەناگە و ئاو و خزمەتگوزارییەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و دابینکردنی ئاودەستەکان و بناغە سەرەکییەکانی پاکوخاوێنیی و پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی چاککردنەوەی شارستانی بۆ ئەو ناوچانەی بەهۆی ململانێیەوە زەبریان بەرکەوتووە. هەروەها لە بەرنامە گەشەپێدەرەکانی دەستەبەرکردنی پاڵپشتیی هونەری و پێشخستنی توانا و شارەزایی بە هاوپیشە و هاوشانەکانی نیشتمانی و خۆجێیدا بەشداری کردووە. ئەم کار و بەشداریکردنەش لەمیانی چالاکییەکانی وەك پێشخستنی ستراتیژی شارستانیی نیشتمانی و سیاسەتی نیشتمانیی نیشتەجێکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی شوێنە هەرەمەکییە هەژار نشینەکان و پاڵپشتیکردنی نامەرکەزییەت بووە. هەروەها ڕێکخراوی هابیتات لەنێو کۆمەڵەی پاراستندا سەرۆکایەتیی کۆمەڵەی لاوەکی مافەکانی نیشتەجێبوون و زەویو زارەکان و خاوەندارێتی لە عێراق دەکات.

## کار و چالاکی و پڕۆژە جێبەجێکراوەکان

### دووبارە شیاندنەوەی نیشتەجێکردنی جڤاکی لە چوارچێوەی بەرنامەی چاکبوونەوەی شارستانیی ڕێکخراوی هابیتات

لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەوەی ناوچە ڕزگارکراوەکانی دەستی داعش بێ مەترسی و سەلامەتە، ڕێکخراوی هابیتات هانی چاکبوونەوەی شارستانییانە و پێشکەشکردنی یارمەتی و پاڵپشتیکردنی ئاوارە گەڕاوەکانی دا بۆ دووبارە نۆژەنکردنەوە و چاککردنەوەی ئەو خانوو و ماڵانەی لە جڤاکە خۆجێییەکاندا جەنگ وێرانی کردبوون. ڕێکخراوی هابیتات بەپێی ئەم ڕێبازەوە توانای تاکەکان بیناد دەنێتەوە و لە دووبارە بەشداریکردن لە شیاندنەوە و چاککردنەوەی ئەو خانوو و ماڵانەدا بەکاریان دەهێنێ کە جەنگ وێرانی کردوون، بەمەیش دەرفەتی کار و پاڵپشتیکردنی ڕێگەکانی گوزەرانیانی داوە و هانی داون لە دووبارە ئاوەدانکردنەوەی جڤاکەکانیان بەشدار بن. هەروەها ئەو ڕێبازە توانای کۆمەڵایەتی و ئابوری بە تاکەکانی جڤاك دەبەخشێ و خاوەندارێتیی جڤاك پتر دەکات و هانی جڤاکە بە ئامانج گیراوەکان دەدات سەربەخۆیانە چارەسەری گرفتەکانی خۆیان بکەن، ئەمەیش بە کلیلی چاکبوونەوە و توانای بەرگەگرتن دادەندرێ. ڕێکخراوی هابیتات هەر لە ساڵی ٢٠١٦ەوە ٢٥٠٠ خانووی نێو شارە سەرەکییە ئازادکراوەکانی وەك مووسڵ و ڕومادی و فەلووجە و شنگال و چەند شارێکی دەشتی نەینەوای چاککردووەتەوە.

### چارەسەرکردنی مافەکانی نیشتەجێبوون و زەویو زار و موڵکی کەمینەکان

ڕێکخراوی هابیتات چارەسەری مافەکانی نیشتەجێبوون و زەویوزار و موڵکی ئاوارە گەڕاوەکان لەمیانی چەند ئامرازێکی جۆراوجۆری وەك: پێشکەشکردنی پاڵپشتیی یاسایی و دڵنیابوونەوە لە مافی کارکردن و ددانپێدانن دەستەبەر دەکات و پاڵپشتی لە گەشەپێدانی توانایەکان دەکات، بۆ نموونە: ڕێکخراوی هابیتات لە شنگالی پارێزگەی نەینەوا پاڵپشتیی لە مافەکانی نیشتەجێبوون و زەویوزار و موڵکی ئاوارە بێدەسەڵات و هەژارەکانی ئێزدی دەکات. هەروەها ڕێکخراوی هابیتات ئەو داواکارییانە دیاری دەکات کە پێوەندییان بە ئاوارە گەڕاوەکانی ئێزدییەوە هەیە و لە میانی ڕاوێژە جڤاکییەکان و بەهاوکاری لەگەڵ دەسەڵاتە خۆجێییەکانەوە لە مافی نیشتەجێبوونیان دڵنیا دەبێتەوە. تا ئێستە زیاتر لە ١٠٠٠ بڕوانامەی کار و نیشتەجێبوون دەرچوون و بەسەر ئاوارە گەڕاوەکانی شنگالدا دابەش کراون و بۆ یەکەمین جار لەمێژووی نوێدا دان بە مافی خاوەندارێتیی خانوویان دانراوە. هەروەها دەستپێشخەریی ڕێکخراوی هابیتات سەبارەت بە مافەکانی نیشتەجێبوون و زەویوزار و موڵکەکانی شنگال لەلایەن وەزارەتی دادەوە پاڵپشتییەکی بەهێز و پشتیگرییەکی تەواوی لێ دەکرێ، ئەمەیش بووەتە هۆی ڕێککەوتنێکی ڕەسمی لەگەڵ وەزارەت بۆ بەردەوامیدان بە هاوکاری لە پرس و گرفتەکانی تایبەت بە مافی موڵکایەتیی خانووبەرە و زەویوزار و گۆڕینی بڕوانامەی نیشتەجێبوون بە بەڵگەی موڵکایەتیی زەویوزار (تاپۆ).

## چارەسەرکردن و دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی نیشتەجێبوون لەمیانی ستراتیژ و سیاسەتەکان و چوارچێوەی یاسایی لەسەر ئاستی نیشتمانیدا

ڕێکخراوی هابیتات وەك هەنگاونانێکی هاوتەریبانە لەگەڵ ئەجێندای نوێی شارستانی ، لەگەل هاوپیشە و هاوکارانی نێو حکوومەتی نیشتمانی و خۆجێیی لەمیانی سێ هۆکاری سەرەکییەوە:

(ا) ستراتیژی شارستانیی نیشتمانی و خۆجێیی،

(ب) سیاسەتی نیشتمانییانەی نیشتەجێکردن.

(ج) یاسای هەرەمەکییەکان، کار بۆ پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی خزمەتگوزارییەکانی نیشتەجێبوون و دەرفەتە شایستەکانی کار لە عێراق دەکات.

### أ- ستراتیژی شارستانیی نیشتمانی و خۆجێیی

ڕێکخراوی هابیتات بۆ دارشتنی ستراتیژە شارستانییەکانی تایبەت بە چەند پارێزگەیەك پاڵپشتی و هاوکاریی خۆی پێشکەشی وەزارەتی پلاندانان و نۆ پارێزگە کردووە، ئەوانیش: پارێزگەی بەسرە و میسان و موسەنا و قادسییە و کەربەلا و نەجەف و زیقار و واست و بابلن. هەروەها چەند ئاماژە سەبارەت بە هەژاری و جۆری ژیان و توانایەکانی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتیش ئامادەکراون و هێشتاکە کارە شیکردنەوەییەکە بەردوامە.

### ب- سیاسەتی نیشتمانیی نیشتەجێکردن

گرفتی کەمیی نیشتەجێکردنێکی شایستە ماوەی چەندان ساڵ لە عێراقدا بە گرفتێکی مەترسیدار دادەندرێ، چوونکە کەمبوونەوەی خەملێندراو لە نیشتەجێکردندا لە ساڵی ٢٠١٠ دا گەیشتە دوو ملیۆن یەکە. هەروەها ململانێش لەگەڵ داعشدا بووە هۆی تەشەنەکردنی زیاتری کەمیی خانووەکان و ئیفلیجکردنی توانای حکوومەت بۆ گرتنەبەری چەند ڕێکارێکی کاراو هەماهەنگ لەهەنبەر چارەسەری مەسەلەکەدا. ڕێکخراوی هابیتات لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠ سەبارەت بە دەرئەنجامەکانی هەڵسەنگاندنی سیاسەتی هەنووکەیی نیشتەجێکردن (٢٠١٠-٢٠١٦) و ئاسۆیەکانی سیاسەتی نوێی نیشتمانی بۆ نیشتەجێکردن، کۆبوونەوەیەکی باڵای بۆ گفتوگردن ڕێکخست.

### ج- یاسای شوێنە نیشتەجێیە هەرەمەکییەکان

ڕێکخراوی هابیتات لە ساڵی ٢٠١١ ەوە بۆ ئامادەکردنی چوارچێوەیەکی یاسایی و دارایی و دامودەستگایی لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەی ئالنگارییەکانی بەردەم ئەو ئاوارانەی لە شوێنە نیشتەجێیە هەرەمەکییەکان نیشتەجێ بوون، هاوکاری و یارمەتی پێشکەشی حکومەتی عێراق دەکات. یاسای شوێنە نیشتەجێیە هەرەمەکییەکان ئامادەکراوە و ئێستا وەك پرۆژە یاسایەك ئامادەیە بۆ ئەوەی لە پارلەماندا دەنگی لەسەر بدرێ. ڕێکخراوی هابیتات بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە پێشەنگەکانی پێشخستنی هەرەمەکییەکان لە موسڵ و ڕەمادی و بەسرە هەوڵ و کاری خۆی خستووەتە گەڕ.

## بەرجەستەترین ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٧-٢٠١٨

### دامەزراندن و دروستکردنی شوێنەکانی نیشتەجێکردن کە تێچووی سەرەکییان نزمە

ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانەکەی مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ٢٠١٧ وە گەڕاونەتەوە ناوچە و سەر ماڵوماڵی خۆیان، لەو کەسە ئاوارانە زیاترە کە لە عێراقدا ئاوارە بوون. ڕێکخراوی هابیتات لەپێناو جێکردنەوەی ئاوارە گەڕاوە هەژارەکان و ئەو دانیشتووانەی ماڵەکانیان زەبری گەورەیان بەرکەوتووە یانیش بەتەواوی وێران بوون، لە ساڵی ٢٠١٨دا سێ شوێنی داڵدەدانی ئامادەکراو بە یەکەی نیشتەجێبوونی سەرەکیی لە پارێزگای ئەنبار دامەزراندووە کە تێچوو و ژێرخانی سەرەکییان نزمە. هەروەها ئەگەر پێویستیش بکات دەتواندرێ ئەو جۆرە یەکانەی نیشتەجێکردن وردە وردە فراوان بکرێن و چارەسەرەکانی پەناگەی شایستە و بەردەوامیش بۆ گەڕاوەکان دەستەبەر بکرێن و دواتریش کردەی ئاوێتەکردنەوەیان لەگەڵ جڤاك و ئاودانکردنەوە و هێنانەوەی ژیان بۆ ئەو ناوچانەی بۆی دەگەڕێنەوە، زەمینەسازیی بۆ بکرێ.

### پێشخستنی چوارچێوەی پلانی سەرەتایی بۆ ئاوەدانکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی موسڵ

بۆ پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی " دووبارە بنیادنانەوە بەرەو موسڵێکی باشتر" کە دووەم گەورەترین شاری عێراقە و پایەختی ئەمری واقیعی داعش بوو، ڕێکخراوی هابیتات بە هاوکاری لەگەڵ یونسکۆ و هاوپیشە و هاوشانە سەرەکییە حکوومییەکانی، چوارچێوەی پلانی سەرەتاییان بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی موسڵ دانا. ئامانجی چوارچێوەکە ئاسانکردنی ڕاگواستنی موسڵە لە قۆناغی کاردانەوە لەهەنبەر دۆخە کتوپڕەکانەوە بەرەو وەدیهێنانی سەقامگیری تا دەگاتە قۆناغی دووبارە بنیادنانەوە. ئەمەیش لە موسڵی دوای کۆتاییهاتنی ململانێدا هەنگاوی یەکەمی پلاندانانی شارستانیی ستراتیژیی ڕێکخراوە، چونکە بۆ دانانی پلانێکی دوورمەودا و درێژخایەنی ئایندەیی، هێڵێکی سەرەکی دەستەبەر دەکات.

## چیرۆکێکی کاریگەر

ئەحمەد سالح یەکێکە لەو کەسانەی لە پرۆژەی ڕێکخراوی هابیتات سوودمەند بووە کە لە ڕومادیی پارێزگەی ئەنباردا بە ناونیشانی " پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی بوژاندنەوەی شارستانی لەو ناوچانەی تازە لە عێراقدا ئازاد کراون" و بە گوژمەیەکی زۆر دەستکراوەی حکومەتی یابانی جێبەجێکراوە. ئەحمەد ساڵحی تەمەن ٢٨ ساڵ، بژێوی بۆ خانەوادە هەشت کەسییەکەی دەستەبەر دەکات کە هەر هەموویان بەهۆی هێرش و داگیرکاریی داعشەوە لە شارەکە هەڵاتبوون. کاتێکیش شاری ڕەمادی لە ساڵی ٢٠١٦دا لە دەستی داعش ڕزگار کرا، ئەحمەد و خانەوادەکەی سووربوون لەسەر ئەوەی بگەڕێنەوە ڕەمادی، بەڵام بینیان خانووەکەیان بەهۆی کردە سەربازییەکانەوە وێران بووە. جا کاتێك هیچ شوێنێکیان بۆ ژیانێکی شایستە نەدۆزییەوە، خانەوادەکە ناچاربوون بگەڕێنەوە خێوەتگەی ئاوارەکانی عامرییەی سەر بە شاری فەلووجە. بەرنامەی بووژاندنەوەی شارستانیی ڕێکخراوی هابیتات و لیژنە جڤاکییەکەی یارمەتیی ئەحمەدیاندا لە گفتوگۆ و پلاندانانی دووبارە چاککردنەوەی گەڕەکی تەئمیم بەشدار بێت. ئەحمەد دەستنیشان کرا خۆی دووبارە خانووەکەی خۆی بنیاد بنێتەوە، ئەمەیش هەر تەنیا بۆ یارمەتیدانی خانەوادەکەی و گەڕاندنەوەی حەسانەوە و سرەوت بۆ ئەندامانی خانەوادەکەی نەبوو، بەڵکو لەهەمان کاتیشدا بۆ وەدەستهێنانی بژێویی خانەوادەکەشی بوو. هەروەها ئەحمەد لەو ڕاهێنانە هونەرییانە بەشداریکرد کە ڕێکخراوی هابیتات و هاوبەشە خۆجێییە ناحکومییەکانی- ڕێکخراوی ئەلکەرەم- بەڕێوەیان دەبرد، ئەمەیش توانای بە ئەحمەد بەخشی دووبارە ماڵ و خانووەکەی نۆژەن بکاتەوە بەشێوەیەك بۆ ئەوە بشێ تیایدا بژیەت. کاتێکیش ئەحمەد لەگەڵ خانەوادەکەی گەڕایەوە نێو شاری ڕومادی، ئێستە هیواخوازە یارمەتیی ئەو ژنە بێ دەسەڵات و هەژارانە بدات کە باوك و مێردەکانیان لەدەستداوە، بۆ ئەوەی دووبارە بتوانن لەو شارەدا نیشتەجێ ببنەوە. لەگەڵ خانەوادەکەی ئەحمەد، ئەو دەستپێشخەری و بەشدارییەی ڕێکخراوەکە سوودی بە ٧٢٣ خانەوادە (٣٤١٩ کەس) گەیاندووە، ئەمەیش ڕێگەی بۆ خۆش کردوون بەشێوەیەکی خۆویستانە و سەربەرزانە و دوور لە مەترسی بگەڕێنەوە وار و سەر ماڵوحاڵی خۆیان.





# کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران

## دۆخی گشتی

وەك خۆ گونجاندن و هەنگاونان لەسەر زەویی واقیعدا، یارمەتیە مرۆییەکانی کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران لە عێراق لە ساڵی ٢٠١٨ دا وردە وردە لە ڕەوتێکی کتوپڕانەوە بووە بەرنامە و ڕێبازێکی گەشەپێدەرانەی دوورمەوداتر و بەردەوامتر. لەگەڵ کۆتایی هاتنی کردەی سەرەکیی سەربازی بۆ ڕزگارکردنی ئەو ناوچانەی کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی کۆمەڵە و گرووپە توندڕۆیەکان، عێراق چووە نێو قۆناغێکی گونجاوتری ڕاگوزەریی گەڕانەوەی دانیشتووان و وەدەستهێنانی یارمەتیی مرۆیی. کۆمسیۆنەکە لە بوارەکانی پاراستن و بەڕێوەبردن و ڕێکخستن و هەمانگیکردنی نێوان خێوەتگەکان و دەستەبەرکردنی پەناگە و مادە ناخۆراکییەکان، لە سەرکردایەتیکردن و ڕێبەرایەتیکردنی کۆمەڵە بەرپرسەکانی تایبەت بە یارمەتیدانی ئاوارەکان و گەڕاوەکاندا بەردەوام بوو ، هەروەها ڕێبەرایەتیی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمییانەی پەناهەندەکان و توانای گونجانی کرد بۆ یارمەتیدانی پەناهەندە سورییەکان. کۆمسیۆنەکە لەگەڵ بەردەوامبوونی ئالنگاری و کۆسپەکانی سەر زەمینەی واقیع، بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی ئاوارە و پەناهەندەکانی نێو عێراق بەشێوەیەکی تەواو لە ساڵی ٢٠١٩ بەردەوام دەبێت.

دوای تێپەڕبوونی ساڵێك زیاتر بەسەر ڕاگەیاندنی سەرکەوتن و ئازادکردنی ناوچەکان و دەرهێنانیان لە چنگی توندڕۆیەکاندا، هێشتاکە ١.٨ ملیۆن ئاوارەی عێراقی هەن، زۆرێکیش لە ئاوارە گەڕاوەکان کە ژمارەیان ٤.١ ملیۆن کەسە ڕووبەڕووی تەنگوچەڵەمەی سەر ڕێگەی وەدەستهێنانی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و نەبوونی ئاسایش بوونەتەوە و بەدەست وێرانبوونی موڵك و نەبوونی دەرفەتی گوزەران و بژێویی ژیانەوە دەناڵێنن. هێشتاکەش مەترسییەکانی بەردەم پاراستنی ئاوارەکان و گەڕاوەکان زۆر توندوتیژە، چونکە زۆرێك لە خانەوادەکان بەدەست کۆتوبەندە نایاسایی و نایەکسانەکانی هەنبەر سەلامەتی و ئازادیی جوولە و ڕەفتارکردن و زەوتکرانی بەڵگەنامە کەسییەکان و نیشتەجێکردنی زۆرەملێیانەی نێو خێوەتگەکان و ڕفاندن و دەستبەسەرداگرتنی نایاسایی و گەڕاندنەوەی بەزۆر و پێشوەختانە و زیاتر بوونی مەترسییەکانی توندوتیژیی سێکسی و توندوتیژیی ڕەگەزییەوە دەناڵێنن. لە هەندێك دۆخ و هەلومەرجیشدا، لەلایەن لایەنە ئەمنییەکان و سەرۆك هۆزەکان و جڤاکە خۆجێیەکانیان ڕێگە لە کەسەکان دەگیرێ بچنەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان، بە پاساوی بوونی پەیوەندی لەگەڵ توندڕۆیەکاندا، ئەمەیش وادەکات زۆربەیان ڕێگەی گەڕانەوەیان پێنەدرێ و خانەوادەکان لە یەکتری جیاببنەوە و پێوەرێکی دیکەی مافەکانی مرۆڤیش پێشێل بکرێ.

سەبارەت بە پەناهەندەکانیشەوە، دوای حەوت ساڵ لە دەستپێکردنی ململانێی نێو سوریا، هێشتاکە عێراق هاتنی بەردەوامی پەناهەندەکانی سوریا بەخۆیەوە دەبینێ، کۆمسیۆنەکە لە ساڵی ٢٠١٨ دا هاتنی ١٨٤٤ پەنابەری نوێی سوری




تۆمارکردووە. لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٩ وە ٤٥١،٢٥٢ پەنابەری سووری تۆمار کردووە، کە ڕێژەی ٩٩٪ ئەو پەنابەرانە لە هەرێمی کوردستاندا دەژین.

ئێستاکە لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا ٩ خێوەتگە هەن و ٣٧٪ی پەنابەرانی سورییان لەخۆ گرتووە، ٦٣٪دیکەش لە ناوچە شارییەکان و نیمچە شارییەکان و گوندەکاندا دەژین. عێراق باوەشی بۆ ٣٤٩،٤٤ پەنابەری دیکەی سەر بە نەژاد و ڕەگەزنامەی دیکە کردووەتەوە کە زۆربەیان تورك و ئیرانی و فەڵەستینی و سوودانین. هەبوونی ئەو هەموو پەنابەرە بۆ ماوەیەکی زۆر، هەروەها ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و گەڕاوە عێراقییەکان، خزمەتگوزارییە گشتییەکانی چۆڕبڕ کردووە و سەرچاوە دیاریکراوەکانیشی کەمکردووەتەوە، ئەمەیش گوشاری لەسەر توانای دەسەڵاتەکان و کۆمەڵگە خانەخوێیەکان دروستکردووە و سەبارەت بە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی ئەو پەنابەرانە کۆسپوتەگەرەی خستووەتە بەردەمیان.

## یارمەتیدان و پاڵپشتیکردنی خانەوادە بێهێز و بێدەرەتانەکان لە گەڕاندنەوەی ژیانێکی دوور لە مەترسی و سەربەرزانە

کۆمسیۆن و هاوبەشەکانی لە ساڵی ٢٠١٨ لەپێناو دیاریکردنی پێداویستی و ئاراستە و تاکەکەسە بێدەرەتانەکان، تەقلی چاودێرییەکی بەرفراوانی پارێزگاری بوون، بۆ ئەوەی بەشێوەی ڕاستەوخۆ یارمەتییان بدات. هەروەها چاودێریی کۆمسیۆن بۆ پارێزگاری دەریخست کە بەشێکی زۆری ئاوارەکان بەشێوەیەك لە شێوەکان بەڵگەنامە و شوناسنامە کەسییەکانی وەك فۆڕمی خۆراك و پاسپۆرت و بەڵگەنامەی لەدایکبوون و ناسنامەی باری کەسییەتی و هتد نییە. ئەو کەسانەی کە هیچ بەڵگەنامەیەکی شوناسنامەییان نییە دووچاری دەستگیرکردن و لێپرسینەوە دەبنەوە، لەوانەشە لە بەشە خۆراك و پارێزبەندی ماڵ و زەوی و زار و مافەکانی خاوەنداریەتی و چەندان مافی دیکەی وەك وەدەستهێنانی دەرفەتەکانی خوێندن و چاودێریی تەندروستیش بێبەش ببن. پێدەچێ هێشتاکەش دەستنیشانکردنی ڕێکوپێك و سیستماتیکی ئەو ئاوارانەی پێویستیان بە یارمەتیی یاسایی هەیە، پێداویستییەکی هەرە گرنگ بێت. کۆمسیۆنەکە لە ساڵی ٢٠١٩دا بەهۆی تیمە گەڕۆکەکان و پاراستنی بەڵگەنامە متمانەپێکراوەکانی تایبەت بە بارودۆخی ئاوارە و پەنابەران، لە پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران- بۆ تۆمارکردنی ناوی ئاوارە و گەڕاوەکان- بەردەوام دەبێت. کۆمسیۆنەکە جەخت لەسەر شێوازی " پارێزگاری لەمیانی ئامادەبوونی مەیدانی" و فراوانکردنی بازنە و سنووری چالاکییەکانی پارێزگاری دەکاتەوە لە ناوچەکانی ئاوارەکان و ئەو شوێنانەی بۆی دەگەڕێنەوە، هەروەها چاودێریکردنی هاموشۆ و گۆزەگۆز کردن و دەستەبەرکردنی زانیارییەکانی تایبەت بە گەڕاوەکان و داواکردن و هاندانی دەسەڵاتەکان لەپێناو دەستەبەرکردنی گەڕانەوەیەکی خۆویستانە و بێ مەترسی و سەربەرزانەی ئاوارەکان، لایەنێکی دیکەی کار و چالاکییەکانی کۆمسیۆنەکە دەبێت.

کۆمسیۆنەکە سەبارەت بەو پەناهەندانەش کە دەپەڕنەوە نێو سنووری عێراق و داوای مافی پەناهەندەیی دەکەن، بەردەوام پاڵپشتیی پێشکەشکردووە، ئەم یارمەتی و پاڵپشتییەش لەمیانی چاودێریکردنی سەر سنوور و پاڵپشتیکردنی هاتنە نێو خاکی عێراق و پاراستنیان لە گەڕاندنەوەی زۆرەملێیانە و ئازادی هاتووچۆکردن و نیشتەجێ بوون لە نێو وڵاتەکە و دەستەبەرکردنی مافی مانەوەی ئەو کەسانەوە فەراهەم کراوە کە ناوی خۆیان لە کۆمسیۆنەکە تۆمارکردووە. لەسەر ئاستی فیدراڵیشدا، بەردەوامە لە داواکاری پشتبەستن و جێبەجێکردنی پڕۆژە یاسای پەنابەریی لە عێراقدا، بۆ ئەوەی گشت پەنابەرەکان و ئەوانەی لە عێراقدا داوای پەناهەندەیی دەکەن دەرفەتی پارێزگاریی نێودەوڵەتییان بۆ برەخسێندرێ. دوای چەندان گفتوگۆی فراوان و دووروردرێژ لەسەر ئاستی مەرکەزیدا، لیژنەی هەمیشەیی وەزارەتی ناوخۆ لە بەغدا لە ساڵی ٢٠١٩ دا دەست بە تۆمارکردنی ناوی سەرجەم داواکارانی مافی پەناهەندەیی و پەناهەندەکانی سەرانسەری عێراق دەکات بە هەرێمی کوردستانی عێراقیشەوە، لە لیژنەی هەمیشەیی وەزارەتی ناوخۆوە چەند کارتێکی ناسنامەیی دەردەچێت و ڕێکەوتی بەسەر چوونیشیان ماوەی سێ ساڵە. ئەم کارتانە وەك دانپێدانانێکی ڕەسمی دۆخی یاسایی پەناهەندەکانە، ئەمەیش ڕەوایی یاسایی دەبەخشێتە نیشتەجێبوون و هاموشۆکردنیان لە گشت شوێنەکانی وڵاتدا.



## دەستەبەرکردنی هەماهەنگییەکی گونجاو لەنێوان لایەنە مرۆییەکان لە خێوەتگەکانی ئاوارە و پەناهەندەکاندا

دەستەبەرکردنی هەماهەنگیی نێوان لایەنە مرۆییەکان لە خێوەتگەکانی ئاوارەکان و بەڕێوەبردن و ئیدارەدانیان لە ساڵی ٢٠١٨دا مەسەلەیەکی سەرەکی و بنەڕەتی بوو کە وەك لایەنێکی سەرەکیی یارمەتی و دەستگیرۆییەکانی کۆمسیۆنەکە لە ساڵی ٢٠١٩شدا بەردەوام دەبێت. بەو پێیەی ئەو لایەنەیە ئەرکی ڕێبەرایەتیکردنی گرووپی تایبەت بە هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگەکانی لەسەر شانە، کۆمسیۆنەکە لەگەڵ دەسەڵاتە خۆجێیەکان و لایەنە مرۆییەکاندا لەپێناو پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە ڕێکخراو و سیستماتیکەکانی نێو خێوەتگەکان کار دەکات، بە دەستەبەرکردنی مەسەلەی دابینکردنی پەناگەی گونجاو و دابەشکردنی ئاو و خۆراك و هەبوونی دەزگا پەروەردەیی و تەندروستییەکانی نێو خێوەتگەکان و بنیادنانی توانای لایەنەپەیوەندیدارەکانی تایبەت بە بەڕێوەبردنی خێوەتگەکان و توانای پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییەکانیشەوە. کۆمسیۆنەکە لە خێوەتگەکانی پەنابەرانیشدا کار بۆ باشترکردنی پەناگە و ژێرخانی پتەوکراوی وەك بنەمایە کۆنکریتییەکان و دەستەبەرکردنی ناندینە تاکەکەسییەکان و ئاودەستەکان و گەرماوەکان دەکات. زیاتر لە ٪٨٨ ڕووبەری خێوەتگەی پەنابەرەکان لە عێراق پێشخراوە و هەیکەلیان تۆکمە و توندە و زۆر بە خانووی ئاسایی دەچن. هەروەها کۆمسیۆنەکە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بۆ یەکخستن و دواتریش ئاوێتەکردنی خێوەتگەکانی پەنابەرە سوورییەکان دەکات وەك گەڕەکی شارە هاوسێیەکان. ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێگە بۆ پەنابەران خۆش بکات هەر وەك دانیشتووانە خۆجێیەکان خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و بازاڕەکانی کار و پەروەردە و فێرکردنیان بۆ بڕەخسێت و دواتریش ئەم هەنگاوە ڕادەی پشتبەستانیان بە یارمەتییە مرۆییەکان کەمتر بکاتەوە و پتەوی و شیرازەی کۆمەڵایەتیی نێوان پەنابەران و کۆمەڵگە خانەخوێیەکانیان بەرەو قۆناغێکی باشتر ببات.

## تواناداركردنی خانەوادە ئاوارەکان بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی بەو شێوەیەی خۆیان بە گونجاوی دەزانن

گرنگیی یارمەتیە نەختینە فرە مەبەستەکان بەردەوام لە زیادبووندا بووە و بووەتە بەشێکی دانەبڕاوی کاردانەوەی مرۆیی هەنبەر دانیشتووانی ئاوارەی نێو عێراق. هەروەها لەو ناوچانەشدا کە بازاڕی کراوە و کارایان بۆ سوودمەندان تیایدا دەستەبەرکراوە، ئەوا نەختینەی بێ مەرج ڕێگەیەکی کارای وەدیهێنانی پێداویستیەکانی ئاوارە زۆر بێدەرەتانەکان دەڕەخسێنێ. کۆمسیۆن لە ساڵی ٢٠١٨دا، یارمەتیی نەختیی فرە مەبەستی لەمیانی میکانیزمی حەواڵەکردنی گەڕۆکەوە پێشکەشی خانەوادە بێدەرەتانەکان کردووە بۆ ئەوەی بتوانن پێداویستییە سەرەکیەکانیان وەدەستبێنن و کەمتر پەنا ببەنە بەر ستراتیژەکانی گونجانی زیانبەخش. کۆمسیۆن لە ساڵی ٢٠١٩شدا لە پێشکەشکردنی یارمەتیی کتوپڕی نەختی بۆ خانەوادە بێدەرەتانەکان بەردەوام دەبێت، یارمەتیەکەش بۆ یەك جارە، بەڵام ئەو خانەوادانەی بێدەرەتانترن و لەسەر بنەمای پێوەری بێهێزیی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەڵسەنگێندراون بۆ ماوەی چەندان مانگ یارمەتیی هەمەچەشنی نەختییان پێشکەش دەکرێ. هەروەها سەبارەت بەو کەسە بێدەرەتانانەی ناتوانن یارمەتییە نەختینە هەمەچەشنەکان وەدەستبێنن، ئەوا کۆمسیۆنەکە وەك هەنگاوێکی سەرەتایی بۆ دەستەبەرکردنی ئاستێکی سەرەکیی حەوانەوە و شکۆمەندی، مادە سەرەکییەکانی فریاکەوتنیان بەسەردا دابەش دەکات کە بریتین لە دۆشەك و پەتوو و کەرەستەکانی چێشتخانە و پێداویستییەکانی پاك و خاوێنی.

## بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی سێکسی تایبەت بە جۆری کۆمەڵایەتی (ڕەگەزی) و چارەسەرکردنی مەترسییەکانی هەمبەر پاراستنی منداڵ

بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی سێکسی تایبەت بە جۆری کۆمەڵایەتی (ڕەگەزی) و چارەسەرکردنی مەترسییەکانی هەمبەر پاراستنی منداڵ، بە بوارێکی سەرەکی دادەندرێ کە کۆمسیۆنی نیگەران کردووە. هێشتاکەش ئەو هەڕەشانەی ئاراستەی ژن و منداڵان دەکرێن زۆر و بەرفراوانن و بە گەورەترین پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ دادەندرێن کە لە عێراقدا کەسی لێ ئاگادار ناکرێتەوە. ژمارەیەك لە گەڕاوەکان و پەناهەندە و ئاوارەکان ڕووبەڕووی یەکێك یان زیاتر لە جۆرەکانی توندوتیژیی سێکسی جۆری کۆمەڵایەتی (ڕەگەزی) بوونەتەوە. هەروەها ئەو هەڵسەنگاندنانەی لە خێوەتگەکانی پەنابەران و دەرەوەی خێوەتگەکان و ناوچەکانی ئاوارە گەڕاوەکاندا بەڕێوە چوون، دەریان خستووە مەترسیی گەورە لەهەنبەر پاراستنی منداڵ و بەتایبەت کارکردن بە منداڵ لە گۆڕێدایە و هێشتاکە لەو وڵاتەدا دیاردەیەکی باوە، ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵان لەنێو هێز و گرووپە چەکدارەکاندا ببنە چەکدار. هەروەها لەوانەیە کچانی عازەب و ئەو ژنانەی ئەرکی بەخێوکردن و سەرۆك خێزانیی خانەوادەکانیان لە ئەستۆدایە و کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەتیش ڕووبەڕووی چەند مەترسییەکی دیاریکراو ببنەوە بە توندوتێژیی سێکسی جۆری کۆمەڵایەتیشەوە (ڕەگەزی).

جا بۆ دوورخستنەوەی ئەو جۆرە کەسانە لە توندوتیژیی سێکسی و ڕەگەزی و توندوتیژیی دژ بە منداڵان و بەرپەرچدانەوەیان، کۆمسیۆن لە ساڵی ٢٠١٨دا لەگەل هاوبەشەکانیدا چەند خزمەتگوزاریەکی سەرانسەری پێشکەشی پەنابەر و ئاوارەکانی سەرانسەری ئەو وڵاتە کردووە، بێگومان ئەمەش بەپێی بەرنامە و ڕێبازێك بووە کە جەختی لەسەر کەسانی ڕزگاربوو و تەمەن و جۆری کۆمەڵایەتی و هەمەچەشنی کردووەتەوە. کۆمسیۆن و هاوبەشەکانی لە ساڵی ٢٠١٩شدا لە پێشکەشکردنی یارمەتیی ڕاستەوخۆی هەنبەر دۆخەکان و پێشکەشکردنی چەند خزمەتگوزارییەکی تایبەتمەندی وەك ڕاوێژی دەروونی و کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بەردەوام دەبن، لەم یارمەتییە ڕاستەوخۆیانەدا ئەو ژنانە بە پلەی یەکەم ڕەچاوکراون کە لە توندوتیژیی سێکسیی ڕەگەزی دەرباز بوون.

هەروەها کۆمسیۆنەکە لە بەشداریکردنێکی کارای بواری مەشقپێکردن و هەوڵەکانی بنیادنانی توانایەکانی حکومەت و پسپۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هاوبەشەکان و کارمەندانی کۆمسیۆنەکە سەبارەت بە پرسەکانی توندوتیژیی سێکسی نێو بواری جۆری کۆمەڵایەتی (ڕەگەزی) و پاراستنی منداڵ بەردەوام دەبێت. هەروەها کۆمسیۆنەکە لە هەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی تایبەت یارمەتیی پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژ بە ژنان کردووە، تاکوو دڵنیابێتەوە لەوەی ئەوانەی لە توندوتیژیی سێکسی تایبەت بە جۆری کۆمەڵایەتی (ڕەگەزی) ڕزگار بوون، لەلایەن ڕاهێنەرە دەستەبەکارەکانەوە پاڵپشتی دەکرێن و ڕادەهێندرێن. کۆمسیۆن لە ساڵی ٢٠١٨دا لەو کردانەی دەکەونە بەر لێپرسینەوە، دەستپێشخەری بەشداریکردنی پیاوان و کوڕانی کرد، ئەمەیش بۆ ڕێگەگرتنە

لە توندوتیژیی سێکسی ڕەگەزی و پتەوکردنی گۆڕینی ڕەفتار. شایانی وەبیرهێنانەوەیە ئەم چالاکییەش لە ساڵی ٢٠١٩دا بەردەوام دەبێت.

## یارمەتیدانی وڵات لە هەوڵەکانی دووبارە بنیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوەدا

کۆمسیۆنەکە لە ساڵی ٢٠١٨ دا بۆ پاڵپشتیکردنی یەکێتی و پتەوبوونی کۆمەڵایەتی و یارمەتیدانی خانەوادە و ئەو کۆمەڵگانەی ململانێیەکان کاریگەرییەکی زۆریان بەسەریانەوە هەبووە، دەستپێشخەرییەکی زۆری کرد، وەك: ئەو پرۆژانەی کاریگەریی خێرایان هەیە و دووبارە نۆژەنکردنەوە و شیاندنەوەی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون و دروستکردن و دامەزراندنی یەکە کاتییەکانی نیشتەجێبوون. زۆربەی پرۆژەکانی کاریگەریی خێراش جەختیان لەسەر دووبارە نۆژەنکردنەوە و شیاندنەوەی تەلارە سەرەکییەکانی نێو کۆمەڵگە و جڤاکەکان کردبوو، وەك قوتابخانە و نۆڕینگەکانی تەندروستی و پاڵپشتیکردنی پرۆژە کشتوکاڵییەکان. هەروەها وەك چارەسەرێکی کاتیی لە هەندێك لەو ناوچانەی ئاوارەکان بۆیان دەگەڕێنەوە و بۆ ئاسانکردنی ئاوێتەکردنەوەی ئاوارە گەڕاوەکان، لە ساڵی ٢٠١٩ لە دروستکردن و دامەزراندنی یەکەکانی نیشتەجێکردنی پەنابەرانیش بەردەوام دەبێت، لە هەمان کاتیشدا لە پرۆژەکانی دووبارە نۆژەنکردنەوەی پەناگەکان و شوێنەکانی حەوانەوە بەردەوام دەبێت، بە پرۆژەکانی کاریگەریی خێرا و پاڵپشتیکردنی پرۆژەکانی کۆمەڵگەکان بەشداری لە چاککردنەوەی ژێرخانی سەرەکیدا دەکات کە کاریگەرییەکی گەورەتریان هەیە و درێژخایەنترن.

## بەشدارپێکردنی دەسەڵاتەکان بۆ ڕاگوزەریی لە کاردانەوەی مرۆییەوە بەرەو پیلانەکانی گەشەپێدان

کۆمسیۆن لەگەڵ دەسەڵاتە عێراقییەکان و لایەنە مرۆیی و گەشەپێدەرەکان- وەك بانکی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار و سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان و دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نشینگە مرۆییەکان ( هابیتات) و ڕێکخراوی GIZ - وەك بەشێك لە ئاراستەگرتنی ڕاگوزەرییانە کار دەکات بۆ ئەوەی لە قۆناغی کاردانەوەی مرۆیی هەنبەر ئاوارەکانەوە بەرەو پلانە گەشەپێدەرەکان بچن. ئامانجیش دانانی ئاست و سنوورێکە لە مەترسییەکانی بواری پاراستن و لایەنە لاوازەکانی ئاوارەکان، لە هەمان کاتیشدا پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی دووبارە ئاوێتەکردنەوە و پشت بەخۆبەستان و پتەوکردنی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و ئافراندنی دەستکەوتە بۆ لایەنە کارایەکانی بواری گەشەپێدانی نێو کردەی دەستوەردانە مرۆییەکان. هەروەها کۆمسیۆن لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی و بەرنامەی خۆراکی جیهانی و وەزارەتی پلاندانان پاڵپشتی لە دامەزراندنی مینبەری پاراستنی کۆمەڵایەتی



دەکات، هەروەها لەگەڵ ئەندامانی نێو تیمی کاری نەختینەیی و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بانکی نێودەوڵەتی لەپێناو بنیادنانی تواناکانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کار دەکات بۆ وەرگرتنی پلە بە پلەی ئەو یارمەتییانەی لەسەر بنەمای پێداویستییەکانی نێو سیستمی چاودێریی کۆمەڵایەتی عێراقیدا دانراون. هەروەها دەستوەردانەکانی کۆمسیۆنەکە لەگەڵ ئەو کار و مەسەلە لەپێشینە و هەرە گرنگانەی حکومەتی عێراقدا دەگونجێ کە کەوتوونەتە نێو چوارچێوەی کاری دووبارە ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان (٢٠١٨-٢٠٢٧) و پلانی گەشەپێدانی نیشتمانی (٢٠١٨-٢٠٢٢) و بۆچوون و گۆشەنیگای هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢٠ لەپێناو ئایندە.

کۆمسیۆن سەبارەت بە پەناهەندەکان ستراتیژێکی سەرانسەری بۆ چارەسەرە دوورمەوداو بەردەوامەکان داناوە کە ئامانجیان پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی چوارچێوەی کاری پاراستن و پتەوکردنی چارەسەرەکانە بۆ پەناهەندەکان لەمیانی بنیادنانی توانایەکانی جڤاکی خۆجێیی بۆ گونجاندن و پشتبەستن بە خود لەمیانی بەشدارییەکی سیستماتیك لەگەڵ حکومەت و لایەنە گەشەپێدەرەکان. ئامانجی گشتیی ستراتیژەکەش تواناداركردنی پەنابەرانی نێو عێراقە بۆ وەدیهێنانی دۆخێکی بەردەوامی یاسایی کە دەستەبەری پاراستنی مافە مەدەنی و ڕۆشنبیری و ئابوورییەکانیان بکات. هەروەها بۆ دەستەبەرکردنی کردەی پاراستنی پەناهەندەکان بۆ دەرفەتە یەکسانەکانی وەدەستهێنانی مافە کۆمەڵایەتییەکان و وردە وردە دەستەبەرکردنی پاڵپشتیی پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆیان لەمیانی خزمەتگوزارییەکان و سیستمە پێشکەوتووەکانی نیشتمانیدا ئەوپەڕی هەوڵ و کاری خۆی خستووەتە گەڕ. ئەمەیش گرنگییەکی زۆری هەیە لە ڕەوتێکدا کە پەناهەندەکان ناتوانن بگەڕێنەوە وڵاتانی خۆیان و هێشتاکە دەرفەتەکانی دووبارە نیشتەجێکردنەوەیان زۆر کەم و دیاریکراوە و تەنیا بۆ ژمارەیەکی کەمی ئەو پەنابەرانە ڕەخساوە کە زۆر بێدەرتانن.





# ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵ (یونیسیف)

**لێکۆڵینەوەیەکی پەیگیرییانە کە لە ساڵی ٢٠١٨ دا بە پاڵپشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان (یونیسێف) کراوە، دەری خستووە نایەکسانی تایبەتمەندی و شەقڵی جیاکەرەوەی ژیانی منداڵانی نێو عێراقە**

ڕێکخراوەکە لە ساڵی ٢٠١٨ لەگەڵ حکوومەتی عێراقی لێکۆڵینەوەیەکی پەیگیرییانەی هێشوویی فرە نیشانە کردووە. ئەو لێکۆڵینەوەیە بە سەرتاپاگیرترین لێکۆڵینەوە دادەندرێ، چونکە تاوتوێی دۆخی تەندروستی و پەروەردە و فێرکردن و توندوتیژی و چاککردنەوە و چەندین بابەتی تری لەم جۆرە کردووە. پێش ئەو لێکۆڵینەوەیە، لە ساڵی ٢٠١١ دا دوا لێکۆڵینەوەی پەیگیرییانەی هێشوویی فرە نیشانە لە عێراقدا کرابوون. هەروەها ساڵی ٢٠١٤٤ بەهۆی ململانێ و دیاردەی ئاوارەبوونی بەکۆمەڵی سەرانسەری ئەو وڵاتەوە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی دیکە نەکرابوو- ئەمەیش وادەکات دەرئەنجامەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە بۆ تێگەیشتن لە بار و دۆخی منداڵانی نێو ئەو لە هەموو لێکۆڵینەوەکانی دیکە گرنگتر بێت.

لێکۆڵینەوەکە گەیشتووەتە ئەو دەرئەنجامەی ململانێ و نایەکسانی لە عێراقدا هێشتاکە دوو شەقڵی جیاکەرەوەی منداڵییەتین.

هەروەها لەو کاتەی بەشی هەرە زۆری منداڵان (٩٢٪) لە خوێندنگە سەرەتاییەکاندا تۆمارکراون، ئەوا کەمێك لە نیوە زیاتری ئەو منداڵانەی لە چینە زۆر هەژارەکەدان خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکەن. بۆشاییەکە لە قۆناغی باڵای ئامادەییدا فراوانتر دەبێت، چونکە ڕێژەی ئەو منداڵە هەژارانەی خوێندنی دواناوەندی تەواو دەکەن ڕێژەیان لە چاریەك کەمترە بە بەراورد بە ڕێژەی سێ چاریەکی ئەو منداڵانەی لە چینە دەوڵەمەندترەکانن.

بەڵام لە دەرەوەی خێوەتگەکاندا، هێشتاکە خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە عێراقدا زەرمەند و و ناهەموارە، چونکە تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ یان بەهۆی جەنگەوە یانیش بەهۆی سیستمە تەندروستییە زۆر ماندووەکانەوە زەبریان بەرکەوتووە، لەبەرئەوە هەوڵی بێ وچان دەدەن خزمەتگوزاریی پێشکەشی منداڵان و خانەوادە ئاوارەکان بکەن.

" پیتەر هاوکنز"ی نوێنەری ڕێکخراوەکە لە عێراق گوتی" منداڵان لە عێراقدا ڕووبەڕووی ئایندەیەکی ڕەش و نادیار بوونەتەوە و دەرفەتەکانی خوێندن و دامەزراندنی گەنجانیش بە ئاستێکی زۆر دابەزیوە. دەبێ ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە پەیگیرییەکە سەبارەت بەو بوارانەی پێویستیان بە زۆرێك لە وەبەرهێنان هەیە، بەدیاریکراویش لە کەرتی پەروەردە و فێرکردندا یارمەتیدەری دەوڵەمەندکردنی سیاسەتی حکوومەت بێت ".

پێداویستییەکانی کەرتی پەروەردە و فێرکردن لە عێراقدا گەلێ زۆرن، چونکە پێویستیی بە نۆژەنکردنەوە و دووبارە شیاندنەوەی نیوەی خوێندنگە حکوومییەکانی وڵات هەیە، لە هەر سێ خوێندنگەیەکیشدا خوێندنگەیەك سیستمی چەند دەوامی پێڕەو دەکات، ئەمەیش کاتی وانە تەرخانکراوەکانی منداڵان کەم دەکاتەوە. هەروەها لێکۆڵینەوەکە ئەوەی خستووەتە ڕوو ئەو پێنج پارێزگەیەی نزمترین ئاست و تێکرای هاتنە قوتابخانە و خوێندن و ئامادەبوونیان تۆمارکردووە زیاتر لە باشووری وڵاتدان کە هێشتاکە هەژارترینن، هەروەها لە هەردوو پارێزگەی ئەنبار و نەینەواش کە بە ئاگری ململانێیەکانی ئەم چەند ساڵەی دواییدا سووتاون، دۆخەکە بەهەمانشێوەیە.

هەروەها هاوکنز لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ " گەرچی عێراق هەنگاو هەڵدێنێ بۆ ئەوەی ئەو توندوتیژییە بەجێ بێڵێ کە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا باڵی بەسەردا کێشابوو و ڕێگەیەکی نوێی گرتووەتەبەر، ئەوا لەسەری پێویستە خۆشگوزەرانیی گشت منداڵانی بخاتە سەرلیستی کارەکانی". لە کۆتایی قسەکانیشیدا ناوبراو ڕایگەیاند" منداڵان ئایندەی ئەم وڵاتەن، بەڵام ئەو بۆشاییەی کە وردە وردە لەنێوان هەبووە و نەدارەکاندا فراونتر دەبێت ، تۆوی ناکۆکی و جیاوازی دەچێنێت و بۆ عێراق و منداڵانیش زیانبەخشە. جا حکوومەتی عێراقی بە پابەندبوونی دروست و پێڕەوکردنی چەند سیاسەتێکی سەرکەوتووانە دەتوانی گۆڕانێك بێنێتەکایەوە".



# چاوپێکەوتن لەگەڵ

## نوێنەری ڕێکخراوی یونیسێف لە عێراق کە لە ئێستادا ماوەی ئەرك و بەرپرسیارییەتەکەی بە کۆتا هاتووە

# پیتەر هۆکنز

**وەك نوێنەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سێ ساڵ زیاتر کارت کردووە، دەتوانیت لەسەر کار و چالاکییەکانی ئەو ماوەیەی ڕێکخراوەکە زانیاریمان پێ بدەی؟**

لە ساڵی ٢٠١٥  و ڕێك لەو کاتەدا گەیشتمە عێراق کە سێیەکی وڵاتەکە لەلایەن گرووپێکی چەکدارییەوە داگیرکرابوو، بەهۆیەوە ملیۆنان خەڵك لە سەرانسەری ئەو وڵاتەدا ئاوارە بوون، دۆخی مرۆیی زۆر دژوار بوو. توندوتیژی لە هەردوو ساڵی ٢٠١٦ و ٢٠١٧ زیاتر توندتر ببوو بەتایبەت بەهۆی کردە سەربازییەکانی ڕزگارکردنی شارە گەورەکان لە دەست ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی، چونکە خانەوادەکان لەنیوە شەودا تەنیا بەجلی بەریانەوە و بەبێ بردنی هیچ شتێك لەگەڵ خۆیان، ماڵوحاڵی خۆیان جێدەهێشت. ئاستی مەرگەسات و نەهامەتییە مرۆییەکە بۆ منداڵان و ئەو زەبرەی کە هەرگیز ناتواندرێ بیریشی لێ بکرێتەوە و ئەو ڕووداوانەش کە پێشتر هەرگیز هاوشێوەیانم نەبینیوە، بوونە هێدمەیەکی گەورە و زیانیان بە منداڵان گەیاند.

ڕێکخراوەکە لە نزیك هێڵی پێشەوەی بەرەکانی جەنگدا لەپێناو دەستەبەرکردنی ئاوی خواردنەوە و یارمەتیدانی ئەو منداڵانەدا ، کە لەنێو هەراوزەنای ململانێیەکاندا لە خانەوادە و دایبابانیان دابڕابوون، خەریکی کار و چالاکیی مرۆییانە بوو من زۆر شانازی بە کارمەندەکان دەکەم، بەتایبەتیش ئەوانەی بەردەوام و بە لەخۆبردوویەوە بۆ پێشکەشکردنی ئەو یارمەتییانەی ژیان ڕزگار دەکەن و دامەزراندنی ژێرخانی تایبەت بە ئاو و ئاوەڕۆی بەپەلە لە خێوەتگە جۆراوجۆرەکانی ئاوارەکاندا، بێ هیچ جۆرە پشوودانێك کاریان کردووە.

هەروەها بۆ پەروەردە و فێرکردنی منداڵان و لەپێناو ئەوەی بتوانن لە خێوەتگە و شوێنە گونجاوەکان لە خوێندن بەردەوام بن، هەروەها لەپێناو دەربازکردنیان لەو هێدمە و زەبرە دەروونییانەی ڕووبەڕوویان کرابوویەوە بتوانین یارمەتییان بدەین و پاڵپشتی و یارمەتیی دەروونی- کۆمەڵایەتییان پێشکەش بکەین، چەند شوێنێکی کاتیمان ڕەخساند. لەوانەشە هەندێك لەو منداڵانە هەرگیز ئەو دێوەزمە و کارەساتە ناخۆشانەیان بیر نەچێتەوە کە تیایدا ژیاون، بەڵام ڕەنگە پاڵپشتیکردنی دەروونی- کۆمەڵایەتی کە ڕێکخراوەکە بە هاوبەشی لەگەڵ هاوبەشانی پێشکەشیان دەکات، چەند هۆکارێك دەستەبەر بکات بۆ ئەوەی یارمەتیی ئەو منداڵانە بدات کە کەوتوونەتە بەر مەترسیی هێدمە و زەبری دەروونی و کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی بتوانن لە ژیانیاندا بەردەوام بن.

**ئەو دەستکەوتانە چین کە ڕێکخراوەکە لەعێراقدا بەدەستی هێناوە و بە سەرچاوەی شانازیی خۆتانیان دەزانن؟**

زۆر لایەنی ئەرێیی هەن، چونکە کاردانەوە خێرا و یەکسەرەکانمان لە هێڵەکانی پێشەوەی بەرەی جەنگدا و لەنێو دۆخە کتوپڕ و گەورە و ئاڵۆزەکانی مرۆییدا بوونە هۆی ڕزگارکردنی گیانی هەزارەها کەس، بۆنموونە: هەر لە شاری مووسڵدا ڕێکخراوەکەمان یارمەتی نۆژەنکردنەوە و دووبارە شیاندنەوەی سێیەکی ئەو قوتابخانانەی دا کە ژمارەیان دەکاتە ٦٣٨ خوێندنگە کە سەر لەنوێ کراونەتەوە، زیاتر لە نیو ملیۆن منداڵی کچ و کوڕ گەڕاونەتەوە هۆڵەکانی خوێندن. ناتوانم وەسفی ئەو شادمانییە بکەم کە لە ڕوخساری منداڵان و دایبابانیان دەبیندرا کاتێك دووبارە خوێندنگەکان دوای سێ ساڵ لە داخستنیان کرانەوە.

هەرچەندە هێشتاکە ژمارەی ئاوارەکان یەکجار زۆرە نزیکەی  و  نزیکەی ١.٨ ملیۆن ئاوارەن، بەڵام بەبەراود بە ساڵانی ڕابردوو ئەو ڕێژەیە کەمتر بووەتەوە، ئەمەیش نیشانەی باشتربوونی دۆخی ئەمنییە کە زۆربەی هاووڵاتییە ئاوارەکانی هانداوە بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان. یونیسێف لە دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی وەك ئاو و چاودێریی سەرەتاییانەی تەندروستی لەو ناوچانەی بەهۆی ململانێیەکانەوە زیانیان لێ کەوتووە، یارمەتییەکی بەرچاوی حکوومەتی داوە، هەروەها لە یارمەتیدانی منداڵان و خانەوادەکانیشیان بەردەوام دەبێت کە بەهۆی ململانێیەکانەوە هێدمەیان بەرکەوتووە، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ ژیانیان بنیاد بنێنەوە. هەروەها لە کاتە دژوارەکانیشدا توانیمانە جیاوازییەکی گەورە لە ژیانی منداڵاندا

**کارە لەپێشینە و سەرلیستەکانی یونیسێف لە ساڵی ٢٠١٩دا چین؟**

لە دوو ساڵی ڕابردوودا بۆ بنیادنان و دروستکردنی بنکەیەکی پاڵپشتی کراو بە بەڵگە لە پێناو پاڵپشتیکردنی بەرنامەکانمان و دەوڵەمەندکردنی سیاسەتەکانی حکوومەت، کار و پڕۆژەیەکی زۆر جێبەجێ کراون. لە ئەنجامی ئەمەدا تێگەیشتنێکی باشترمان لەهەنبەر دۆخی منداڵان و ژنانی عێراقدا بۆ دروست بوو. چونکە بەڵگەکان ئەوە پیشان دەدەن کە لە کەرتی پەروەردە و فێرکردندا پێویستیمان بە وەبەرهێنانێکی یەکجار زۆر هەیە ، ئەمەیش باری هەژاریی منداڵان و توندوتیژیی ڕەگەزی کەمتر دەکاتەوە. هەروەها بەردەوام هەوڵەکانی خۆمان لەسەر ئەو بوارانەدا چڕ دەکەینەوە و داوا لە حکوومەتیش دەکەین ڕێژەیەکی زیاتری بودجەی ساڵانەی نیشتمانیی خۆی بۆ وەدیهێنانی زۆرێك لەو وەبەرهێنانە تەرخان بکات کە سوودی بۆ منداڵان و گەنجانی عێراق هەیە.




## زیندووکردنەوەی گیانی موسڵ

# ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری



ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری (یونسکۆ)، دڵخۆش و شادمانە بەوەی کە بەڕێز (پاولۆ فۆنتانی)ی بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکە و نوێنەرە نوێیەکەتان پێ بناسێنێ. پاولۆ بە شارەزاییەکی فراوانەوە وەك بەڕێوەبەری نووسینگەی یونسکۆ لە ئەفغانستان و بەڕێوەبەری پێوەندی لە برۆکسل و نوێنەری ڕێکخراوەکە لە دەستگا ئەوروپییەکاندا هاتووە لەگەڵ ڕێکخراوەکەدا کار بکات. بەڕێز پاولۆ نیازی وایە لە هاوکارییەکی دوورمەودای نێوان یونسکۆ و عێراق لەپێناو وەدیهێنانی بەڕێوەبەرایەتییەکی بەرتەماتری ئەو بەرنامانەی ڕێکخراوەکە خەریکی چالاکی بێت کە لە ساڵەکانی داهاتوودا سەبارەت بە کاروانە دوورودرێژەکەی بواری جێبەجێکردنی پڕۆژە جیهانییەکان و بە پاڵپشتییەکی مەزنی دارایی کۆمەکبەخشان، پڕۆژەکانی یونسکۆ لە عێراق جێبەجی بکات

> یونسکۆ شوێنێکی بێهاوتای هەیە کە ئەو توانایەی پێدەبەخشێ یارمەتیی عێراق بدات بۆ ئەوەی لە قۆناغی ململانێیەوە بەرەو قۆناغی سەقامگیری و دواتریش گەشەپێدان بچێت

یونسکۆ شوێنێکی بێهاوتای هەیە کە ئەو توانایەی پێدەبەخشێ یارمەتیی عێراق بدات بۆ ئەوەی لە قۆناغی ململانێیەوە بەرەو قۆناغی سەقامگیری و دواتریش گەشەپێدان بچێت. ئەمە بەشێوەیەکی زۆر تایبەت بەسەر ئەو ناوچانەدا پێڕەو دەبێت کە لە دەستی داعش ڕزگارکراون. لەبەرئەوە، بەڕێوەبەری گشتیی یونسکۆ خاتوو (ئۆدری ئەزولای) دەستپێشخەرییەکی پێشەنگانەی بەناوی " زیندووکردنەوەی موسڵ" ڕاگەیاندووە و جەختیشی کردووەتە سەر ڕەهەندە مرۆییەکەی دووبارە ئاوەدانکردنەوە، بەو شێوەیەی لە کۆنگرەی نێودەوڵەتیی کوەیت لەپێناو دووبارە بنیادنانەوەی عێراقدا جەختی لەسەر کراوەتەوە.

مووسڵیش وەك یەکێك لە دێرینترین شارەکانی جیهان، بە سونبوڵێکی زیندووی شوناسە هەمەچەشنەکەی عێراق دادەندرێ. هەروەها لەڕووی دەوڵەمەندیی ڕۆشنبیری و کەلتوور و مێژووەکەشییەوە بە شاری دووەمی عێراق دادەندرێ. ناوی مووسڵ بە عەرەبی واتای "بەستەر" دەگەیەنێ. ئەمەیش هۆیەکی زۆر لۆژیکییانەی هەیە. چونکە ماوەی هەزاران ساڵە وەك پردێکی ستراتیژی سەر ڕووباری دیجلە باکوور و باشوور و خۆرهەڵات و خۆرئاوای بەیەکەوە بەستاوەتەوە. لە چاخ و سەردەمە کۆنەکاندا لێرە لە نەینەوا و لە کەناری خۆرهەڵاتی ڕووبارەکەدا جوولەکە بە ئاشوورییەکان و ڕۆمانەکان بە فارسەکان گەیشتوون. دواتریش لە شارێکی کۆنی بەشی خۆرئاوایدا مەسیحییەکان بە موسڵمانان و تورکەکان بەیەکتری گەیشتوون.





مووسڵ بەدرێژایی مێژووەکەی زۆرێك لە ململانێ و کێشمەکێشی بەخۆیەوە بینیوە، هەر لە جەنگە هزرییەکانەوە تا دەگاتە پێکدادانە سەربازییەکان، ماوەیەکی زۆریش لە ئاشتی و سازاندا ژیاوە. هەروەها لە چەند ماوە و قۆناغێکی سەربەخۆیی سیاسی و گەشەکردنی ئابووری و ڕێبەرایەتیکردنێکی هزری و چەند قۆناغێکی پووکانەوە و لەنێوچوونی نێو داگیرکاری و سەرکوتکاریشدا ژیاوە.

مووسڵ کە وەك چوار ڕێیانێکی ڕۆشنبیریی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست ناسراوە، شارە سامرییەکانی بە بابل و پەرژینەکانی نەینەوای بە ڕێگەی حەریر بەستاوەتەوە و بۆتەی ئاوێتەکردنی خەڵکە هەمەچەشنەکان و هزرەکانیش بووە. لەنێوان ساڵانی ٢٠١٤- ٢٠١٧ سەربردەی ڕقوکینە و توندوتیژی بەسەر سەربردەی ئاشتی- و گیانی ڕاستینی موسڵدا زاڵبوو. چونکە داگیرکردنی ئەو شارە لەلایەن داعشەوە بووە هۆی وێرانکردنی. هەروەها ناوچەی شوێنەواریی نەمروود و مۆزەخانەی مووسڵ و مزگەوتی نەبی یونس و منارەی لار و چەندان نما و وشوێنی دیکەی لە شارەکەدا وێران کرد. کەرتی پەروەردە و فێرکردنی هەر لە قۆناغی پێش سەرەتایی تادەگاتە خوێندنی باڵا بەتەواوی وێران کرد و خوێندکاران و مامۆستایانیش بەدەست دەرئەنجامە جەستەیی و دەروونییەکانی جەنگەوە دەیانناڵاند.

یونسکۆ بە پاڵپشتیی حکوومەتی عێراق و سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەوڵە نێودەوڵەتییەکانی نێو دوو بواری سەرەکی وەك: نۆژەنکردنەوە و دووبارە بنیادنانەوەی کەلتووری ڕۆشنبیری و زیندووکردنەوەی دەستگە فێرکاری و پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییەکانەوە، هەوڵە نێودەوڵەتییەکان ڕێکدەخات. لەمیانی ئەمەیشدا گیانی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و ئەو بەهایانە قووڵتر دەکاتەوە کە هەمووان دەگرێتەوە. ئامانجی دەستپێشخەرییەکە بەشداریکردنە لە دووبارە ڕابوونی کۆمەڵایەتی و ئابووریی عێراق و بەشداریکردن لە گەشەپێدانی بەردەوام و دوورمەودا و ئاشتەوایی نێوان جڤاکە لۆکاڵییەکان، بێگومان ئەمەیش لەمیانی پاراستن و پاڵپشتیکردنی کەلتووری ڕۆشنبیری و دووبارە بنیادنانەوەی کەرتی پەروەردە و فێرکردن دەبێت بە هاوکارییەکی پتەو لەگەڵ حکوومەت و گەلی عێراقدا دێتەدی.

ڕوونیش بوویەوە دەستپێشخەری گردکردنەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەرکەوتنی وەدەستهێنا. چونکە یونسکۆ تا ئێستە بۆ پاڵپشتیکردنی چەندان پڕۆژەی نوێی تایبەت بە پەروەردە و فێرکردن و ڕۆشنبیری توانیویەتی زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن دۆلار دەستەبەر بکات.

هەروەها ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبیش لەپێناو نۆژەنکردنەوە و دووبارە بنیادنەوەی سەرەکیی مزگەوتی نووری و منارەی حەدبا و هەر دوو کەنیسەی پیرۆز (٥٠.٤) ملیۆن دۆلاری وەك هۆکارێکی هاندانی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و ئاشتەوایی جڤاکی پێشکەش کردووە. لە کاتی جەنگی ئازادکردنی شارەکە لە لایەن هێزەکانی عێراقەوە، ڕێکخراوی داعش بەهۆی تەقاندنەوەوە بە ئەنقەست زۆربەی مزگەوتەکانی وێران کردووە. ئێستەیش دوای پاککردنەوەی سەرەتایی شوێنەکان لە تەقەمەنییە مەترسیدارەکان، کارکردن لە دووبارە بنیادنانەوەی گرنگترین شوێن و نمایە کۆنەکانی شاری موسڵدا بەردەوامە.

یەکییەتی ئەورووپاش ٢٢.٨ ملیۆن دۆلاری پێشکەش کردووە و یونسکۆ بەم یارمەتییە دەتوانێ بەشێوەیەکی باشتر و گەورەتر بەشداری لە نۆژەنکردنەوە و بنیادنانەوەی شارستانی- مێژوویی مووسڵ بکات و دووبارە ئاوەدانی بکاتەوە، هەروەها دەشتوانێ دووبارە زۆرێك لە تەلار و خانووە مێژووییەکان نۆژەن بکاتەوە کە دەبنە هۆی بوژاندنەوەی چالاکیی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری. پڕۆژەکەش لەمیانی دووبارە ئاوەدانکردنەوەوە گەشە بە کارامەیی خەڵکی موسڵ دەدات و دەرفەتی کاریش بۆ زیاتر لە ٢٥٠٠ دانیشتووانی شارەکە و ئاوارە گەڕاوەکان دەڕەخسێنێ. هەروەها یەکیەتیی ئەورووپا بۆ نۆژەنکردنەوەی شارە کۆنەکەی نێو بەسرا، پاڵپشتیی لە یونسکۆ و حکوومەتی عێراقی دەکات.

سەبارەت بە پەروەردە و فێرکردنیش، هاوتەریب لەگەڵ ئەو پڕۆژەیەی پاڵپشتی لە چاککردنەوەی فێرکردنی هونەری و پیشەیی و سیستمی مەشقی (یەکییەتیی ئەورووپا دەکات)، یونسکۆ ئەو پڕۆژانە پێش دەخات کە تایبەتن بە پەروەردە و فێرکردنی نێو ڕەوتی ململانێیەکان، وەك: دەستەبەرکردنی دەرفەتی پەروەردە و فێرکردنی ئەو منداڵانەی نەچوونەتە خوێندنگەکان.

هەروەها ڕێکخراوی یونسکۆ بە هۆی پارە تەرخانکردن لەلایەن وڵاتی قەتەر و یەکییەتیی ئەورووپاوە بۆ کردەی " منداڵێك فێربکە"، لە هەردوو ساڵی ڕابردوودا پاڵپشتی لە قبووڵکردنی ٥٧٣٧١ منداڵ کردووە کە نەچوونەتە قوتابخانەوە و چەند وانەیەکی جێگرەوەی دوای دەوامی خوێندنگەکان یانیش لە کاتی هاوینەدا بۆ نزیکەی ٩٥٤٣ قوتابی دەستەبەرکردووە بۆئەوەی بتوانێ یارمەتیی ئەو قوتابییانە بدات تا بتوانن وەڵامی داواکارییە ئەکادیمییەکان بدەنەوە. جگە لەمانەیش، یونسکۆ چالاکییەکانی یارمەتیدانی دەروونی یان ئیدارەدانی دۆخە تاکەکەسییەکانی بۆ ٩١٣٤ خوێندکار بەڕێوەبردووە بۆ ئەوەی لە پێشخستنی کارامەییەکانی گونجانێکی باشتر و تواناداردکردنێکی باشتری گونجان یارمەتییان بدات. هەروەها ١٧٠٢٤ کۆمەڵە مادەی فێرکردنی دابەش کردووە کە بریتین لە کەرەستە و پۆشاکەکانی قوتابخانە و زۆربەی زۆری بەسەر خوێندکارە زۆر هەژارەکاندا دابەش کراوە، هەروەها ٢٧٧٠ پەڕتووکی قوتابخانەیی و ٢٩٣٥ کۆمەڵە مادە و پرۆگرامی خوێندن و ١٢١ کۆمەڵە مادەی کاتبەسەربردن و گەمەکردنی بەسەر خوێندنگە و قوتابییە زۆر هەژارەکاندا دابەش کردووە.

یونسکۆ بە پاڵپشتیی هەردوو حکوومەتی هۆڵەندا و یابان، گەشە بە توانا و ئامرازە پەروەردەییەکان دەدات ئەمەیش لەپێناو یارمەتیدانی خوێندکارانە بۆ بنیادنانی توانای خۆڕاگری بۆ بەرەنگاربوونەوە و ڕێگە گرتن لە توندڕۆیی توندوتیژ و بەهێزکردنی پابەندییەکانیان لەهەنبەر ئاشتی و نا توندوتیژی. یونسکۆ بەم کار و چالاکییەی توانایە ڕاستەوخۆیەکانی مامۆستایان لە زیاتر لە ٥٠٠ خوێندنگەی موسڵ گەشەپێ دەدات بۆئەوەی پاڵپشتی لە چەندان کارامەیی یارمەتیدەری مەعریفی و کۆمەڵایەتی و سۆزی و ڕەفتاری نێوان خوێندکاران گەشەپێ بدات و پاڵپشتی لێ بکات- وەك بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و تێگەیشتن لە ئاڵۆزکاوی و ئازایەتیی ئەدەبییانە و ڕەفتاری بەرپرسانەی ئەلیکترۆنی.



# فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری تایبەت بە مین

ململانێی بەرفراوانی نێو عێراق بۆ ڕزگارکردنی ئەو شارانەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ( داعش) دەستی بەسەردا گرتبوون، لەنێوان ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٧ بووە هۆی ئاوارەبوونی زیاتر لە ٥،٨ ملیۆن کەس، ئەم ململانێییە بووە هۆی پیسبوونێکی مەترسیدار و توندی ژینگەش بە تەقەمەنییە مەترسیدارەکانی دوای هێرشە سەربازییەکان، لەهەمان کاتیشدا داعش بە ئەنقەست بۆمبی چێندراوی لەدوای خۆی جێهێشتبوو. جا لەو کاتییەوە ٣،٩ ملیۆن کەس گەڕانەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان، حکوومەتی عێراقیش لەپێناو گەڕانەوەی ئەو کەسانەی هێشتا لە ئاوارەییدان و ژمارەیان ١،٨ ملیۆن کەسە، بە پاڵپشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کار بۆ فەراهەمکردن و ئاسانکردنی گەڕانەوەیەکی بێ مەترسی و ڕێکوپێك و سەربەرزانە دەکات.

گرفتی تەقەمەنییە مەترسیدارەکان ئاڵۆز و بەرفراوانە و لە توانای سەرچاوە بەردەستەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی زۆر زیاترە. حکوومەتی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان و لایەنە نێودەوڵەتییە پێوەندیدارەکانی تایبەت بە هەڵگرتنەوە و لابردنی تەقەمەنییە مەترسیدارەکان، نەهێشتن و هەڵگرتنەوەی ئەو تەقەمەنییە مەترسیدارانەیان وەك کاری لەپێشینە و سەرلیستی خۆیان داناوە، لە هەمان کاتیشدا وەك " هەنگاوی یەکەم"ی پێویستی پێش جێبەجێکردنی هەر کارێکی نۆژەنکردنەوە و ئاوەدانکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی ژێرخانی سەرەکی و تەلار و خانووەکانی نیشتەجێبوونە. هەروەها چالاکییەکانی تایبەت بە شیاندنەوە و دووبارە ئاوەدانکردنەوە بۆ دووبارە دەستەبەرکردنەوەی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و دووبارە نیشتەجێکردنەوەیەکی بێ مەترسی لە ناوچە زیانلێکەوتووەکاندا، زۆر پێویستن.

فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێکارەکانی تایبەت بە مین کە لە ساڵی ٢٠١٥ ەوە لە عێراقدا خەریکی کار و چالاکین، پاڵپشتیی لە حکوومەتی عێراق و ئەو هەوڵە سەقامگیرییانە دەکەن کە نەتەوە یەکگرتووەکان و چالاکییە مرۆییەکان بۆ زەمینەسازییەکی بێ مەترسی و ڕێکخراوانە و سەربەرزانەی ئاوارەکان لەو ناوچانەدا بەڕێوەیان دەبەن کە پێشتر داعش داگیری کردبوون

## بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی مەترسییەکانی تەقەمەنی:

### تواناداركردنی دەستپێشخەرییە مرۆییەکان و دەستپێشخەرییەکانی وەدیهێنانی سەقامگیری

ئەو ڕێبازە تێکەڵەی کۆمپانیا بازرگانییە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، دەرفەتی بەڕێوەبردنی ڕووپێو و پاککردنەوەی ئەو ناوچانە دەڕەخسێنی کە لە دەستی داعش ڕزگارکراون و دەبنە هۆی پاڵپشتییەکی ڕاستەوخۆی حکوومەتی عێراق و پلانە مرۆییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و پلانەکانی وەدیهێنانی سەقامگیری. جا لە کاتی داواکاریی ڕێکخراوە و هەیکەلی نەتەوە یەکگرتووەکان، فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مین، تیمەکانی هەڵسەنگاندن دەنێرێت و دواتریش تیمە پسپۆڕەکانی وەك: ڕووپێو و لێکۆڵینەوەی زۆر مەترسیداری و پاککردنەوەی ناوچەکانی شەڕ و بنەمایە میکانیکییەکان و / ئیدارەدانی داروپەردووەکانیش دەستبەکار دەبن.

## پاڵپشتیکردن و پتەوکردنی توانایەکان:

### حکوومەت لە ناوچە ئازادکراوەکاندا توانای بەڕێوەبردنی هەوڵەکانی ئیدارەدانی تەقەمەنییە مەترسیدارەکان و ڕێکخستن و هەماهەنگیکردنییانی هەیە

فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مین پاڵپشتی لە کاردانەوەی لایەنەکانی سەرکردایەتی و جێبەجێکردنی نیشتمانی دەکات. جا لە سۆنگەی توانایە بەردەستەکاندا، جەخت و بیرکۆیی فەرمانگەکە لەسەر دەستەبەرکردنی مەشق و ڕاوێژی تەکنیکی بۆ حکوومەتی عێراق و چەندان وەزارەتی نێو حکوومەتەکە چڕ دەبێتەوە، وەك: دەستەکانی بەرەنگاربوونەوەی مین و وەزارەتی ناوخۆ (پۆلیس و بەرگریی شارستانی) و مەڵبەندەکانی ڕێکخەر و هەماهەنگیی کردەکانی سەر بە حکوومەت لەپێناو پاڵپشتیکردنی بەڕێوەبردن و ڕێکخستن و هەماهەنگیی لەهەنبەر کاردانەوەی تەقەمەنییە مەترسیدارەکان. هەروەها " ستراتیژی نیشتمانی و پلانی جێبەجێکاری تایبەت بە کاروبارەکانی مین ٢٠١٧-٢٠٢٠" لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٧ و بە پاڵپشتیی فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مین، دەرچووە.

### هۆشیارکردنەوە لە هەنبەر مەترسییەکان:

## گەرانەوەی پر لە متمانەی ئاوارەکان بۆ سەر ماڵوحاڵی خۆیاڵ

هۆشیارکردنەوەی دانیشتووانانی زیانلێکەوتوو و کارمەندان و چالاکانی بواری مرۆیی، بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەو گرووپانەی نەتەوە یەککگرتووەکان بەڕێوەدەچێت کە تایبەتن بە پاراستن و دەسەڵاتە نیشتمانییەکانەوە. هەوڵ و کۆششەکان بەشێوەیەکی تایبەت ئامانجیان کۆمەڵگا خۆجێیەکانی ناوچە ئازادکراوەکانە کە بە بۆمبی چێنراو و تەقەمەنییە مەترسیدارەکان پیسبوون یانیش گومانی پیسبوونیان لێ دەکری. فەرمانگەی دەسەڵاتی نیشتمانی لەپێناو چاکترکردنی هەماهەنگی و ئیدارەدانی هۆشیارکردنەوە لە هەنبەر مەترسییەکان لە عێراقدا، مەشقی لەسەر بەڕێوەبردن کردووە.

## کار و پڕۆژە تەواوکراوەکانی فەرمانگەی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ کاروباری مین لە ساڵی ٢٠١٨

- فەرمانگەی نەتەوە یەککگرتووەکانی تایبەت بە کاروباری مین لە عێراقدا، ٣٥٠ ڕووپێوی تەقەمەنییە مەترسیدارەکانی لە پارێزگەی ئەنبار و سەلاحەدین و نەینەوادا بەڕێوەبردووە ، ئەمەیش وەك پاڵپشتیکردنی بەشدارییەکانی وەدیهێنانی سەقامگیری و بەشدارییە هەرە لەپێشینەکانی مرۆییە.
- هەڵگرتنەوە و لادانی ١٤٥٠٠ تەقەمەنیی مەترسیدار، بە ١٥٠٠ بۆمبی چێندراو و ١٠٠٠ پشتێنی بۆمبڕێژکراو لە ناوچە ئازادکراوەکاندا.
- جێبەجێکردنی ١٢٠٠ ئەرکی پاککردنەوە، ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی ڕێگە بۆ بەرنامەی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ گەشەپێدان وحکوومەتی عێراقی خۆش بکات لە دووبارە شیاندنەوە و نۆژەنکردنەوەی ژێرخانی زیندووی وەك نەخۆشخانە و خوێندنگە و پرد و ...هتد هەنگاو هەڵێنن، هەروەها ڕێگەی بۆ لایەنە مرۆییەکان خۆشکرد بۆ ڕزگارکردنی گیانی مرۆڤەکان هەنگاوی بەپەلە بهاوێن.
- هەماهەنگیکردن و تەواوکردنی ١٨ ئەرکی هەڵسەنگاندنی هاوبەش بۆ تواناداركردنی نەتەوە یەککگرتووەکان و هاوبەشە مرۆییەکان، بۆپێشکەشکردنی یارمەتییە مرۆییەکان هەر لەگەڵ ئەوەی دەرفەتی گەیشتن بە ناوچە ئازادکراوەکان ڕەخسێندرا.
- ٤٢٠ ئەفسەری پۆلیس، کە ٢٩ کەسیان ژن بوون، مەشقیان پێ کرا بۆ ئەوەی لەپێناو ناسینەوەی تەقەمەنییە مەترسیدارەکان و دەستنیشانکردن و ئاگادارکردنەوەی لایەنی پێوەندیدار، کاردانەوەی سەرەتایی و خێرایان هەبێت، هەروەها ٢٣ کەس لە یەکەکانی پاسەوانیی نەتەوە یەککگرتووەکان لەسەر کاردانەوەی بێمەترسیی هەنبەر هەڕەشەی بۆمبە چێندراوەکان و تەقەمەنییە مەترسیدارەکان، مەشقیان پی کرا.
- هەروەها ٦٠٠٠ فەرمانبەری بەرنامەی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ گەشە پێدان لە بەرنامەی پارە بەرانبەر کار و ١٠٠٠ فەرمانبەری حکوومی و ١٤٠٠ فەرمانبەری نەتەوە یەککگرتووەکان و ڕێکخراوە نا حکوومییەکان بۆ ناسینەوەی تەقەمەنییە مەترسیدارەکان و کردنی ڕەفتاری بێ مەترسی لە کاتی کارکردنیان لە ژینگە زۆر مەترسیدارەکانی وەك مووسڵ، مەشقیان پێ کرا.
- ٤٢٢،٣٠٠ کەس لە خوێندنگەکان و ئاوارەکان بۆ هۆشیارکردنەوەی هەنبەر مەترسییەکانی مین مەشقیان بینیوە.



## ساڵی ٢٠١٨ لە چەند بڕگەیەکی ڤیدیۆییدا

- ساڵێك لە پاککردنەوەی مین لە مووسڵ
https://youtu.be/ENzDG3c-N2s
- هەمووارکردنەوەی ڕێگە و بنیادنانەوەی پردی فەلووجە
https://youtu.be/vl7Dy1GcnEQ
- ژنان لە کاروبارەکانی تایبەت بە مین ڕۆڵێکی زیندوو دەگێڕن. شەهد وەك ژنە بەرپرسێکی پێوەندیی جڤاکی، باس لە ڕۆڵی خۆی دەکات
https://youtu.be/TSPR5bBT3K8
- هۆشیارکردنەوە لە هەنبەر مەترسییەکان گیانەکان ڕزگار دەکات- بەرنامەی نوور لە ڕادیۆی Radio One FM چەند بڕگەیەکی تەلەفزیۆنی و واقیعی شیمانەیی
https://www.youtube.com/watch?v=-TwYMHvyJLI
- مافی ئاشتی" ژەنینی چیلۆ لە مووسڵ
https://youtu.be/SLSkZaUGspA
- گەلی عێراق، وەك هەر شوێنێکی دیکە، شایستەی "ماڵێکی بێمەترسییە
https://youtu.be/MymKRcCSkFE
- مەشقکردن بە ئەفسەرانی ژن بۆ ئەوەی ببنە یەکەمینی ئەو کەسانەی کاردانەوەیان لەهەنبەر تەقەمەنییە مەترسیدارەکاندا دەبێت.
https://www.facebook.com/watch/?v=2171794803087413
- ٦٠ چرکە لە عێراق- چاوگێڕانەوەیەکی گشتی بە ٢٠١٨
https://youtu.be/H8oaDwC9Ux8

## بەڕێز ( پێر لودهامر) بەڕێوەبەری پێشکەوتوی پرۆگرام لە فەرمانگەی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ کاروباری مین



لەژێر ڕابەرایەتی و ڕێنوێنیی (بیر لۆدهامر)، قەبارەی فەرمانگەی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ کاروباری مین لە عێراق ٤ هێندەی جاران گەورەتر بوو، هەروەها کاریگەرییەکی مەزنی بەسەر ناوچە ئازادکراوەکانی عێراقەوە هەبوو. (بیر) لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٨دا خەڵاتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەککگرتووەکانی تایبەت بە ( ڕێنوێنیکردن)ی وەدەستهێنا

بۆ بینینی ڤیدیۆی فەرمانگەی نەتەوە یەککگرتووەکانی بۆ ڕێکارەکانی تایبەت بە مین لە عێراق، کە تیایدا باس لە هەوڵەکانی هۆشیارکردنەوە و دانانی سنوورێك بۆ ئەو مەترسییانەی تەقەمەنییە مەترسیدارەکان دەیانسەپێنن: تکایە بگەڕێرەوە بۆ https://youtu.be/YdaKcBLa98I




# سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان

### سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان لە عێراقدا.. خزمەتکردنی ژنان ولاوان لە سەرانسەری وڵاتدا

لە سەردەمی جەنگدا پێداویستییەکانی دووگیانی ومنداڵبوون پشتگوێ دەخرێن، ئەمەیش دەبێتە هۆی دەرئەنجامی زۆر مەترسیدار ورەنگدانەوەیەی نەرێیی بەسەر ژنانەوە دەبێت، چونکە بەهۆی کەمیی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستیی منداڵبوونەوە دووچاری چەند مەترسییەك دەبنەوە کە هەڕەشە لە تەندروستیی دۆخی دووگیانی ومنداڵبوونیان دەکات. هەروەها لەو کاتەی پێداویستییەکانی پاکو خاوێنیی تەندروستیی پشتگوێ دەخرێ، ژنان وگەنجان زیاتر دەکەونە بەر مەترسیی توندوتیژی وخراپ سوود لێوەرگرتن ونەخۆشییە سێکسییەکانەوە.

هەرچەندە ئەوە ڕاگەیەندراوە عێراق بەرەو قۆناغی چاکبوونەوە چووە، بەڵام هێشتاکە ژنان وکچان بەدەست لێکەوتەکانی جەنگەوە دەناڵێنن وزۆریش پێویستیان بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی بواری دایکایەتیی نێو دۆخە کتوپڕەکان و پاڵپشتیکردنی دەروونی و پارێزگاری لە توندوتیژیی ڕەگەزی هەیە.

## ئەو یارمەتییانەی تایبەتن بە تەندروستیی دۆخی دووگیانی منداڵبوون

ئەو کاتەی نادیە منداڵەکەی خۆی لەئامێز کرد و بە سکی نۆ مانگانەوە لە ماڵەکەی خۆی لە شارۆچکەی حەویجە هەڵات، تەمەنی نەگەیشتبووە شانزە ساڵی. ڕێکخراوی داعشیش ماوەی دوو ساڵ بوو شارۆچکەکەیان داگیرکردبوو، جا لەو کاتیدا، تۆپبارانکردنی بەردەوام نادیە و زۆرێك لە خانەوادەکانی دیکەی ناچار کرد لە تاریکاییی شەودا ماڵەکانی خۆیان جێبهێڵن.

کاتێك نادیە لە دۆخی گەشەکردندا بوو، ئایندەیەکی تەواو جیاوازی بۆ خۆی وێنا کردبوو. ئەو یەك خەونی زۆر سادەی هەبوو، هیوای دەخواست لە ئایندەدا ببێتە مامۆستا، بەڵام جەنگ ناچاری کرد واز لە قوتابخانە بهێنێ، دوای گوزەرکردنی ساڵێکیش بەسەر هاتنی داعش، درایە پیاوێکی لەخۆی بەتەمەنتر.

نادیە لەو کاتەی تووڕەیی لە ڕوخسارە بچکۆلانەکەیدا دەبیندرا، گوتی:" ناچاریان کردم، من تەنیا منداڵێکی تەمەن پانزەساڵان بووم. نەمدەویست شوو بکەم".

دوای تێپەڕینی هەشت مانگ بەسەر شووکردنی نادیە، ڕێکخراوی داعش مێردەکەیان برد، دواتریش بێسەروشوێن بوو و هیچ سەروسۆراغێکی دیار نەبوو. کاتێك مێردەکەی بزر بوو، بەڕاستی ئەو دووگیان بوو. دوای ماوەیەکی کەم دووبارە بەشوو درایەوە، بەڵام ئەمجارە سەر بەهەوێ بەشوویان دا و بووە ژنی دووەم. دوای گوزەرکردنی چەند مانگێك بەسەر لەدایکبوونی نۆبەرەکەی، نادیە دیسان دووگیان بوویەوە و بڕیاری دا وەك خۆپاراستن و گەڕان بەدوای شوێنێکی بێ مەترسی، لەگەڵ مێردەکەی بەرەو خێوەتگەی ئاوارەکانی نێو شارەدێی دیبەگە بچێت.

لەنیوەی ڕێگەیان بەرەو دیبگە، هەڵوەستەیان کرد و نەیانوێرا زیاتر بەرەو پێشەوە هەنگاو هەڵێنن، نەشیان دەتوانی بگەڕێنەوە دواوە. لەبەر ئەوە ناچار بوون لە شوێنێکی نادیاردا خێوەتگەیەکی هەرەمەکی بۆ خۆیان چێ بکەن، ماوەی چەندان مانگ لە شوێنەکە مانەوە. نادیە سەبارەت بە بارودۆخی ئەوکاتیان لە شوێنەکە، دەڵێ" خۆراك و ئاومان نەبوو، منداڵەکانمان نەخۆش کەوتن".

وادەی منداڵبوونی نادیە وردەوردە نزیك دەبوویەوە، لەبەرئەوە خانەوادەکە بڕیاریان دا لەگەڵ بوونی

ئالنگاری و مەترسییەکی زۆریشەوە دوا هەوڵی خۆیان بدەن بۆ ئەوەی بگەنە دیبەگە. لە کۆتاییدا لە گەیشتن بە خێوەتگەکە سەرکەوتنیان وەدەستهێنا.

کاتێک خانەوادەکە گەیشتنە دیبەگە، نادیە بەرەو نۆرینگەی تەندروستیی منداڵبوون و دووگیانی چوو کە سەر بە "سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان" بوو، بۆ ئەوەی چارەسەری بکەن و لەچوارچێوەی چاودێریکردن و گرنگیدانی پێویستی پێش قۆناغی منداڵبوون ڕاوێژی تەندروستیی پێشکەش بکەن.

ئەو نۆرینگەیە ١٥٧ پاشکۆی تەندروستیی دووگیانی و منداڵبوونی هەبوو کە سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان پارمەتیی دەدا و پاڵپشتیی لێ دەکرد و چەند ڕاوێژێکی تەندروستییی دووگیانی و منداڵبوون و خزمەتگوزارییە تەندروستیەکانی بواری نەخۆشییەکانی ژنان و چاودێریکردنی پێش و دوای منداڵبوونی پێشکەش دەکرد و هەروەها پلاندانانی خانەوادەییشی دەبەخشییە ژنە دووگیانەکانی سەرانسەری عێراق.

دوای ماوەیەکی کەم نادیە منداڵی دووەمی بوو کە کچێک بوو و ناوی لێنا "سیوار"

## پارمەتییەکانی تایبەت بە توندوتیژیی ڕەگەزی

نادیە لە خێوەتگەکەدا سەردانی شوێنی تەرخانکراو و تایبەت بە ژنان و کچانی دەکرد، لەوێ فێری بەرگدووری بوو و دەرفەتی بۆ ڕەخسا لەگەڵ چەند دایکێکی دیکەدا پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ببەستێ. مەڵبەندەکە یەکێکە لەو ١٣٨ مەڵبەندەی ژنان کە سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان پاڵپشتیی لێ دەکات و چارەسەری ورد و هەستیار و نهێنی پێشکەشی ژنان و کچانی ڕزگاربوو دەکات، بە پێشکەشکردنی پاڵپشتیی دەروونی و بەدواداچوون و ئیحالەکردنیان بەرەو ئەو لایەنانەی زۆرێک لە چاودێرییەکانی وەک خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان پێشکەش دەکەن.

مەڵبەندەکە دەرفەت بۆ ژنانی وەک نادیە دەڕەخسێنێ لە وانە و چالاکییەکانی بنیادنانی کارامەییەکان و فێرکردنی جڤاکی ئامادەبن و سەبارەت بە چەند پرسێکی وەک مافەکانی ژن زانیارییان پێ دەبەخشێ. ئەو مەڵبەندە نەک تەنیا ژنان و کچانی ئاوارە، بەڵکو پێشوازی لەو ژنە سوریانەش دەکات کە وەک پەناهەندە هەڵاتوون و بەدوای پەناگەیەکدا دەگەڕێن.

(ڕەوا) سەبارەت بە یەکەم سەردانی بۆ مەڵبەندەکە دەڵێ: " مەڵبەندەکە و پسپۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی نێوی ئەو باوەڕەیان لەلام دروستکرد من بێکەس و تەنیا نیم. دەکرێ بە بێدەنگییەوە ئازار بچێژم، بەڵام هەرگیز تەنیا و بێکەس نیم. ئەوان کەمە باوەڕ و متمانەیەکی دەروونیان بۆم گەڕاندەوە کە لەدەستم دابوو، وایان کرد هەست بکەم کە ناکرێ بەهۆی نەبوونی توانای منداڵبوونمەوە حوکمم لەسەر بدرێ"، هەروەها گوتی:" وایان کرد هەست بکەم لەم جیهانەدا شوێنێکم هەیە".

کاتێک"ڕەوا"ی مامۆستای باغچەی ساوایان تەمەنی سی ساڵان دەبێت، پیاوێک دەبینێت و یەکتریان خۆشدەوێ و بڕیار دەدەن ژیانی هاوبەش و خانەوادە پێکبهێنن. بەڵام بارودۆخیان بەپێی پێویست نەدەچووە پێش، چونکە دوای ساڵێک لە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و سەردانیکردنی چەندان نۆرینگەی پزیشکی و کردنی چەندان شیکاری، ئەو خانەوادەیەی ڕۆژێک لە ڕۆژان شادمان و دڵخۆش بوون، بۆی ڕوونبوویەوە ڕەوا منداڵی نابێت.

ڕەوا دەڵێ: کاتێک خەڵک زانیان نەزۆکم، گوزارشتەکانی ڕوخساریان دەگۆڕا، چونکە یەکسەر بێدەنگییەکی ڕووگیرانە شوێنی زەردەخەنەی دەگرتەوە، وەک بڵێی بقیژێنن: " سووچێك لە تۆدا هەیە".

ساڵەکان تێدەپەڕێن و دۆخی ئەو خانەوادەیەش لە خراپەوە بەرەو خراپتر دەچوو. (ڕەوا) لە کۆتاییدا بۆی ڕوونبوویەوە مێردەکەی پەیوەندیی سۆزی لەگەڵ ئافرەتانی دیکەدا هەیە وماماڵە و ڕەفتاریشی بەتەواوی گۆڕاوە. لەسەر ئەوە ڕاهاتبوو بە "کەمتر لە ژن" وەسفی بکات و ڕێز و قەدریشی دابەزاندبوو و تەنیا وەك كابانێکی ماڵ وەسفی دەکرد و نەیدەهێشت لە ماڵ بچێتە دەرەوە. غەم و بێهیواییەکەی لە وەسف بەدەربوون، تا گەیشتە ئەو ئاستەی کەڵکەڵەی خۆکوشتن شەو و ڕۆژ بەدوایەوە بێت.

لە ساڵی ٢٠١١ و دوای گوزەرکردنی هەشت ساڵ بەسەر پێکهێنانی ژیانی هاوبەش، جەنگ لە سووریا هەڵگیرسا و خانەوادەکە ناچاربوون دیمەشق جێبهێڵن. لە ساڵی ٢٠١٣دا وەك پەناهەندەیەك بەرەو هەرێمی کوردستانی عێراق و بەرەو خێوەتگەی گەویلان هاتن.

باری گرانی ئاوارەیی و پەناهەندەیی کاریگەرییەکی نەرێیی لە (ڕەوا) کرد، چونکە هەستی تەنیایی و بێکەسی و ڕەتکردنەوەی قووڵترکردەوە و بووە هۆی دروستکردنی غەمۆکییەکی توند.

ڕۆژێك لە ڕۆژان لە خێوەتگەکەدا بلاوکراوەیەکی "مەڵبەندی ژنانی سەر بە سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان" لەبەردەم خێمەی خۆی دەکەوێتە بەرچاوی. لە بلاوکراوەکەدا باس لەو خزمەتگوزارییانە کرابوو کە مەڵبەندەکە پێشکەشی ژنانی دەکەن، بەتایبەتیش ئەو ژنانەی پێویستیان بە پاڵپشتیی دەروونیی- کۆمەڵایەتی هەیە. گەرچی زۆریش بێهیوا دەبێت، بەڵام بڕیار دەدات ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە.

پسپۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەناگەیان بۆ دەستەبەر کرد و چەند ڕاوێژ و زانیارییەکیشیان سەبارەت بە مەسەلەی نەزۆکی پێشکەش کرد. هەروەها هانیان دا لە چالاکییە تەرفیهییەکان و وانەکانی کارامەییەکانی ژیان ئامادە بێت کە لەوێدا وەك خزمەتگوزاری پێشکەشی ژنان دەکران، ئەویش بەوپەڕی شادمانییەوە پێشنیازەکەی پەسندکرد بەو هیوایەی سنوورێك بۆ گۆشەگیرییەکەی دابنێ.

(ڕەوا) دەڵێ" مەڵبەندەکە و پسپۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەر بە پارمەتیدانی کاتی پێویستیم دەستیان هەڵنەگرت، بەڵکو لەگەڵ مێردەکەشم کەوتنە پەیوەندی و ڕازییان کرد لە گفتوگۆیە بەکۆمەڵە چڕەکانی تایبەت بە پیاوان و کوران سەبارەت بە توندوتیژیی ڕەگەزی و مافی ژناندا ئامادە بێت".

دواتریش بە زەردەخەنەوە گوتی:" فێربووم خۆم لەگەڵ ئەو واقیعە ڕابهێنم کە من ناتوانم منداڵم ببێت. لەبەرئەوە لەجیات ئەوەی غەم لە دۆخەکەم بخۆم، ئێستە کاتەکانی خۆم لە هونەرەکان و کارە دەستییەکان بەسەر دەبەم. مێردەکەشم لەجاران زۆر باشتر بووە، وەك جاران قسەی ناخۆشم پێ ناڵێ، وردە وردە و بەشێوەیەکی هاوسۆزتر و تێگەیشتووانەتر لەگەڵ دۆخەکەدا دەگونجێ و پێی ڕازی دەبێت".

## چالاکییەکانی لاوان

لە تەنیشت مەڵبەندی ژنان لە گەویلاندا- مەڵبەندێکی گەنجان هەبوو کە یەکێکە لەو پێنج مەڵبەندانەی سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان لە ساڵی ٢٠١٨دا پارمەتیی داوە و پاڵپشتیی لێکردووە، لەو مەڵبەندانەدا کچان و کوڕان دەرفەتی کردنی چەند چالاکییەکی وەرزشییان بۆ دەڕەخسێت و دەتوانن لە چالاکییەکانی دیکەی جڤاکیی وەك وۆرکشۆپ و ئەو خولانەی ڕاهێناندا بەشداری بکەن کە توانای بەرگەگرتنیان بەهێز دەکەن و متمانە بەخۆکردنیان بنیاد دەنێن.

فاتیمەی تەمەن ٢٧ ساڵە لە پارێزگەی زیقاری باشووری عێراقدا دەڵێ:" وەرزش هاوکاری و داهێنان بەهێزتر دەکات و وزەیەکی ئەرێنی لە خەڵکیدا دەخولقێنێت و چەقبەستن تێکدەشکێنێ و بەهرە و کارامەییە خۆڕسك و سرووشتییەکان پێش دەخات". دواتریش ناوبراو وتی:" ئەو چالاکییانەی من لە مەڵبەندی گەنجاندا بەشدارییان تیادا دەکەم، پارمەتییان داوم هاوڕێی نوێ بدۆزمەوە و زیاتر متمانەم بە شوناسەکەی خۆم هەبێت."

هەروەها سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان و هاوبەشە وەرزشییەکانی وەك پاڵەوانییەتییەکانی تۆپی پێ و تۆپی باڵە و تێنس و شەترەنج وەك خاڵی دەستپێکی پتەوکردنی بنیادنانی ئاشتی و گەشەپێدانی نێو خێوەتگەکان و نێوان جڤاکەکان بەکار دێنن. چونکە لەو کاتەی کە وەرزش دەتوانێ بەشداری لە تواناداکردن و زەمینەسازیی هێنانەکایەی ئاشتیی نێوان کۆمەڵەکان بکات، ئەوا لە هەمان کاتیشدا ڕێگە بۆ گەنجان و تاکەکانی جڤاکیش خۆش دەکات لە کەشوهەوایەکی تەندروست و دۆستانەدا کارلێك بکەن و بەشداری لە سەلامەتیی ئەقڵییان بکەن هەرچەندە بەدەست هەلومەرجێکی زۆر ناخۆش و تراژیدی ناڵاندوویانە.

حیسام موحەممەدی تەمەن ٢٨ ساڵ لە پارێزگەی نەینەوای باکووری عێراقدا دەڵێ:" بەشداریکردن لە چالاکییە وەرزشییەکاندا ژینگەیەکی ساغ و دروست بۆ ئێمەی گەنج دروست دەکات، چونکە بەهایەکانی کاری بەکۆمەڵ و دەستپاکی و ڕێکوپێکی و ڕێزگرتن لە کەسی ڕکابەر و بنەمایەکانی یاریمان فێر دەکات. دەکرێ ئەمە لە ژیانی ڕۆژانەشماندا بەکار بێنین".

هەروەها سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان لە ساڵی ٢٠١٩ شدا لەهەمبەر پابەندبوونی بە زیادکردنی هۆشیاری و گرتنەبەری چەند ڕێکارێکی پێویست بۆ کۆتایی هێنان بە توندوتیژیی دژ بە ژنان و گشت ڕەفتارێکی زیانبەخش و تواناداركردنی گەنجان و پێشکەشکردنی چەند کارامەییەکی ژیان بەو گەنجانە و تەکنیکەکانی بنیادنانی ئاشتی بۆ گەیشتن بە توانایە تەواوەکانیان و پێشکەشکردنی چاودێرییەکی باشتری دایکان کە شایانی ژنانە، لە هەمبەر پابەندی و بەڵێنەکانی خۆی بەردەوام دەبێت.

سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان هەوڵ دەدات جیهانێك بێنێتە ئاراوە کە گشت دووگیانییەك تیایدا پێویست بێت و گشت منداڵبوونێکیش سەلامەت بێت و گشت بەرتەمایی و خۆزگەکانی گەنجانیش بێنەدی.




# نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاری پڕۆژەکان

بەو پێیەی باڵ و مەچەکی جێبەجێکاری نەتەوە یەکگرتووەکانە ، نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاری پرۆژەکان پشتگیریی پێشکەش بە حکومەتی عێراق و ژمارەیەکی زۆری هاوبەشانی دەکات بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە مرۆیی و گەشەپێدەرەکان لە وڵاتدا . نوسینگەکە پشت بە دامەزراندنی شارەزایانی بواری بەڕێوەبردنی پرۆژەکان و بواری کڕین و ژێرخانی ئابووری دەبەستێ بەو پێیەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایسپاردووە بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەکی مەرکەزیی بۆ سیستمی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بواری کڕینی شتەکان و بەڕێوەبردنی گرێبەستەکان و کاروبارە مەدەنییەکان و پێشخستنی ژێرخانی ئابووری بە چالاکییەکانی گەشەپێدانی توانایەکانیشەوە. نوسینگەکە لە ساڵی ٢٠١٨ دا یارمەتیی ئاوارەکانی نێوخۆی داوە و پاڵپشتییەکی جێبەجێکارانەشی پێشکەشی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە، هەروەها لەمیانی چەند پرۆژەیەکی مرۆیی و گەشەپێدەری پرۆژەکانی ژێرخانی ئابووری و کڕین و بەڕێوەبردنی پرۆژەکانەوە، پاڵپشتی و یارمەتیی پێشکەش بە حکومەتی عێراقی کردووە. هەروەها تیمەکانی سەر بە ئێمە لە بەغدا و هەولێردا بۆ وەدیهێنانی ئامانجە بەردەوام و دوورمەودایەکانی گەشەپێدان، پاڵپشتیی حکومەتیان کردووە.

### چاکترکردنی هەلومەرجی گوزەران و بژێویی لە ناوچە تازە ئازادکراوەکان لەمیانی وزەی نوێبۆوە و فڕێدانی خۆڵ و خاشاك لە دۆخە کتوپڕەکاندا

نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزارییەکانی پڕۆژەکان بە گوژمەی حکومەتی یابان، پڕۆژەی (چاکترکردنی هەلومەرجی گوزەران و بژێویی لە ناوچە تازە ئازادکراون لەمیانی وزەیەکی نوێبۆوە و فڕێدانی خۆڵ و خاشاك لە دۆخە کتوپڕەکان) پێشکەش کردووە. پڕۆژەکە لەپێناو چاکترکردنی هەلومەرجی گوزەران و بژێویی ئەو ئاوارانە هەوڵ دەدات کە تازە گەڕاونەتەوە ناوچە ئازادکراوەکانی وەك ئەنبار و نەینەوا و دیالە، ئەمەیش لەمیانی دەستەبەرکردنی چارەسەری داهێنراوە بۆ فەراهەمکردنی وزەیەکی نوێبۆوە، بەبێ پشتبەستن بە تۆڕی کارەبای نیشتمانی یانیش دەستەبەرکردنی لە دوو سەرچاوەی وزەی نوێبۆوە، جگە لە چەند خزمەتگوزارییەکی شارەوانی بۆ فڕێدانی پاشماوە ڕەقەکان. ئەمەیش بەشێوەیەکی هاوتەریب لەگەڵ ئاراستە و خولیا نوێیەکانی هەنبەر وزەی نوێبۆوە و سیستمێکی نوێی خۆ دەربازکردن لە پاشماوەکان بەڕێوەبراوە. چەند ڕەهەندێکی مەترسیداری چەمکی خۆ دەربازکردن لە پاشماوەکان هەن، بەتایبەتیش ئەوەیپەیوەندیی بە کاریگەرییە نەرێییەکانی تەندروستی و ژینگەیی هەیە بەسەر جڤاکە خۆجێیەکانەوە. هەروەها چەند دەرئەنجامێکی گرنگی جیهانی بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە هەن و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە وەدیهێنانی ئامانجە دوورمەودا و بەردەوامەکانی گەشەپێدان بەشداری دەکەن.

### سەنتەری زانیاری ئاوارە نێوخۆییەکان

" لە ساڵی ٢٠١٨ دا ، سەنتەری زانیاری ئاوارە نێوخۆییەکان لەجیاتی تیمی مرۆییی وڵاتی عێراق ، لە وەدەستهێنان و فەراهەمکردنی زانیاریی گرنگ بۆ سوودمەندان بەردەوام بوو، و وەڵامی زیاتر لە ١٠١٠١٤ پەیوەندیی تەلەفۆنی درایەوە. ئەم پرۆژەیە لەلایەن سندووقی هاوبەشی مرۆیی بۆ عێراق لە نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگیی مرۆیی (UN OCHA)، و بەڕێوەبەرایەتی یارمەتیی مرۆیی بۆ پاراستنی مەدەنیی سەر بە کۆمسیۆنی ئەوروپا و بەرنامەی خۆراکی جیهانی و ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و ئاژانسی ئەمریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی، پارەی بۆ تەرخان دەکرێ. بڕیاریش وایە ئەم سندووقە لە ساڵی ٢٠١٩ لە خزمەتکردنی ئاوارەکان و ژمارەیەکی زۆری ئاوارە گەڕاوەکان و پەناهەندەکان بەردەوام بێت. پرۆژەکە لە ڕێگەی ئاسانکاری بۆ فەراهەمکردنی ئاڵوێری زانیارییەکان لە نێوان دانیشتوانی زیانلێکەوتوو و لایەنە کارایە مرۆییەکان، هەوڵی بنیادنانی کاردانەوە و وەڵامدانەوەیەکی باشتری مرۆیی دەدات، چونکە زانیارییەکان کۆ دەکاتەوە و دواتریش سەبارەت بە پێداویستییەکان و کار و مەسەلە هەرە گرنگ و بەپەلانە دەیانگشتێنێ کە بۆ دانیشتووانە زیانلێکەوتووەکان پێویستن ، ڕاپۆرتەکانی تایبەت بە سکاڵا و ئیفادەکان وەردەگرێ.



## چاکترکردنی کاریگەریی و چالاکیی پۆلیسی جڤاکی لەو ناوچانەی تازە ئازاد کراوەکان لە عێراقدا

نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پرۆژەکان بەدرێژایی ساڵی ڕابردوو هەوڵی داوە لەوە دڵنیابێتەوە کە پۆلیسی جڤاکی لەو ناوچانەی تازە ئازادکراون بەباشترین شێوە ئامادە و تەیار بکرێن و گشت پێداویستییەکیان بۆ دەستەبەر بکرێ بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر بتوانن ئاشتی و سەقامگیری پتەوتر و بەرقەرارتر بکەن. ئەم پرۆژەیە لە ڕێگەی دامودەزگاکانی پۆلیسی جڤاکیی نێو ئەو ناوچانەی تازە لە عێراقدا ئازادکراون، بەشداریی لە وەدیهێنانی سەقامگیری و ئاسایشی نێو عێراقدا کردووە، بەتایبەت لە پارێزگاکانی نەینەوا و ئەنبار و دیالە و سەلاحەدین و کەرکووک. یەکێك لە کار و چالاکییەکانیشی بنیادنانی ٢٨ یەکەی ئامادەی نیشتەجێکردنە (کەرەڤانە)، هەروەها نۆژەنکردنەوە و دووبارە شیاندنەوەی بنکەکانی پۆلیسی جڤاکی و کڕینی ئامێر و کەرەستە و ئۆتومبێلە پێویستەکان بووە. هەروەها نوسینگەکە بۆ پێشکەشکردن و بەرێوەبردنی خولی ڕاهێنان بۆ چاکترکردنی کاریگەری و کارایی ڕۆڵی ئەفسەرە نوێ و کۆنەکانی پۆلیس هاوبەشییەکی لەگەڵ نوسینگەی مافەکانی مرۆڤی نێردەکە کردووە. چالاکییەکەش بریتی بووە لە زیادکردنی هۆشیارییان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ و ڕەگەز و جۆری کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی تایبەت.

## کڕینی نۆڕینگە گەڕۆکەکان و ئۆتومبێلی فریاکەوتن

نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پرۆژەکان، لەپێناو کەمکردنەوەی نەهامەتی و تەنگوچەڵەمەکانی ئەو ناوچانەی بەهۆی قەیرانەکەوە زیانیان بەرکەوتووە، بەهۆی کڕینی نۆڕینگەی گەڕۆك و ئۆتومبێلی فریاکەوتنەوە پاڵپشتی و هاوکاری پێشکەشی هەردوو وەزارەتی تەندروستی و ژینگە دەکات. پرۆژەکە بە بەشێك لە چەپکەیەکی سەرتاپاگیری یارمەتی بانکی نێو دەوڵەتی دادەندرێ کە پێشکەشی حکومەتی عێراقی کردووە. نوسینگەکە هەر لە چوارچێوەی پرۆژەکەدا ١٤ نۆڕینگەی پسپۆڕیی گەڕۆك و ٣٩ ئۆتومبێلی فریاکەوتنی کڕیوە، بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەکان هەردوو پارێزگای دیالە و سەلاحەدین بگرنەوە. هەر یەك لە نۆڕینگە گەڕۆکەکانیش لە کابینەیەك پێکدێن کە بەشە جۆراوجۆرەکانی چارەسەر و ئامێر و کەرەستەی پزیشکی و دەرمانیان تیادایە. ئەم یارمەتی و پاڵپشتییە بەشداری لە دەستەبەرکردنی چاودێریی پێویستی تەندروستی و خزمەتگوزارییە کتوپڕەکانی هاووڵاتیانی عێراقی دەکات. هەروەها خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکانی تەندروستیش، بەلای کەمەوە ، نەخۆشییەکانی ژنان و منداڵبوون و تیشکی دان و نۆڕینگەی دەرەکی و خزمەتگوزارییە کتوپڕەکان و پشکنینە سەرەکییەکانی تاقیگەیی و چەند یەکەیەکی دەرمانخانەییش دەگرنەوە.

## باشترکردنی تواناکانی دەسەڵاتەپەیوەندیدارەکانی تایبەت بە هەڵگرتنەوەی مین لە عێراقدا

نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پرۆژەکان، لەسەر گوژمە و پارەپوولی حکومەتی یابانی، پرۆژەی (چاکترکردنی تواناکانی دەسەڵاتەپەیوەندیدارەکانی تایبەت بە کردەکانی هەڵگرتنەوەی مین لە عێراق جێبەجێ کردووە). بەپێی ئەم پرۆژەیە نوسینگەکە ئامێر و کەرەستەی تایبەت بە خۆپاراستنی کەسی و ئامرازەکانی دۆزینەوە و چەند ئۆتومبێلێك و سیستمی دیاریکردنی شوێنەکان و ئامێرە بێتەلەکانیپەیوەندی و لێنواڕ و دووربین و وێنەکێشی کۆمپیوتەری و ئامێری تایبەت بە مەشقە تەکتیکییەکان و ئامێرەکانی تەکنۆلۆژیای زانیاری وپەیوەندییەکانی بۆ هەریەکە لە بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری مینی سەر بە وەزارەتی تەندروستی و ژینگە و وەزارەتی نێوخۆی حکومەتی عێراقی و دەزگای گشتی کاروباری مینی هەرێمی کوردستان کڕیوە. کارمەندانی ئەم سێ فەرمانگەیەش سەبارەت بە چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەو ئامێرانە مەشقی کرداری دەبینن. جگە لەمانەیش نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پرۆژەکان لەگەڵ ئاژانسی یابانی بۆ هاریکاری نێودەوڵەتی، لەپێناو دەستەبەرکردنی مەشقی گەشەپێدانی توانای کارمەندانی ئەو سێ فەرمانگەیە کار بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە دەکەن.

## UNOPS لە عێراقدا

UNOPS لەمیانی مەڵبەندی زانیارییەکانی ئاوارە نێوخۆییەکان لە عێراقدا، توانیویەتی هەزاران ئاوارە بە چەند زانیارییەکی گرنگ ببەستێتەوە کە بۆ وەدەستهێنانی یارمەتیی مرۆیی یارمەتیدەریان دەبێت.

UNOPS کار دەکات بۆ چاکترکردنی هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی ئەو عێراقییانەی تازە ناوچەکانیان ئازاد کراوە، لەمیانی پێشکەشکردنی چارەسەری داهێنراو بۆ وزەی نوێبۆوە بەبێ پشتبەستن بە تۆڕی نیشتمانی کارەبا و دەستەبەرکردنی لە دوو سەرچاوەی نوێبۆوەی وزە، هەروەها بۆ دەربازبوون لە پاشماوە ڕەقەکان و خۆ گونجاندن لەگەڵ چەند ئاراستەیەکی نوێی بەکارهێنانی وزەی نوێبۆوە و سیستمی نوێی فڕێدانی خۆڵ و خاشاك، چەند خزمەتگوزارییەکی دیکەی شاروانی .

UNOPS لەپێناو کەمکردنەوەی ئێشوئازار و نەهامەتیی ئەو ناوچانەی قەیرانەکە کاری لێیان کردووە و بۆ دەستەبەرکردنی چاودێریی پێویستی تەندروستی و خزمەتگوزارییەکانی دۆخە کتوپڕەکان، ١٤ نۆڕینگەی پسپۆڕیی گەڕۆك و ٣٩ ئۆتومبێلی فریاکەوتنی کڕیوە. بەم ڕێگەیە دەتوانێ خزمەتگوزاری تەندروستی دەستەبەر بکات، بە خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بە ژنان و منداڵبوون و گرتنی تیشکی دان و نۆڕینگە دەرەکییەکان و خزمەتگوزاری کاتە کتوپڕەکان و پشکنینە سەرەکییەکانی تاقیگەیی و چەند یەکەیەکی دەرمانخانەکان.




# بەرنامەی خۆراکی جیهانی

لەو کاتەی دۆخ و پێداویستییەکانی ئاوارە و پەناهەندەکان دوای کردەکانی گەڕانەوەش- کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٨ دا دەستیپێکرد- هەر بە ناسەقامگیری مایەوە، کارە لەپێشینە و سەرلیستەکانی بەرنامەی خۆراکی جیهانی لەو وڵاتەدا پێشکەشکردنی یارمەتیی کتوپڕ و زۆر پێویست بوو بە ئاوارە و پەناهەندەکان و چالاکییەکانی هەڵسانەوە و دووبارە ئاوەدانکردنەوەی تایبەت بە گەڕاوەکان. بەرنامەی خۆراکی جیهانی لە ١ کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٨دا تاکو ٣١ کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ وەرچەرخانی بەخۆوە بینی و چووە قۆناغی کارکردن بە پلانی ستراتیژیی ڕاگوزەری هەرێمیی کاتی(TICSP).

بەرنامەی خۆراکی جیهانی بەدرێژایی ساڵی ٢٠١٨ و بە پێی پلانی ستراتیژیی ڕاگوزەری هەرێمیی کاتی، بەشدارییەکانی بۆ حکوومەتی عێراقی فراوانتر کرد. بەرنامەی خۆراکی جیهانی بەبەشداریی مەڵبەندی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە کشتوکاڵییەکان لە ناوچە وشك و ڕووتەنەکان (ICARDA)، لە بەڕێوەبردنی دەرخستەیەکی ستراتیژیی نیشتمانیی بۆ ئاسایشی خۆراکی و خۆراکپێدان لە عێراق بەرەو کۆتاییهێنان بە برسییەتی، پاڵپشتیی حکوومەتی عێراقی کرد، لایەنی عێراقی لەلایەن سکرتێری گشتیی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بەڕێوەبرا. دەرخستەکە هەوڵی داڕشتنی کۆمەڵێك سیاسەت و گۆڕانکاریی دامودەستگەیی و وەبەرهێنانی دا بۆ وەدیهێنانی ئامانجی دووەمی نێو ئامانجەکانی گەشەپێدانی ستراتیژی کە بریتییە لە نەهێشتنی برسییەتی و بەرچاوڕوونکردنی دروستکەرانی بڕیار لە عێراق و بەشداریکردن لە سیاسەت و پلانە ستراتیژەکانی تایبەت بە ئاسایشی خۆراکی و خۆراکپێدان.

هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی دیکەش ئەنجامدرا کە جەختی لەسەر پێویستیی بەستنەوەی یارمەتییە مرۆییەکان بە سیستەمی پاراستنی کۆمەڵایەتیەوە دەکرد ، هەروەها لێکۆڵینەوەکە بە پێویستی زانی دان بەو مەسەلەیەدا بنرێ کە زیادبوونی سەقامگیری لە عێراق دەبێ سەرچاوە لە وەرچەرخانێکەوە بگرێ کە بریتییە لە: گواستنەوە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لەلایەن لایەنە مرۆییە نێودەوڵەتییەکانەوە بەرەو پێشکەشکردنی لە ڕێگەی بەرنامەی پاراستنی کۆمەڵایەتیەوە و بەڕێوەبردنیشی لەژێر سەرکردایەتیی حکومەتەوە . لێکۆڵینەوەکە شیکردنەوەیەکی بۆ واقیع و بینینی تۆڕی سەلامەتی کردبوو کە لەمیانی شرۆڤەکردنی چۆنیەتیی بەستنەوەی چالاکییەکانی کاری مرۆیی بە زەمینەی پاراستنی کۆمەڵایەتییانەی حکوومەتەوە، کاردانەوەی لەهەنبەر هێدمە و زەبرەکان هەبێت و بە نەرمی و گونجاوی بناسرێتەوە. هەروەها بەرنامەی خۆراکی جیهانی لەمیانی پێشکەشکردنی شارەزایی و یارمەتی و پاڵپشتیی هونەری بۆ بە دیجیتاڵکردنی سیستمی پسوولەی خۆراك، لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی هاوبەشییەکی ستراتیژی پێکهێنا. وازهێنان لە سیستمی کاغەزی زۆرێك لە کارامەیی و شەفافیەت دەخاتە نێو بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی کردەکانی سیستمی پسوولەی خۆراکەوە، لەهەمان کاتیشدا کات کورت دەکاتەوە و بە دڵنیابوونەوە لە شوناسی دیجیتاڵی و سەلامەتیش، خزمەتگوزارییەکی باشتر پێشکەشی هاووڵاتیان دەکات. ئامانجی دەستپێشخەرییەکە دانانی هاووڵاتییە زۆر هەژار و بێدەرەتانەکانە لەسەر لیستی زۆرینەی یارمەتییە مرۆییەکان.

## چالاکییە سەرەکییەکانی ساڵی 2018

### پێشکەشکردنی یارمەتییە گشتییە خۆراکییەکان بە ئاوارەکان

لەگەڵ کەمبوونەوەی ململانێیەکە لە زۆر شوێنی ئەو وڵاتەدا، هێشتا عێراقییەکان بەهۆی نەبوونی ئاسایش و کەمی دەرفەتەکانی کار و خزمەتگوزارییەکان لە ناوچە و ماڵوحاڵی خۆیاندا بە دەست ئاوارەبوونێکی درێژخایەنەوە دەناڵێنن. دابەشکردنی بەشە خۆراکی مانگانە بەسەر خانەوادەکان (FFR) و حەواڵە نەختییەکان ( کە بەهۆی مۆبایل و کارتە ئەلیکترۆنییەکانەوە حەواڵە دەکرێن)، بەدرێژاییی ئەو ساڵانە بوونەتە هۆی یارمەتیدانی ٥٩٦،٤٣٤ ئاوارە.

خانەوادە ئاوارەکان و ئەوانەی دووبارە ئاوارەبوونەتەوە بەشە خۆراکی کاردانەوەی یەکسەریان (IRR) وەرگرتووە کە بریتی بوو لە بەشە خۆراکی ئامادە بۆ خواردن وەك: خورما و کێك و فاسۆلیا و گۆشتی قووتوبەندکراوی مریشك و نۆك، ئەم بەشە خۆراکانەش بەشی ژەمە خۆراکەکانی سێ ڕۆژی خانەوادەکان دەکەن لەو کاتەی ئەوان لە چاوەڕوانی ئەوەدان بخرێنە نێو سیستمی دابەشکردنی بەشە خۆراکی مانگانەوە. یارمەتییەکانی جۆری بەشە خۆراکی یەکسەر (IRR) و مادە خۆراکییەکانی سەبەتەی یارمەتیدانی میکانیکیی کاردانەوەی خێرای(RRM) گرتبوویەوە کە دەستپێشخەرییەکی

فرە کەرت و ڕەهەندە بە هاوکاریی لەگەڵ ڕێکخراوی یونیسێف و سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان کرابوون.

هەروەها بەرنامەی خۆراکی جیهانی و هاوبەشەکانی لەمیانی سەبەتە مادە خۆراکییەکانەوە کە بریتی بوو لە: ٣٠ کیلۆ گەنم و ١٥ کیلۆ برنج و ١٠ کیلۆ نیسك و ٤،٥٥ کیلۆ ڕۆنی ڕووەکی و ٥ کیلۆ شەکر و ٠،٧٥ کیلۆ خوێیان وەك بەشە خۆراکی مانگانە پێشکەشی خانەوادەکان کرد، ئەم ڕێژە خۆراکەش بۆ تەواوکردنی سیستمی خۆراکیی خانەوادە بەسە و ١،٨٠٠ کیلۆ کالۆریی ڕۆژانەی تیادایە بۆ خانەوادەیەکی ٥ کەسی. بەڵام ئەوانەی پشتیان بە حەواڵە نەختییەکان بەستبوو ٢٠٠٠٠ دیناری عێراقییان وەرگرت کە هاوتا و هاونرخی نەختیی زەنبیلی خۆراکییە و بە نرخی ئەو کاتی بازاڕ دیاریکراوە.

## یارمەتییە گشتییەکانی خۆراکی بۆ پەنابەران

بەرنامەی خۆراکی جیهانی بۆ یارمەتیدانی پەنابەرانی سوری، میکانیزمی حەواڵەکردنی داهات و سەرچاوە بێ مەرجەکان (URT) ی بۆ دەستبەرکردنی پێداویستییە خۆراکییە سەرەکییەکان و خۆراکپێدان بەکارهێناوە. زۆربەی جاریش ئەو یارمەتییە نەختییانە لە ڕێگەی کارتی ئەلیکترۆنی بە بەهای ٢٢،٠٠٠ دیناری عێراقی لە مانگێکدا وەرگیراون. زۆرێنەی هەرە زۆریشیان لەمیانی (SCOPE) وە کارتە ئەلیکترۆنییەکانیان وەریان گرتووە کە سیستمێکە و بەرنامەی خۆراکی جیهانی بۆ ئیدارەدانی سوودمەندان و حەواڵەکان بەکاری دەهێنێت. هەندێکی دیکەش لەو پەناهەندانە نەختینەی بێ مەرجیان وەرگرتووە. بەرنامەی خۆراکی جیهانی لە ساڵی ٢٠١٨دا ئەو یارمەتییە مانگانەییەی گەیاندووەتە ٥٨،٩٤٦ پەنابەری سوری.

بەرنامەی خۆراکی جیهانی و کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران بە هاوکاری لەگەڵ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، هەر لە ساڵی ٢٠١٨ دا هەڵسەنگاندێکی هاوبەشیان لەهەنبەر لایەنە لاواز و کەموکورتیدارەکان (JVA) لە هەرێمی کوردستاندا پێشکەش کردووە. ئەو هەڵسەنگاندنە هاوبەشە بارودۆخی پەنابەرە سوورییەکانی ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگەکانی شرۆڤە کردووە. جا بەرنامەی خۆراکی جیهانی دوای بڵاوکردنەوەی ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکان بە ئامانجی دیاریکردنی لاوازترین و هەژارترین خانەوادە بۆ ماوەی شەش مانگ دەستی کرد بە کردەی دیاریکردن و لێکۆڵینەوە و دڵنیایی ، بۆ ئەوەی بەردەوام ئەو یارمەتییە خۆراکییانەیان پێشکەش بکات کە زۆر پێویستیان پێی هەیە.

## خۆراکپێدانی قوتابخانەیی

بەرنامەی خۆراکی جیهانی و وەزارەتی پەروەردەی عێراق لە مانگی ئادار تا مانگی ئایاری ساڵی ٢٠١٨ بەشدارییان لە پێشکەشکردنی ژەمە خۆراکەکانی دۆخە کتوپڕەکانی قوتابخانەکان کرد، ئەم ژەمە خۆراکانەش ٨٨،٨٨١ ئەو خوێندکارانەی گرتەوە کە گەڕابوونەوە سەر خوێندن لەگەڵ چوار باخچەی ساوایانی‌یش لە خۆرئاوای مووسڵ.



هەروەها بەرنامەی خۆراکی جیهانی لە خوێندنگە بنەڕەتییەکاندا چەند ژەمە خۆراکێکی خێرای تەندروستیی پێشکەش بە خوێندکارانی پۆلی یەك تا شەش کرد، پێکهاتەی ژەمە خۆراکەکانیش نان و پەنیر و شیر و میوەی وەرزی بوون. ئەو ژەمە خۆراکانە ٤-٥ جار لە هەفتەیەکدا پێشکەش دەکران. خۆراکەکانیش لە لایەن ئامادەکارانی خۆراك و نانەواخانە و سەموونخانە خۆجێییەکانەوە ئامادەکرابوون و بەشێوەیەکی خۆجێیانەش کارتۆنبەند کرابوون، ئەمەیش وەك هەوڵێکی دووبارە بووژاندنەوەی ئابووریی بوو کە جەنگ وێرانی کردبوو. ئەم پرۆژەیە نزیکەی ٤٠٠ دەرفەتی کاری لە پرۆژە بچووکەکان و مەڵبەندەکانی ئامادەکردن و کارتۆنبەندکردندا ڕەخساندبوو ( ٤٠٪ی ئەو دەرفەتانەش بۆ ژنان ڕەخسێندرابوو).

خۆراکپێدان لە خوێندگەکاندا لە ١٤٥ خوێندنگەی بنەڕەتی و ٤ باخچەی ساوایانی نێو بەشی خۆرئاوای شاری مووسڵدا بووە هۆی زیادکردنی تێکڕای پابەندبوونی خوێندکاران بە دەوام و گرنگیدان لەو ساڵەی خوێندندا. ئەم ناوچەیەش بە دوا ناوچەی شارەکە دادەندرێ کە حکوومەتی عێراقی ئازادی کردبوو، زۆریش پێویستی بە یارمەتی بوو. تێکڕای پابەندبوونی خوێندکاران بە دەوام و خوێندن ٩٤،١٪ بوو، ئەمەیش دۆخێکی چاکتربوون بوو بە ڕێژەی ٦،٠٪. دەتوانین هۆی ئەو چاکبوونەش بگەڕێنینەوە بۆ ئەو ژەمە خۆراکانەی دراونەتە خوێندکاران، هەر وەك چۆن لە کاتی پرسیارکردن و فۆرمی دەرخستەییدا ئاماژەیان پێ دابوو.

جا بەو پێیەی ئەو بەرنامە سەرەتاییە بۆ ژەمە خۆراکی قوتابخانەیی پرۆژەیەکی ئەزموونی بووە، بەرنامەی خۆراکی جیهانی نیازی وایە لە ساڵی ٢٠١٩دا ئەو دەستپێشخەرییە فراوانتر بکات بۆ ئەوەی زیاتر لە ١٠٠٠ خوێندنگەی نێو ١٥ پارێزگەی سەرانسەری وڵات بگرێتەوە و لەمەشدا جەخت لەسەر ناوچە زیانلێکەوتووەکانی نێو ململانێیەکان و هەژارەکان بکرێتەوە.

## تەکنیك لە بەرانبەر خۆراك

نووسینگەی هەرێمیی بە هاوکاری لەگەڵ "نووسینگەی خێراکردنی داهێنان"ی سەر بە بەرنامەی خۆراکی جیهانی کە بارەگەکەی دەکەوێتە میونخ، پرۆژەی " تەکنیك لە بەرانبەر خۆراك" ی لە عێراق دانا. توێژە هەژارەکانی گەنجانی پەناهەندەی





سوریی نێو خێوەتگەکان و ئاوارەکانی عێراق و جڤاکە زیانلێکەوتووە خۆجێیەکانی گرتەوە کە لەمیانی کردنەوەی چەند خولێك و لەپێناو پاڵپشتیکردنی ڕێگەکانی وەدەستهێنانی دەرامەت و بژێوی و زەمینەسازی بۆ ئەو گەنجانە تاکو بچنە نێو بازاڕی دیجیتاڵییەوە، مەشقی لەسەر تەکنۆلۆژیای زانیاری و گرووپی کارامەییە دیجیتاڵییەکان و بنەمایە سەرەکییەکانی زمانی ئینگلیزی و بنەمایەکانی مەشقکردن، زانیاری و کارامەییان پێشکەش کرا.

لەگەڵ کۆتاییهاتنی ساڵی ٢٠١٨ شدا ١٦٧٤ بەشداربوو لە خولەکاندا بەسەرکەوتوویی دەرچوون و ١٧٪ی بەشداره مەشقدیدەکانیش کاریان دەستکەوت. لەو خوولانەدا ڕێژەی ژنان ٦٦٪ بوو. ٢٠٤ی مەشقدیدەکانیش دەرفەتەکانی مەشقی نێوخۆیی پیشەییان (internship) بۆ ڕەخسێندرا.

هەر هەموو بەشدارەکانیش ڕایانگەیاند کە لەمیانی بەرنامەکەدا چەند کارامەییەکی نەرمی کەسییانەی وەك متمانە بەخۆکردنیان وەدەستهێناوە. لە ماوەی مەشقەکەشدا کەسانی بەشدار مووچەی مانگانەیان پێ دەدرا بۆ ئەوەی بتوانن پێداویستییە ڕاستەوخۆییەکانی خۆراکی بۆ خانەوادەکانیان وەدەستبێنن. دوای تەواوکردنی بەرنامەکەش، مەشق پێکراوەکان توانیان لەسەر ئاستی جیهانیدا چەند ئەرکێکی کێبڕکێکارانە بەتەواوی جێبەجێ بکەن، وەك تێوەئاخنینی داتایەکان، پاکنووسکردنەوەی داتایەکان، ڕاڤەکردنی وێنە و نووسینی سەر وێنەکان، ئەمەیش ئاسۆیەکانی دامەزراندنی لەو بوارە باسکراوانە و لەمیانی تۆڕی ئینتەرنێت بەڕوویاندا ئاوەڵا کرد.

لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٨ دا پرۆژەکە خەڵاتێکی پێشبڕکێی وەدەستهێنا کە " لەپێناو پەنابەراندا لە ساڵی ٢٠١٧ داهێنرابوو و کۆڕبەندی MIT بۆ ڕێبەرایەتیکردنی کارەکان لە جیهانی عەرەبیدا ڕێکی خستبوو، بەو پێیەی پرۆژەکە بەرنامەیەکی هاوچەرخە و پشت بە تەکنۆلۆژیا دەبەستێت و چارەسەری زۆرترینی ئەو ئالنگارییە مەترسیدارانە دەکات کە ڕووبەڕووی پەنابەران دەبنەوە.

هەروەها بەرنامەی خۆراکی جیهانی لەمیانی ئەم پرۆژەیەوە چەند هاوبەشییەکی لەگەڵ زانکۆی سلێمانی و زانکۆی مووسڵ و کۆمپانیای گۆگڵ کرد کە (٣٠٠) ئامێری کرۆم بووکی (Chromebook) بەخشی.

## خۆراك لە بەرانبەر بنیادنانی: توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان

بەرنامەی خۆراکی جیهانی لەمیانی پلانەکانی " خۆراك لە بەرانبەر بنیادنان"(FFA) و لەپێناو وەدیهێنانی سەقامگیری لە بەکاربردنی خانەوادەکان لە کاتی پێویست و دووبارە بنیادنانەوە و شیاندنەوەی ئەو بنەما بەرهەمهێنەرانەی ڕەچاوی خۆراکپێدانی بواری جڤاکە خۆجێییەکان دەکەن، ئاستی ئەو یارمەتییانەی بەرزکردنەوە کە ئامانجیان بنیادنانی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکانە. ئەو کارەی کە ئامانجی بنیادنانی توانای ڕووبەڕبوونەوەی قەیرانەکانە مەبەستی هاندانی بەرهەمی کشتوکاڵی و پاڵپشتیکردنی ڕێگە بەردەوامەکانی وەدەستهێنانی گوزەرانێکی بەردەوام و دوورمەودای خانەوادەکانە لە شوێنی دێرینی خۆیاندا.

هەروەها لە دوای داواکارییەکەی بەڕێوەبەرایەتیی سەرچاوە ئاوییەکان لە پارێزگای ئەنبار کە لە ساڵی ٢٠١٧دا بۆ یارمەتیدان لە کردەی دووبارە نۆژەنکردنەوە و شیاندنەوەی کەناڵ و سیستمە زیانلێکەوتووەکانی ئاودێری و دواتریش زیندووکردنەوەی بەشێکی زۆری زەوییە کشتوکاڵییەکان پێشکەشی کردبوو، بەرنامەی خۆراکی جیهانی کاری بۆ بەشداری پێکردنی لایەنە سەرەکییە پێوەندیدارەکان کردبوو بۆ تاوتوێکردن و گەڕان بەدوای توانای دیکە بۆ پێشکەشکردنی چەند یارمەتییەك بە مەبەستی پاڵپشتیکردنی توانای خۆڕاگری و ڕێگەکانی وەدیهێنانی بژێوی.

بەرنامەی خۆراکی جیهانی لەمیانی کار و چالاکییەکانی لەگەڵ حکوومەت و ئاژانسەکانی دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و کۆمەڵەی ئاسایشی خۆراکی و کۆمەڵەی پاراستن و سەقامگیریی ڕێگەکانی پەیداکردنی بژێوی لە دۆخە ناهەموارە کتوپڕەکاندا، توانی بەشێوەیەکی سەرانسەری و سەرتاپاگیر ئەو دەرفەتە ڕەخسێندراوانە دیاری بکات کە تایبەتن بە پێشکەشکردنی یارمەتییە خۆراکییەکان لە ڕێگەی حەواڵەکردنی نەختینەییەوە، لەپێناو بنیادنان و دووبارە نۆژەنکردنەوە و شیاندنەوەی بنەمایەکان و تیشك خستنە سەر پێویستیی مەشق و زیادکردنی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان.

بەرنامەی خۆراکی جیهانی لە ساڵی ٢٠١٨ لە ٧٠ گوندی نێو سنووری شارۆچکەکە و لەگەڵ ٩ هاوبەشکاردا بەهەماهەنگی پتەویش لەگەڵ هەردوو وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان و کشتوکاڵیشەوە بە ئامانجی جێبەجێکردنی ئەو کار و چالاکی و پرۆژانە کار و هەوڵەکانی خستنەگەڕ:

- ٣٣١٧٤ کەس توانیان سوود لە پرۆژەکانی " خۆراك لە بەرانبەر بنیادنان" (FFA) وەربگرن، ئەو پرۆژانەش بە گوژمەی ٩،٣ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی جێبەجێ کران کە بۆ هەر یەکێك لە سوودمەندەکان بریتی بوو لە ١٨٦ دۆلاری ئەمریکی.
- دووبارە نۆژەنکردنەوە و پاککردنەوەی ٦٢٩ کیلۆمەتر کەناڵە کۆنکریتی و خۆڵییەکانی ئاودێری.
- دووبارە نۆژەنکردنەوە و پاککردنەوەی ١٢ وێستگەی ڕاکێشان و سەرخستنی ئاو ( ١١وێستگە لە ئەنبار و یەك وێستگەش لە نەینەوا).
- دووبارە ئاوادانکردنەوە و شیاندنەوە و فراوانکردنی ٦٠ سیستمی ئاودێری.
- دووبارە نۆژەنکردنەوە و شیاندنەوەی ١٢٥ هێکتار باغی زەیتوون (١٧٠٠٠ درەختی زەیتوون).
- دروستکردنی ٩٠ باغچەی سەوزەی ماڵەوە و بەرهەمدارکردنیان (بە ڕووبەری ٢٠ پێی چوار گۆشە).
- دووبارە شیاندنەوە و نۆژەنکردنەوەی ٢٦٦ خانووی پلاستیکی، دروستکردنی ١٥١ خانووی نوێی پلاستیکی.
- دروستکردن و دووبارە نۆژەنکردنەوەی ١٠٣ تەویلەی ئاژەڵ.
- مەشقکردن بە ١١٧٣ کەسی بەشدار لە بواری کردە کشتوکاڵییەکان و خۆراکپێدان.



پڕۆژەکان چەند کەرتێکی کشتوکاڵ و ئاودێری و دارستانەکانیشی زیندوو کردەوە. هەروەها ١.٨٦ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی چووە نێو ئابووریی خۆجێییەوە، ئەمەیش لە چوارچێوەی گشت جڤاکە خۆجێیەکاندا خرایە سەر پرۆسەی گەشەکردنی ئابووری ، جا ئەگەر لەنێو ڕیزی ئاوارە گەڕاوەکاندا بێت، یانیش ئەو کەسانەی هێشتا لە ئاوارەییدا دەژیەن. هەروەها ئەو چالاکییانەی ئامانجیان بنیادنانی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکانە و لەلایەن بەرنامەی خۆراکی جیهانییەوە لەپێناو گەڕانەوەیەکی شکۆمەندانە و خۆویستانە و دووبارە شیاندنەوەی ڕێگە کەمەکانی گوزەران بەڕێوەی بردوون، ئەمەیش لە کۆتاییدا بووە هۆی وەدیهێنانی سەقامگیری لەو وڵاتەدا.

## هەماهەنگی سەبارەت بە پاڵپشتیی مرۆییانە لە عێراقدا

بەرنامەی خۆراکی جیهانی لە ساڵی ٢٠١٨ دا لەپێناو پێشکەشکردنی هەماهەنگی سەبارەت بە پاڵپشتیکردنی مرۆیی لەمیانی ئەو خزمەتگوزارییانەی کۆمەڵەکانی:" کۆمەڵەی لۆجستی" و " کۆمەڵەی دۆخە کتوپڕەکان و پێوەندییەکان" و " کۆمەڵەی ئاسایشی خۆراکی" پێشکەشیان کردووە کار و چالاکییان نواندووە.

کۆمەڵەی لۆجستی لە چوارچێوەیەکی فراوانتردا لەمیانی وەرگرتنی سەرکردایەتی لە هەماهەنگیکردنی لۆجستیی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و ئاسانکردنی (تخلیص)ی گومرگی لەهەنبەر ئەو کاڵا مرۆییانەی دێنە نێو وڵاتەکەوە، پاڵپشتیی لە هەوڵە مرۆییەکان و هەوڵەکانی هەنبەر چاکبوونەوەدا کردووە. هەروەها کۆمەڵە لۆجستییەکە خزمەتگوزارییەکانی ئیدارەدانی زانیارییەکان و کۆکردنەوە و هەڵسەنگاندنی داتایەکان و پڕکردنەوەی بۆشاییە ڕووگیرەکان و دەستەبەرکردنی لێپرسینەوەی پێشکەشی هاوبەشانی بواری کارە مرۆییەکان کردووە.

هەروەها کۆمەڵەی دۆخە کتوپڕ و پێوەندییەکان لە ساڵی ٢٠١٨دا خزمەتگوزارییە زۆر گرنگەکانی پێوەندییەکانی پێشکەشی ئەو لایەنانە کردووە کە لە چەند شوێنێکی جۆراوجۆری سەرانسەری عێراقدا خەریکی کاری مرۆییانەن، بە زیاترکردنی پاڵپشتییەکی زیاتری کردە مرۆییەکانی نێو مووسڵیشەوە. هەروەها پاڵپشتیی لە توانایەکانی پێوەندی کردن بە تۆڕەکانی ئینتەرنێت کردووە بە تایبەت لە پێداویستییەکانی داتایەکان بۆ ئەو کەس و لایەنانەی لە بواری مرۆییدا خەریکی کارن. ئەو خزمەتگوزارییانەش کە پێشکەشی جڤاکە خۆجێییەکان کراون زەمینەی پێوەندی و بەردەوامی و تەنانەت گەیشتن بە دەرفەتەکانی فێربوونی ڕەخساندووە. هەروەها کۆمەڵەی دۆخە کتوپڕ و پێوەندییەکان لە ١٨ خێوەتگەی ئاوارەکاندا ئامرازەکانی پێوەندی فەراهەم کردوون. چەندان چالاکیی بنیادنانی توانایەکانی تایبەت بە پاڵپشتیکردنی پێوەندییە بێتەلەکان و ڕێکارەکانی بەڕێوەبردووە.

کۆمەڵەی ئاسایشی خۆراکیش بەدرێژایی ڕەوتەکانی ئاوارەیی بەرەو خێوەتگەکانی ئاوارەکان و شوێنەکانی دەرەوەی ئەو خێوەتگەیانە، جەختی لەسەر هەماهەنگیی میکانیزمەکانی کاردانەوە لەهەنبەر یارمەتییە خۆراکییەکان و ڕێگەکانی وەدەستهێنانی بژێوی کردووەتەوە کە پێشکەشی کەسانی جۆراوجۆری نێو کردەی ئاسایشی خۆراکی دەکرێن.

کۆمەڵەکە لەپێناو بەشداریکردن لە مەعریفە و ئەزموونی تایبەت بەو پارەوپوول و داراییەی لەسەر ئاستی وڵات کۆکراونەتەوە (CBPF) قۆناغەکانی بەرنامە مرۆییەکان و هەڵسەنگاندن و چاودێریکردنی دۆخی لەرزۆکی خۆراکی و داواکاری و بەڕێوەبردنی زانیارییەکان و پلاندانان بۆ دۆخە کتوپڕەکان، زنجیرەیەك خولی مەشقییانەی بەڕێوەبردووە. هەروەها کۆمەڵەی ئاسایشی خۆراکی لەمیانی پێکهێنانی تیمی دەرخستنی ستراتیژی و دیاریکردنی پێوەرە هونەری و ستراتیژییەکان، کردەی دەرخستنی ئەو پێشنیازانەی خستە ڕوو کە پێوەندییان بەو پارەوپوولانەوە هەیە کە لەسەر ئاستی وڵاتدا کۆکراونەتەوە. هەروەها کۆمەڵەی ئاسایشی خۆراکیش بە بەشداری سندووقی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ دانیشتووان سەبارەت بە گشتاندنی ڕەچاوکردنی توندوتیژیی ڕەگەزی و ڕێگەگرتن لە خراپ سوود وەرگرتن و دەستدرێژیی سێکسی، چەند خول وێرکشۆپێکی بۆ هاوبەشانی کۆمەڵەکە جێبەجێ کردووە، هەروەها سەبارەت بە خۆراکپێدان چەندان خولی مەشقی بۆ هاوبەشانی بەڕێوەبردووە.

**بەژمارە:**

- ٥٩٦٤٣٤ ئاوارە یارمەتییەکانیان وەبەرکەوت.
- ٨٨٨٨١ منداڵی پەنابەری سووری یارمەتی دران.
- یارمەتییەکان ٥٨٩٤٦ پەنابەری سووری گرتەوە.
- ١٦٧٤ کەس لە خولەکانی تەکنیك لە بەرانبەر خۆراکدا دەرچوون.
- ٣٣١٧٤ کەس لە پڕۆژەکانی بنیادنانی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان سوودمەند بوون- کە بریتی بوون لە پڕۆژەکانی " خۆراك لەپێناو بنیادنان" و مەشقی کشتوکاڵی تا دەگاتە ئاودێری و دروستکردنی خانووی نوێی شووشەیی.






# ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی

## پێشەکی:

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، یەکێکە لە ئاژانسە پسپۆڕەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و  لە سەرانسەری جیهاندا گرنگی بە تەندروستیی گشتی دەدات، ئەم ڕێکخراوە لە ٧ی نیسانی ساڵی ١٩٤٨ دامەزراوە و بارەگە سەرەکییەکەی لە ژنێڤی سویسرایە.

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی بۆ وەدیهێنانی تەندروستییەکی باشتر بۆ گشت کەسێك و لە گشت شوێنێکدا، بەردەوام لەگەڵ هەر ١٤٩ وڵاتی دیکەی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا -لەمیانی شەش ناوچە و زیاتر لە ١٥٠ نووسینگە بۆ بنیادنانی ئایندەیەکی باشتر- کار دەکات بۆ ئەوەی گشت گەلێك لە سەرانسەری جیهاندا تەندروستییەکی باشتریان بۆ بڕەخسێندرێ.

سەرجەم فەرمانبەران و کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە پابەندبوونێکی هاوبەش یەکگرتوو و هاوهەڵوێستن کە و بۆ وەدەستهێنان و ڕەخساندنی تەندروستییەکی باشتر بۆ گشت کەسێکی سەر گۆی زەوی هەموویان بەیەکەوە کۆدەکاتەوە؛ چونکە هەموومان بەیەکەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشییەکان – جا ئەگەر پەتایی بن وەك ئەنفلەوەنزا و ڤایرۆسی کەمبوونەوەی هێزی بەرگری لەش ( ئایدز) یانیش نا پەتایی بن وەك شێرپەنجە و نەخۆشییەکانی دڵ- هەوڵی بێ وچان دەدەین.

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی پاڵپشتی و یارمەتی پێشکەشی دایکان و منداڵان دەکات بۆ ئەوەی بژین و گەشەبکەن و بتوانن بەبێ گرفتی تەندروستی و بەشێوەیەکی زۆر ساغ بگەنە قۆناغێکی پڕ لە تەندروستیی سەردەمی پیری. هەروەها ڕێکخراوەکە کار بۆ دەستەبەرکردنی سەلامەتی و دروستیی ئەو هەوایە دەکات کە مرۆڤ هەڵی دەمژێ، بەردەوامیش ڕێکاری پێویست دەگرێتەبەر بۆ ئەوەی ئاوی پاکی خواردنەوە و خۆراکی باش و دەرمان و پێکوتەی پێویست بۆ مرۆڤەکان دەستەبەر بکات.

سەبارەت بەو کار و چالاکییانەی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە ساڵی ٢٠١٨ دا لە عێراق ڕایپەڕاندوون، دەتوانین بڵێین ڕێکخراوەکە لەسەر ئاستی فیدراڵی و هەرێمی کوردستانی عێراقیشەوە لە هاوکاریکردن و پاڵپشتیکردنی وەزارەتی تەندروستی بەردەوام بووە. هەروەها لە چالاکییەکانی تایبەت بە کاردانەوەی خێرای هەنبەر دۆخە کتوپڕەکانی نێو ئەو ناوچانەدا لە کارو چالاکییەکانیدا بەردەوام بووە کە هێشتاکە پێویستیان بە خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی تەندروستیی جۆری پلە دوو و پلە سێ هەیە. هەروەها لە بواری دەستەبەرکردنی پێداویستی و ئامێرە تەندروستییەکانەوە بەشێوەیەکی زۆر کارا ڕۆڵی گێڕاوە و ئامراز و کەرەستە پزیشکییەکانیشی دەستەبەر کردووە، ئەمەیش بۆ پاڵپشتیکردنی شوێنە تەندروستییەکانی وەك نەخۆشخانە مەیدانییەکان و بنکەکانی چاودێریی تەندروستیی سەرەتایی و نۆڕینگە گەڕۆکەکان و یارمەتیدانیان بووە، بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەیەکی بەردەوام خزمەتگوزارییەکانیان پێشکەشی تویژە بێدەرەتان و هەژارەکانی نێو ئاوارە و ئاوارە گەڕاوەکان و ئەو جڤاکە خانەخوێیانەشیان بکەن کە بەرگەی بارێکی قورسیان گرتووە.

هەروەها لە ساڵی ٢٠١٨دا پاڵپشتییەکی تایبەتی پێشکەشی مەڵبەندی دووبارە شیاندنەوەی ئەو خاوەن پێداویستییانە کردووە کە قوربانیی دەستی ململانێیەکانی نێو هەندێ پارێزگەی وەك مووسڵ و ئەنبار بوون.

### ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی پاڵپشتی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی چاودێریی تەندروستیی دەکات

هێشتاکە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی بەردەوامە لە پێشکەشکردن و دەستەبەرکردنی  خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی چاودێریی تەندروستیی نێو خێوەتگەی ئاوارەکان، هەروەها بەشێوەیەکی بەردەوامیش خزمەتگوزاریی تەندروستیی پێشکەشی چەند ناوچەیەکی جۆراوجۆری سەر بە چەند پارێزگەك دەکات کە ئاوارەکان بۆیان گەڕاونەتەوە و  ململانێییەکە کاریگەریی خراپی لێیان کردووە، ناوچەکانیش بریتین لە: نەینەوا، ئەنبار، سەڵاحەدین، کەرکووك، دیالە. جا بەهۆی دەستەبەرکردنی ٣٧ نۆڕینگەی تایبەت بە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی چاودێریی تەندروستی لە خێوەتگەکانی ئاوارەکان و ناوچەکانی ئاوارە گەڕاوەکان و پێکهێنانی ٤٧ نۆڕینگەی گەڕۆك، توانی لە پارێزگەکانی نەینەوا و کەرکووك و ئەنبار و دهۆك و سەلاحەدین و سلێمانی و هەولێردا لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی چاودێریی سەرەکیی تەندروستی بەردەوام بێت.

تا ڕێکەوتی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٨ ، تێکڕای ژمارەی هەمەکیی ڕاوێژکارییە تەندروستییەکان لە بوارەکانی تەندروستیی سەرەتایی -کە لە نۆڕینگە گەڕۆکەکاندا بۆ نەخۆشەکان کراون - دەگەنە ٨٩١١٤١ ڕاوێژی تەندروستی، هەروەها ژمارەی هەمەکیی ئەو

راوێژکارییانەی نۆرینگەکانی چاودێریکردنی سەرەتایی تەندروستیی پێشکەشیان کردووە گەیشتوونەتە ١٣٣٨٢٦٣ دۆخی راوێژ، لەو راوێژانەش ٨٧٦٣٢ راوێژ تایبەت بوون بە بواری تەندروستیی دووگیانی و منداڵبوون و ١٥٨٨٣ راوێژکاریی لە بواری دروستیی دەروونی.

جگە لەو ژمارانەی سەرەوەش، ٣٢١٦٢٩ پشکنینی تاقیگەیی کراون، هەروەها ١٧٨٦٧٦ جۆر جورعەی پێکوتەکان بەخشراون و ٣١٥٩٠ دۆخی نەخۆشیی ڕەوانەی نۆرینگە پزیشکییەکان و نەشتەرگەرییەکان کراون، لەو ڕێژەیەشدا ژمارەیەکی زۆری دۆخی دەستنیشانکردن بەهۆی تیشك و تاقیگەکان هەبوون.

## ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی چەند پرۆژەیەك جێبەجێ دەکات

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە ساڵی ٢٠١٨ دا چەند پرۆژەیەکی زیندووی تەندروستی لەو ناوچانەدا جێبەجێ دەکات کە بە قۆناغی چاکبوونەوەدا دەڕۆن، ئەمەیش لە چوارچێوەی بەشدارییەکانیەتی لە قۆناغی چاکبوونەوە و بەرەنگاربوونەوەی قەیرانی دوای ڕزگارکردنی مووسڵ. پرۆژەکانیش بریتین لە:

١- دروستکردنی یەکەی فریاکەوتن لە نەخۆشخانەی گشتیی عانە، هەروەها دروستکردنی ژووری منداڵبوون لە بنکەی خۆجێیی چاودێریی سەرەتایی تەندروستی لە شارۆچکەی هیتی پارێزگەی ئەنبار. لەگەڵ کۆتایی هاتنی ساڵی ٢٠١٨ شدا ئەو یەکانەی ماوەیەکی کەم بوو دروستکرابوون، خزمەتگوزاریی پسپۆڕییانەی تەندروستییان پێشکەشی ٣٦١٧ نەخۆش کرد، کە ١٢٥٨ دۆخی کتوپڕ بوو، ٤٢٨٨ خزمەتگوزاریش تایبەت بوو بە ڕاوێژکردن لە بواری تەندروستیی منداڵبوون و دووگیانی، ١٠٧ دۆخی لەدایکبوونی ئاسایی و ١١٠٨ پشکنینی تاقیگەییش هەبوون.

٢- دامەزراندن و دروستکردنی مەڵبەندەکانی ئیدارەدانی پاشماوە پزیشکییەکان لە نەینەوا و سەلاحەدین و ئەنباردا کە تیایدا توانرا ٤٧٦٩٤ کیلۆگرام پاشماوەی بەرهەمە پزیشکییەکان بەشێوەیەکی دروست ڕەفتاریان لەهەمبەردا بکرێ.

٣- بەردەوامبوون لە پێشکەشکردنی پاڵپشتی و یارمەتیدانی سێ نەخۆشخانەی مەیدانی لە مووسڵ لە هەردوو ساڵی ٢٠١٦ و ٢٠١٧ دا. ئەو نەخۆشخانانەش ٣٥٥٢٠ دۆخی خزمەتگوزاریی ڕاوێژکاریان پێشکەشی نەخۆشە دەرەکییەکان کردووە، هەروەها ٢٠٣٤٥ ڕاوێژی تەندروستییان پێشکەشی نەخۆشە نیشتەجێیەکان کردووە و ٩٣٥٨ نەشتەرگەریی گەورەیان کردووە و ٢٣٨٢ خزمەتگوزاریی بواری لەدایکبوونی سرووشتی و ١٢٣٧ نەشتەرگەریی سزارینیان کردووە، هەروەها تێکڕای ئەو پشکنینە تاقیگەییانەی کراون ٢٥٥٤٧ پشکنین بووە، ١١٠٨٠ تیشك گیراون.

٤- پاڵپشتیکردنی لایەنە پێوەندیدارەکان بۆ دەستەبەرکردنی ١٠ کەرڤانە بۆ بنکەکانی چاودێریکردنی سەرەتاییانەی تەندروستیی جڤاکی کە لە ناوچەکانی زاب و عەباسی و شاوك و زراریە و حەمزەلیی لە پارێزگەی کەرکوك دووچاری وێرانبوون بوونەتەوە.

٥- پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی لایەنە پێوەندیدارەکان بۆ نۆژەنکردنەوە و دووبارە شیاندنەوەی بەشی نەخۆشە دەرەکییەکان لە نەخۆشخانەی گشتیی حەویجە و دامەزراندنی هۆڵ و قاوشی ئامادەکراوی منداڵان لەجیات ئەو قاوشەی وێرانکراوە.

٦- پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی نەخۆشخانەی گشتیی سەلاحەدین بەهۆی دامەزراندنی یەکەی چاودێریکردنی چڕ .

٧- زیادکردنی شوێنی قەرەوێڵەکان لە نەخۆشخانەی گشتیی سەلاحەدین لە ڕێگەی دەستەبەرکردن و بەخشینی ١٠ کەرڤانە.

٨- پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی نەخۆشخانەی شەرگات بە ١٣ تۆن دەرمان و پێداویستیی پزیشکی بۆ چارەسەرکردنی دۆخە کتوپڕەکانی تێکچوونی تەندروستی کە بەهۆی لافاوەکەی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٨ شارۆچکەی شەرگاتی گرتەوە.

## هەروەها بەشدارییەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە بواری تەندروستیی عێراق لە ساڵی ٢٠١٨ دا ئەمانەی خوارەوەشی گرتەوە:

■ چاودێریکردنی کوالیتیی ئاو لە پارێزگەکانی نەینەوا و سەلاحەدین و کەرکووك و دهۆك و سلێمانی و هەولێر، ٢٨٥١٥ نموونەی ئاو کۆکرانەوە و پشکنران.

■ پێشکەشکردنی دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکان بریتی بوو لە ٣١٠٠٠ یەکەی ئامێر و کەرەستە پزیشکییەکان و بەسەر ٣٤ بنکە و شوێنی تەندروستیی نێو پارێزگەکانی نەینەوا و ئەنبار و سەلاحەدین و کەرکووك و دهۆك و هەولێردا دابەش کران. هەروەها ئەو پاڵپشتییانە بریتی بوون لە داوودەرمان و پێداویستیی پزیشکی کە بەهایەکانیان گەیشتە ٨.٣٨٧.٧٦٢ دۆلاری ئەمریکی بوو و لە ٢٣٦٠ جۆر مادە و کەرەستەی کاتی فریاکەوتن و دۆخە کتوپڕەکان پێکهاتبوو بەشی ١.٤١٣.٧٠٠ کەسی دەکرد، هەروەها ٥٩.٢٠٩.٠٢٩ چۆڕی دەرمانیش پێشکەش کران کە بۆ چارەسەرکردنی ١.٧١٢.٢٩٢ دۆخی تێکچووی تەندروستی بەس بوون.

■ هەروەها تیمی فریاکەوتن و دۆخە کتوپڕەکان لە ساڵی ٢٠١٨ دا کردەکانی چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی جێبەجێ کرد کە زیاتر لە ٧٩ کردەی چاودێری و هەڵسەنگاندنی گرتەوە.

■ ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی پاڵپشتی و یارمەتیی پێشکەشی لایەنە پێوەندیدارەکان کرد کە بریتی بوون لە خزمەتگوزارییەکانی ئیحالە کردنی نەخۆش و دەستەبەرکردنی ئۆتومبێلەکانی فریاکەوتن، ٤٥ ئۆتومبێلی دیکەی فریاکەوتنی پێشکەشی پارێزگە زیانلێکەوتووەکان کرد، ئەم ژمارە ئۆتومبێلەش بەمجۆرە دابەش کران:

٢١ ئۆتومبێلی فریاکەوتن- ئەنبار.

٥ ئۆتومبێلی فریاکەوتن- سەلاحەدین.

٨ ئۆتومبێلی فریاکەوتن- کەرکووك.

٤ ئۆتومبێلی فریاکەوتن- نەینەوا.

٢ ئۆتومبێلی فریاکەوتن- دهۆك.

٢ ئۆتومبێلی فریاکەوتن- هەولێر.

٣ ئۆتومبێلی فریاکەوتن- سلێمانی.

■ ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی پاڵپشتی لە دووبارە نۆژنکردنەوە و شیاندنەوەی مەڵبەند و بنکەکانی چاودێریکردنی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دەکات؛ چونکە لە هەردوو پارێزگەی نەینەوا و ئەنبار ٣٠٠ کەس لەوانەی دەست و قاچیان پەڕیبوو، پەلی دەستکردنیان بۆ دروستکرا.



ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی بەشداری لە بنیادنانی توانای ئەو بەرپرسە خۆجێیانە کرد کە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی تەندروستیی نێو پارێزگە زیانلێکەوتووەکاندا کار دەکەن. هەروەها مەشق بە ٢٧٥ کارمەندی بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی نەینەوا کراوە سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکانی دەروونددروستی و پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی دەروونی و تۆڕی هۆشداریی زوو و کاردانەوە لەهەمبەر پەتایەکان و ئامادەکاری و کاردانەوە لەهەمبەر کردەکانی جیاکردنەوەی برینداران و بەڕێوەبردنی بانکەکانی خوێن و ئەو ڕووداوانەی بەهۆی مادە و ڕەگەزە کیمیاییەکانەوە دروست دەبن.

## بوارەکانی دیکەی پاڵپشتی و یارمەتیدان

### ١- دەستپێشخەریی بۆ نەهێشتنی ئیفلیجیی منداڵان لە ساڵی ٢٠١٨ دا کە بریتی بوو لەو چالاکییانە:

■ ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لەمیانی هەماهەنگییەکی پتەو لەنێوان ڕێکخراوی یونیسێف و هاوبەشانی وەك پاڵپشتی و یارمەتیدانی وەزارەتی تەندروستیی عێراق، لە ساڵی ٢٠١٨ پاڵپشتی و یارمەتیی هونەری و دارایی بۆ جێبەجێکردنی سێ هەڵمەتی کوتانی دژ بە ئیفلیجیی منداڵان پێشکەش کرد ؛ چوونکە لە هەر دوو مانگی ئادار و نیساندا دوو هەڵمەتی لەسەر ئاستی خۆجێییدا بەڕێوەبرد، هەروەها لە کانوونی یەکەمیشدا بۆ منداڵانی خوار تەمەنی پێنج ساڵی هەڵمەتێکی گشتیی کوتانی بەڕێوەبرد. تێکڕای ژمارەی منداڵە کوتراوەکان لە هەڵمەتەکاندا ١.٦ ملیۆن منداڵ و ١.٥ ملیۆن منداڵ و ٥.٥٩ ملیۆن منداڵ بوو بەشێوەیەکی بەدوای یەکدا.

■ ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە ناوچە تازە ئازادکراوەکاندا هەڵمەتە کتوپڕەکانی بەڕێوەبرد و بۆ دەستەبەرکردنی ئەوپەڕی خۆپارێزیش چۆڕی فرە پێکوتەیی بەکارهێنا. لە شارۆچکەکانی ( قائیم و ڕاوە و عانەی ئەنبار و حەویجە ١ و ٢ ی کەرکووك و تەلەعفەر و بەعاج و شنگال و حەزەری نەینەوا سێ گەڕی یەك بە دوای یەکی بەڕێوەبرد). لەو هەڵمەتانەدا زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ منداڵی خوار تەمەنی پێنج ساڵی بەلای کەمەوە دژ بە شەش نەخۆشیی کوشندە کوتران.

■ ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی پاڵپشتیی لە کردەی چاودێریکردن و لێکۆڵینەوەی تایبەت بە بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی سوورێژە کرد کە لە ساڵی ٢٠١٨ لە عێراقدا بڵاو بوویەوە، هەروەها ڕێکخراوەکە بۆ دانانی پلانی کاردانەوە یارمەتیی وەزارەتی تەندروستیی دا. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی هاوکات لەگەڵ پاڵپشتیکردنی لایەنی هونەریش، توانی لە چوارچێوەی کاردانەوەی مرۆیی







و لەمیانی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگیی کاروبارە مرۆییەکان (ئۆچا)، گوژمەی هەڵمەتی کاردانەوەی هەنبەر دۆخە کتوپڕەکان وەدەستبێنێ.

- ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی پارێزگاری لە کوالیتیی سیستمی چاودێریکردنی تووشبوون بە (ئیفلیجیی توند) کرد و ئەو ئامانجانەی هێنایەدی کە بەشێوەیەکی جیهانی دیاری کراون، ئەمەیش بەهۆی پاڵپشتیکردنی لایەنە هونەری و داراییەکانەوە بوو.
- ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی پارێزگاری لە کەسە هونەری و تەکنیکیە دەستەبەرکارەکانی نێو پارێزگە سەرەکییەکان کرد، لە هەمان کاتیشدا ئەوپەڕی گرنگی بەو ناوچانەدا کە لە هەموو شوێنێکی دیکە زیاتر کەوتوونەتە بەر هەڕەشە، وەك نەینەوا و ئەنبار و کەرکووك و سەلاحەدین و هتد.
- ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی پاڵپشتیی هونەری و دارایی پێشکەشی تاقیگەی ئەیۆنیی ئیفلیجیی منداڵان کرد کە لەلایەن ڕێکخراوەکە لەنێو عێراقدا جێگەی متمانەیە.
- ڕێکخراوەکە لە بوارەکانی بنیادنانی توانایەکان و سەرپەرشتیی نیشتمانی و پاڵپشتیی و چالاکییەکانی چاودێریکردن پارێزگاری لە هاوکاریی پتەوی نێوان وەزارەتی تەندروستی و بەرنامەی بەرفراوانی پتەوکردن کرد.

## ٢- تۆڕی هۆشداریی زوو و کاردانەوەی خێرا

تۆڕی هۆشداریی پێشوەختە و کاردانەوەی خێرا لە عێراق کە لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانییەوە بەڕێوە دەبرێ، بۆ ڕووپێو و کردەکانی ئاشکراکردن و دڵنیابوونەوە و کاردانەوە لەهەنبەر نەخۆشییە پەتاییەکاندا، بە هاوکاریی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و فەرمانگە تەندروستییەکان و هاوبەشەکانەوە چەند دەستپێشخەرییەکی کردووە.

لە ساڵی ٢٠١٨ دا چوارچێوە و سنووری تۆڕی هۆشداریی پێشوەختە و کاردانەوەی خێرا فراوان کرا و ٢٤١ شوێنی دەستنیشانکراوی گرتەوە. تۆڕەکە لە ١٨٩ شوێن و پێگەی چاودێرییەوە وەك (تیمە گەڕۆکەکانی تەندروستی، نۆڕینگە گەڕۆکەکانی تەندروستی، بنکەکانی چاودێریکردنی سەرەتایی تەندروستی و نەخۆشخانەکان) لە دە پارێزگەی خانەخوێی ئاوارەکاندا هۆشداری پێگەیشت.

تۆڕی هۆشداریی پێشوەختە بە درێژایی ١٢ مانگی ڕابردوو لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٨ دا ٥.٥٣٢.١٢١ دۆخی تووشبوون/ ڕاوێژی پزیشکی و ٢٥٩ ڕووداوی ڕاگەیاند کە دەکرێ لەبارەیانەوە هۆشداری ڕەوانە بکرێ، جا بەهۆی تۆڕەکەوە توانرا ١٩٦ نیشانەی پڕ لە هۆشداری سەبارەت بە دۆخە پەتاییەکان و حەوت دۆخی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ئاشکرا بکرێن و لە ماوەی ٧٢ کاتژمێردا لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کرا و کاردانەوە لەهەنبەریاندا نوێندرا.

هەروەها دۆخێکی تەشەنەکردنی سورێژە بەشێوەیەکی پەتاییانە ئاشکرا کرا و دواتریش لە ڕێگەی هەڵمەتێکی کوتانی سەرانسەری لە وڵاتدا کاردانەوەی لەهەنبەردا نوێندرا، جگە لە سێ دۆخی نەخۆشیی کۆلێرا کە لە چەند ناوچەیەکدا تەواو لێی دڵنیابوونەوە و لە کاتێکی گونجاودا ئاشکرا و دەستنیشانکران و بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی پەتایەکە بەخێراترین شێوە مامەڵەی لەگەڵدا کرا.

جگە لەمانەیش، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە ساڵی ٢٠١٨ دا پاڵپشتیی لە توانایەکانی وەزارەتی تەندروستی و هاوبەشانی کرد بۆ ئەوەی بتوانن لەهەنبەر دۆخە گەورەکانی بڵاوبوونەوەی پەتاییانەدا وەڵامدانەوەیان هەبێت، ئەمەیش لەمیانی بنیادنانی توانای ٤٦١ کارمەندی کەرتی تەندروستی و مەشقپێکردنیان بوو لەسەر کۆکردنەوەی داتایەکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکان و ئاشکراکردنی نیشانە پڕ لە هۆشدارییەکانی تایبەت بە دروستبوونی دۆخە پەتاییەکان و دۆخەکانی بڵاوبوونەوەی پەتایەکان و ئیدارەدانی دۆخەکانی نەخۆشی لەمیانی بەڕێوەبردن و چارەسازیی مەترسیی نەخۆشییە پەتاییەکان ( نموونەی تاقیگەیی و گواستنەوە و پشکنین) و هەڵسەنگاندنی دۆخە کتوپڕەکان و خۆ بۆ ئامادەکردن لە عێراقدا.

## ٣- دەروونددروستی و توندوتیژی ڕەگەزی

قەیرانە مرۆییەکەی نێو عێراق، بەتایبەتیش لە نەینەوا بەشێوەیەکی گشتی، کاریگەرییەکی خراپی بەسەر سیستمی تەندروستی و بەشێوەیەکی تایبەتیش بەسەر بواری دەروونی و دەروونددروستیدا هەبوو. کاردانەوەی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لەمبارەیەوە بریتیبوو لە چەند ڕێکارێك، لەوانە:

- پێڕەوکردنی ڕێبەری دەستەوەردانی تایبەت بە "بەرنامەی پڕکردنەوەی بۆشایی لە دەروونددروستیدا" بۆ ئاسانکردنی کردەی دەستەبەرکردنی ئەو دەستەوەردان و بەشدارییانەی لەسەر بنەمای ڕێبەری تایبەت بە بەرنامەی پڕکردنەوەی بۆشایی لە دەروونددروستیدا لەو دۆخە تەندروستیانەی هیچ لایەنێکی پسپۆڕییانەیان تیادا نییە.
- ڕێکخستنی دوو خولی مەشقییانە بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ لە دهۆك سەبارەت بە چۆنییەتی بەکارهێنانی ڕێبەری دەستەوەردان و بەشداری لە بەرنامەی پڕکردنەوەی بۆشایی لە دەروونددروستیدا" ، بۆ ئاسانکردنی کردەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی دەروونددروستی لەو ناوچانەی بەهۆی ململانێیەکانەوە زۆرترین زیان و زەبریان بەرکەوتووە. خولی یەکەمی لە٢١-٢٥ ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٨ لە دهۆك بەڕێوەچوو، بۆ مەشقکردن بوو بە کۆمەڵەیەك کە بریتی بوو لە ٢٥ پزیشکی گشتی لە هەردوو پارێزگەی نەینەوا و دهۆك، ئەوانە لەگەڵ ئەو هاوبەشانەدا کار دەکەن کە خودی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە خێوەتگەی ئاوارەکاندا پاڵپشتییان لێ دەکات. بەڵام خولی دووەمی بۆ ماوەی ١٦-٢٠ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٨ بۆ کۆمەڵەیەك بەڕێوەبرا کە لە ٢٢ پزیشکی پسپۆڕی بواری تەندروستیی خانەوادەیی و پزیشکانی گشتیی دەستبەکار لە بنکەکانی تەندروستیی خانەوادەیی لە دهۆك و نەینەوادا کار دەکەن. ئەو مەشقە ئەو دۆخانەشی گرتەوە کە لە بواری دەروونددروستیدا لەپێشینە و سەرلیستن.
- بەڕێوەبردنی وێرکشۆپێك بۆ ماوەی یەك ڕۆژ لە بەغدا، سەبارەت بە پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی کەرتی تەندروستیی بۆ کاردانەوە لەهەنبەر توندوتیژیی ڕەگەزی لە عێراق. لە وێرکشۆپەکەدا باس لە ڕێگەکانی پتەوکردن و بەهێزترکردنی هەماهەنگی فرە کەرتی کرا لەپێناو دەستەبەرکردنی چاودێری و گرنگیپێدانێکی سەرانسەری کە جەخت لەسەر قوربانییەکانی توندوتیژی بکاتەوە. لەو وێرکشۆپەدا زیاتر لە ٢٠ بنکەی چاودێریکردنی تەندروستی لە چەندان پارێزگەدا بەشدارییان کردبوو.
- جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی خولێکی مەشقی بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ کە پێشکەشکارانی خزمەتگوزاریی چاودێریی تەندروستیی بە ئامانج گرتبوو، سەبارەت بە کاردانەوە لەهەنبەر توندوتیژیی ڕەگەزی. ئامانجی مەشقەکە بنیادنانی کارامەییە سەرەکییەکانی کەسانی پێشکەشکاری خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی تەندروستی بوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قوربانیانی دەستی جۆری کۆمەڵایەتی (ڕەگەزی) بەپێی ڕێبازێك کە لەسەر قوربانی و مافەکانی مرۆڤدا چڕ بێتەوە. لەو وێرکشۆپەدا زیاتر لە ٢٧ کەس لەوانەی




خزمەتگوزاریی چاودێریی تەندروستی پێشکەش دەکەن لە پارێزگەکانی سلێمانی و دهۆك و هەولێر و مووسڵ و نەینەوا و سەڵاحەدین بەشدار بوون.

- ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی پلان بۆ بەردەوامبوون دادەنێ لەسەر پێشکەشکردن و بەڕێوەبردنی خولە مەشقی و چالاککارەکانی نێو " ڕێبەری دەستەوەردان و بەشداری بەرنامەی پڕکردنەوەی بۆشایی لە دەروونتدروستیدا" ، هەروەها پتەوکردنی توانای پێشکەشکارانی خزمەتگوزاریی چاودێریی تەندروستی بۆ کاردانەوە لەهەنبەر قوربانیەکانی دەستی توندوتیژیی ڕەگەزی. لە پاڵپشتیکردنی مەشقکردنی کەسانی پیشەیی نێو بواری چاودێریی تەندروستی و کەسانی ناپیشەیی نێو کردەی خزمەتگوزاریی چاودێریی تەندروستی بەردەوام دەبێت سەبارەت بە "دەستەوەردان و بەشدارییە سادە دەروونییەکانی وەك "بەڕێوەبردنێکی زیاتری گرفت" و پاڵپشتیکردنی ڕێکخراوە نا حکوومییە جیهانی و خۆجێیەکان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی "دەروونتدروستی و پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی دەروونی لە دۆخە کتوپڕە مرۆییەکاندا" ئەمەیش لەسەر ئاستی جڤاکی خۆجێیی و پاڵپشتیکردنی خۆشگوزەرانیی کارمەندانی بواری چاودێریکردنی تەندروستی دەبێت.

## ٤- ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی پاڵپشتی و کۆمەك پێشکەشی پەناهەندە سورییەکان دەکات

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٨دا گشت نۆڕینگەکانی نێو خێوەتگەکانی پەنابەران و ژمارەیەك یەکەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی لاوەکیی تەندروستیی تایبەت بە پەنارانی سوریی نێو هەرێمی کوردستانی بەشێوەیەکی تێروتەسەل هەڵسەنگاند. ئامانجی کردەی هەڵسەنگاندنەکە زانین و دەستنیشانکردنی پێداویستییەکان و دانانی پلانی پێویستی پاڵپشتیکردن و یارمەتیدان بوو. ئەنجامە سەرەکییەکانی هەڵسەنگاندنەکە بریتی بوون لە:

- بوونی کەموکوڕییەکی گەورە لە دەرمان و پێداویستییە پزیشکی‌یە بەکاربراوەکان و ئەو مادانەی لە تاقیگە پزیشکییەکاندا بەکاردەهێندرێن.
- بوونی کەموکوڕی لە ئامێر و ئامرازە پزیشکییەکانی تایبەت بە تاقیگە و ژوورەکانی فریاکەوتنی نێو ئەو یەکانەی خزمەتگوزارییەکان پێشکەشی پەنابەرانی سوری دەکەن.
- پێداویستییەکی زۆر بۆ کاری چاککردنەوەی نۆڕینگەی نێو خێوەتگەکانی دهۆك.
- تێبینیی ژمارەیەکی یەکجار زۆری دانیشتووانی نێو زۆرینەی خێوەتگەکان کرا.
- کوالیتییەکی گومانلێکراوی کردەی چاودێریی پێشکەشکراو لە هەندێك خێوەتگەدا.

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی وەك کاردانەوە لەهەنبەر ئەو دەرئەنجامانەدا، چەند ڕێکارێکی بەپەلەی گرتەبەر بۆ ئەوەی دەرمان و پێداویستی بۆ هەر (٩) خێوەتگەی پەنابەرانی سوریی نێو هەرێمی کوردستاندا دابین بکات. ئەو خێوەتگانەش بریتین لە: خێوەتگەی دارە شەکران، کەورگۆسك، قوشتەپە، باسرمە، دۆمیز١، دۆمیز٢، ئاکرێ، عەربەت، گەویلان. ئەو مادە و پێداویستی و دەرمانە پێشکەشکراوانەش بۆ ماوەی ٦ مانگ بەشی زیاتر لە ٤٠٠.٠٠٠ نەخۆشی دەکرد.

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، وەك هەنگاوێکی سەر ڕێگەی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان چاوی بە کۆمەڵێك ڕێکاری پێویستدا گێڕایەوە. بۆ ئەوەی پاڵپشتی لە سێ یەکەی چاودێریی مامناوەندیی تەندروستیی بکات کە خزمەتگوزاریی ئیحالە کردنی دۆخەکانی نەخۆشییان تیادایە، ئەوانیش: نەخۆشخانەی ڕاپەڕینی منداڵان لە هەولێر، نەخۆشخانەی هێڤی بۆ منداڵان لە دهۆك، ژووری فریاکەوتنی سەر بە نەخۆشخانەی شار لە سلێمانی. هەروەها ڕێکارەکان واژۆکردنی مامەڵەیەکی ڕێککەوتنی لەگەڵ ڕێکخراوی AISPO کردووە کە ڕێکخراوێکی نا حکوومییە، ڕێککەوتنەکەش بەمەبەستی چاککردنەوەی خێوەتگەکانی پەنابەرانی سوری لە دهۆك و پاڵپشتیکردنی گشت خێوەتگەکانی پەنابەرە سورییەکان بەهۆی دابینکردنی ئامێر و کەرەستە پزیشکییەکانەوە و چاودێریکردنی چۆنییەتیی بەکاربردنی دەرمان و کۆمەڵێك خولی مەشقکردن بۆ کارمەندانی کەرتی تەندروستیی نێو خێوەتگەکان سەبارەت بە تۆڕی هۆشداریی پێشوەختە و کاردانەوەی خێرا و چاودێریکردن بوو.

جگە لەمانەیش، پلانی کتوپڕ و لەناکاو لە ساڵی ٢٠١٨ لەپێناو کاردانەوە لەهەنبەر شەپۆڵی شیمانەکراوی هاتنی ٥٠.٠٠٠ پەنابەری نوێ لە باکووری سوریاوە بەرەو عێراق لە ئەنجامی هەڵکشانی توندتربوونی ڕەوتی ململانێیەکانی ئەوێ، لەمیانی هەماهەنگیکردن لەگەڵ هاوبەشەکانی دیکەی بواری مرۆییدا داڕێژرا.

## ٥- هەماهەنگیکردن و هەڵسووڕاندنی کاری کۆمەڵەکان

لە ساڵی ٢٠١٨ دا کۆمەڵەی تایبەت بە تەندروستی لە ٤٠ هاوبەش پێکهات ( بریتی بوون لە ٢٤ ڕێکخراوی جیهانیی ناحکوومی، ١٢ ڕێکخراوی ناحکوومیی خۆجێیی و ٤ ڕێکخراوی ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان). چوار کۆمەڵەکە پاڵپشتیکار و و یارمەتیدەری تیمی کاری تایبەت به پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بوو لە بوارەکانی تەندروستیی دووگیانی و منداڵبوون، خۆراك، دروستیی ئەقڵی و پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و دووبارە شیاندنەوەی جەستەیی مرۆیی.

جا بەپێی پلانی کاردانەوەی مرۆیی بۆ ساڵی ٢٠١٨ تیمی کاری تایبەت بە تەندروستی ٦٧.٤ ملیۆن دۆلاری داواکرد، لەگەڵ هاتنی کۆتایی ئەو ساڵەشدا بە ڕێژەی ٪٩٩ ئەو ڕێژە پارە داواکراوە دابین کرا. هەروەها هاوبەشانی کۆمەڵەکە توانیان خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی چاودێریی تەندروستی پێشکەش بکەن، بە خزمەتگوزارییەکانی بواری تەندروستیی دووگیانی و منداڵبوون و کوتان و خۆراکپێدان و خۆپاراستن لە نەخۆشییە پەتاییەکان بۆ ٣ ملیۆن کەس کە پێویستیان بەو خزمەتگوزارییانە هەبوو، هەروەها لە هەمان کاتیشدا کار بۆ دەستەبەرکردنی دەرمانە سەرەکییەکان و پاکێجی پێداویستییەکانی کاتە کتوپڕەکان و چەندان پێداویستیی دیکە کرا بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی جێگیر و بەردەوام فەراهەم بکرێن.

"تیمی تایبەت بە تەندروستیی دووگیانی و منداڵبوون" توانی خزمەتگوزاری بۆ ١.٠٩٦.٩٧٩ ژن بڕەخسێنی کە توانای منداڵبوونیان هەبوو، چونکە زیاتر لە ١٣٣ یەکەی تەندروستی، خزمەتگوزارییەکانی تەندروستیی دووگیانی و منداڵبوونیان پێشکەش دەکرد کە لەلایەن ٢٦ هاوبەشەوە پاڵپشتییان لێ دەکرا.

هەروەها تیمی کاری تایبەت بە خۆراکپێدان پاڵپشتیی لە پشکنینی ١٤٢.٨٧٣ منداڵ کرد کە تەمەنیان لەنێوان ٦- ٥٩ مانگ بوو، بۆ ئەوەی چاودێریی گەشەکردنیان بکات و ئەو دۆخانە دەستنیشان بکات کە پێوەندییان بە بەدخۆراکیی ئەو منداڵانەوە هەیە، هەروەها لەسەر ئاستی خێوەتگەکەدا توانی دەستنیشانی ١.١٨٠ دۆخی تووشبوون بە " بەدخۆراکیی توندی کوشندە" بکات. هەروەها تیمەکە ڕاوێژی پێشکەشی ئەو دایکانە کرد کە ژمارەیان زیاتر لە ٢٠.٠٠٠ خانم بوو سەبارەت بە " خۆراکدان بە منداڵانی شیرەخۆر و کۆرپەکان" و بایەخدان و ڕەواج بەو جۆرە خۆراکپێدانە.

هەروەها زیاتر لە ٢٠٠٠.٠٠٠ دانیشتنی چارەسەرییانەی تایبەت بە دەروونتدروستی و دەروونی و کۆمەڵایەتی بەڕێوەبران، لەوانە ١٣.٨٠٠ دانیشتنی پێشکەوتوو لەلایەن ئەو هاوبەشانەی سەر بە تیمی کاری تایبەت بە ئەقڵدروستی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە بەڕێوەبران. لە هەمان کاتیشدا، زیاتر لە ٢٥٠.٠٠٠ نەخۆش حەواڵەکران بۆ ئەوەی ئاستێکی بەرزتری چاودێریی پێویستی تەندروستییان پێشکەش بکرێ.

هەروەها لە ساڵی ٢٠١٨ دا ئەندامانی " تیمی کاری مرۆیی بۆ دووبارە شیاندنەوەی جەستەیی" زیاتر لە ٢٤.٠٠٠ ڕاوێژ و ٢.٨٠٠ ئامێریان پێشکەش بە کەسەکان کرد و زیاتر لە ٨٠ کەسی بواری پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی ئەو بوارەیان ڕاهێنا و مەشقیان پێیان کرد.

جگە لەمانەیش، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی وەك ئاژانسێکی سەرەکی و ئەندامی کۆمەڵەی تایبەت بە تەندروستی، لە شوێنە دوورەدەستەکاندا پاڵپشتی و یارمەتییان پێشکەشی چوار یەکەی گەڕۆکی پزیشکیی تایبەت بە چاودێریی تەندروستییان کرد کە خزمەتگوزاری پێشکەشی ئاوارە و پەناهەندە سورییەکان وجڤاکە خانەخوێیەکان دەکەن. هەروەها ڕێکخراوەکە پاڵپشتی و یارمەتیی خۆی پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی هەولێر کرد بۆ جێبەجێکردنی دوو گەڕی ( لە هەردوو وەرزی بەهار و پایز) چالاکییەکانی بەرەنگاربوونەوەی ئەو مێروانەی نەخۆشییەکان دەگوازنەوە، ئەمەیش بۆ ڕێگەگرتن بوو لە بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییانەی سەرچاوەکانیان ئاژەڵییە، بەتایبەت نەخۆشی لیشمانیا. هەروەها ڕێکخراوەکە پاڵپشتی و یارمەتییەکانی خۆی پێشکەشی ڕێکخراوی چاودێریکردنی ئاو کرد، بۆ ئەوەی ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییانە بگیرێ کە بەهۆی ئاوەوە بڵاو دەبنەوە، هەروەها چەند تەکنیکێکی تەندروستیشیان پێشکەش کرد، لەوانە ئەو دەرمانانەی ژیان ڕزگار دەکەن و پاکێجی پێداویستییەکانی کاتە کتوپڕەکانی هاوبەشی نێو ئاژانسەکان و پێداویستییە بەکارهێنراوەکان و ئامێر و کەرەستەی پزیشکی.




# نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوان

نوسینگەکە لە ساڵی ٢٠١٨  و لە چوارچێوەی بەرنامە هەرێمییەکەیدا بەناونیشانی " پتەوکردنی سیستمی یاسایی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر" سەبارەت بە چالاکییەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر یارمەتی تەکنیکی پێشکەشی عێراق کردووە، هەروەها قۆناغی دوای ئازادکردنی مووسڵیشی ڕەچاوکردووە. لەمبارەیەوە، جۆری یارمەتی نوسینگەکە لەمیانی جەختکردنەوە لەسەر ئەو پێداویستیيانەی لە خوارەوە دەستنیشان کراون، پێداگریی لەسەر پرسی ڕێکخراوی داعش و هەڕەشە شاراوەکان کردووە، پێداویستییەکانیش ئەمانەن: ڕەچاوکردنی ژێرخانی سەرەکیی زۆر گرنگ و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییەی خۆی لە  بەکارهێنانی دووانەیی مادە کیمیاییەکاندا دەبینێتەوە، هەروەها لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکانی پەیوەست بە تیرۆر و یەکلاکردنەوەیان و ڕێگەگرتن لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ ئەو مەبەستانەی مۆرکێکی تیرۆرستییانەیان هەیە، هەروەها بەرەنگاربوونەوەی سەرچاوە مادییەکانی تیرۆر و بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی جەنگاوەرە بیانییەکان و پاڵپشتیکردنی قوربانیانی کارە تیرۆرستییەکان. جگە لەمانەیش، نوسینگەکە سەبارەت بە پرسەکانی تاوانکاری هاوکاریی نێودەوڵەتی چاکترکردووە و برەوی پێ داوە.

هەروەها نوسینگەکە لە جێبەجێکردنی پرۆتۆکۆڵ و قەواڵە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکانی وەك بڕیاری ژمارەی ٢٣٤١ی ساڵی ٢٠١٧ ی نەتەوە یەکگرتووەکان و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە تیرۆرستییەکان کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە هەنبەر ژێرخانی سەرەکیدا زیاتر دەبن، یارمەتیی پێشکەش ڕاوێژکاریی ئاسایشی نیشتمانی عێراق کردووە، بۆ ئەوەی بتوانێ لەپێناو پاراستنی مادییانەی ژێرخانە سەرەکییە زۆر گرنگەکەدا ستراتیژێکی نیشتمانی دابڕێژێت. لە هەمان کاتیشدا، نوسینگەکە سەبارەت بە بەکارهێنانی دووفاقیی مادە کیمیاییەکان و ئامادەکردنی ستراتیژێکی نیشتمانی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو مادانەی بە دوو ڕێگە بەکاردەهێندرێن لەوانە بەکارهێنان و فرۆشتن و گواستنەوە و هەناردەکردنی مادە کیمیاییەکان، لە پاڵپشتیکردنی دەسەڵاتە عێراقییەکاندا بەردەوام بووە.

نوسینگەکە لە بواری پرسەکانی تاوانکاری، لەگەڵ تیمی لێکۆڵینەوەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (یونیتاد) بەشێوەیەکی کارا هاوکارییەکانی خۆی زیاترکردووە، ئەمەیش بۆ پتەوکردنی لێپرسینەوەیە لەو تاوانانەی ڕێکخراوی داعش کردوونی، ئەم کردەیەش لەگەڵ وڵاتە دراوسێیەکانی عێراق و لەمیانی دۆزینەوەی چەند میکانیزمێك بەڕێوەدەبرێ کە بتوانن ڕێگە بۆ داواکارییەکانی ئاڵوێرکردنی یارمەتییە یاساییەکان و ڕادەستکردنی داواکراوان بە دادگا و دادپەروەری خۆش بکەن، ئەو هەنگاو و ڕێکارەش لە بەدواداچوونی دادگەیی تایبەت بە پرسی ئەو تیرۆرستانەی سنووری نیشتمانی دەبەزێنن، ڕۆڵێکی تەوەرەیی هەیە. لەمبارەیەوە نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر و تاوانکاری، چەند چالاکییەکی پاڵپشتیکردنی هونەرییانەی ڕێکخستووە و مەشقی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی هەنبەر تۆڕی کراوەی ئینتەرنێت و شیکردنەوەی هەواڵگرییانەی تاوانکاری بۆ فەرمانبەرانی عێراقی کردووەتەوە. جگە لەمانەیش، لە چوارچێوەی هاریکاری لەگەڵ دەزگا ئەکادیمییەکاندا، نوسینگەکە پارێزەرانی عێراقی لەسەر قبووڵکردنی بەڵگە دیجیتاڵییەکان ڕاهێناوە و مەشقی پێیان کردووە.

سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی سەرچاوە داراییەکانی تیرۆر و ئەو لایەنانەی گوژمەیان بۆ پەیدا دەکەن، نوسینگەکە لە پاڵپشتیکردنی توانایەکانی یەکەی زانیاریی دارایی و چۆنییەتیی هاوکاریکردنی ئەو یەکەیەش لەگەڵ هاوشانەکانی لە ناوچەکەدا و بەتایبەت لە میسر و ئوردن و لوبنان بەردەوام بووە.

نوسینگەکە بۆ زیاتر پاڵپشتیکردنی توانای کەسانی



نێو پیشەی جێبەجێکردنی یاسا و دادپەروەریی بواری تاوانکاری، لەمیانی بەڕێوەبردن و کردنەوەی چەندان خولی مەشقی تایبەتمەند لە عێراقدا بەردەوام بووە، بۆ ئەوەی ڕێگە نەدرێ ئینتەرنێت بۆ چەند مەبەستێکی تیرۆرستییانە بەکار بهێندرێ. خولەکانی مەشق جەختیان لەسەر ڕێگە کراوەکانی لێکۆڵینەوە و بەکارهێنانی بەڵگەی دیجیتاڵی و بەرەنگاربوونەوەی ئامادەکردنی تیرۆرستەکان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت کردووە. هەروەها نوسینگەکە توانای ئەفسەرانی عێراقیی جێبەجێکاری یاسای پتر کردووە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر مامەڵە لەگەڵ ئەو هەڕەشەیە بکەن کە دیاردەی چەکدارانی بیانی دروستی کردووە.

نوسینگەکە لەمیانی پێشکەشکردنی پاڵپشتیی یاسایی و دەروونی و بەتایبەتیش لەکاتی ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوەی یاساییدا، بەردەوام پاڵپشتیی پێشکەشی قوربانیانی کارە تیرۆرستییەکانی نێو ناوچە ئازادکراوەکان کردووە.

جا نوسینگەکە بەپشتبەستن بەو سەرکەوتنانەی لەمیانی ئەو یارمەتییانەوە وەدەستهاتوون کەوا خودی نوسینگەکە و هاوبەشانی لە ساڵی ٢٠١٨ لە عێراقدا پێشکەشیان کردووە، لە ساڵی ٢٠١٩ شدا یارمەتییەکانی خۆی پێشکەش دەکات، بۆ ئەوەی ڕێگە لەو هەڕەشە شاراوەیە بگرێ کە ڕێکخراوی داعش دروستی کردووە، کردەی لێپرسینەوەش لەو ڕێکخراوە ڕەوتێکی بەردەوام بەخۆیەوە دەگرێت، هاوکات لە کارەکانیشی بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی ڕێگە لە گەڕانەوەی ئەو ڕێکخراوە بگرێ تاکوو جارێکی دیکە نەتوانن بگەڕێنەوە نێو عێراق. لە هەمان کاتیشدا، لەوانەیە نوسینگەکە سنووری چالاکییەکانی فراوانتر بکات و کۆنترۆڵکردنی سنوور و تاوانی ئەلیکترۆنی و چەند مەسەلەیەکی دیکەی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی تاوانیش بگرێتەوە.







# نوسینگەی هەماهەنگیی کاروباری مرۆیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان

نوسینگەی هەماهەنگیی کاروباری مرۆیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق (OCHA) ، بە هەماهەنگی لەگەڵ چالاکییە کارایە مرۆییەکان و ئەوانەی لەسەر چەند بنەما و کۆمەرجێك بنیاد نراون، بەرگری لە کەسانی بێدەرەتان دەکات و ئامادەیی و خۆپارێزی پتەوتر دەکات و چارەسەری دوورمەودای بەردەوامیش دەرەخسێنێ. ڕەوت و دۆخی مرۆیی لە عێراق لە ساڵی ٢٠١٨دا وەرچەرخانێکی کرۆکیانەی بەخۆیەوە بینیوە، چونکە کردەکان لە کاردانەوەی هەنبەر دۆخە کتوپڕەکانی نێو قۆناغی ململانێی چەکداری گۆڕا بۆ وەدیهێنانی پێداویستییەکانی ملیۆنان ئاوارەی نێوخۆیی و ئاوارە گەڕاوەکان و ئەو هاووڵاتیانەی بارودۆخیان لاوازە و لە چەند کۆمەڵگەیەکی خانەخوێ و لە چەند ناوچەیەکدا دەژین کە ململانێی چەکداریی دژ بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) کاریگەرییەکی زۆری لێکردوون. لە کۆی ٦ ملیۆن کەسی ئاوارەی نێو گەرمەی ململانێیەکە، ٤،٢ ملیۆن کەس لە ١٤٠٠ ناوچەدا گەڕاونەتەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان لە ٣٥ شارۆچکە و حەوت پارێزگای عێراق. بەدرێژایی ساڵی ٢٠١٨، نوسینگەی هەماهەنگیی کاروباری مرۆیی لەپێناو پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی پاراستن لە چوارچێوەی چالاکییەکانی کاردانەوەی مرۆیی لە عێراقدا بەردەوام بووە، هەروەها هاوپیشە و هاوشانەکانیشی لە حکومەتی عێراق و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی بەشداری پێکردووە بۆ ئەوەی سەرنج و گرنگییە هەرە مەزنەکە بەو کەسانە بدەن کە زۆرترین پێویستییان بە پاراستن هەیە، بەو خانەوادانەشەوە کە وەها لێیان دەنواردرێ جۆرە پەیوەندیەکیان لەگەڵ گرووپ و کۆمەڵە توندڕۆیەکاندا هەبێت.

نوسینگەی هەماهەنگیی کاروباری مرۆیی بە پاڵپشتیی ١٧٠ هاوبەش کاری کردووە بۆ ئەوەی لە کۆی ٣،٤ ملیۆن کەسی بە ئامانجگیراو کە ڕێژەی (٨٧٪)یە یارمەتیی مرۆیی بگەیەنێتە زیاتر لە ٣ ملیۆن کەس لەوانە ١،٣ ملیۆن منداڵ و ١،٤ ملیۆن ژن و کچ. هەروەها لایەنە کارا و چالاکەکانی بواری مرۆیی لە کۆی ١٠٩ شارۆچکەی سەرانسەری عێراقدا بەرنامەکانیان لە ١٠٧ شارۆچکەدا بەڕێوەبردووە، گەرچی زۆربەی کاردانەوەکان جەختیان لەسەر ئەو ئاوارانە کردبوویەوە کە لە خێوەتگەکاندا دەژین. هەروەها لەگەڵ کۆتاییهاتنی ساڵی ٢٠١٨ بودجە بۆ پلانی کاردانەوەی مرۆیی لە عێراق بە ڕێژەی ٩٢،٥٪ تەرخانکراوە، ئەمەیش وادەکات ببێتە باشترین پلانی گوژمە بۆدانراو لەسەر ئاستی جیهان و گوزارشت لە ئاستی متمانەی بەخشەرەکانی بودجە دەکات لە هەنبەر دەرئەنجامە پێشبینیکراوەکاندا. لەگەڵ ئەمەیشدا، هێشتا ئالنگاری و کۆسپەکان هەن، وەك چەقبەستنی سیاسی و کردەیەکی خاووخلیسکی دامەزراندن لە وەزارەتە سەرەکییەکانی حکومەت و دواکەوتنی مەسەلەی جێبەجێکردنی چالاکییەکانی چاکبوونەوە و بونیادنانی توانای ڕووبەڕووبونەوەی قەیرانەکان. نوسینگەی هەماهەنگیی کاروبارە مرۆییەکان کاریگەریی خێرا و ستراتیژییەکەی لە عێراقدا بە هەبوونی دەیان فەرمانبەر دەپارێزێ کە لە سەرانسەری ئەو وڵاتەدا دەستبەکارن، چونکە نوسینگەی سەرەکی لە بەغدایە و نوسینگە هەرێمییەکەشی لە هەولێرە و چەندان نوسینگەی مەیدانیشی لە هەولێر و دهۆك و مووسڵ و کەرکووکدا هەیە، هەروەها بوونێکی زۆر کاراشی لە ئەنبار و سەلاحەدین و سلێمانیشدا هەیە.

نوسینگەی هەماهەنگیی کاروباری مرۆیی لە ساڵی ٢٠١٨دا لە بانگهێشتکردنی حکومەت و هاوپیشە و هاوشانە سەربازی و هەماهەنگکارەکانی بەردەوام بوو، جا ئەگەر لەسەر ئاستی فیدراڵی بووبێت، یانیش لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانی عێراق ، بۆ ڕێگەگرتن لە چۆلکردنی زۆرەملێ و گەڕانەوەیەکی پێشوەختی ئاوارەکان و یارمەتیدان و پاڵپشتیکردنی حکومەت لە پێکهێنان و کاراکردنی لیژنەکانی گەڕاندنەوەی پارێزگای ئەنبار و کەرکووك و دیالە و سەلاحەدین بۆ ئاسانکردنی گەڕانەوەیەکی خۆویستانە و بێ مەترسی و سەربەرزانە و بەردەوام کە لەسەر زانیارییەکی دروست و بەڕێوەبرابێت. جگە لەمانەش نوسینگەی هەماهەنگیی کاروباری



مرۆیی هەوڵی داوە لە بواری کاری مرۆیی هاوبەشانی هۆشیار بکاتەوە لەپێناو ئاوێتەکردن و تێکەڵکردنی خێوەتگەکانی نێو عێراق کە ژمارەیان دەگاتە ١٢٥ خێوەتگە و گواستنەوەی سوودمەندان و دانیشتووانی ئەو خێوەتگەیانە بۆ چەند خێوەتگەیەك کە خزمەتگوزاریی باشتریان تیادا بێت- وەك خزمەتگوزاریی تەندروستی و قوتابخانە و ڕێوشوێنە تۆکمەترەکانی ئاسایش- لەپێناو دەستەبەرکردنی پاراستنی نزمترین ئاستی پێوەرەکان.

چارەسەرکردنی ترس و نیگەرانییەکانی ئاوارەکانی عێراق لە ڕەوت و قۆناغی دوای داعشدا خاڵی بیرکۆیی و گرنگیدانی سەرەکیی لایەنە کارایەکانی بواری مرۆییە، کارەکانیش لە سەروبەندی کاری مرۆیی ساڵی ٢٠١٩دا بە ئاراستەی دۆزینەوەی چارەسەری بەردەوام و دوورمەودا دەبێت بۆ ئەو دانیشتووانانە. زۆرینەی هەرە زۆری کاردانەوەی مرۆیی تا ئێستەیشی لەگەڵدا بێت لەسەر ئەو ئاوارانەدا چڕکراوەتەوە کە لە خێوەتگە تۆمارکراوەکاندا دەژیەن ( نزیکەی ٢٠٪ ڕێژەی دوو ملیۆن کەس هێشتا ئاوارەن). بەپێی مەزەندە و خەملاندنەکان، یارمەتییەکان دەگەنە نزیکەی ١٠٪ی ئاوارەکانی دیکە کە ژمارەیان ١,٥ ملیۆن کەسی دەرەوەی خێوەتگەکانە. گەیاندنی ئەو یارمەتییانە بۆ ئەو توێژەی دانیشتووان بە کاری هەرە لە پێشینە و سەرلیستی لایەنە کارایەکانی تایبەت بە کاروباری مرۆیی دادەندرێ.

پێداویستی و هۆکارەکانی پاراستنی دانیشتووانە ئاوارەکان هەمەچەشنن، کەشوهەوای دوای ململانێش لە عێراقدا تەگەرە و ئاڵۆزییەکی زیاتر دەخاتە بەردەم وەدیهێنانی ئەو پێداویستییانە. چەند تەگەرەیەك لە وەدەستهێنانی بەڵگەی پێناسی نیشتمانی و ناسنامە و بەڵگەنامە مەدەنییەکانی تۆمارکردنی دۆخەکانی مردن و ژنهێنان و شووکردن و لەدایکبوون و دەستەبەربوونی مافەکانی نیشتەجێبوون و زەوی وزار و خاوەندارێتیش لە گۆڕێدان. هەروەها ئاوارەکان ئاماژە بە دژواریی وەدەستهێنانی دەرفەتەکانی کار/ بژێوی پەیداکردن دەکەن و ئەمە یەکێکە لە ترس و نیگەرانییە سەرەکییەکانیان و مەسەلەی وەدەستهێنانی خۆراك و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و ئاو و فێرکردنیشیان بەشێوەیەکی نارێك بۆ دەستەبەر دەبێت. ئەم گرفتانە بۆ ئاوارەکانی دەرەوەی خێوەتگەکان زیاتر کەڵەکە بووە و تەشەنەی سەندووە. جگە لەمانەش، ناکرێ نکۆڵی لەو هێدمە دەروونییە بکرێ کە بەهۆی ئاوارەبوونی درێژخایەنەوە دووچاریان بووەتەوە، چونکە زیاتر لە نیوەی ئاوارەکانی عێراق سێ ساڵ یان زیاتریش لە ئاوارەییدا دەژین. هەندێك پەنابەری عێراقیش لە هەنبەر ئەو ئازارە دەروونییەی هەستی پێدەکەن، پەنا دەبەنە بەر چەند ڕەفتارێکی توندڕۆیانەی وەك خۆکوشتن یان هەوڵی خۆکوشتن.

هەروەها ئەو توێژە ئاوارەیەش دەستنیشان کراون کە وەها لێیان دەنواڕدرێ پەیوەندییان لەگەڵ کۆمەڵە و گرووپە توندڕۆیەکاندا هەبێت و زیاتر کەوتوونەتە بەر مەترسی، ئەمەیش وایکردووە لایەنە کارا و چالاکەکانی کاروباری مرۆیی یارمەتییان بدات. هەروەها لایەنە چەکدارەکانی ئاسایش هەبوونی ئەو گومانلێکراوانە وپەیوەندییەکەیان وەك پاساوێك بۆ چوونە نێو خێوەتگەی ئاوارەکان و پشکنینیان بەکاردێنن، هەندێك جاریش، هەندێك لەو ئاوارانە و هەندێك لە ئەندامانی خانەوادەکانیان بەشێوەیەکی نادادپەروەرانە دەستگیر دەکرێن، دواتریش ئەمە دەبێتە هۆی پێشێلکردنی مۆرکی مەدەنی و مرۆییانەی ئەو خێوەتگەیانە و خولقاندنی کەشێکی پڕ لە ترس و گومان بۆ ئاوارەکان. لەوانەشە ئەو ژن و منداڵانەی باوکانیان یان مێرد و کوڕ و برا و تەنانەت خزمێکی دووریان بە ئەندام بوون لە داعش تۆمەتبار دەکرێن، ڕووبەڕووی چارەنووسێکی دژوار ببنەوە، زۆربەی جاریش لە وەرگرتنی یارمەتییە مرۆییەکان و دەستکەوتنی کۆمەکەکاندا دەکەونە بەر چەند کردە و ڕەفتارێکی جیاکاری و هەڵاوێردن. ڕەنگە لەنێو خێوەتگەکانیشدا دووچاری دابڕین و جیاکردنەوە ببنەوە و کۆتوبەند دەخرێتە سەر ڕەفتارەکانیان و نایەڵن یارمەتییە مرۆییەکانیان بەدەست بگات و دووچاری توندوتیژی و خراپ سوود لێ وەرگرتنی سێکسییانە دەبنەوە. ئەو کاریگەرییە نەرێییانە بەشێوەیەکی زۆر گەورە بۆ ئەو ژن و منداڵانە چەند قات دەبێتەوە کە لە دەرەوەی خێوەتگەکاندا دەژین و وەها لێیان دەنواڕدرێ جۆرە پەیوەندییەکیان لەگەڵ کۆمەڵە و گرووپە توندڕۆیەکاندا هەبێت. جیاکردنەوە و ناسینەوەی ترس و نیگەرانییە ڕەوایەکانی تایبەت بە لایەنی ئاسایش و پاڵپشتیکردن و پتەوکردنی گەڕانەوە/ یان دووبارە تێکەڵکردنەوە و ئاوێتەکردنەوەی ئەو جۆرە ژن و منداڵانە بۆ نێو جڤاك مەسەلەیەکی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی لە ئایندەدا ڕێگە لە توندڕۆیی بگیرێت. وەدیهێنانی پێداویستیەکانیشیان بە لایەنێکی سەرەکی پارێزگاری دادەندرێ لە عێراقدا، هاوکات پاراستن و وەدیهێنانی پێداویستیەکانی ئەو کەسانەی لەدەست توندوتیژی ڕەگەزیی دەرباز بوون، بە خراپ سوود وەرگرتن و دەستدرێژیی سێکسیشەوە، هەروەها دابینکردنی ئاسایش و پێداویستی بۆئەو منداڵانەی ڕووبەڕووی مەترسی بوونەتەوە و ئەو کەسانەی خاوەن پێداویستیی تایبەتن یان ئەو کەسانەی نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە و کەسانی پیر و ئەوانەی ڕووبەڕووی گەڕاندنەوەی زۆرەملێیانە و پێشوەخت کراونەتەوە و ئەوانەش کە لە وەدیهێنانی چارەسەری بەردەوامی دوورمەدادا ڕووبەڕووی کۆسپو تەگەرە بوونەتەوە، کارێکی لەپێشینەی مرۆییە و دەبآ ڕەچاو بکرێ، ئەگەر بمانەوێ وڵاتێکی بێ کێشە و دوور لە توندڕۆیی بنیادبنرێتەوە.




# ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)



### سەرۆکی نێردەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە عێراقدا

## گـــیرارد وایـــت

لەگەڵ ڕاگەیاندنی فەرمی کۆتایی هاتنی جەنگی دژ بە داعش لە کۆتاییی ساڵی ٢٠١٧، حکومەتی عێراق لە ساڵی ٢٠١٨ دا هەوڵەکانی خۆی لە بەرپەرچدانەوە و بەرەنگاربووونەوەی کاریگەری و شوێنەوارە مەترسیدارەکانی ململانێدا چڕکردەوە کە چەند بەشێکی زۆر بەرفراوانی خۆرئاوا و باکووری خۆرئاوای عێراقی وێران کردبوو و لە چەند شوێنێکی دیکەی وڵاتەکەشدا ببووە هۆی ئیفلیجکردنی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

زۆرێك لە ئاوارەکانیش لە ساڵی ٢٠١٨ دا گەڕانەوە شوێنی جاران و سەر ماڵوحاڵی خۆیان، بەڵام لەگەڵ کۆتایی هاتنی ئەو ساڵەدا ١.٨ ملیۆن عێراقی هێشتاکە لە دۆخی ئاوارەییدان و هێشتاکەش پێداویستییە مرۆییەکانی ئاوارەو گەڕاوەکان و جڤاکە خانەخوێیەکانیان لە عێراقدا زۆر بەرزە. جا وەك وەڵامدانەوەی ئەمە، ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە عێراقدا یارمەتیی مرۆیی پێشکەشی ئەو ئاوارانە کرد کە ماوەیەکی زۆرە لە دەرەوە و ناوەوەی خێوەتگەکاندا دەژیەن، هەروەها بیرکۆیی خۆیشی لەسەر دووبارە شیاندنەوە و ئاوەدانکردنەوەی ئەو شوێنانە چڕکردەوە کرد کە ئاوارەکان بۆی دەگەڕێنەوە، بۆ ئەوەی کردەی ئاوێتەکردنەوەیەکی بەردەوام بۆ ئاوارەکان دەستەبەر ببێت.

جگە لەمانەیش ڕێکخراوەکە لە ساڵی ٢٠١٨ دا لەپێناو بەهێزکردنی توانای دەسەڵاتە عێراقییەکان و لایەنە کارایەکانی دیکەی نیشتمانی لە بواری ئامادەگی بۆ دۆخە کتوپڕەکان و ئاراستەکانی وەدیهێنانی سەقامگیریی جڤاکی و ئیدارەدانی کۆچ، هەوڵەکانی خۆی چڕکردووەتەوە، بێگومان ئەمەیش لەپێناو پاڵپشتیکردنی حکومەتی عێراقە لە چارەسەرکردنی ئالنگارییە سەرەکییەکانی کۆچبەری و ئاوارەیی.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ وەك ئەندامێکی کارای نێو تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بۆ کاری مرۆیی و تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، پاڵپشتی هاوکاریی نێوان ئاژانسەکان و هەماهەنگی نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی عێراقی دەکات، باشترین نموونەش بۆ ئەمە: تیمی دەستبەکاری تایبەت بە گەڕانەوەیە- کە کۆڕبەندێکی جێبەجێکاری فرە لایەنە سەبارەت بە گەڕانەوە و ڕێکخراوەکە بە هاوبەشی لەگەڵ ئەنجومەنی دانیمارکی بۆ پەنابەران لە ساڵی ٢٠١٦ سەرۆکایەتیی دەکات. لەم تیمەدا چەندان ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییە ناحکوومییەکان و ئاژانسە پارەدەرەکان بەشداری دەکەن. ئەمەیش وادەکات کۆڕبەندەکە سەبارەت بە زانیارییە پێویستەکان و شیکردنەوەی داتایەکان و سیاسەتەکانی تایبەت بە گەڕانەوەی ئاوارەکان، بەشداری و گفتوگۆ دەستەبەر بکات.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ هیوای ئەوە دەخوازێ لە ساڵی ٢١٠٩دا لەگەڵ تیمی هەرێمیی نەتەوە یەکگرتووەکان لەپێناو پاڵپشتیکردنێکی بە کۆمەڵی حکومەتی عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەرپەرچدانەوەی کارە لەپێشینەکانی کۆچ و ئاوارەیی، هەوڵەکانی خۆی بخاتە گەڕ و کاری پێویست بکات.

## گرنگترین کار و چالاکی و پرۆژە جێبەجێکراوەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە عێراق لە ساڵی 2018، بە ژمارە بەمجۆرەیە:

- زیاتر لە ٢٦٠٠٠ خانەوادەی ئاوارە پاکێجی تەواوی مادەی ناخۆراکییان بەدەستهێناوە کە بریتین لە دۆشەک و سۆپا و کەرەستەکانی ناندین و پێداویستیەکانی پاکوخاوێنی و گلۆپ و کەلوپەلە وەرزییەکان.
- زیاتر لە ٨٠٠٠٠ خانەوادەی ئاوارە کەرەستە پێویستەکانی وەرزی زستان و/ هاوینیان وەرگرتووە کە بریتین لە سوپای نەوتی و پانکە و تەپەدۆر و پەتوو و چەرچەف و مافوور.
- زیاتر لە ١٢٠٠ ئاوارە و ٢٨٠ پەنابەری سوری لە هاتووچووکردنیان لە خاڵەکانی پشکنین بەرەو خێوەتگەکانی کەرکوک و خوێندنگەکان یارمەتییان دراوە.
- زیاتر لە ١٠٠٠ یەکە/ خانوو بۆ زیاتر لە ٥٠٠٠ خانەوادەی ئاوارە نۆژەنکراونەتەوە کە گەڕاونەتەوە ئەنبار و بەغدا و کەرکووک و موسڵ و سەلاحەدین.
- کۆی ٤٢٨٥ پێداویستیی دابڕین و ناوبڕ لە ئەنبار و دیالی و کەرکووک و موسڵ و سەلاحەدین بۆ پاڵپشتیکردن و پتەوکردنی پەناگە بۆ ٣٤٠٠ خانەوادەی گەڕاوە و ٦٠٠ خانەوادەی ئاوارە دابەش کراوە.
- زیاتر لە ٦٤ خێوەتگە و ٩٩ شوێنی نارەسمی دەستپێشخەری و کۆمەک و هەماهەنگی کاروباری خێوەتگەکان و بەڕێوەبردنیان پێکەیشتووە، ئەمەیش سوودی بە ١٦٥٠٠٠ کەس گەیاندووە.
- بەهۆی ١٤ تیمی گەڕۆکی پزیشکی و ٢ نۆرینگەی گەڕۆک و ٨ نۆرینگەی جێگیرەوە، زیاتر لە ٣٦٠٠٠٠ راوێژ لە بواری چاودێریکردنی سەرەتاییی تەندروستی پێشکەش کراون.
- زیاتر لە ١١٠٠٠ کەس ڕەوانەی بنکە و یەکە مامناوەندییەکانی چاودێریکردنی تەندروستی کراون، هەروەها یارمەتی بۆ هاتووچووکردن و گواستنەوەی زیاتر لە ٤٠٠٠ کەسیان دەستەبەرکراوە.
- پاڵپشتی لە چوار یەکە و بنکەی چاودێریکردنی سەرەتایی تەندروستیی کراوە لەمیانی پێدانی پاداشت بە کادیرە پزیشکییەکان و کرێی کارکردنیان.
- نزیکەی ١٧٠٠٠ هەزار کەس لە ١٣ پارێزگە پشکنینی نەخۆشیی سیلیان بۆ کراوە.
- هەروەها چالاکییەکانی هۆشیارکردنەوەی تەندروستی لە ١٣ پارێزگەدا گەیەندراونەتە زیاتر لە ٨٣٠٠٠ کەس.
- بۆ فراوانکردنی ڕووبەری تواناکانی بنکە تەندروستییەکان یارمەتی و پاڵپشتی پێشکەشی ٢٢ یەکە و بنکەی تەندروستی کراوە ، یارمەتییەکەیش بریتی بووە لە پێشکەشکردنی پاداشت بە تیمە پزیشکییەکان و بەخشینی ئامراز و پێداویستییە پزیشکییەکان و دەرمان و کەلوپەل و کابینە و کەرەڤانە.
- یارمەتییەکانی تایبەت بە پاراستنیان پێشکەش بە ٧ پەنابەری زۆر بێدەرەتان و ٧٥ قوربانیی کردەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ کراوە.
- بۆ دروستکردنی پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵ جڤاکە خۆجێییەکان١٣٧٠٠٠٠ چاپکراو (بڵاوکراوە و هەڵواسراو نامیلکە) لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری سەبارەت بە سەلامەتی و تەندروستی و پاراستن دابەش کراون.
- هەروەها گەیشتووەتە زیاتر لە ٢٧٠٠٠ کەسی نوێی سوودمەند و ١٢٣٠٠٠ خزمەتگوزاریی دروستیی ئەقڵی و پاڵپشتیکردن دەروونی لە خێوەتگەکانی ئاوارەکان و شوێنە هەرەمەکییەکان و ناوچە شارستانییەکان پێشکەش کراون.
- ٦٦ پرۆژەی ژێرخانی جڤاکە خۆجێییەکان لە ١٥ پارێزگەدا جێبەجێ کراون و نزیکەی ٢٣٠٠٠٠ کەس لێی سوودمەند بوون.
- ٣ مەڵبەند و بنکەی سەرچاوە خۆجێیەکان لە موسڵ و فەلووجە کراونەتەوە، ئەمەیش بۆ پاڵپشتیکردنی گەڕانەوەی ئاوارەکان و کردەی چاکبوونەوەیە لەهەنبەر هەزاران کەسی گەڕاوەدا.
- یارمەتییەکانی ئاوێتەکردنەوە پێشکەشی ٥٦٧٠ عێراقی کراون کە لە دەرەوەی وڵات گەڕاونەتەوە.
- ٣٢٥٨ کەس یارمەتییەکانی دووبارە نیشتەجێکردنەوەیان وەرگرتووە.
- ٢٨ کۆڕبەند و ئەنجومەنی نوێ بۆ پۆلیسی جڤاک دامەزراو و دروستکراون، بەمەیش ژمارەی ئەو کۆڕبەندانەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ پۆلیسی جڤاکی دروستی کردوون، دەگەنە ٧٤ ئەنجوومەن.

## کاردانەوە و وەڵامدانەوە لەهەنبەر دۆخە کتوپڕەکاندا

### مادە ناخۆراکییەکان

هەزاران خانەوادەی زۆر بێدەرەتان و هەژاری نێوا١١ پارێزگەی وەك : ( ئەنبار، بابل، دیالە، هەولێر، کەربەلا، کەرکووك، میسان، نەینەوا، سەلاحەدین، سلێمانی) لە هەلومەرجە سەختەکانی نێو وەرزی هاوین و زستانی ساڵی ٢٠١٨ دا بەهۆی مادە ناخۆراکییەکانەوە لە مەترسی پارێزراون. لەنێو ئەو سوودمەندانەشدا ئاوارەکانی نێو خێوەتگەکان و ئەو ئاوارانەش هەبوون کە ماوەیەکی زۆرە لە دەرەوەی خێوەتگەکاندا نیشتەجێن. هەروەها نزیکەی ٢٦٠٠٠ خانەوادە پاکێجە تەواوە ناخۆراکییەکان و مادە سەرەکییەکانی وەك ( دۆشەك و سۆپا و کەرەستەکانی ناندین و پێداویستییەکانی پاکوخاوێنی و گلۆپ و کەرەستە وەرزییەکان) یان وەرگرت. هەروەها زیاتر لە ٨٠٠٠٠ خانەوادە کەرەستە وەرزییەکانی زستان و/ هاوینیان وەرگرت.

### پەناگە

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ بە یەکێك لە گەورەترین فەراهەمکارانی پەناگەی ئاوارەکان دادەندرێ لە عێراقدا. هەروەها ڕێکخراوەکە لە ساڵی ٢٠١٨ دا لە خێوەتگەی بەساتینی شەرگاتی پارێزگەی تکریتدا ژێرخانی نوێکردەوە و سەرلەنوێ پێکی هێنایەوە، ئەمەیش بووە هۆی جێبوونەوەی ١٠٠٠ خێوەتگە. ڕێکخراوەکە لە خێوەتگە ڕەسمییەکاندا جەختی لەسەر بنیادنانی ژێرخان و ڕێگە و تۆڕی ئاوەڕۆی ئاوی باران کردەوە. هەروەها ڕێکخراوەکە سەبارەت بە ئاوارەکانی دەرەوەی خێوەتگەکانیش، ٢٠١ خانووی تێکچووی بۆ ٣٧٨٠ خانەوادە نۆژەنکردەوە کە لە ئاوارەییدا گەڕابوونەوە ئەنبار و بەغدا و دیالە و موسڵ و سەلاحەدین. هەروەها زیاتر لە ٨٠٠ یەکەی بۆ ١٨٧٠ خانەوادەی ئاوارە چاککردۆتەوە کە لە پەناگەی مەترسیداری نێو ئەنبار و نەجەف و کەربەلا و موسڵدا دەژیان. جگە لەمانەیش ڕێکخراوەکە لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی باشتربوونی شوێنی نیشتەجێبوونی ئاوارەکان، مادە و پێداویستیی ناوبڕی پێشکەش بە ٤٢٨٥ خانەوادەی ( ئاوارە و گەڕاوەکان) دابین کرد.

### ڕێکخستن و هەڵسووڕاندن و بەڕێوەبردنی کاروباری خێوەتگەکان

ڕێکخراوەکە لە ٦ پارێزگەی وەك ( ئەنبار و بەغدا و نەینەوا و کەرکووك و هەولێر و سەلاحەدین) پاڵپشتیی لە کردەکانی بەڕێوەبردنی خێوەتگەکان کرد. هەروەها خودی ڕێکخراوەکەش بەرپرسی بەڕێوەبردنی دوو خێوەتگەی نێو موسڵە: خێوەتگەی حاجی عەلی و فرۆکخانەی گەیارە. ڕێکخراوەکە لە ساڵی ٢٠١٨ دا بەشداری لە هەماهەنگی و ڕێکخستن و هەڵسووڕاندنی ٦٤ خێوەتگە و ٩٩ پێگە و شوێنی نارەسمی سەرانسەری عێراقدا بوو، لەمەشدا نزیکەی ١٦٥٠٠٠ کەس سوودمەند بوون. هەروەها ڕێکخراوەکە بۆ چاکترکردنی کارکردی کۆمەڵەی هاوبەشانی تایبەت بە هەماهەنگی و ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی خێوەتگەکان، پاڵپشتیی لە توانای بەڕێوبەرایەتییەکانی خێوەتگەکان کرد.

### تەندروستی

ڕێکخراوەکە پاڵپشتیی لە سیستمی نیشتمانیی تەندروستی عێراق دەکات کە لە ئێستەدا پەکی کەوتووە یانیش بەهۆی ململانێ و کەمبوونەوەی سەرچاوەکانەوە دووچاری بێهێزی و لەنێوچوون بووەتەوە، ئەم پاڵپشتییە لەمیانی وەدیهێنانی پێداویستییە سەرەتاییەکانی

چاودێریی تەندروستیی تایبەت بە ئاوارەکان و گەڕاوەکان و تاکەکانی کۆمەڵگە خانەخوێیەکانەوە بووە. لەساڵی ٢٠١٨ دا لەمیانی ١٤ تیمی گەڕۆکی تەندروستی و ٢ نۆرینگەی گەڕۆك و ٨ نۆرینگەی جێگیرەوە زیاتر لە ٣٦٠٠٠ راوێژی چاودێریی تەندروستی پێشکەش کراون. هەروەها لەمیانی خەرجکردنی پاداشت و تێچووی کارەکانی بنکە تەندروستییەکانەوە، پاڵپشتیی پێشکەشی ٤ بنکەی تەندروستیی چاودێریکردنی سەرەتایی سەر بە حکومەت کراوە.

هەروەها لەپێناو فراوانکردنی چوارچێوەی تواناکانی پێشکەشکارە هەنووکەییەکانی خزمەتگوزارییەکانەوە ٢٢ی یەکەی تەندروستی لەمیانی زۆرێك لە ئامرازەکانی وەك هاندانی کادیری پزیشکی و بەخشینی ئامراز و کەرەستە پزیشکییەکان و دەرمان و کەلوپەل و کەرەڤانەوە، خزمەتگوزارییان پێشکەش کراوە.

جگە لەمانەیش زیاتر لە ١١٠٠٠ کەس ڕەوانەی دامەزراوە ناوەندییەکانی تەندروستی کراون. هەروەها ڕێکخراوەکە پارمەتیی هاتووچۆکردنی گشت نەخۆشەکانی داوە بە ٣٨٠٠ دۆخی فریاکەوتنیشەوە. لە سێ پارێزگەشدا چالاکی و هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوەی تەندروستی گەیەنراونەتە ٨٤٠٠٠ کەس، هەروەها ڕێکخراوەکە لە ساڵی ٢٠١٨ دا بە هاوبەشی لەگەڵ بەرنامەی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشیی سیل نزیکەی ١٧٠٠٠ کەسی پشکنیوە.

یارمەتییە تەندروستییەکانی دیکەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ خزمەتگوزارییەکانی بواری پزیشکایەتیی چاوی پێشکەش بە ٦٦٠٠ کەس کردووە و چاویلکەشی بۆ نزیکەی ٢٢٠٠٠ کەس دابین کردووە کە زۆربەیان منداڵ بوون.

**پاراستن**

ڕێکخراوەکە لە ساڵی ٢٠١٨ دا یارمەتیی تایبەت بە پاراستنی پێشکەشی ٧ کۆچبەری بیانی زۆر بێدەرەتان و ٧٥ قوربانیی بازرگانیکردن بە مرۆڤ کردووە- پاڵپشتیی لە ٢٨ کەسیان کراوە



تاکوو خۆویستانە بگەڕێنەوە وڵاتەکانی خۆیان. هەروەها یەکەی پاراستنی نێو ڕێکخراوەکە پاڵپشتیی لە ٤١٩ کەس کردووە کە ترسیان لەخۆیان هەبووە و لەمیانی فەرمانبەرە مەیدانییەکانی نێو دۆخە کتوپڕەکانەوە ناسێندراون، پارێزگەرییەکەش بەهۆی حەواڵەکردنی نێوخۆیی و دەرەکیی بووە. هەروەها هەندێك لەو ئیحالانە لەپێناو چەند خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بە کاروباری یاسایی و توندوتیژیی سێکسی و پاراستنی منداڵ و خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە و فێرکردن ئاراستەی هاوبەشە دەرەکییەکانی کراون.

هەروەها ڕێکخراوەکە لە گشت بەرنامە کتوپڕەکانی ١٨ پارێزگەکە چەند دانیشتنێکی مەشقی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هەنبەر بنەمایەکانی پاراستنی بۆ ٤٣٠ فەرمانبەری مەیدانیی هێڵەکانی شەڕ و ڕووبوونەوە فەراهەم کردووە.

**پەیوەندی لەگەڵ جڤاکە خۆجێییەکاندا**

ڕێکخراوەکە لەمیانی دەستپێشخەرییەکانی پەیوەندی لەگەڵ جڤاکە خۆجێییەکاندا پاڵپشتی لە هۆکارە کارلێککەر و هاوبەشەکانی پەیوەندی دەکات. هەروەها لەنێو ئەو دانیشووانانەی بەهۆی ململانێیەکانەوە زەبریان بەرکەوتووە، سەبارەت بە چەندان بابەتی وەك پاڵپشتیکردنی تەندروستی و سەلامەتی لە خێوەتگەکان و ئامادەکردنی پێداویستییەکانی داڵدەدان و کۆچی نایاسایی، زانیارییەکی زۆر بڵاو دەکاتەوە.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە ساڵی ٢٠١٨ دا زیاتر لە ٢٧٠٠٠ کەسی سوودمەندی کردە ئامانج و لە خێوەتگەکانی ئاوارە و شوێنە هەرەمەکییەکانی نیشتەجێ بوون و ناوچە شارستانییەکانی نۆ پارێزگەدا زیاتر لە ١٢٣ هەزار خزمەتگوزاریی تەندروستی و کۆمەڵایەتی پێشکەش کرد. هەروەها ڕێکخراوی کۆچ ٢٤ مەڵبەندی کۆمەڵایەتی کردەوە، حەوتیان لە کاتێکی زووی ساڵی ٢٠١٨دا دامەزرێندران کە بریتین لە: سەری بڵند لە هەولێر و قەرەقۆش و خۆرهەڵات و خۆرئاوای موسڵ و تەلەعفەر لە نەینەوا و شاریا لە دهۆك و حەیدەرییە لە نەجەف. هەروەها لەمیانی تیمە گەڕۆکەکانیشیدا لەو شوێنانەی کە ژمارەیەکی کەمتری ئاوارەکانیان داڵدە داوە، خزمەتگوزاریی پێشکەش کردووە.

چالاکییەکانی سەقامگیریی جڤاك لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ خزمەتگوزاریی تەندروستیی پسپۆڕانە و راوێژی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ و گفتوگۆیە ڕێکخراو ڕێکوپێك و بەکۆمەڵەکان و دانیشتنە خۆبەخشییەکان و چالاکییە وەرزشی و سەرگەرمکەرەکان و ڕێگەکانی وەدەیهێنانی دەرامەت و گردبوونەوەی کۆمەڵایەتی و بۆنە ئاینییەکان و حەواڵەکردنەکان و پاڵپشتیکردنی سۆزی و دەستپێشخەرییەکانی چاکترکردنی کۆمەڵایەتی و چالاکییە جڤاکییە بەردەوامەکان و بنیادنانی ئاشتی و دەستپێشخەرییە فێرکارییە پێشکەشکراوەکان و پێشکەش کردووە. ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە ساڵی ٢٠١٨ دا لە بواری بنیادنانی تواناکانی تایبەت بە پاڵپشتیکردنی تەندروستی دەروونی- کۆمەڵایەتی و یەکگرتنی کۆمەڵایەتیی بۆ کادیرەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ و ڕێکخراوە نا حکوومییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و مەڵبەندەکانی هەماهەنگی جڤاکی و خۆبەخشان و بەرپرسانی حکوومی بۆ دەستەبەرکردنی کوالیتیی خزمەتگوزارییەکان و درێژەپێدانیان، جەختی لەسەر چالاکییەکانی بنیادنانی تواناییەکان کردەوە.

**گەڕانەوە و چاکبوونەوە**

بەهەماهەنگیش لەگەڵ حکومەت و دەسەڵاتە خۆجێییەکان بەرنامەی گەڕانەوە و چاکبوونەوەی ئاوارە گەڕاوەکان و جڤاکە خانەخوێیەکانیان لەو ناوچانەی ئاوارەکان بۆی دەگەڕێنەوە بەهۆی ڕێبازی جڤاکی هەمەکی پێشکەش کراوە کە بریتییە لە دەستەبەرکردنی پاڵپشتیکردنی ژێرخانی جڤاکی و چاکبوونەوەی ئابووری و بەشداریکردن لە دەستەبەرکردنی دەرامەتی ژیان، جگە لە پاڵپشتیکردنی تواناکانی جڤاکی مەدەنی لە بەشدارپێکردنی جڤاکەکان و خاوەن بەرژەوەندییەکان.

هەروەها چالاکییە جۆر بەجۆرەکانی بەرنامەی گەڕانەوە و چاکبوونەوە لە ساڵی ٢٠١٨دا لە ١٥ پارێزگای عێراق کاریگەرییەکی مەزنیان لە چاکترکردنەوەی هەلومەرجی ئاوێتەکردنەوەیەکی بەردەوامی ئابووری و کۆمەڵایەتی تاك و جڤاکە بێدەرەتان و بێهێزەکان هەبووە. هەروەها جەختیش لەسەر ئەو ناوچانە کراوەتەوە کە هەلومەرجی ژیان و بژێوییان زۆر سەختە، گرنگییەکی بەرچاویش بە ژمارەیەکی زۆری ئاوارە گەڕاوەکان دراوە.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لەساڵی ٢٠١٨ دا لەمیانی دیاریکردنی کارەکان و مەشق و ڕاهێنانەکانی تایبەت بە کار و مەشقە پیشەییەکان و مەشقکردن بە جووتیاران و چۆنییەتیی



دەستبەکاربوون لە کار و فراوانکردنی کارەکان و هەروەها پارە بەرانبەر کار، دەرفەتی کاری بۆ زیاتر لە ٢٠٠٠ کەسی سوودمەند ڕەخساند. هەروەها ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ ٦٦ پرۆژەی جێبەجێکرد کە جەختیان لەسەر چاککردنەوەی ژێرخانی گشتی دەکردەوە و لەم پرۆژانەشدا نزیکەی ٢٣١٠٠٠ کەس سوودمەند بوون.

هەروەها ڕێکخراوەکە لە پارێزگەی دهۆکدا لەمیانی دامەزراندن و دروستکردنی کارگەی مافوور لە خانکێدا-مەڵبەندەکە لە مەڵبەندی چاودێریکردنی منداڵ و ژووری جڤاك/ کۆنگرە و قاوەخانە پێکدێت- پاڵپشتیی لە دەسەڵاتە خۆجێیەکان و جڤاك کردووە. ئێستە دامەزراوەکە ٣٠ ژنی ئێزیدیی ئاوارە و هەروەها ژنانی جڤاکی خانەخوێی دامەزراندووە کە لەسەر مەشقی تایبەت بە ڕستن و چنین ڕاهێندراون.

هەروەها لەژێر سایەی سەرکردایەتیی مەڵبەندی هەماهەنگی و چاودێریکردنی هاوبەشی سەر بە حکومەتی عێراقی- لیژنەیەکی ئاراستەکارانە پێکهات کە شەش هاوبەشی بواری مرۆیی لەخۆی دەگرێ ( ئاژانسی هاوکاریی هونەری و تەکنیکی ACTED، ئەنجومەنی دانیمارکیی پەنابەران DRC ، ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی بۆ کۆچ IOM، NRC، TDH Luasanne، کۆمسیۆنی باڵای پەنابەران) مەڵبەندەکانی زانیارییە جڤاکییەکان (مەڵبەندەکانی شیاندنەوەی جڤاکی) لەو کۆمەڵگەیانە پێکهێناوە کەوا کەسانی گەڕاوە تیایاندا کەوتوونەتە بەر مەترسی، ئەمەیش بۆ پاڵپشتیکردنی ئاوارە گەڕاوەکان و جڤاکە خانەخوێیەکانیە بە چەند چالاکییەکی مرۆیی و بووژاندنەوە. هەروەها ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە ساڵی ٢٠١٨دا سێ مەڵبەندی شیاندنەوەی جڤاکی لە خۆرهەڵات و خۆرئاوای موسڵ و فەلوجە و ئەنباردا کردەوە. هەر لەگەڵ کردنەوەشی لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٨دا مەڵبەندەکانی شیاندنەوەی جڤاکی خزمەتی زیاتر لە ٥٠٠٠ سوودمەندیان کردووە لەمیانی ئەو خزمەتگوزارییانەی ئامانجیان پێشخستنی کارامەییە کەسی و پیشەیی و دەروونییەکانی ئاوارە گەڕاوەکانە، بۆ ئەوەی زەمینەی گەڕانەوەیان بۆ بڕەخسێنێت و بەشێوەیەکی ئاسانیش ئاوێتەی جڤاکەکانیان بکاتەوە.

هەروەها پلانە سێینە شوێنییەکانی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان و ئاوارەکانی ڕێکخراو ی نێودەولەتیی کۆچ سوودی بە ئاوارە سورییەکانی ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگەکان و جڤاکە خانەخۆییەکان گەیاندووە. هەروەها ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە ساڵی ٢٠١٨دا پاڵپشتیی لە ٢٨٦ خوێندکاری سوری کردووە بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەیەکی ڕەسمی بخوێنن، ئەمەیش لەمیانی پێشکەشکردنی یارمەتیی هاتووچووکردنیان بووە. هەروەها ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ یارمەتیی پەنابەرەکانی داوە بۆ ئەوەی لەمیانی چالاکییەکانی وەدەستهێنانی بژێویی ژیان، مەشقە پیشەییەکانی بۆ ٢٧٤ کەس و کردەی پاڵپشتیکردنی کارەکانی بۆ ٧٢ کەس بەڕێوەبردووە، بۆ ئەوەی لە ڕووی ئابوورییەوە چالاك بن و لە جڤاکە خانەخوێیەکانیاندا ئاوێتە ببن.

## ئیدارەدان و بەڕێوەبردنی کۆچ

### بزاڤ و یارمەتیدان لە کۆچدا

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ، بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراقی پاڵپشتیی لەو عێراقییانە کردووە کە خۆویستانە دەیانەوێ لە دەرەوەی وڵاتەوە بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان و ئاوێتەی کۆمەڵگە ڕەسەنەکەی خۆیان ببنەوە. هەروەها بەرنامەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ یارمەتی لە بواری گەڕانەوەی خۆویستانە و دووبارە ئاوێتەکردنەوەدا کۆمەڵێك یارمەتیی هەمەجۆر پێشکەش دەکات کەبە پێشوازیکردن و پێشکەشکردنی ڕاوێژ و پلانی دووبارە ئاوێتەکردنەوە و یارمەتیدانی نەختی و یارمەتیدانی بابەتی و دامەزراندن و مەشقی پیشەیی و فێرکردن و خزمەتگوزاریی نیشتەجێکردن مەیسەر دەبێت. ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە ساڵی ٢٠١٨دا یارمەتیی ٥٦٧٠ کەسی دا کە لە دەرەوەی وڵات گەڕابوونەوە.

هەروەها بەرنامەی دووبارە نیشتەجێکردنەوەی سەر بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ، یارمەتیی هاتووچۆکردنی عێراقییە کەم دەرامەتەکان و ئەو پەنابەرانەش دەستەبەر دەکات کە مافیان هەیە دووبارە لە وڵاتانی دیکەدا نیشتەجێ بکرێن، ئەمەش بەهاوکاریی پتەوی نێوان ئەو وڵاتانەی پەنابەرانیان لێ نیشتەجێ دەکرێ و لەگەڵ حکومەتی عێراقی و کۆمسیۆنی باڵای کاروباری پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان زەمینەسازیی بۆ دەکرێ. لە ساڵی ٢٠١٨ شدا زیاتر لە ٣٢٥٠ سوودمەند خزمەتگوزارییەکانی دووبارە نیشتەجێکردنەوەیان پێشکەش کراوە.

جگە لەمانەیش مەڵبەندی بەرنامەی یارمەتیدانی خانەوادەیی لە هەولێر، کە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ و بەهاوبەشییەکی پتەو لەگەڵ حکومەتی ئەڵمانی بەڕێوەدەبرێ، یارمەتیی پێشکەشی ٥٥٠٠٠ کەس (٢١٦٠٤ خانەوادە) کردووە ڤیزای کۆکردنەوەی ئەندامانی خانەوادەیان لە ئەڵمانیا بۆ دەستەبەر بکرێ.

### پۆلیسی جڤاکی

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ بۆ بەشداریکردن لە وەدیهێنانی ئاشتی و ئاسایش لەو کۆمەڵگەیانەی کەوتوونەتە بەر مەترسییەوە پاڵپشتیی لە عێراق دەکات. جا ، ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ وەك بەشێکی ئەم ڕێبازە یارمەتیی کۆمەڵگەکان و هێزەکانی پۆلیسی خۆجیی داوە بۆ دامەزراندنی کۆڕبەند و ئەنجوومەنەکانی پۆلیسی جڤاکی کە بریتین لە چەند سەکۆیەکی کراوە و سەرانسەری و تیایاندا ئەو پرسە ئەمنییانە گفتوگۆیان لە بارەوە دەکرێ کەوا کاریگەرییان بەسەر جڤاکەوە هەیە، هەروەها گرفتەکانیش لە ڕێگەی دیاریکردنی لایەنی پەیوەندیدارەوە چارەسەر دەکرێن بۆ ئەوەی پرسەکانیان حەواڵە بکرێ، بە کارمەندانی جێبەجێکردنی یاسا (پۆلیس و دادوەری) و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و فەرمانگە حکوومییەکان و خودی جڤاکە خۆجێیەکانیشەوە. هەروەها نموونەی پۆلیسی خۆجێیی کلیلی دووبارە بنیادنانەوەی متمانەی نێوان دانیشتووان و لایەنەکانی جێبەجێکردنی یاسایە، ئەمەیش بە شێوەیەکی تایبەت لە ڕەوت و قۆناغی دوای ململانێیە هەنووکەییەکەی عێراقدا مەسەلەیەکی زیندووە.

هەروەها لە ساڵی ٢٠١٨دا ٢٨ کۆڕبەندی نوێی پۆلیسی جڤاکی بەستراون، بەمەیش تێکڕای ژمارەی کۆڕبەند و ئەنجوومەنە کارایەکانی پۆلیسی جڤاکی کە ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە عێراقدا ئەنجامیداوە دەگەنە ٧٤ کۆڕبەند. هەروەها ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە ساڵی ٢٠١٨دا سەبارەت بە پۆلیسی جڤاکی و بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ مەشقی بە ١٤٤٢ ئەفسەری پۆلیس و ٢٨٩ تاکی جڤاك و ٣٧ تاکی ئەندام لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کردووە.

### بەڕێوەبردنی کۆچ و سنوور

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ بەشداری لە پتەوکردنی توانایەکانی بەڕێوەبردنی سنوورەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ دەکات بەتایبەتیش لە دەروازەی سنووریی ڕەبیعەی سەر بە پارێزگەی نەینەوا کە دەکەوێتە سەر سنووری سوریا. ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە ساڵی ٢٠١٨دا پاڵپشتی پێشکەشی دووبارە شیاندنەوەی سەرەکیی نوسینگەی سەر سنوور و پەرژین و دەروازە و شوێنی ئامێرەکان و سیستەمەکانی ئاوی دەروازەی سنووریی ڕەبیعە کردووە.

هەروەها ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لەمیانی پتەوترکردن و بەرەوپێشبردنی توانای وەگەڕخراوی فەرمانبەرانی بەڕێوەبردنی سنوور -بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان- کار بۆ ئاسانکردنی کۆچێکی ڕێکوپێك و کەمکردنەوەی کۆچی نایاسایی دەکات.



# ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی (یونیدۆ)، وەك ئاژانسێکی پسپۆڕی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئەرك و بەرپرسیاریەتییەکانی پتەوکردن و پێشخستنی گەشەپێدانێکی سەرتاپاگیر و بەردەوامی پیشەسازییە، لە ساڵی ٢٠١٨ لە تەقلیبوون و بەشدارییە چالاکەکانی نێو عێراق بەردەوام بووە. چالاکییەکانی یونیدۆ لە چەند بوارێکدا جەختیان لەسەر پڕۆژەکانی هاوکاریی هونەری کردووەتەوە، بوارەکانیش ئەمانەن: وەدیهێنانی خۆشگوزەرانییەکی هاوبەش و بەڕێوەبردنی کێبڕکێیەکی ئابووری و پاراستنی ژینگە. چالاکییەکانی یونیدۆ بۆ کاردانەوەی مرۆیی لە عێراقدا جەختیان لەسەر پابەندبوونی ڕێکخراوەکە کردووەتەوە بۆ بەڕێوەبردن و بەرزکردنەوەی ئامانجە بەردەوامەکانی گەشەپێدان و پلانی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگیی کاروبارە مرۆییەکان.

جا بەو شتانەی لەگەڵ بوارە بابەتییەکەی وەدیهێنانی خۆشگوزەرانییەکی هاوبەش دەگونجێ، یونیدۆ لە ڕێگەی پاڵپشتیکردن و فراوانکردنی پڕۆژە بچووك و مامناوەندییەکان و دۆزینەوەی دەرفەتی کار و دەرامەت بۆ گشت چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان، پاڵپشتیی لە گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کردووەتەوە. هەروەها یونیدۆ بۆ دەستەبەرکردنی مەشق و فێرکاریی هونەری و پیشەیی لەپێناو بەهێزکردنی بەردەوامی توانای پەنابەران و ئاوارەکان و جڤاکە خۆجێیە خانەخوێیەکان بۆ گونجان، پاڵپشتییەکی کارای لە دەستگە حکوومییەکان کردووە.

> جا بەهیوای گەڕانەوەی ئاشتی بۆ زۆر ناوچەی عێراق، ئەوا پێداویستییە مرۆییەکان بەرەو پێداویستییەکانی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەرفەت و ڕێگە بەردەوامەکانی بژێوی دەگۆڕێن

یونیدۆ لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٨ لە ڕێگەی مەشقکردن لەسەر دروستکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و پێشەنگیکردنی کارەکان دا دوو پڕۆژەی سەرچاوەی دەرامەتی بۆ ئاوارە عێراقی و سوورییەکان و جڤاکە خانەخوێیەکانی نێو هەرێمی کوردستان تەواو کردووە. هەروەها پاڵپشتیی لە دامەزراندن و چاکترکردنی کارە بازرگانی- کشتوکاڵییەکان و هاندانی بازاڕەکان کردووە. ئەو پڕۆژانە کە لەلایەن هەردوو حکوومەتی نەمسا و یابان بودجەیان بۆ تەرخان کراوە، سوودی لە ڕێبازی زنجیرەکانی بەهای پشکەکان وەرگرتووە بۆ پاڵپشتیکردنی ئاسایشی خۆراکی و توانای گونجانی ئابووری لە جڤاکە خۆجێییە زۆر بێهێزەکان، ئەمەیش بە ئامانجی پتەوکردنی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی بووە. هەروەها یونیدۆ بەچڕی و مکوڕبوونەوە لەگەڵ ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچدا لەو پڕۆژانەدا کاری کردووە کە ئامێرەکانی مەشق و ڕاهێنیان دەستەبەر کردووە و یارمەتیدەری دامەزراندنی مەڵبەندی بەرهەمهێنان و نوێکردنەوەی دەستگەکان بوون.

زیاتر لە ٨٠٠ سوودمەند مەشقیان پێ کراوە کە نزیکەی ٣٧٪ ژن بوون، ئەمەیش وەك بەشێکی ئەو پڕۆژانە بوو. چەند توێژینەوەیەکی تایبەت بە کاریگەریی ئەو دوو چالاکییە دەریانخست کە بەبەراورد بەو کەسانەی بەشدارییان نەکردووە، ئەوا ڕێژەیەکی زۆرتری ئەو کەسانەی لە پڕۆژەکەدا بەشداربوون، کار و پیشەی مانگانەیان بە مووچەی مانگانە ( نەك ڕۆژانە) وەدەستهێناوە، پێشیان وابووە دۆخی هەنووکەیی ئابوورییان لەدوای دەستپێکردنی پڕۆژەکە باشتر بووە.


جا یونیدۆ بەپێی ئەو کار و پڕۆژە وەدیهاتوو و تەواوکراوانەشەوە لە نیسانی ساڵی ٢٠١٨دا بە گوژمەی وڵاتی یابان پڕۆژەی بەدواداچوونی جێبەجێ کردووە، بەڵام ئەمجارە جەخت لەسەر توانای دامەزراندن و بەکارهێنانی گەنجانی ئاوارەی عێراقی و پەنابەرانی سوری و جڤاکە خۆجێییە خانەخوێیەکانی

نێو هەرێمی کوردستان دەکاتەوە. پڕۆژەکە مەشقێك لە بواری کاری پێشەنگییەکان و مەشقێکی دیکەش لەسەر کارامەییە هونەرییەکان و پاڵپشتیکردنی کارەکان بەڕێوەدەبات، هەروەها لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و کۆمەڵە و گرووپەکانی گەنجان و مەڵبەندەکانی پێشخستنی ئیشوکار و لەپێناو پاڵپشتیکردنی دۆزینەوەی ئەو پڕۆژانەی گەنجان بەڕێوەیان دەبەن، مەشق بە دەرچووانی بێکار دەکات.

پڕۆژەکە لەمیانی بەشداری و هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە، پاڵپشتی لە ئەگەری گەیشتنی یەکسەر بە دەرفەتەکانی وەدیهێنانی دەرامەت و کار دەکات و توانای گونجانی لاوان لەمیانی مەشقکردن بە زیاتر لە ١٥٠٠ خوێندکاری دواناوەندی پەرە پێ دەدات لەمیانی کارە پێشەنگییەکان، هەروەها مەشقێکی پیشەییش بۆ نزیکەی ٤٠٠ گەنج بەڕێوە دەبات. هەروەها پڕۆژەکە پاڵپشتی لە دامەزراندنی زیاتر لە ١٥٠ پڕۆژە دەکات کە گەنجان بەڕێوەیان دەبەن.

هەروەها یونیدۆ لە باکووری عێراقیشدا لەمیانی یارمەتییەکی ڕاستەوخۆ لە تکریت و دهۆك و کەرکووك بۆ گەڕاندنەوەی پڕۆژە بچووکەکان و زۆر بچووکەکان و پاڵپشتیکردنی ئەو چالاکییانەی لەمیانی مەشق و ڕاهێنان لەسەر کارامەییە هونەرییەکانەوە دەرامەتێك پەیدا دەکەن پاڵپشتیی لەو جڤاکە خۆجێیانە دەکات کە بەهۆی ململانێیەکەوە کاریان لێکراوە و زەرەرمەند بوون .

زیاتر لە ٨٨٠ کەسیش لەسەر ئەو کارامەییە پیشەییانەدا مەشقیان پێ کراوە کە بریتین لە تەکنیکەکانی دروستکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و میکانیکی بارهەڵگرە گەورەکان و هاژوانی ئامێر و ماشێنە گەورەکان و خزمەتگوزارییەکانی پێدانی خۆراك و ئازووقە و کاروبارەکانی تواندنەوە و لەقاڵبدانی کانزاکان و بەکارهێنانی بەرزکەرەوە چەنگاڵییەکان. هەروەها ڕێکخراوەکە لەمیانی پێشکەشکردنی بەرنامەی مەشقکردن بە ڕاهێنراوەکان بۆ ٢٤ فەرمانبەری حکوومیی بەرپرس لە فێرکردن و مەشقی هونەری و پیشەیی، بەشێوەیەکی تایبەت جەختی لەسەر بنیادنانی توانایەکانی دەستگە حکوومییەکان کردووەتەوە. ئەمەیش جەخت لەسەر بەرنامە و ڕێبازێکی دوورودرێژی ڕێکخراوەکە دەکاتەوە لە عێراقدا، چونکە لە ساڵەکانی ڕابردوودا چەند هاوبەشییەکی سوودبەخشی لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی پلاندانان پێکهێناوە.



هەروەها ڕێکخراوەکە لەمیانی ٤ پڕۆژەی وابەستە و بەدوایەکداهاتوو کە لە ساڵی ٢٠٠٧ تا ساڵی ٢٠١٧ی خەریکی جێبەجێکردنیان بوو و بەشدارییەکی زۆر گەورەیان لە گەشەپێدانی کەرتی تایبەت و پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی وەبەرهێنان و پێشخستنی کۆمەڵگە پیشەسازییەکانی عێراقدا کردووە، پاڵپشتی لەگەشەپێدان و دووبارە بەرزکردنەوەی کێبڕکێی ئابووری کردووەتەوە. یونیدۆ بە دامەزراندنی ٤ مەڵبەندی پێشخستنی پڕۆژەکان کە لە بەغدا و هەولێر و زیقار و بەسرەدا وەدیهاتوون، بۆ پاڵپشتیکردنی کاروبارەکان چەند توانایەکی خۆجێیی بەردەوامی پێکهێناوە.

هەروەها نزیکەی ١٦١٦ پڕۆژەی بچووك و مامناوەندی لەپێناو پێشخستنی کارەکاندا پاڵپشتییان لێ کراوە، ٢١٧ پڕۆژەی بچووك و مامناوەندیش کارەکانیان فراوان و هەمە چەشن کردووە و ١٠٧ پڕۆژەی نوێی بچووك و مامناوەندی دامەزراون و زیاتر لە ٢٠٧٨ دەرفەتی کاریش دۆزراونەتەوە و تێکڕای قەبارەی وەبەرهێنانیش زیاتر لە ٩٢ ملیۆن دۆلار بووە. هەرچەندە پاڵپشتیی ڕاستەوخۆی یونیدۆ لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٧دا بەشێوەیەکی ڕەسمی وەستاوە، بەڵام مەڵبەندەکانی پێشخستنی پڕۆژەکان لەمیانی سەرچاوە مرۆیی و داراییەکانییانەوە بەشێوەیەکی بەردەوام درێژە بە کارەکانیان دەدەن. ئەو مەڵبەندانەش لە ساڵی ٢٠١٨دا بەشێوەیەکی کارا بەشدارییان لە زۆر پێشانگە و کەلوپەلی ماڵەوە و چنراوەکان و دروستکردنی خۆراکدا کردووە و چەندان ڕێککەوتن و گرێبەستی فرۆشی لەگەڵ کۆمپانیایەکانی سوید و ئیتاڵیا و هیند واژۆ کردووە و مەشقی بە ١٠١ خاوەن پڕۆژە کردووە ( نزیکەی نیوەیان ژن بوون) لەسەر چەندان بابەتی پێوەندار بە کارەکان. جا لە سۆنگەی ئەو کارە جێبەجێکراو و وەدیهاتووانەدا، یونیودۆ پڕۆژەی " پاڵپشتیکردنی وەبەرهێنان لە عێراق- قۆناغی دووەم" لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩دا دەکاتەوە. ئەم پڕۆژەیەش زۆرێك لە پاڵپشتی بۆ مەڵبەندەکانی پێشخستنی پڕۆژەکان دەستەبەر دەکات، هەروەها لەپێناو چاکترکردنی ژینگەی کاروبارەکان لە وڵاتدا پاڵپشتیی لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکانیش دەکات، بۆ ئەوەی وەبەرهێنانێکی ڕاستەوخۆی بیانی ڕاکێشێتە نێو وڵاتەکە.

جا بەهیوای گەڕانەوەی ئاشتی بۆ زۆر ناوچەی عێراق، ئەوا پێداویستییە مرۆییەکان بەرەو پێداویستییەکانی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەرفەت و ڕێگە بەردەوامەکانی بژێوی دەگۆڕێن. ساڵی ٢٠١٩ بەتایبەت دەبێتە سەرەتای یارمەتیدان لەو ناوچانەی بەمدواییانە لە باکووری عێراقدا ئازاد کراون، بەتایبەت دەشتی نەینەوا و شاری مووسڵ. هەروەها ڕێکخراوەکەش هەوڵەکانی خۆی چڕ دەکاتەوە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پڕۆژە بچووکەکان و فرە بچووکەکان و چالاکییەکانی دەرامەتهێن بۆ ئاوارە گەڕاوەکان بنیاد بنێتەوە و یارمەتیشیان بدات مەڵبەندەکانی مەشق و ڕاهێنانی پیشەیی و دەستگەکانی نیشتمانیی نێو هەردوو کەرتی سەلامەتیی گشتی و کاردانەوە لەهەنبەر دۆخە کتوپڕەکان، وەك بەشێك لە هەوڵەکانی دەوڵەت بۆ دووبارە بنیادنانەوە و چاکبوونەوە لەو ناوچانە بەهێزتر بکات کە بەمدووایانە ئازاد کراون.

هەروەها یونیدۆ وەك تەواوکردنی چالاکییە سەرەکییەکانی هاوکاریی هونەری لە عێراق و وەك گۆشەنیگا و کاردانەوەیەکی تەواوی سیستەم و پەیکەری نەتەوە یەکگرتووەکان بەشداری دەکات، ئەم بەشدارییەشی لە چوارچێوەی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی گەشەپێدەر لایەنی پێکهێنانی خولێکی دیکەی داهاتوو دەگرێتەوە ، هەروەها پاڵپشتی لە پێشخستنی شیکردنەوەی هاوبەشی هەرێمیدا دەکات. ڕێکخراوی یونیدۆ وەك ئەندامی نێو تیمی کاری وڵاتی عێراقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دۆزینەوەی دەرفەتەکانی کار و ڕێگەکانی پەیداکردنی دەرامەت و بژێوی، چەند بەشدارییەکی بایەخدار دەستەبەر دەکات کە بریتیین لە ستراتیژێکی ڕێکوپێك و هەماهەنگانەی نێوان سیستەم و هەیکەلەکانی گەشەپێدان لە نەتەوە یەکگرتووەکان و بانکی نێودەوڵەتی لە وڵاتدا.

ڕێکخراوەکە وەك ئەندامێکی کارای نێو چوارچێوەی کاری گەشەپێدەرانەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی مرۆیی- گەشەپێدەرانە و پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی وەبەرهێنان و گەشەپێدانی کاروبارە خۆجێیەکان و دەستەبەرکردنی یارمەتی لە بوارەکانی وزە و ژینگە، هەوڵ و کۆششێکی مەزنی خستووەتە گەڕ. ڕێکخراوی یونیدۆ لە ساڵەکانی داهاتوودا لە پاڵپشتیکردنی عێراق بەردەوام دەبێت بۆ دەستەبەرکردنی توانای ئەو وڵاتە و گەلەکەی بۆ وەدیهێنانی سوودێکی تەواو لە گەشەپێدانێکی سەرانسەری و بەردەوامی پیشەسازی.



# ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار لەنێو ئاژانسەکانی دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە یەکەمین ئاژانسی پسپۆڕ دادەندرێ کە پەیکەرەیەکی بێهاوتای سێینەیی هەیە، چونکە حکومەتەکان و هاوبەشە کۆمەڵایەتییەکانی ١٨٦ دەوڵەت لە دەوڵەتانی ئەندامی نێو نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانن تیایدا گفتوگۆ بکەن و پێوەرەکان دابنێن و بەوپەڕی ئازادییەوە سیاسەتەکان دابڕێژن.

ئەرکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار -کە لە ساڵی ١٩١٩ دا دەمەزراوە- بریتییە لە پاڵپشتیکردنی مافی کار و هاندانی دەرفەتی گونجاوی کار و بەهێزکردنی پارێزگاری کۆمەڵایەتی و بەهێزکردن و پتەوکردنی گفتوگۆی کۆمەڵایەتی. ڕێکخراوەکە بەشێوەیەکی یەکسان دەنگی کرێکاران و فەرمانبەران و حکومەتەکان دەگەیەنێ، گەیاندنی دەنگ و بۆچوونەکانیشیان بۆ دەستەبەرکردنی وەدیهێنانی بۆچوونەکانیانە تاکوو بەشێوەیەکی زۆر ورد  لە پێوەرەکانی کار و کێشانی نەخشەی سیاسەتەکان و بەرنامەکاندا جێگەیان بۆ بکرێتەوە. ڕاوێژکردنی سێینە و گفتوگۆی کۆمەڵایەتی بۆ یارمەتیدانی لایەنەپەیوەندیدارەکانی نێو دەوڵەتانی ئەندام بە دوو ڕەگەزی سەرەکیی پلاندانان و جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی پتەو و تەواوی نێو بەرنامەی ڕێکخراوی کار دادەندرێ. سەبارەت بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار لایەنە هاوپیشە وپەیوەندیدارەکانی لە عێراقدا بریتین لە وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە فەرمانبەران و کرێکاران.

## ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار لە عێراق

هەرچەندە ئەو ڕێکخراوە لەو ئاژانسانە نییە کەوا لە عێراقدا نیشتەجێ یە، بەڵام لەگەڵ ئاژانسەکانی دیکەی نیشتەجێی نێو عێراق لە گێڕانی ڕۆڵێکی زیندوو و تەوەرەیی بەردەوامە، بۆ ئەوەی یارمەتیی و پاڵپشتیی هەوڵەکانی حکومەتی عێراق بکات لەو هەوڵە گەشەپێدەرانەی بەرەو ئاوەدانکردنەوە و بووژاندنەوەی وڵاتەکە خستوویەتیە گەڕ، چالاکیکانی ڕێکخراوەکە لەو ماوەیەی پێداچوونەوەکە گرتوویەتییەوە، بریتی بووە لە پێشکەشکردنی ڕاوێژ سەبارەت بە سیاسەتەکان و پاڵپشتی و یارمەتیدانی تەکنیکی تایبەت بە چاوگێڕانەوە بە یاسایەکان ( یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی) و پاراستنی کۆمەڵایەتی و گفتوگۆی کۆمەڵایەتی و مەسەلەی کارکردنی منداڵان.  وێرای بەرنامەکانی بنیادنانی توانایە دوورمەودایەکان کە ڕێکخراوەکە پێشکەشی لایەنەپەیوەندیدارەکانی کردووە، لە هەمان کاتیشدا بەرنامەی کورتمەودای بۆ چاکترکردنی ڕێگەکانی دابینکردنی گوزەران و بژێویی خۆجێی و پتەوکردنی دایەلۆگی کۆمەڵایەتیشی بۆ بەهێزکردنی شیرازەی کۆمەڵایەتی پێشکەشکردووە.

جگە لە بەرنامەکانی بنیادنانی توانایە دوورمەودایەکان کە ڕێکخراوەکە پێشکەشی لایەنەپەیوەندیدارەکانی کردووە، لە هەمان کاتیشدا بەرنامەی کورتمەودای بۆ چاکترکردنی ڕێگەکانی دابینکردنی گوزەران و بژێویی خۆجێی و پتەوکردنی دایەلۆگی کۆمەڵایەتیشی بۆ بەهێزکردنی یەکییەتیی و یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی پێشکەشکردووە.

دارشتنی کۆتایی پوختەی شرۆڤەکردنی  نیشتمانی تایبەت بە سەلامەتی و تەندروستیی پیشەیی لە ساڵی ٢٠١٨ دا تەواوکراوە و لە چارەکی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ دا ڕادەگەینرێ . هەڵسەنگاندنەکەش پشکنینی کار پێڕەو دەکات کە بە پاڵپشتیی هونەریی ڕێکخراوی نێو دەوڵەتی کار و بە پێکهاتنی پلانی ساڵی ٢٠١٩ جێبەجێ کراوە کە بۆ چاککردنی سیستمی پشکنینی کار لە وڵاتەدا هاتووەتە گۆڕێ و وەك خۆگونجاندنێکە لەگەڵ پێوەرەپەیوەندیدارە نێودەوڵەتییەکانە. هەروەها سەبارەت بە پشکنینی کار و پتەوکردنی توانایەکانی مەڵبەندی نیشتمانی بۆ سەلامەتی و تەندروستیی پیشەیی لە ساڵی ٢٠١٨ دا لە قاهیرەی میسر گەشتێکی توێژینەوەیی و وۆرکشۆپێکی مەشقیشی ڕێکخستووە.

حکومەتی عێراقی بۆ پێکهێنان و داڕشتنی سیاسەتی بەگەڕخستنی نیشتمانی داوای یارمەتیی کردووە. جا وەك وەڵامدانەوەی ئەو داواکارییە، ڕێکخراوەکە لە ساڵی ٢٠١٨ دا پڕۆژەیەکی بۆ جێبەجێکردنی توێژینەوەیەکی پەیگیریی هێزی کار کردووە، دەرئەنجامی توێژینەوەکەش دەبێتە ئەو بناغەیەی لە ئامادەکردنی سیاسەتی وەگەڕخستنی نیشتمانیدا پشتی پێ دەبەسترێ، لە هەمان کاتیشدا کار بۆ پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی توانایە دامودەزگاییەکانی

لایەنە سێینە پەیوەندیدارەكان دەكات كە هاوبەشە سەرەكییەكانی دیكەی حكوومیش دەگرێتەوە و لەپێناو شیكردنەوەی داتا و زانیارییەكانی بازاڕی كاردا سوودی لێ وەردەگیرێ. توێژینەوەكە بە هاوكاری دەزگای ناوەندیی ئامار لە ساڵی ٢٠١٩ دا دەستپێدەكات. سیاسەتی بەگەڕخستنی نیشتمانیی توانا بە حكومەت دەبەخشێ پێداویستییە خێرا و بێ چەندوچۆنەكان بهێنێتە دی، كە بریتییە لە دەستەبەركردنی ڕێگەكانی پەیداكردنی دەرامەت و دۆزینەوەی دەرفەتی كار لە دۆخە كتوپڕەكان و چارەسەركردنی ئالنگارییە هەیكەلییەكانی تایبەت بە بازاڕی كار و دۆخەكانی دەستەوەستان لە دەستەبەركردنی كاری گونجاو و شایستە لەو وڵاتەدا.

جا وەك وەڵامدانەوەی داواكاریی وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی كە بریتییە لە ئامادەكردنی بەرنامەیەكی نیشتمانی بۆ كاری شایستەی چوار ساڵی داهاتوو لە عێراقدا ، هەروەها ڕێكخراوەكە بە مەبەستی ئاگاداربوون و ئاشنابوون بە ڕەهەندەكانی پرسی كاری شایستە لە ساڵانی ٢٠٢٠-٢٠٢٤ ، ڕاپۆرتێكی دەستنیشانكردنی نیشتمانیانەی سەبارەت بە كاری شایستە دەركردووە، ئەو ڕاپۆرتە هەڵسەنگاندن و شیكردنەوەی دۆخی وڵاتی تیادایە، هەروەها جەختیشی لەسەر چالاكییەكانی ڕێكخراوەكە كردووەتەوە و پشتی بە مەبەست و ئامانجی باڵای پتەوكردنی كاری شایستە و وەدیهێنانی ئامانجەكانی گەشەپێدانێكی بەردەوام و دوورمەودا بەستووە. چاوەڕوان دەكرێ لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠١٩ دا دوا داڕشتن بۆ بەرنامەی نیشتمانی كاری شایستە بكرێ.



## بەرنامەی كاری ڕێكخراوی كاری نێودەوڵەتی بۆ ساڵی ٢٠١٩

ڕێكخراوەكە لە چوارچێوەی بەرنامەی نیشتمانی بۆ كاری شایستە ، لە پێشكەشكردنی ڕاوێژ لە بواری سیاسەتەكانی تایبەت بە چاوگێڕانەوە بە یاسایەكان و ئامادەكردنی سیاسەتەكان بەردەوام دەبێت، بەشێوەیەك لەگەڵ مەسەلە و كارە لەپێشینەكانی حكومەتی عێراقی و چوارچێوەكانی گەشەپێدانی نیشتمانیدا بگونجێ.

چالاكییەكانی ڕێكخراوەكە لە ساڵی ٢٠١٩ دا لەمیانی پتەوكردنی كارامەییەكان و پێشخستنی پڕۆژەكانەوە، جەخت لەسەر یارمەتییە تەكنیكییەكانی كاردانەوەی هەنبەر قەیرانەكان و تێكچوونە بەردەوامەكان دەكاتەوە. ڕێكخراوەكە بە پاڵپشتی مادییانەی حكومەتی هۆڵەندی، لە سەرەتای ئەمساڵەدا دەستپێشخەریی هاوبەشییەكی نوێی كردووە كە ئامانجی دروستكردن و فەراهەمكردنی ژینگەیەكی گونجاوی وەدیهێنانی ئاوێتەكردنی كۆمەڵایەتی-ئابووریی ئاوارەكانە لەپێناو ئامادەكردنیان بۆ گەڕانەوە بۆ سەرماڵو حاڵ و ناوچەكانی خۆیان و دەستەبەركردنی دەرفەتەكانی وەدەستهێنانی كردەی پەروەردە و فێركردن و پاراستنی منداڵانی بێهێز و پتەوكردنی توانای كۆمەڵگە خانەخوێیەكان بۆ خۆڕاگری لەمیانی گەشەپێدانێكی سەرتاپاگیری كۆمەڵایەتی - ئابووری كە ئاوارەكان بتوانن سوودی لێ ببینن.

جگە لەمانەیش، ڕێكخراوی نێودەوڵەتی كار بۆ پتەوكردنی بنەما و مافە سەرەكییەكانی نێو كار و هەمواركردنەوە و چاكتركردنی یاسای دەستەبەری كۆمەڵایەتی و پتەوكردنی سیستمی پاراستنی كۆمەڵایەتی -لەمیانی پتەوكردن و داڕشتنی بناغەی پاراستنی كۆمەڵایەتی- لە یارمەتیدانی تەكنیكی و خزمەتگوزارییە ڕاوێژكارییەكان بەردەوام دەبێت. هەروەها توانایەكانی وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵایەتیش پتەو دەكرێ و پاڵپشتییان لێ دەكرێ بۆ ئەوەی بتوانێ ئامانجە دوورمەودایەكانی گەشەپێدانێكی بەردەوام وەدی بهێنێ.



الأمم المتحـدة – العـراق

United Nations Iraq